هەولێر  چۆمان

شێرزاد هەینی

ڕۆمان

هەولێر چۆمان

هەولێر (چۆمان): ڕۆمان

بابەت: ڕۆژانەی شۆڕشی کوردستانە ١٩٧٤_١٩٧٥.

بەرگی پێنجەم

تایپ: نووسەر

هەولێر (ئیبنی مستەوفی) لەلایەن مەڵبەندی گشتی نووسەران چاپکراوە.

هەولێر (سێتاقان) لەسەر ئەركی خانەی ئەربیل و چاپخانەی شەهاب چاپكراوە.

هەولێر (تەعجیل) لەسەر ئەركی نووسەر چاپكراوە.

هەولێر (تەیراوە) لەسەر ئەركی هێرش خۆشناو چاپكراوە.

هەولێر (چۆمان) لەسەر ئەركی

لەجیاتی پێشەكی: لەبەر شكۆداری هەڵگورد!

من و ئێوەش دەزانین، چۆمان بە چەندین بەڵگە و پرنسیپ، بەشێكە لە هەولێر، بۆیە رووداوەكانی پاش رێكەوتنامەی یازدەی ئازار، لە شارەكان بەتایبەتی لە هەولێرەوە دەگوازرێتەوە چۆمان، بەناو پارێزگارەكەی هەولێر دەگوازرێتەوە چۆمان. نووسینەكە، باس و هەواڵ و وێنای خەڵكە (رەشوورووت)ەكەیە، شۆرش و شەڕەكە، خەم و خوێن و خەیاڵی ئەوانەیە و بەس، بۆیەش پاڵەوانەكانی ناو رۆمانەكە، لەو توێژە هەڵكەوتوون!

نسكۆ و شكانەكەم، بە پاڵەوانیەتی ئەوان جوان و شاناز كردووە. بە راپەڕین، كە دووبارە، ئەوان سوتەمەنی و خوێن و هزرەكەی بوون. دەفتەرێكی ئەو رۆژانە شاناز دەكاتەوە. هەموو شانازییەكان بەر چینە (زەحمەتكێش)ەكە دەكەوێت. كە ئەوەش دەنووسم، دیارە دووبارە هەر ئەوانە، لەورۆژانە، شەڕی تاریكی ئیسلامییەكان دەكەن و قوربانی زۆریش دەدەن! تا هەڵگورد (وەك بەرزترین لوتكە شاخ) هەر سەركەش و سەربەست بمینێتەوە.

شێرزاد هەینی

ستۆکهۆڵم

ئۆگستی ٢٠١٥

هەولێر (چۆمان)

بەشی یەکەم

شەوی یازدەی ئازار

ئازاد

ئەو پیاوەی بە فشە و کەسنەزانم، (بەجلی ئەفەندی)، شەوی یازدەی ئازاری ساڵی حەفتا و چوار، بەگەڵ شۆرش کەوتبوو، سەروریشی باش سپی ببوو، پیریش ببوو. بەڵام! چاوەکانی باش بوون، باشیش رێی دەکرد، پشتی نەچەمابووەوە، رۆژانە بۆ زۆر مەبەست، بە ئارەزووی خۆی، زۆریش بەپیادەیی لە شەقامەکانی شارەکە. لە رۆژانی بەردەوامی سەیرانەکانی

ئەو رۆژگارە، دەڕۆیشت. گەنجەکانیش، لە رۆیشتن و چوونە ناوشار و سەرکەوتنی بەرزاییەکان (دەرەقەتی) نەدەهاتن. لە هەموو پەیڤ و قسەکانی سەرزاری، دیمەنە تەلەفزیۆنەکانیش، کە ماوەماوە بۆ دانوستان و دەربڕینی بۆچوونێک و گێڕانەوەی سەربردە و پرۆژەکانی داوەت دەکرا، زۆرتریش دەیووت:

حەزدەکەم هەتاوم لێبدات، با لە رۆژی گەرم و چلەی هاوینیش بێت، چونکە ئارەقەکردن بۆ تەندروستی باشە! ماندووبوون، ئیسراحەت بە جەستە و هزر و زەوقیش دەدات! دیارە پیر ببوو، بەڵام تاقەت و چاو و هزر و زەوق و سێکس و پێیەکانی پیر نەببوون!

...

رۆژێکیان، بەڵام بەشەو! زۆربەی رووداو و بەسەرهات و سەربردە باڵکێشەکانی ئەو شارە، ئەو میللەتە، هەر بە شەو بووە. دوا قومی پێکەکەی ناودەستی فڕدەکات (لە یانەی فەرمانبەرانی بەرامبەر باخی شار، لەتەنیشت ریزی شوورە درێژەکەی گۆڕستانی چراغ، مەخفەری پۆلیسی خانەقا، کە هەموو ئەفسەر و موفەوەز و پۆلیسەکانی کورد بوون، زۆریشیان لە رێکخراوی پۆلیسی پارتیش ئەندام بوون). پیاوەکە، ئەودەمانە گەنجێکی بەتاقەت و دڵتەڕ بوو، زووتر خوێندنی ئامادەیی تەواو کردبوو. لەو شەوەی لە یانەکە دێتە دەرەوە، قوتابی پۆلی یەکەمی ئامۆژگای مامۆستایانی هەولێر بوو. لەبەر (دەستکورتی) و نەبوونی، پاش دابڕانی چەند ساڵێک لە خوێندن، دوو سێ ساڵ دابڕان، لەو ئامۆژگایە وەردەگیرێت و دەوام دەکاتەوە.

ئەو شەوە جوان و باش و ورد، حیسابی خواردنەوەکەی دەداتە (حنا)ی دەست گەورەی سمێڵ رەشی رەفتار شیرینی (یانە)کە. ئەوەی پەشتەماڵێکی سووری هێڵداری رەشی، لەسەر پانتۆڵە رەشە بەرینە

کورتەکەی دەبەستا. بۆ پارەوەرگرتن! قەڵەمێکی رەساسی باریکی رەشی، بەردەوام بەگوێی چەپییەوە بوو. هەر بۆ پارەوەرگرتن، دەستەیەک پارچە کاغەزی بڕاوی کۆنە ئیستمارەی پشت سپی، لەنێوان پەشتەماڵ و قایشی پانتۆڵەکەی، بۆ نووسینی حیسابی مێزەکان دانابوو. ئەو، نەک حیسانی هەموو هاموشۆکەرەکانی یانەکەی دەزانی، ئەدرێس و موچەی ئەسلی و ماڵ و شوێنی کارکردنی میوانەکانیشی بەدروستی دەزانی. لەگەڵ پەیدابوونی بیرەی (فەریدە) و عارەقی سەرمۆر، لەوێ ئیشیکردبوو. حنا، دەیزانی کێ ئەو سەرەمانگە (عەلاوە)یەکی لەسەر موچەکەی وەرگرتووە. کێ موچەکەی زیادیکردووە، داوای بەخشیشی دەکرد، بە گۆڕینی ناونیشان و تەواوکردنی خانووێک لە رووناکی، یان گەڕەکی کانی و شۆرش بەخشیشی هەر دەویست. حنا گارسۆنێکی ئاسایی دانان و هەڵگرتنی بۆشەکان نەبوو، بەفر و ئاو و مەشروبەکانی نەدەهێنا و حیسابی وەرنەدەگرت و بەس!؟ ئەو موختاری هەموو دائیرە و ماڵ و سەرمێزەکانیش بوو! داواکاری هەموویانی دەزانی، بە قەرزیش حیسابی بۆ دەکردن، بە یەکێکی دەووت:

(بەسە چیتر داوا مەکە، سەرخۆش بیت).

بە یەکێکی تری دەووت:

(دوا ئامانە دەڕوات و ماڵت، دوورە بەسە!).

سەرەڕای ئەوانەش، حنا دەیزانی، کێ شیوعییە و کێ پارتییە، مامۆستای بێلایەن لەو نادییەدا نەبوو. هەر ئەو دوو حزبە هەبوو، هەمووش دیار و ناسراوبوون.

...

## یانەکە چۆڵ بوو

ئەو شەوە، شەوەکەی یازدەی ئازار، خەڵکێکی کەم لە یانەکە دانیشتبوون. مێزەکان زۆریان چۆڵ بوون. بەتایبەتی مێزەکانی بندیوارەکان. مێزە لاچەپەکان. ئەو مێزە گەرمانەی باسی سیاسەت و دواپێشهاتەکانی لێ دەکرا. (تەپڵە)کان، جگەرەکان لەناو نەکوژابووەوە. تەپڵە فافۆنە تەنکەکانی جگەرەکێشەکان، خاوێن، وەک زیو دەبریسکانەوە.

ئەو شەوە! بەفرە شکاوەکانی ناو سەندووقە دارەکەی بن دیوارەکە، ناو سەلاجەدارەکەی دوور لە (ئۆجاغی) کەباب و ئاگردانەکە توانەوە و پارچەپارچە نەکران و نەچوونە ناو پەرداخەکان، ناو دۆڵکەکان، پێکە عارەقەکانی وەک شیر و بلوور لێ نەکردبوو. بووزەکەی لە (ئاشەکەی پشت شارەوانی و نزیک قوتابخانەی گەلاوێژی کچان) بە لۆرییە پشتکراوەکە هاتبوون، نەبووە ماستاوی سەر بەکەف، لەناو قاپە زەلاتەکان، جاجیکەکان دانرابوون.

ئەو شەوە، بیرە ساردەکان، گۆشتە قیمەکراوەکە، پیازە وردکراوەکە، نانە دە فلوسییەکان، سەرف نەببوون! کە شەوەکە وابوو، مێزەکان چۆڵ بوون و سەرفیات نەبوو. ئیدارە و خاوەن یانەکە ئەوەندە (دەبەنگ) بوون، هیچ سەریان لە سیاسەت و رۆژەڤەکە دەرنەدەکرد، نەیاندەزانی بەیانی هەموو شتەکان دەگۆڕێت. عەقلیان بەوە نەشکابوو، گۆشت کەمتر بکڕن. بەفر، لەجیاتی چوار قاڵب بکەنە نیو قاڵب. ماست و سەوزە و ئاروو (ئەودەمانە خەیار ناوی ئاروو بوو) نیوە بە نیوە بێنن. نەیاندەزانی ئیمشەو، شەوێکی مێژووییە. هەموو دونیا دەیزانی، هێزە گەورەکان،

ناوچەکە، ئەوان نەیانزانیبوو! جا ئەوەی نەزان بێت، ئاساییە لەو شەوە! زیانی لەو جۆرەی لێ دەکەوێت!

ئازادیش ئاگای لە هیچ نەبوو، وەک شەوەکانی نۆرەی خواردنەوەی بوو، هاتبوو. نەیزانیبوو، برادەرەکانی، خەڵکەکەی شەوانە میوانی بەردەوامی یانەکە بوون، لەماڵەوە بوون:

لەگەڵ ژن و منداڵ و براگەورە و خزم و هاوسێیەکانیان، گوێیان قوراخ کردبوو، هەستیان راگرتبوو، بزانن ئیمشەو چ دەبێت! دەترسان و هەموو چاوەڕوانی پەرجووێکیان دەکرد، رۆژەکە بەخێر بکاتەوە!

...

## یانەیەکی ساردوسڕ

ئەو شەوە. هەتا دواکەسیش لەسەر مێزەکان مابوو، کەس تەلەفۆنی لەماڵەوە بۆ نەهات. لە بەرهەیوانەکەی پێشەوە، بۆ وەڵامدانەوە تەلەفۆنێک، کەس بە دەنگێکی گەورە، داوا نەکرا، ناوی هیچ مامۆستایەک بانگ نەکرا، بڵێن مامۆستا فلان تەلەفۆنە و لەماڵەوە داوات دەکەن. سەری تەلەفۆنە رەشە گرانە بریقەدارەکە، لەتەنیشت کەللەسەرەکەی دانەنرا و چاوەڕوانی ئەفەندییەک بکات. یەکێک لەسەر مێزەکە، لە گەرمەی گفتوگۆییەکان، هەستێک رابگرێت و بزانێت کاتی ئەوە هاتووە داوای بکەن، یەکسەر جگەرە (جەمهوریە)کەی بکوژێنێتەوە، کەوچکێک لە جاجیکەکە بدات، بە مرچەمرچ بۆ تەلەفۆنەکە بچێت، بە هەلۆێکی ترساو و پەرۆش و چاوەڕوان، قسە و داوای سەر تەلەفۆنەکە جێبەجێ بکات.

...

## حەرەس قەومی

شەوی یازدەی ئازار، یانەی فەرمانبەران، وەک شەوانی حەرەس قەومی و رەشبگیرییەکە ساڵی شێست و سێ چۆل بوو. حەرەس قەومییەکانی ناو شارەکە، چوار، یان سێ، کەسی ناوبازار، دوو کەسی لایەدەی عارەبی حەویجە و (شەرقات) بوون، ببوونە حەرەس قەومی، پارتی و شیوعییەکانی ناو شارەکەیان، هەراسان کردبوو.

شەوێکیان، بەڵام درەنگ، یەکێکیان لە سەربانی حەسارێکی ناو ماڵەکانی گەڕەکی خانەقا، غافڵگیرانە، لەناو باوەشی ژنی و لەبن لێفە شڕەکەیان، پیاوە کورتەباڵاکە، پیاوەکەی لە (کوتک)ی دەمانچەکەیەوە دیار بوو، بەردەوام دەمانچەی سوارە، دەموچاوی بە جەمەدانییەکەی سەری دەبەستێتەوە، لە درزی دەرگا گەورەکەی حەسارەکە، بە پێناوی هەڤاڵێکی شانەکەیان، دەچێتە سەر ئەوەی، چەند جار ئاگاداریش کرابووەوە، رووبەڕووی هەڕەشەی لێ کرابوو، چاوی لێ سوور کرابووەوە، پێیان وتبوو دەتکوژین، بەسە واز لە حەرەس قەومی بێنە. بەڵام ئەو، دەستبەرداری گرتن و کرێگرتەیی و بێناموسیەکانی نابێت. شەوێکیان پیاوە کورتەباڵاکە، وەک پشیلە بێ خشپە، وەک مار بە خشەخش، وەک هەورەتریشقە بە ئاگر، وەک حزبی و پێشمەرگە بە فەرمان، لێ بەسەریان دەکەوێت، (لوولە)ی دەمانچەکەی لەسەر سەری دادەنێت و ناوی دەپرسێت! ناوی دووبارە دەپرسێتەوە، نەوەک ژنەکەی لەگەڵ پیاوێکی تر خەوتبێت، نەوەک خۆی نەگەڕابێتەوە و ژنەکەی ژووانی هەبووبێت، بیەوێت تامی شەوەکانی بن لێفەکەی بگۆڕێت. دروست لە ناو

و ئاکاری پیاوەکەی لەناو باخەڵی ژنەکەی خەوتبوو دەپرسێت، ئەوەی گەڕەک و شار و حزب و کۆبونەوە و دیوارنووسین و ئابونە کۆکردنەوە و بەیان خوێندنەوەی، لە خەڵکەکە، لە دوو حزبەکە حەرام کردبوو، (گوللە)یەکی لەناودەمی دەدات و دەیکوژێت.

ئەو پیاوەی لە دژایەتی هەولێر و پێشمەرگە ببووە حەرەس قەومی، منداڵانی گەڕەکەکەش لە ئاکار و رفتاری دەترسان. کە ئەو لە دەرگای حەسارەکە دەردەچوو، یان کە دەگەڕایەوە. دەرگاکانی ناو کۆڵانەکە، پەنجەرەکانی سەر جادەکان، فەنجانی سەر عاموودەکان، گلۆپی سەر دەرگاکان، جۆگەی ناوەندەی رێیەکان مات دەبوون، کۆدەبونەوە و دادەخران، دەترسان! لەناو بازاڕ، لە چایەخانەکان، کە ئەو دەردەکەوت، قسە دەگۆڕا، شەڕ و بەدکاری هەستی پێ دەکرا. پیاوەکە لاسارانە بەردەوام، ئازاری کێشکە و مشک و دیوار و کاروانی گوند و قەساب و کەبابچی و جامبازەکانی دەدا. تا ئەو شەوەی پیاوە کورتەباڵاکەی سوێندی خواردبوو، بەڵێنی بە پێشمەرگە و شانەکانی تەیراوە و سێتاقان و قەڵاتی حزب دابوو، بیکوژێت، لێی دەچێتە سەربانەکە و دەیکوژێت. بەو کوشتنە، دوو سێ کەسیان تەمبێ دەبن و وازدەهێنن، ئەوانی تر بەخۆیان رانەگەن و رادەکەن!

...

ئەو شەوە، رەوش و ئاوەدانی و بەزمی یانەکە ئاسایی نەبوو! دەستە دەستە مامۆستاکان، مەلاکانی سەردەمی عەبدولکەریم قاسم، رەوانەی زانکۆی ئەزهەری قاهیرە کرابوون، ببوونە مامۆستای ئامادەیی لەوێ نەبوون. ئەو شەوە بورهان جاهید بە دەمە باریکە رەقەکەی، لەسەر مێزە گەورەکەی ناوەندی باخچەکە، شیعرەکەی نەخوێندبووەوە.

(ئەو چەرخەی کەوا وەک بەردەئاشە

ئەو بەشەرەی وا خاوەن مەعاشە

تەماح ناهێڵێت سەلامەت بژیت

چەند پێشکەوتووە هەندەش لەپاشە).

ئەو هەتا هەڵسا و پارەکەشی ژمارد، نەیزانی و تاقەتی نەبوو بپرسێت، ئیمشەو بۆ مێزەکان چۆڵن! بۆ ئەفەندییەکان نەهاتوون، پشدێن گەورەکان، دەست بە رۆژنامەکان بۆ نەهاتوون!؟

ئەو نەیدەزانی، بۆ لە دەرەوە قەرەباڵغێکی زۆر هەیە، ناو یانەکە چۆڵە، نەیدەزانی بۆ لە دەرەوە هاتوچۆ زۆرە، نەیدەزانی خەڵکەکە بۆ لە ماڵەوە نەهاتونەتە دەرەوە! ئەو شارە بۆ باریکردووە؟ خەڵکەکە باریان کردووە، پیاوەکان لە ماڵەوە دەخۆنەوە! ؟ یان هەموو بەیەکەوە وازیان لە مەشروب هێناوە؟ بە دیشلەمە خواردنەوە و خوێندنی حیکایەتی (رۆستەمی زاڵ) و مەم و زین شەوەکانیان بەڕێدەکەن؟

لەو شەوە، ئەو شارە بەس قەڵاتەکەی وەک خۆیەتی، بۆنی کەباب نییە، گەراجەکەی جەلال غەریب داخراوە. ئەو نەیدەزانی بۆ گۆشتی قەسابەکان نەفرۆشراوە؟ بۆ گۆڕستانی چراخیش مردووە؟ ئەدی ناڵێن شەوانە گۆڕستان نووری لێ دەبارێت، بۆ وا تاریکە؟ چاکەکەی لەو شارە و تەنها یەک داری کەسک و شوورەیەکی نەوی ویستووە، ئەویش مەلوولە، پیرەژنێک بۆ راز و (بەسەرپێکەوتن)ی منداڵێک، عاشقێک بۆ ماچی دوڵبەرەکەی نەهاتووتە سەری و نەنوزاوەتەوە!

...

راست یان چەپ!

(ئەوەی دوایی لەناو دەفتەرێک رۆژانەکەی دەنووسێتەوە) لە یانەکە دێتە دەرەوە، دەرگای ئاسنی یانەکە، لایەکی کرابووەوە و لایەکەی تری شیش درابوو. جەستە لاوازە باریکەکەی ئاسایی بوو، بە لادەرگاکە بچێتە دەرەوە. شەوانی تریش، هەر بەو لادەرگا ئاسنە هاتووتە دەرەوە، بەڵام دەرگاکە هاتوچۆی زۆرتری لەسەر بوو، شانی بە شانی ئەفەندییەکی تر دەکەوت! بەڵام ئیمشەو، یەکسەر دێتە دەرەوە و شانی بە شانی کەس ناکەوێت، خوداحافیزی لەکەس ناکات، چەرخەکەی بۆ داگیرسانی جگەرەیەکی جەمهوری ناکەوێتە چرکەچرک و داخستنەوە و (فتیل هەڵکێشان)!

لە دەرگاکە ئاودیو دەبێت، بەڵام وادەزانێت کێوێکی سەختی بڕیوە، (دوایی سەد کێوی بەرز بەڕاستی دەبڕێت) لەناو دەروازە رەنگ سوورەکە، کەپرە چیمەنتۆکەی بەردەگاکە قیت، کە بە ئاراستەی چەپ و راست، بەرەو دەرەوە و سەرشەقامەکە و پاسە سوورەکە و تاکسییەکە دەچوو، دەوەستێت، وەک عاموودێک لەناو بەردەرگا چیمەنتۆکە دەچەقێت، ناڕوات و بیردەکاتەوە و هەڵوەستەیەک دەکات، ماوەیەکی باشیش دەوەستێت، ناڕوات. بەئاسانی ناتوانێت بڕیارێک بدات، ئاراستەی بن باڵکۆنەکە بگرێتەبەر، یان...! نازانێت، خۆشی نازانێت بۆ ئەو شەوە لەو دەرچوونە دوودڵە، هەرگیز ئەو لەو دەرگایە دوودڵ نەبووە، هەموو کەس ماڵی خۆی دەناسێتەوە، هەموو کەس دەزانێت بە ئەمانەکە دەچێتەوە، یان بەپێیان ملی رێگاکە دەگرێتەبەر و دەڕوات. ئەو هەفتەی جارێک کە هاتووە و رۆیشتووە، دەزانی چۆن بچێتە دەرەوە، بەڵام ئەمشەو دوودڵە و لەناخەوە چرپەیەک، دەنگێک، رازێک رایدەگرێت!

لەو شەوە، بۆ گەڕانەوە و چوونە ماڵەوەیان، ئەگەر (چەپ)ی خۆی دەگرت، بەرەو بانکی رافیدین و مەکتەبی خەلەکان و ئەربیلی ئولای جاران دەڕۆیشت. بەو ئاراستەیە دەکەوێتە ناو کۆڵانەکانی تەعجیل و سەربەست و سەرپردەکە، دەچێتەوە ناو ماڵە کورەچییەکانی خۆیان، بەوەیان دەگەیشتەوە ماڵەوە، ژیانی و رۆژانەی ئاراستەیەکی تری دەگرتەبەر! بەیانییش دەوام ئاسایی نەبوایە، رۆژانی تر دەوام دەکرایەوە. قوتابییەکان دەهاتنەوە دەوام، ئەو چەند کەسی دەرچووبوون نەدەهاتن و ئەوانی تر، کەساس و ترساو و سەرکەش و پەشیمانیش دەوامی خۆیان دەکردەوە.

بەڵام ئەو، خەیاڵی ئەو شەوە، خەیاڵی دوو پێکە سپییەکە، دیمەنی شەوەکە بەرەو (راست)ی دەرگاکەی دەبات، بەرەو راست، لە پایەکە دێتەخوارەوە و مەخفەرەکەی لێ دەردەکەوێت، گومبەتە سپییە نەوییەکەی مزگەوتی شێخەڵا دەبینێت، چارەنووسی وادەبێت، ئەو ئاراستەیە، ئەو هەنگاوەی بەرەو جیهانێکی تر، رۆژانێکی تر، برادەر و شەو و رۆژانی تری دەبات، ئەو ئاراستەیە دەگرێتەبەر و دەڕوات. چارەنووس، بڕیارەکە دەداتە سەرە مەستەکەی، (قاچە شلەکە)، خەیاڵە جوانەکەی، بەرەو راست و سەرەوەی دەبات!

ئێستاش لێی بپرسن پاش تێپەڕبوونی چل ساڵ، لەو بۆنەیەدا کە بۆ ئەو سازکراوە، نازانێت، ئەو شەوە بۆچی ئەو بڕیارەی داوە، بۆچی لای چەپی نەگرت و نەگەڕایەوە کن پیرە دایکی! بۆ بە (ناوفیتەران) هەڵکشا و بەو ئاراستەیە و بەرەو سەرەوە رۆیشت؟

لە سەکۆیە نەوییەکەی بەردەرگای یانەی فەرمانبەران دادەبەزیت، چەند شەقاوێک دەڕوات. یەکسەر و لەناکاو دەکەوێتە ناو دەستە پیاوێکی بەتەمەن و گەنج، کاروانێکی دوورودرێژی خەڵک، تێدا خەڵکەکە هەموو ماندوو و تەنگاو، وەک ئەوەی لە کاروانێک جێمابن، وەک ئەوەی

راونرابن، ئەگەرچی کەسیش (بەدوایانەوە نەبوو)، سەیریان دەکات هەموویان تەنگاون، هەموو دەڕۆن و پرتەپرتیانە! ناوی خەڵک دەهێنن، دەنگیان بەرزە، دەنگیان نزمە، دلێرانە و ترسنۆکانە دەڕۆن!

ئەو بەبێ ئاگاییەوە، قاچێکی دەکەوێتە ناو قاچە بلەز و ئالۆزەکان. دەستی دەکەوێتە ناو قایشی تفەنگەکانیان، سینگی لە سینگیان دەچەقێت، چاوی دەکەوێتە ناو تۆڕی ئاسۆی چاویان، گوێی لە ئاخاوتنەکانیان دەگرێت، بەڵام هیچیان (یان کەمێکیان) لێ حاڵی نابێت، مانای ئەوە نییە، ئەو کەسێکی دەبەنگ و بەدحاڵە. ئەوان، ڕێپێوانەکە، قاچەکان، دەستەکان، کەسەکان نەیاندەزانی چ دەکەن و کێوە دەچن؟ نازانن دەڕۆن یان دەگەڕێنەوە؟! لەو کاروان و ڕۆیشتنەدا. پیاوەکە، کوڕە گەنجەکەی گەڕەکی سەعدوناوەی ناو کورەچییەکان، (ئەو کورەچی بوو، ئەوان دەڵێن: ئێمە کوردی شکاکی نزیکی دەریاچەی ورمێین) دەبێتە کەرتە بەردێکی تەن و جەستەکە، دەبێتە هەژموون و پاڵدانی هەموویان، دەڕوات و کاروانەکە تەواو دەکات، کاروانەکە بەو تەواو دەبێت، یان کاروانەکە ئەوەندە تەواو بوو، خەڵکی زۆری زیاد بوو؟ تا نان و ئاو و شوێن و بالیف و مزگەوت و ئەستێرەکان بەشیان بکات. لەناو ئاپووڕەکە دەڕوات، تەوژمی ڕۆیشتنەکە، تەنگاوی قاچەکان، هەناسەکان ئەویش پاڵ دەدات، ئەوەندەی پێدەکرێت بڵێت:

دایە گیان، وا من بەگەڵ هەڵاکە کەوتم، کە هەڵاکە گەڕایەوە منیش دەگەڕێمەوە.

...

قسە و داواکەی لەناو هاتوهاواری، بڕۆ درەنگە، پەلە بکەن، زووکەن، با دانەبڕێن، خاودەبێتەوە و یەک بستیش ناڕوات، کەسیش گوێی لێ نابێت تا بچێتە لای دایکی و پێی بڵێت:

کوڕەکەت، کە لە یانەی فەرمانبەران هەڵدەستێت، چارەنووسی خۆی لەجیاتی بەرەوماڵەوەی ببات، روو لە گەڕەکی تەعجیل و سەربەستەکە بکات، روو لە ئاپووڕەکەی شێخەڵا و سەر بەرەو هەوراز دەکات و دەڕوات، کوڕەکەت لەناو قەڕەباڵغییەکە وتی:

بە دایکم بڵێن لەگەڵ عامێ، منیش چوومە شامێ!

لەناو قەڕەباڵغییەکە، سەیری خەڵکەکە، کاروانەکە، دەست و پێ و شان و ناوقەد و سەر و مل و گیرفان و پێڵاویان دەکات، دەڕوات و گەرم دەبێت، هەناسەکان، قسەکان، پیرۆزییەکان گەرم و بەتینی دەکەن. هەندێک بەتانیەیان لە (بن هەنگڵ)دا بوو، هەندێک تفەنگیان لەشاندا بوو، یەک تفەنگ یان دوو تفەنگ، مەتارەی ئاویان لە قەدیان بەستابوو، هەندێکیان دەمانچەیان بەستابوو، جەمەدانییان لە مل بەستابوو، پشدێن گەورە و شل نابێتەوە، جانتا و بوخچە و کتێب و باول و تاقمتراش و خاولییان پێ بوو. بەڵام هەندێکیان ئەفەندی و بە قەمیسی سپی و بۆینباخەوە دەڕۆیشتن، دەڕۆن و هەندێکیان دەڵێن:

هیچ نییە چەند رۆژێکە و تەواو دەبێت!

بەڵام، ئەو و خەڵکی تریش، (نووزە)ی ئەوەیان دەبیست: ئەو حەشاماتە، ئەو رەوە و رۆژی حەشرە ئاخیری خێر بێت! چوون و رۆیشتن ئاسانە، بەڵام مانەوە و حەوانە، هەتا گەڕانەوەش ئاسان نییە!

ئیتر ئازاد، کوڕە کورەچییەکەی دوایی رۆژەڤەکە لە دەفتەرێک دەنووسێتەوە، لەناو پارکی شار بە سکرین و بەدەنگ و بەرەنگەوە نمایشی بۆ دەکەن. خەڵکەکەش لاپەڕەکانی زۆرتر دەنووسنەوە و زیادی دەکەن! ئەو شەوە ناچێتەوە کن پیرەدایکی و بەگەڵ خەڵکەکە دەکەوێت، لەبەردەم مەخفەرەکە دەڕوات و لەناو جادەی فیتەران لەگەڵ قەڕەباڵغییەکە دەگەنە سێتاقان، لە مزگەوتی سەید غەریب لە کووپەی

بەردەرگاکە، جامە ئاوێک دەخواتەوە، دووبارە بەپێیان بەرەو بەرزایی (ملی رێگا)کە دەگرێتەبەر.

ئەوان، کاروانەکە ناچنە ناو گوندی حەسارۆکان. دەڕۆن و ئاوڕ نادەنەوە هەتا دەگەنە چایەخانەکەی کەسنەزان، لەوێش ئاوێک دەخۆنەوە، شەوەکەی دەگەنە گوندی دێگەلە و عەلیاوە و ... ئیتر ئەو لە حکومەت یاخی دەبێت و دەبێتە پێشمەرگە، دەبێتە یەکێک لەوانەی بە بەیانەکەی حکومەت رازی نابێت، دەچێتە ئەو بەرەیەی شەڕ دەکات، تا حکومەت بەتەواوی بەندەکانی یازدەی ئازار جێبەجێ دەکات، ئۆتۆنۆمییەکە دەداتە ئەو حزب و لایەن و سەرکردایەتییەکەی مۆری رێکەوتنی لەگەڵ کردووە!

...

دەفتەر کەلیمات

نازانێت بۆ بیر لەوە دەکاتەوە، دەفتەرەکەی دەربهێنێت؟ چیتر دەفتەرەکەی هەڵنەگرێت؟ ئەوە چەند ساڵە لەبن دیواران، لەناو کولانکە و درزی کەنتۆرەکان دەیشارێتەوە. چەند ساڵیش باڵی لاپەڕەکانی کراوەتەوە، دەیانویست بفڕن و ئاسمان تەی بکەن. دەفتەرەکە بگەڕێتەوە چۆمان، بچێتە دەشتی هەولێر و گوندی وەرتێ و ئاودیوی سنووریش بێت. بچێتە سەردەم و کاتی نووسینی دێرەکان، ناوەکان، (نەبەردی)یەکان، کارەساتەکان. وا ئێستا لەورۆژەدا، دەیەوێ دێرەکان بخوێندرێنەوە، ناوەکان دەربکەون!

لەو چل ساڵەی تەمەنی، هەموو رۆژەڤ و بەسەرهاتێکی بینی، دەڵێت با ئەوەش بکەم و باڵی دەفتەرەکەم بکەمەوە، بەسە، ئێستا رۆژی فڕینە، کاتی ئەوە هاتووە لاپەڕەکان بگەڕێنەوە چۆمان و ناوچەکە!

شەوێکیان دەچێتەوە ماڵەوە، بڕیارێک دەدات، دەفتەرەکەی دەربهێنێت. لاپەڕەکانی، کە لەو چل ساڵەی رابردوو، قەسەم بە چل و چوار هەزار پێغمبەر دەخوات، لاپەڕەکانی هەزار هەزار جار هەڵداوەتەوە، سەیری کردووە، خەڵکێکی زۆر کەم دیویەتی، (زۆریش گاڵتەیان پێی کردووە)، بەڵام! خەڵکیش هەبوو حەسوودیان بەو زەوقەی هاتووە، چۆن بۆ کۆکردنەوەی هەواڵەکان پەرۆش بووە، گەڕاوە، ماندوو بووە و کەوتوتە ناو چاڵی ترس و ئازاریش.

لەناو کتێبخانە شڕەکەی، لەنێوان دوو بەرگی داغستانی من، ئەوەی هەمزاتۆڤ نووسیویەتی، بەڵام عەزیز گەردی کە دەیکاتە کوردی وادەزانن، هەمزاتۆڤ، کەللەسەری لە هەڵگورد سپی بووە، سینگی لەو قەراجەی خۆمان (پانکردووە)، چاوەکانی کانییەکی بن دارگوێزەکانی گوندی (مەلەکان)ی بێگەرد و زیوینە. بە کوردییەکەی عەزیز گەردی نووسینەکان بووبوون بە کوردی، بە زمانی رەوەندەکانی بناری کارۆخ. بەو دوو بەرگە سپییە، کتێبخانەی ماڵەکان، لە شارەکان و لە گوندەکان، لەناو هەگبەی پیاوەکانی شاخ، رازندبووەوە.

لەنێوان هەردوو بەرگەکە، دەست دەداتە دەفتەرە بچووکەکە، بەنەرمیش (تۆز)ەکەی دادەوەشێنێت، لاپەڕەکان چڵک و تۆز و تەمەن و حوبر و ئارەقەی چەند شوێن، بارەگا و گوند و سەرکانی و میوانخانەی وەرتێ، پەڕینەوە لە ئاوەکەی دۆڵی خانەقا و چڕەدووکەڵی دیوەخانەی وەرتێ (ئەگەر ئێستا ئارکیولۆژی هەموو زانکۆکانیش، بۆ دۆزینەوەی بەرد و دار و کاریتە و سێبەر و سەربردەکانی رەوانەی وەرتێ بکرێن، هیچی لێ نادۆزنەوە) دەفتەرەکە دەردەهێنێت. بەرگە رەقەکەی وەک ناو لەپی،

وەک روومەتی داپیرەی هەموومان، نەرم و سیس و چورچ و ناسک و شل بووبوو. دەفتەرەکە دەردەهێنتەوە، لەناو لاپەڕەکان یەکسەر لاپەڕە ئینگلیزییەکەی بەرچاو دەکەوێت!

...

ڤاکسین

لاپەڕەکە، بە قەڵەمێکی جافی تایبەت و جیاواز، لەگەڵ لاپەڕەکانی تری دەفتەرەکە نووسرابوو. لە مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٩٧٤، لە گوندێکی بنار شاخێکی ناوچەکانی شۆرش، بە زمانی ئینگلیزی بەدرێژایی لاپەڕەکە و بە رێنووسێکی جوان. ئەوەندە جوان، وشەکان سەمای فلامنکۆیان دەکرد. پیتەکان، وەک شارێکی خۆیان شارستان بوو، بە زمانی شکسپیر نووسرابوو.

پیاوەکەی بە فشە و هەر بۆ گاڵتە و چاولێکەری، بەگەڵ شۆرش کەوتبوو. ئەو رۆژەی دکتۆرە ئینگلیزەکە، لەناو دیوەخانی گوندەکە، خەریکی دەرمانکردن و دەرزی و ڤاکسینی منداڵانی دەبێت. کوێخاکە، منداڵێک دەنێرێت بیدۆزنەوە، تا بە زمانی ئینگلیزی، قسە لەگەڵ دکتۆرەکە بکات. قاسیدەکە، دەیزانی ئەو لە پەنا کام بەرد، لەبەر سێبەری کام خیوەت، بەدیار تەیارەشکێنەکە دانیشتووە؟ زوو دەیدۆزنەوە، ئەویش کە تازە لە جەمەدانی بەستان راهاتبوو، کڵاو و جەمەدانییەکەی دەبەستێت، زولفە درێژە لاروومەتەکەی (بە زمانی ئەو ساڵانە خەنافس، وشەیەک عەرەبییە واتە سیسرکە، بۆ سووککردنی گەنجەکانی بسکیان درێژ دەکرد، ناویان نابوو خەنافس. زاناکان دەڵێن: هەتا ئێستا نزیکەی شەش حەوت

ملیۆن جۆریان ناسیوە، دیارە ئەوانیش جۆرێکی نوێی سیسرکەکان بوون)، ناخەتە بەر لچکی جەمەدانییەکەی و دەگاتە دەیوەخانەکە. چەند پایەک سەردەکەوێت، بەسەر مافوورە سوورەکەی چەند ساڵ بوو، لەوێ راخرابوو ناکەوێت. لەبەردەرگای ژوورەکە پێڵاوە چەرمە ئیرانییەکەی لەپێ دەکاتەوە.

کە ئەو دەچێت، دەبینێت دیوەخانەکە ببووە کلینکی دکتۆرێک، دیوەخانەکەی شەوانە، خەڵکی گوندەکە گۆرییانێ و کڵاو کڵاوانێیەیان تێدا دەکرد، لە (ئەنگوستیلە)یەک دەگەڕان و شەڕەشەقیان تێدا دەکرد. لەو دیوەخانەی دارپاڵەوانی دارگوێز، لە ناوەندی ژوورەکە، کۆڵەگەی ئەستوور و پشت بەگرێ بنمیچەکەی راگرتبوو. ژێرەوەشی رەشەوڵاخیان لێ رادەگرت، دەیانووت:

هەڵم و هەناسەی وڵاخەکان، رۆژە ساردەکان دیوەخانەکە، شەوانە و گەرم دەکات. چەند ژنێکی گوندەکە، دایکی هەندێکیان، خوشکی زۆریان، پووری هەموویان، براژنی گەورەکان، خەسووی گەنجەکان، منداڵیان بۆ کوتان و پشکنین هێنابوو. ئەفەندییەکەی بەفشە بەگەڵ شۆرش کەوتبوو، لە سەرووی گوندەکەیان لەسەر تۆپێکی تەیارەشکێن بوو، ماوەماوەش هاتوچۆی ناو گوندەکەی سەرووی خۆیان کردبوو. لەوێ هێڵکە، ماست، گوێز، مێووژ و نان و گۆشت و ... بەدیاری، یان بە پارە بردووە، لەوێ چاوێک، خشپەیەک، هەناسەیەکی بەدی کردبوو، بەڵام قسە و داواکەی بۆ رۆژی خۆی هەڵگرتبوو:

لەگەڵ وەرگرتنی هێڵکەکان، هەستی بە سێوی ناو باخەڵێک کردبوو. لەگەڵ ماست و پەنیرەکە، بۆنی سینە و گەردنی حەیرانی کیژێکی باریک کردبوو. کیژەکە نەیدەزانی، بەڵام تا چووست و چالاک بێت، بە لاستیکێکی باریک، بن مەمکەکانی بەستابوو، مەمکە بێ ستیان رووتەکەی بەو بەستانە، دوو هەرمێی شیرین و نەرم بوون و جریوە

جریوەیان بوو، بێچووێکی نەرم بوون و چاویان لەوە بوو، دەستێک لەناو هێڵانەکەیان ختووکەیان بکاتەوە.

ئەو لەو گوندە، لەگەڵ ماچی منداڵێکی سەر بانیژەیەک، لێوی ببوونە باڵی پەپولەیەک، کەس نازانێت چەند رەنگ بەیەکەوە کۆبونەوەتەوە، بوون بە باڵی ئەو پەپولەیە، بۆیە گوندەکەی بەرامبەر هەڵگوردی خۆشدەویست!

لەناو دیوەخانەکە، لەگەڵ دەرزی و کوتانی منداڵەکان، رۆژەکە بەسەردەبات و دوایی بە دکتۆرەکە دەڵێت:

ئەگەر حەز دەکەیت، چەند دێرێکم بۆ یادگار لەو دەفتەرە بۆ بنووسە!

دکتۆرە باڵابەرزەکەی قاتێکی خاکی جوان و چاک دوراوی پێشمەرگانەی لەبەرکرابوو، سۆز و رامان و ئیشکردنی رۆژەکەی بە چەند دێرێک دەنووسێتەوە! لە دەفتەرەکەی ئازاد دەنووسێت:

(من ئیمرۆ هاتمە ئەو گوندە، ناوی (مەمیخەلان)ە، بەردەلانە، بەلام زەوی تەختی زۆرە، باخ و رەز و درەختی گەورەی زۆری گوێز و ئەسپیندار و هەنار و هەرمێی تێدایە. گوندەکە لەسەر پارچە زەوییەکی نیمچە تەختی درێژ هەڵکەوتووە. کوردەکان زیرەکن، لەنزیک کانییەکی شیرین، لە بەردەلانەکان گوندەکان دروست دەکەن. بەلام دیارە تەختایی و زەوییە نەرمەکان، دەکەنە گەنم و جۆ و تەماتە و (گەنمەشامی) و سەوزە. خانووەکانیان دوو نهۆمە، سەرەوەی بۆ خۆیان دەکەنە ژووری خاوێنی رووناک، ژێرەوەشی وەک عەمبار و گەنجینە و تەویلە بۆ رەشەولاخ و مەڕ و بزنەکانیان بەکاردەهێنن.

شەڕێکی دژوار لەو دەڤەرە دەقەومێت. بەردەوام فرۆکە بۆردومانیان دەکات. منداڵەکانیان تەندروستیان باشە، بەلام ڤاکسینیان دەوێ،

قوتابخانەکانیان کراوەتەوە، ئەگەر بۆردومان نەبێت. پێشمەرگەکانیان بە چەکی ئاسایی سادە، شەڕێکی دژوار دەکەن. سوپاس بۆ تۆ، کە زمانە ئینگلیزییەکەش خراپ نییە، ویستت من چەند دێرێک لەناو دەفتەرەکەی بەرباخەڵت، بنووسم.

دکتۆر فیلیپ. دکتۆری منداڵان. دانیشتووی لەندەن.

چۆمان بەیانی رۆژی ١٦ی سپتەمبەر ١٩٧٤.

...

بەشی دووەم

ژنێک دێتە ناو شار

بەیانییەکیان زوو، زۆریش زوو نەبوو، چێشتەنگاوێکیان، دایکم هەموو ئیشەکانی ناوماڵەوەشی قەتاندبوو. (ژنەکە، لە نووسینەوەی لاپەڕەیەک بۆ دەفتەرەکەی ئازاد وتبووی) هەتاوی ئەو رۆژە، باش لە دار پرتەقاڵ و سەرووە بەرزەکانی باخچەی ئێمەی دەدا. من لەبن دیوارە بەرزەکەی حەوشە گەورەکەمان، بن دیوار و بن دیوار، تێدا دار سەروویان چاندبوو، لە تەمەنی من نەبوون، چونکە بەژنیان زۆر لە من بڵندتر بوو. من زۆرم سەیری باڵای خۆم دەکرد، دیاربوو، کەم بەرزببووم، وەک (شەتڵە تەماتە)یەکی شکاوە، دەردەکەوتم.

لەوێ کوکوختیە لاوازە دەنووک بۆرە تیژەکان، دەنگ و منگەمنگیان دەهات، ئەوان جریوە و دەنگیان بە هیچ باڵندەیەکی تر ناچێت، (خەڵک و حیکایەتەکان) دەڵێن:

کوکوختی، بۆ ژووان و لەداخی دوورکەوتنەوە و حەسرەتی چاوەڕوانییە، بەردەوام کەساسانە، منگە و لوورە و گمەیان دێ. نازاندرێت، خوێندنە یان گریانە! بەڵام! لەبەر بەرزی و چڕی لقە ئەستوورەکان، لق، نەک ناوقەدی دارەکان، هیچیان دیار نەبوون، (ئەو، ژنەکە مەرجی وا بوو، بە خاوەن دەفتەرەکەی وتبوو، من بەوردی و بەو دارشتنە بۆت دەنووسم، من لەو ئێوارە نووسینەوە و بیرەوەرییەدا بەشدار دەبم. ئەوە یەکەمین کۆبونەوەی نووسینەوەی بیرەورییە لەو شارەدا، لەو هەرێمە و لەو رۆژگارە ساز دەکرێت، پشتیوانی بەدەست دەهێنێت. یەکەمین جارە، لەو شارەی خۆمان، لەبەر سێبەری پیرە قەلاتەکەمان، رێز لە دەفتەرێکی بەرباخەڵی زۆر کۆن دەگیرێت. یەکەمجاریشە ژنێک قژی سەری، بۆ رەشکردنەوە بۆیە و خەنەی لێداوە، لەناو سەدان پیاوی گەنج و پیر و دەسەڵاتدار و رێبوارەکانی بێ بەرنامە، ئێواران شەقامەکان و بن قەلاتەکە تەی دەکەن، ژنەکە دەیەوێ بۆ تەواوکردنی تۆماری رۆژانی هەولێر بەشداری بکات).

بەیانی بوو، تازە باوکم چووبووە دوکان، باوکم رۆیشتبوو، بە جەستە و کورتک و شەرواڵە گەورەکەی، جەمەدانی و پشدێنە شڕەکەی لە ماڵەوە دەرچووبوو، بەڵام هێشتا سام و دەنگی، هێشتا داوا و ئامۆژگارییەکانی باوکم، حاجی باوکم، لەناو ماڵ و خانووە حەوت ژوورەکەمان، نهۆمی سەرەوە و خوارەوە و (ناندین)ەکەی پشتەوەشمان مابوو.

بڕوا بکەن،کاتێ ئەو لە دووکانەکەی، ئەو سەرگەرمی فرۆشتن و کێشان و پیوان و بەرێکردن و سڵاودانەوە و بژار و دانان و هێنان، ریزکردنی فەردە و تەنکە و سەندوق و سەبەت و دەفر و شووشە و تەشت و (زەمبیل) و

بوخچە و مەنجەڵەکان بوو، لەناوماڵەوەش، رۆح و قسە و هەڕەشە و بۆنی و هەست و نەستی هەر مابوو!

...

رۆژەکە هەینی بوو، باشم لەبیرە، رۆژی هەینی، بەڵام لەوزەمانە رۆژانی هەینی ئاسایی بوو، (خوتبە) و نوێژ و سەیران و نووستن نەبوو! من فستانێکی (بەکەشکەشە)ی وردی گوڵینی زەرد و سوورم لەبەردابوو. لەناو باخچە گەورەکەی پێشەوەمان، پشتم بە دیواری پەنجەرەیەکی شەش پەردەیی لەسەری دانرابوو، دابووەوە. سەیری گوڵە سوورەکانی دارهەنارەکەم دەکرد، خەمم لە تۆزی بۆری سەر دارپرتەقاڵەکان دەخوارد. نیگای چاوەکانم، لەگەڵ ئاوەکەی لەبەر سۆندە زەردە باریکەکەی لەبن سنۆبەرەکان دەڕۆیشت دەجولاند.

لە ترسی دایکم نەدەوێرام، نەوەک فستان و نەعلە لاستیکەکەم بەقووڕ بێت، ئەگەرنا، زۆر پەرۆشی ئەوە بووم، خۆم بچم دەست بدەمە سۆندەکە، لقی دارپرتەقاڵە تۆزاوییەکە (برشێنم). بیرم لە سۆندەکە و ئاودان و کەفی سپی سەر جۆگەی، نێوان دار و گوڵە ئەشرفییەکان بوو.

لەناکاو، من بیرم لەناو سنوور و بۆنی باخچەکەمان بوو، تەقەتەقێکی توند و گەورە، خەیاڵی سۆندەی ئاوەکە و ئاوپرژێنەکەی پچراندم، تەقەتەقی دەرگاکە، کوکوختییەکانی لەسەر سەرووە زۆر بڵندەکان، کە چەند مەترێکیش لە عاموودەکە بەرزتر بوو، هەڵدەفرێنێت.

من لە دەرگا ئاسنە گەورە دوودرییە رەنگ سپییەکەمان، زۆر نزیک بووم، حەزیشم دەکرد خۆم شیشی کردنەوە و داخستنەکەی بەکاربهێنم.

لەگەڵ یەکەم تەقە و لێدانەکە نەمووت:

کێیە، (بەدەنگە ناسکە کیژانەکە) ئەوە کێیە!؟

ئەوەی لە دەرگاکەی دەدا، دیارە یەکەمجار بوو لە دەرگایەکی وا گەورەی ئاسنی سەر بە کۆنکریت بدات، نەیدەزانی چ بڵێت.

بەڵام بە دەنگێک، زۆرتر لە منگەیەک، کۆخەی سەرمابردوویێک دەچوو.

_کیژەکە خۆمانین!

ئەویش دەبوایە بڵێت:

_خۆتان کێن!؟

دەنگەکە، کەسەکەی پشت دەرگاکە، وەک ئەوەی یەکێک، یان زۆرتر لە یەکێک راوی نابێت، بەپەلە دووبارە دەڵێت:

_یکەوە، خۆمانین!

...

دەرگا گەورەکەمان

ئەودەمانە نەمدەزانی بۆچی، دەرگای ماڵەکەی ئێمە، لە دەرگای هەموو ماڵی گەڕەکەکەمان، بەرینتر و گەورەتر و بڵندتر و قایمترە! نەمدەزانی شوورەکەی دەرەوەمان، ستارەکەی سەرەوەمان بڵندتر و درێژترە؟ دوایی و پاش چەند ساڵ، گەورە بووم و زانیم! بۆ دەرگای ماڵەکەی ئێمە، لە دەرگای ماڵەکانی تری گەڕەکەکە، توندتر و بڵندتر و ئاسن بوو. دەرگاکەمان توند بوو، چونکە باوکم لە هەموو خەڵکی گەڕەکەکە

دەوڵەمەندتر بوو، پارەی زۆرتر بوو. بۆیەش زانیم دەرگاکەمان بۆ بەرینتر و گەورەترە، کە دوایی براکانم ئوتومبێلیش دەکڕن، نیوەڕۆیان و شەوانە و رۆژانی هەینی و پشووەکان، بۆ هێنانە ژوورەوەی ئوتومبێلەکە، پاش گەڕانەوەیان یەکسەر، ئێمە هەردوولای دەرگاکەمان بۆ دەکردنەوە، ئوتومبێلەکەیان دەهێنایە ناو حەوشە گەورە پانە درێژەکەمان.

دوایی منیش، کە بوومە خاوەن ئوتومبێل، ئوتومبێلەکەم دەهێنایە ژوورەوە، بەڵام کەسمان نەمابوو دەرگاکەم بۆ بکاتەوە، دەبوایە هەر خۆم، دەرگا دوودەرییە ئاسنە رەقە گەورەکەی حەوشەکەمان بکەمەوە، ئوتومبێلە سپییە نوێیەکەم بهێنمە ژوورەوە!

...

من لە دەرگاکەوە نزیک بووم، تاقەتی ئەوەشم هەبوو، شیشە ئاسنە ژەنگاوییەکە پشت دەرگاکە رابکێشم، دەرگاکە بکەمەوە، چونکە زۆر منیان بۆ کردنەوەی دەرگاکە ناردبوو.

هەر بە خۆم و بە هەردوو دەستە باریکەکەم دەرگاکەم کردەووە، بەو دەرگاکردنەوە زۆریش شادمان بووم، شادمان بووم:

تا ئاسۆیەکی کۆڵانەکان (چونکە خانووە سپییە گەورەکەمان، لە سوچێکی بەرچاو بوو، دوولای شەقام بوو)، دوو کیژۆڵەی هاوپۆلم، بەڵام کامەران، چونکە ئەوان لەبەر دەرگاکەی ئێمە، کە باشتر لەبەر دەرگای خۆیان چیمەنتۆ رێژکرابوو، ساپساپانێیان دەکرد، موروو موروویانێ دەکرد، بەخۆشییەوە ببینم.

عارەبانچییەک، (کەوکەوفرۆش)ێک، دەرۆزەکەرێک، ئەو پیاوەی چەقۆی تیژدەکردەوە، ژنە دۆمەکانی (بنیشت و تەشی و ناوبرێشک و تیرۆک و شە

و گرەسەر)یان دەفرۆشت، بەباشی و دڵخواز ببینم. من شەیدای دەرگا کردنەوە و سەردەرهێنان بووم، تا:

تام لە دیتنی ئەو ژنە بسک گەورانە، ئەو ژنانەی دەیانتوانی لە هەموو دەرگایەک بدەن، ترسیان نەبوو، دوودڵیش نەبوون، پیاویش لەماڵەوە بن، هەتا بنەبانێ ماڵەکان بچنە ژوورەوە. دەرگاکەم کردەوە، دەبوایە زووش ئاگاداری خوشکە گەورەکەم و دایکیشم بکەمەوە، پێیان بڵێم:

ژنێک لە دەرگا دەدات، من هەرگیز نەمدیوە، نایناسم!

...

دەرگاکەم لە ژنەکە کردەوە

ژنێکی باڵابەرزی بەتەمەنی وریا، لێمان بەژوورێ کەوت، بەر لەوەی ژنەکە بێتە بەر هەیوان و ناو هۆڵەکەمان، ماوەیەک سەیری بەرباخ و حەوشە و دەرگا و پایەی کاشییەکانی بەر دەروازەکە، جۆلانە ئاسنەکەی گۆشەیەکی باخچەکەی داگیرکردبوو، دەکات. پێڵاوە لاستیکە دڕاوەکەی، بەشەرمەوە لەپێکردەوە، عەبای لەبەر نەبوو، عەبا لەسەر چ لەبەر بکات، کراسی بەباخەڵ و کەوای دووبەر و دەستماڵ و کڵاوەکەی داپۆشیبوو، لەبەر جلە زۆر و پۆشتەکانی هەواش بەری نەدەکەوت.

ژنەکە هاتە ژوورەوە، میوانێکی ئاسایی نەبوو، بۆ داخوازی و کڕین و فرۆشتن نەهاتبوو.

دیار بوو، ژنەکە نەهاتبوو جامە ئاوێک بخواتەوە!

باش دیار بوو، ژنەکە نەهاتبوو ماڵێکی ونکردبێت، ئێمە بۆی بدۆزینەوە!

ژنەکە نەهاتبوو، زۆر بمێنێتەوە، خێرا هاتبوو، خێراش دەیویست بڕواتەوە، بەڵام بەتەنها نا. ئەوانەی لەو ماڵە بوون، هەموویان لەگەڵ خۆی ببات، منیش دەبوایە لەگەڵی بچم، بۆیە سەربردەیەکم پێیە، خۆم شاهیدم، رازێک دەزانم، زۆر کۆنە و خەمێکی گەورەیە. یەکەم خەمە لە ژیانم هەستم پێکرد، هەناوی هەژاندم، دوایی خەمی ترم بینی، بۆ من لەوە گەورەتر! کوشندەتر بوو.

...

باوەشینە

کە ژنە میوانەکەمان، نامەکەی دەرهێنا و دایە دەست دایکم. ئێستا من بیر لەوە دەکەمەوە جلەکانی بەری، نەک جەستەی ژنێک دەشارێتەوە، دەتوانێت نەک چوکلێتە نامەیەک، نەک بەیان و بڵاوکراوە، وێنەیەک، چەند دەفتەر و سجل و نامە و بەیانی تێدا بشارێتەوە.

_من نامەیەکم بۆ ئێوە پێیە! (ژنەکەی بە جلی رەشی پانوبەرین و گەورە داپۆشرابوو، وتی).

(ژنەکە دەیزانی ئەدرێس و ناو و کۆڵان و خانوو و ژن و منداڵەکانیش تەواوە، بۆ ئەو ماڵە هاتووە. بەو بەیانییە لە دەرگای راستی ماڵەکەی داوە، هاتۆتە ماڵێک، ژنێک چاوەڕوانی پەیام و داوا و سۆراخی سەرلقێکە. زۆرتر لە سێ مانگە پیاوەکەی رۆیشتوتە و هیچ هەواڵی نییە. دەیزانی راست هاتووتە ژوورەوە، راستیش نەبوایە، ژنەکە نەدەترسا، بەڵام ئەوەی بڕوا نەدەکرد، ئەو پیاوەی لەناو گوندەکەیان سەرلقە، دەست بەچەک و چاپۆک لەسەر پێشمەرگەکان دەسوڕێتەوە، دەگاتە لای

دۆشکەکە، سەرپەرشتی ئامادەکردنی خواردنەکان دەکات، هەموو سەرە سەعاتێک لە نهێنی شەوەکە دەپرسێت. چۆن زاوای ئەوماڵەیە، چۆن ناومالْ و ژن و منداڵ و باخچە و سێبەری ناو ئەو باخچەیەی جێهێشتووە؟ ئەوەی بڕوا نەدەکرد!).

ژنەکە، زوو داوای ئاوی خواردنەوە دەکات، دیارە زۆر ماندوو بووە تا ماڵەکە و دەرگاکەی دۆزیوەتەوە. ماندوو بووە، تینوویەتی هەراسانی کردووە، وشکی کردووە، هاوینیش نەبوو، بەڵام ئەو لە کۆڵانەکانی گەڕەکەکە زۆر گەڕابوو، رەنگە تەنها بیری لە ماڵەکەی ئەوان نەکردبێتەوە، بەس ماڵەکەی ئەوان!

ئەو ژنەی لەناو گوندە شاخەویەکەی بەدەست پێشمەرگەوە بوو. گوندەکەی رۆژانە، ئەگەر هەور و باران نەبووایە، یەک دووجار فڕۆکەکان بۆردومانیان دەکرد! سەیرێکی ناو ژووری دانیشتنەکە دەکات. کە دەزانیت هیچ پیاو لەناو ماڵەکە نییە، (کۆخە و دەنگ و بۆنی جگەرە و تەقەتەقی مەکینەی ریشتاشین)، داواکاری هیچ پیاوێک لەو قەسرە گەورەدا نییە، کەمێک خۆی شل دەکاتەوە، باوەشێنەیەک بە باخەڵی کراسە درێژەکەی دەکات، بسکە درێژە لووسکەکەی لەبن چارۆگ و کڵاوەکەی دەردەهێنێت. پشتی دەکاتەوە، زۆر دڵنیا دەبێت ماڵەکەی ماڵی خەزووری سەرلقەکەی ناو گوندەکەیان (ئەو گوندەی، نەک ئەو، موختارەکەش، کادیرەکەش، ئەو ئەفەندییانەی سەرژمێری ساڵانی ١٩٤٧ و ١٩٥٧یان کردبوو، بیریان لەوە نەدەکردەوە، رۆژێک، ساڵێک، سەردەمانێک سێ سەد، چوار سەد پیاویش لەو گوندە بژین. کەس مەزندەی نەدەکرد، لەو گوندە، بیست هەتا پەنجا خێزانی شارەکان بێنە ئەو گوندە).

مەلای مزگەوتەکەش، بیری لەوە نەدەکردەوە، ئەگەرچی ئەو لەوێ نەمابوو، شەوانە هەشتا نۆهەد، هەتا سەرووی سەد کەسیش، لەو

مزگەوتە بخەون، لەوانە یەک دوو کەسیان دەستنوێژیان هەبێت، نوێژ بزانن.

ئاوی کانییەکە، سێبەری دارتووەکان، باڵندەکانیش، نەیاندەزانی گوندەکەیان دەبێتە سەرەڕێ و کاروان:

کوردی فەیلی، کوڕە گەنجی کفری، ژنە چاورەشی سورچی، ئەفەندی دەرچووی مۆسکۆ، نووسەری کورتە چیرۆک، ئەکتەری سەر شانۆ و جووتیاری گەرمیان و کورەچی و نیگارکێشی پێدا بڕوات.

ئەوانە، شەوێک و هەفتەیەک و زۆرتریش لە ماڵێکی ئەو گوندە، (پڵاوساوەر) بە پیاز و هێلکەیەک بخۆن، سەرخەوێکی تێدا بشکێنن، یان لێفکی شڕ، جاجمێکی گرانی دووتەختە وەربگرن. بۆ نووستن بچنە لە مزگەوتەکە، لەوێ لەسەر حەسیرە ساردە شاشە دڕەکە، ئەگەر بتوانن و خەویان لێبکەوێت بمینێنەوە، چۆن ناخەون و خەویان لێ ناکەوێت**!؟** بەدرێژایی رۆژەکە وەک بزنەکێوی، سمۆرەی کلک درێژ، بەسەر هەوراز و شاخی بەرز کەوتوون).

...

ژنەکەی لە گوندەکە هاتبووو:

بێمنەت و ئازایانە نامەکە دەردەهێنێت و پێیان دەڵێت:

وەرن و داواکراون، زوو خۆتان کۆکەنەوە و با بڕۆین و درەنگە**!**

دەست بۆ خوشکم درێژ دەکات، (خوشکم دەیزانی ژنەکە میوانی ئەوە، بۆیە لەنزیک ئەو، تەنیشت هەناسە و ئارەقەی گەردەنی دانیشتبوو) زوو دەزانێت سەرلقەکە مێردی ئەو ژنەیە، لە چاوەکانی دەزانێت. ژنەکە،

سێ چوار مانگە، لە مێردەکەی دابڕاوە، لە چاوەکانی دیارە، لە روومەتی دیارە، لە دانیشتنەکەی دەزانێت چاوەڕوانی گەڕانەوەی مێردەکەیەتی. ئەگەر نەگەڕێتەوە، ئەو دەستی دوو منداڵەکەی دەگرێت و دەچێتە کن مێردەکەی، با لەناو ئاگر و بەفریش بێت، با نانیشیان نەبێت، ئاویان نەبێت، هەر دەچێت!

ژنی بێ مێرد، لەدوورەوە دیارە، ژنێک چاوەڕوانی پیاوێک بکات، لە بۆنی هەناسە و بنهەنگڵ و ناو مەمکەکانی دیارە. ژنێک، پەرۆشی پیاو بێت، لە رەنگی دیارە، لە هەناسەی دیارە، لەدوورەوە شێتیش دەزانیت، منداڵیش گومان لەو ژنانە دەکات. ئەو هاتووە ئەو ژنە ببات، هاتووە ئەو ئاگرە ببات، پیاوێک بەیەک شەو، بەیەک شەونووستن بیکوژێنێتەوە. یان ئەو پیاوەکە بکوژێنێتەوە و وشکی بکات، بیچەمێنێتەوە، بیکوشێت، بیمژیت، بۆیە رووی لێدەکات و بەبزەوە پێی دەڵێت:

_تۆ ناوت چییە؟

خوشکم، ئەو ژنەی سێ چوار مانگ مێردەکەی رۆیشتووە و هیچ هەواڵی نەبوو، زۆریش پەریشانەی مێرد و باوک و پیاو و شەوەکانە دەڵێت:

_ناوم شلێرە!

ژنەکە دەستێک لە رانی دەدات و دلۆڤانانە سەیرێکی دەکات و پێی دەڵێت:

_وەرە بچینە ناو شلێران، وەرە هەتا زووە! ئازابە و منداڵەکانت کۆکەرەوە، مێردەکەت لەسەر ئاووئاگرە، ئەو کە هاتم بە منی وتووە:

ئەگەر بێت و تۆ بچیتە ناوشار. لەپشت جادەی شێستمەتری، لەپشت قوتابخانەکە و نزیک گومرگە نوێیەکەی، هەموو بەیانییان حەیدرە کەچەڵی دەلاڵ، بە دەنگە گەورەکەی دوو گەڕەک، ئەوبەر و ئەوبەری

بەستەکە لە خەو هەڵدەستێنێت، دوور لە بەستەکە، ماڵی خەزوورم بدۆزیتەوە، بچیتە ناو ماڵەکەیان، ژن و منداڵەکانم بۆ بهێنێت، بڕوا بکە حەجێک دەکەیت، حەج حەجی تەواو! هەردووکمان خەنی دەکەیت! هەتا ماوم چاکەت لەبیرناکەم. ژنەکە دەیووت:

پیاوەکە ئەوەندە داماو و برسی و کەساس بوو، وتم لەو سەفەرە بشگیرێم، بشکوژرێم، لوغمێکیش لەبن پێم بتەقێتەوە، کار و بەرخ و باخچە و مێرد و منداڵەکانیشم شەو و رۆژێکیش لێم دوور بن، هەر دەچم، ناتوانم بچمە ماڵی خودا دەچمە ئەو حەجە! ئەوەش حەجە!

...

## شلێر

دووبارە، ژنە گوندییەکەی لەناو ژووری میوانەکەمان ئیسراحەتی کردبوو، دوو جار داوای ئاوی خواردنەوەی کرد، بە خوشکم دەڵێت:

هەستە شلێرەکەم خۆت کۆکەرەوە، هەر خۆکۆکردنەوەی ناوێ، هەر بەجلی بەرتەوە وەرە، جل و کەرەستە و ناوماڵەکەت لای ئێمە سوودیان نامینێت! وەرە با خەنیتان بکەم! خۆت و مێردەکەت.

ژنەکە سەفەرەکەی بەئاوخواردنەوە دەزانی، زۆر بەدڵنیاییەوە قسەکانی دەکرد، حەقی بوو، دایکوباوکی و خانەوادەکەی نەدەناسی، ماڵی ئەوانی نەدەناسی! ژنی ماڵەکەش ئەو بڕیارە و ئەو دەرچوونەی، بە سەربڕین و ئابڕووچوون و ترس و مەرگ دەزانی، ئاسان نەبوو.

دایکم دەزانێت داواکە قوورسە، ئاسان نییە ژنێک لەوماڵەوە، بەگەڵ ئەو ژنە بکەوێت، بێ پرس و لێکدانەوە بچێتە ناو چیا و ناو پێشمەرگە، ئاسان نەبوو.

شار گەمارۆ دراوە، عەسکەر و جاش لە هەموو گرد و گوندێکی نزیک شارەکە، رەبیە و سەربازگەیان هەیە، سەیتەرە زۆرە، گچکە و گەورە دەپشکنن. ئەو بڕیارە بۆ ژنێک هەرگیز لەناو ئەو خانووە، بێجگە بۆ سەرقەبران، بۆ سەردانی خزمان، بۆ حەمام و ساڵێ دوو سێ جاریش، بۆ کوتاڵ و قوماش و خەنە و دەرمان و دکتۆر نەبێت، لەو قەسرە گەورە نەچوویتە دەرەوە، ئاسان نەبوو، بێ پرسی مێردەکەی بچێتە دەرەوە، ئینجا بچێتە کوێ؟ ناو پێشمەرگە! بەڵام دایکە و سۆزی کیژ و منداڵەکانی پیرۆزە!

...

گوندێکی بناری سەفین

بڕیاری دەرچوون و کۆکردنەوەی کەلوپەلەکانی ژنەکە، لەگەڵ دایکی و هەردوو کیژەکەی و خوشکە بچووکەکەی زۆری نەخایاند، دایکەکە زانی سەردانەکە بۆ کیژەکەی گرینگە، دیتنی منداڵەکان، هەردوو کیژەکە، بۆ باوکیان چ خێرێکی گەورەیە؟ دایک و کیژەکە و ژنەکەی (لەناو ژوورە پەنجەرە گەورەکەی پێ سەیر بوو)، بڕیارەکە دەدەن.

ژنەکە پێیان دەڵێت:

بڵێین دەچینە ئەو گوندە، (ناوی گوندەکە، چەند دوورە، چەند ماڵە، ناوی چەند ماڵی ناو گوندیان پێ دەڵێت، فێریان دەکات) لەوێ ناسیارێکمان

مردووە، دەچین و زوو دەگەڕێینەوە، بەڵام! دەبێ جلی رەش لەبەر بکەن، (پرێسکە)یەک لەگەڵ خۆتان بهێنن، کەمێک خواردنتان پێ بێت باشە، منداڵ برسییان دەبێت، من دەتانبەم و دەتانهێنمەوە. لەو هەفتەیە دوو خێزانی تریش هاتوون، بەڵام نەگەڕانەوە.

دایکەکە بەترسەوە دەڵێت:

ـوەی شێرە! بۆ نەگەڕانەوە!

ژنەکانی لەو شارە بەسەردان هاتوون، کە مێردەکانیان دیوەتەوە، هار بوون و نەگەڕاونەتەوە، تامیان کردووە. ئەوەی بۆ یەک سەعات هاتووە، دوو مانگە لەوێ، لەپەنا کەپرێک، لە کەلاوەیەک ماونەتەوە.

لە دوا سەیتەرەکە، سەربازەکان کە وتیان درۆیە، دەزانین دەچنە کن کوڕ و مێردەکانتان مەترسن، یەک سەیتەرەیە و دەربازمان دەبێت، پاش دوو سێ سەعاتی تر ...

بەو نامەیە دایکم، خوشکە گەورەکەم و دوو کیژە پارچەڵەکەی و منیشی کۆکردەوە. پۆشتەی کردین. سوێندی هەموویانی دا، هەتا دەچینە دەرەوە وا مەکەن باوکتان بزانێت. کەس هەستمان پێ نەکات! نەوەک خەبەر بدەنە باوکتان، ناکرێ ئەو بزانێت، ئەو بزانێت هەتا دەستی بڕوات دەمانگێڕێتەوە!

ئێمە لەگەڵ ژنەکە، چووینە دەشتی کۆیە و لەوێش بۆ بناری سەفین، زاواکەمان دۆزییەوە. ئەو لەوێ لەناو پێشمەرگەکان سەرلق بوو. بارەگەکەیان لە خانووێکی شڕی لاچەپی گوندەکە بوو. لەبەر ئەوەی گوندەکە، بارەگای بەتالیۆنێک و ناوچەیەکی حزبیشی تێدا بوو، مزگەوت و قوتابخانەکە بەر ئەوان نەدەکەوت، بۆیە لە پەڕگەی گوندی، خانوێکی چۆلی نەوی، دوو ژووری تاریک، بەڵام لاچەپ و نزیک لە کانی گوندەکە،

دەکەنە بارەگای لقەکەیان (سەرلقەکە پێی وتبوون). من نەچوومە ناو بارەگاکەیان، بەڵام زاواکەمان لەناو قسەکانی باسی کرد، منیش ئێستا دەزانم چۆن نمایشیان بکەمەوە؟

هەموومان، لە جۆگەیەک پەڕینەوە، لەناو گوندەکە چووینە سەر بەرزاییەک. من سەیری گوڵە سوورەکانی هەنارم دەکرد، هەستم دەکرد، رەنگیان لە گوڵە سوورەکانی دار هەنارەکانی حەوشەکەی ئێمە سوورترن. دەمیان زۆرتر کردیتەوە. گوڵەکان زۆرتر بوون. گوڵەکان پێدەکەنین، بۆنیان خۆشتر بوو.

لقی دارهەنجیرەکە، ناوقەدی دارگوێزەکە، بەردەبازی سەر ئاوەکە، خانووە نەوییەکان، هەموو دیمەنەکان، ئێستا جوان دەزانم باسیان بکەمەوە، چونکە توند و تیژ و نەرمیش چوونە ناو هزرم!

...

لەبن داربادامەکە، لەسەر خۆڵەکە دانیشتین. شوێنەکە کەمێک بەرزتر بوو لە ئاواییەکە. هەموو گوندەکەمان لەبەرچاو بوو. هاتوچۆ و سەربان و بەرخ و گەمە و دەستی کارکردنی ژن و منداڵ و پیر و گەنجەکانمان لێوە دیار بوو. ئەوە یەکەم عەشقی من بوو، لەگەڵ سرووشت، (هەر لەگەڵ هەموو جۆرەکانی عیشق، چونکە عیشقەکەم تەمەنی کورت بوو، سەرەتا شیرین بوو، دوایی ئەوەندە تاڵ دەبێت، هەموو شیرینییەکانی کردە قوزڵقورت)، چوومەتە کۆریا، ژاپۆنم دیوە، چەند وڵاتی ئەوروپاش گەڕاوم، رۆژانە بە ئیشوکارەکانم دەچمە هەموو شوێنێک، بەدیار گوڵاڵە سوورەکان، هەڵتۆقینی دەمی رێواس حەیران بووم و راوەستاوم، (پووشم لەسەر هێلانەی باڵندەش داناوە). لەوەندە ساڵەی تەمەنم، لە گەشتە زۆرەکانم، ئێستا دەڵێم هەموو دیمەنەکان ناگاتە، دیمەنی گوندەکەی

لەگەڵ خوشک و دایکم بۆ سەردانی زاوایە سەرلقەکەمان بۆی ڕۆیشتبووین، بەڵام پێش هاتنی فڕۆکەکە و بۆردومانی گوندەکە!

...

گەشانەوەی ژن

من ئەودەمانە هەستم نەدەکرد، بەڵام دوایی دەمزانی خوشکم، بە دیتنی مێردەکەی ڕەنگی چۆن گۆڕا؟ چۆن و بۆ!؟ لێو و ڕوومەتی سوورهەڵگەڕا. من منداڵ بووم نەدەمزانی ڕەنگ چییە، ڕوومەت و دەموچاو چۆن و بۆچی گەرم دەبن؟ ئارەقە دەکەن، ڕەنگە درۆ نەکەم! ئەگەر بڵێم لەورۆژەوە ڕەنگی پەمبەم خۆشویست، کە ڕوومەتی خوشکم بە دیتنی مێردەکەی ڕوومەتی پەمبە بوون، ناسک بوون! درۆ نییە ئەگەر بڵێم کە خوشکم مێردەکەی بینی، باڵای بەرزتر بوو، قەد قەد سمتی، لەبن کەوا ڕەشەکەی ڕەنگین و نەرمتر دەرکەوتن! ئێوە هەرچی دەڵێن بڵێن:

من لەودەمانە هەستم کرد، پیاوەکەش مووی سمێڵە ڕەشەکەی جووتبوون و شاییەکیان دابەستا، هیچ گومانم نییە لەو دیمانەیەدا:

ژنێکی شاری، بەیانی زوو، لە شار و لەناو قەسرێکی ستارە بڵند، باخچە گەورەی ژوور وەنەوشەیی، کە لە خەو هەڵساوە، سیس و شکاو بوو، ئێستاش هاتووتە ئەو گوندەی بەترس و سامە، دەبێتە گوڵە مێخەکێک، یەکسەر دەگۆڕێت، کراس و (کەوا ڕەشەکەی) گوڵدار دەرکەوتن، برۆکانی نازیان دەبەخشی. خوشکم بە دیتنی مێردەکەی لەو گوندە بووە خاوەنی ڕەز و باخچەکانی، وایدەزانی لێرەش لەدایکبووە، کە مێردەکەی بینی:

پیاوەکەشی تاواندەوە! سەرلقەکە بۆ ژنەکەی چووە سەر لقی دارێکی بەرز! بەڵام پێش هاتنی فرۆکەکە.

...

دوو دانە باوی شیرین

من، (ژنە پارێزەرەکە) پاش ئەوەی شووم کرد، بوومە ژن، مێردەکەم ماوەماوە بۆ ئیشوکارەکانی دوور دەکەوتەوە. رۆژەکەی ئەو دەهاتەوە، زۆرجار شەوان دەگەیشتەوە ماڵ، نیوەی شەوان، ئێوارەیەکی درەنگ دەهاتەوە. من دەمزانی حەزم لە چییە؟ دەمەوێ چ بکەم و چاوەڕوانی چیم دەکرد؟! ئەودەمانە بەبیرم دەهاتەوە. خوشکم کە سێ مانگێک دەبوو لە مێردەکەی دابڕابوو. لەبن دارباوییەکە هەستی بە چ دەکرد. پاش نزیکەی بیست ساڵ، کە منیش لەودەمانەی بەرۆژ و لەناو قەرەباڵغی خێزانەکەم، مێردەکەم دەست بەجانتا، شەکەت و سیس دەهاتەوە. پاش ئەوەی ئەوم دەبینی، جانتا بچووکە دەسک باریکە نایلۆنەکەم لێ وەردەگرت، لەبەر چاوی میوانەکان بەخێرهاتنەوەم دەکرد، بەپەلە دەچوومە بەر ئاوێنەکە، تا ببینیم منیش وەک خوشکم، چۆن لەبن دارباوییەکەی سوورهەڵگەڕابوو، منیش وام لێهاتووە، سوور سوور، پەمبە بووم.

منیش دابڕام لە مێردەکەم و دەمزانی حەزم لە چییە؟ بۆ پەلە دەکەم میوانەکانم بڕۆن؟ منداڵەکان بخەون؟ حەزم دەکرد کارەبا بکوژێتەوە، تەلەفزیۆنە رەشوسپییەکەمان بە دوگمە باریکە رەقەکەی بکوژێنمەوە. بڵێن بێزاربوونی لە وتارە سیاسییەکان، تاقەتمان نەما، هەر شەڕ و هەر

سیاسەت! تەلەفزیۆنەکەم دادەخست و (پەردە)کانم جوان و باش دادەیەوە. دەچووم، بۆن لە هەردوو پرومەتم بدەم، مکیاژ بکەم، شانەیەک و تۆقەیەکی سووریش لە قژم بدەم، پاقلاوە دابنێم، ئاوی سارد، بیرەی تەزی و گۆشت و چەوری بۆ مێردە میوانە ماندووەکەم رێز بکەم!

...

تەماتە و روون

پێشمەرگەیەک، برنۆیەکی درێژ و خەریتەیەکی شلی لەپشتی بەستابوو. جەمەدانییە گەورەکەی سەری ئەوەندە شل بەستابوو، لەسەر سەری دەلەرییەوە. لەناو قاپێکی دەمشکاوی فافۆن، تەماتە و روون و چەند هێلکەیەکی کولاوی لەسەر نوردییە نانێک بۆمان هێنا. بەر لەوەی قاپەکە و نانەکە لەسەر جەمەدانییەکەی زاواکەمان، بۆ ئەوە پانی دەکاتەوە دابنێت، بەخێرهاتنی کردین، سەیری خوشکمی نەکرد، بەڵام لە چاوەکانی ئەوە دیار بوو، بڵێت:

خۆزگە منیش خەسووێکی وام دەبوو، لە هەولێرەوە ژنەکەم بۆ بهێنێتە ئەو گوندە. چەندی بە جێبە شڕەکە و بەترسەوە هاتوون، ئەوەندەش بەپێیان رێگاکەیان بڕیوە. خۆ ئەگەر خەسووم، ژنەکەم بۆ بهێنێتە ئێرە و من بدۆزێتەوە، یەکسەر و بەهەمان تەتەر، خەسووم دەنێرمەوە و ژنەکەم دەگێڕمەوە، دووریش نییە، ئەگەر مۆڵەتێکم نەدەنێ، هەر لێرە تفەنگ و خەریتەکەم تەسلیمی سەرلقەکەمان دەکەمەوە، ملی رێگای چۆمان دەگرمەبەر، دەڕۆم و ژنەکەم لەکن ماڵە خزمێک، ناسیارێک دادەمەزرێنم، ئەگەر زانیم ناحەوێتەوە، من لەوێ دەمینێمەوە، لەو

بارەگا و هێزانەی نزیک گەڵاڵە و چۆمان و ناوپردان شوێنێک دەدۆزمەوە! شۆڕشەکە گەورەیە، هەموو شوێنێکی گرتووتەوە، شەڕەکان، بۆردومانەکان، ترس و شانازییەکان، لە هەموو گوند و چیا و بارەگا و دوکانەکانە! بەس خەسووم ئەوەم بۆ بکات و ژن و منداڵەکانم بۆ بهێنێت، دەزانم دایکم ئەو چاکەیە لەگەڵ بووکەکەی ناکات، بەڵام خەسووم لەگەڵ کیژەکەی دەکات!

...

هەتاوەکە گەرم بوو، سێبەرەکە بەشی هەموویانی دەکرد. سەرلقەکە دەیویست و پەرۆش بوو، دوو رازی گەورەی لەناو دڵ بوو، لەودەمانەی ئەوان لەبەر سێبەرەکە دانیشتوون، ژنەکەی و منداڵەکانی و خەسووی بەدزییەوە لە هەولێرەوە هاتوون. فڕۆکە لە ئاسمانەوە دەرنەکەوێت، لەسەر گردەکانیش دۆشکە و تەیارەشکێنەکان تەقەی لێ نەکەن، ئەوانیش بۆردومان نەکەن. سێبەرەکەیان لێ نەشێوێنن، لەدڵەوە مەبەستی بوو، ئاشتی سێبەرەکە، بۆنی سێبەرەکە، چاوی ژنەکەی لێ ئاڵۆز نەبێت. پەرۆش بوو، هەر بۆ یەک شەویش بێت، ژنەکەی لەکن بمێنێتەوە، ئەگەر نەشمێنێتەوە، بوارێک وەربگرێت، لە قوڵغەیەک، وەک جاران بە (لیفکە)یەکی دڕ، جوان پشتی بشوات.

بەڵام! لەو رۆژە، هەردوو راز و خەونەکەی نەهاتەدی، سۆخۆیەک و دوو مێک، زۆریش نەوی، زۆر بلەز، دەمیان ئاگر، ژێرەوەیان جەهەنەم، دەنگیان بۆمەلەرزە، خێراییەکەیان ترسێنەر، هاتن و گوندەکەیان دایە بەر ساروخ. چیاکە، سەرکانییەکە، رەزە مێوەکە، پارچە سێوەکە، مزگەوت و قورئان و (جزو عەمە)کان، لەناو دووکەڵ و ئاگر و خوێن وەردا. بەڵام بەر لەوەی، فڕۆکەکان گوندەکە و دانیشتنەکە بشێوێنن، ژنەکە رووبەڕوو و بەرامبەر دایکی بە مێردە سەرلقەکەی وتبوو:

_من ناگەڕێمەوە، خۆم و منداڵەکەم لەگەڵ ئەو، لێرە دەبین.

دایکی بەستەزمانانە و دوودڵ، پێی وت:

_کیژم دیارە شێت بوویت، باوکت سەرمان دەبڕێت!

ئەویش بێ پێگیریی و بەدڵنیاییەوە، وەڵامی دوودڵییەکەی دایکی دەداتەوە، پێی دەڵێت:

_شین و شاییم لەگەڵ ئەوە! نایەمەوە و تەواو، من چاوەڕوانی ڕۆژێکی وام دەکرد، ئێستا ڕۆژەکە هاتووە و چۆن لە دەست خۆمی دەدەم!

بەر لەوەی فڕۆکەکە، باڵندەکان هەراسان بکات. بەر لەوەی ڕقی پێشمەرگە لەسەر شەڕەکان پیرۆزتر بکات. کیژەکە، ئەوەی ئێستا پارێزەرێکی بەتەمەنە و هاتووە لە پەراوێزی دەفتەرەکە، بەگەورەیی و بە سکرین ئەو بیرەوەرییە دەنووسێتەوە. هاتووە و دەعوەتکراوە دەفتەرەکە دەوڵەمەند بکات. تا دەفتەرەکە، نووسین و قەڵەمی ژنێکی تێبکەوێت.

لەوێ بوو، ئاگاداری بۆردومانەکە بوو، ژیانی گوندەکە، ئازایەتی ژنەکەی هاتبووە ناو شار و ماڵەکەی ئەوان دەدۆزێتەوە. ژنەکەی ئێستا لەناو پارکی شار، لەدیار (سکرین)ەکە وەستاوە، قەڵەمی لە دەستە و ڕۆژانە و سەفەرەکە دەنووسێتەوە. لەوێ بوو و شاهیدی دڕندەیی ئاسمان و بەستەزمانی باخچەکان بوو.

ڕۆژەکە لەوێ بوو باشیشی لەبیرە، چونکە بەردەوام خوشکی و منداڵەکانی ڕۆژەکە و سەردانەکە، کە دەبێتە دوا دیمانەیان لەگەڵ باوکیان دەگێڕنەوە.

...

فرۆكە هات

كیژەكە زۆر سەیری باوییەكانی سەر دارەكە دەكات، هەڵدەستێتەوە، هێشتا فرۆكەكان نەهاتبوون.

سەرلقەكە، كیژەكە، خوشكی ژنەكەی، پۆلی دووەمی سەرەتایی بوو، لەگەڵ دایكی هاتبوو. دایكی زیرەک بوو، كیژەكە لەگەڵ خۆی دەهێنێت، نەوەک زاواكەی، كیژەكە و دوو منداڵەكەی بگێڕێتەوە. ئەو لەگەڵ کێ بگەڕێتەوە، بەڵام رازەكەی نەدركاندبوو، نەیوتبوو من ئەو كیژەش دەهێنم، لەگەڵم بگەڕێتەوە ئەگەر بەتەنها مامەوە. وتبووی:

_سەرگوڵ دەهێنم، تا ئەو گوندانە ببینێت، لەگەڵ دوو كیژە خوشكەكەی بێت باشترە، با ئەومان لەگەڵ بێت!

ئەو بە خەسووی دەڵێت:

_ئیشێكی باشت كردووە، سەرگوڵت لەگەڵ خۆت هێناوە!

دایكم سەیری ناو چاوەكانی دەكات، باش لە قسەكەی تێدەگات، بەڵام قسە ناكات، نەیدەزانی چ بڵێت!

ئەگەرچی ئەو بەبێ پرسی مێردەكەی هاتبوو، تاكو كیژ و منداڵەكانی سەر لە مێردە سەرلقەكەی بدات، ئەوە یەكەمجارە ئەو دایكە ئەو ناوچەیە ببینێت، ئەو لەناو هەولێریش شارەزا نەبوو. بەیانییان زوو، (مێردمنداڵێک) سەبەتێک كەرەستەی خواردنی بۆ دەهێنایەوە. هەموو دەرچوونێكی بە كۆمەڵ و لەگەڵ مێرد و منداڵەكانی بووە، هەرگیز بەگەڵ

بێگانەیەک نەکەوتبوو، یەکەمجارە دەچێتە دەرەوە و بە حاجی مێردی نەوتبێت!

کیژەکە بەرزدەکاتەوە و کیژەکە سمتە باریک بچووکەکەی لەسەر شانی زاواکەیان دادەنێت، دەستی راستی توند، سەرە بەجەمەدانییەکەی دەگرێت، بە دەستی چەپی قلە باوییەک، باهیڤێک لەناو لقەکان لێ دەکاتەوە. هەرگیز هەموو فریشتە و خەون و مەرام و پیرۆزییەکان، درکیان بەوە نەدەکرد، دەستی کیژێکی تەمەن هەشت ساڵانە، بگاتە بەر سێبەری ئەو دارە و لەوێ ئارەزوو بکات، باوییەک لەو دارە، لەو لقە و لەو گوندە لێ بکاتەوە.

کیژەکە، باوییەکە لەناو لەپی دەستە بە جەمەدانییەکەوە توند خۆی پێ گرتبوو، دادەنێت. دەستەکەی تری درێژ دەکاتەوە، لەناو لقەکان، لەناو پەڵکە باریکە تیژە کەسکە (سیس)ەکان، باوییەکی تریش لێدەکاتەوە، دەستی جێگەی دوو باوی دەبێتەوە. دێتەخوارەوە دوو باوی لێکردوتەوە و دادەبەزێت!

دوو باوی لەبەر سێبەرەکە، بەر لەوەی فرۆکەکە بێت، دوو پێشمەرگە لەسەربانی بارەگای لقەکە، بە دەست ئاماژە بە هاتنی فرۆکە بۆ سەرلقەکەیان بکەن. بەر لەوەی ئەو بەپەلە بگاتەوە کن، هەر سێ سەرپەلەکەی، سەردەستەکانی، دوو باوی لێ دەکاتەوە و لەسەر شانی زاواکەیان دێتەخوارەوە. دونیایەک خۆشی و کەیف وەردەگرێت، بیر لەوە ناکاتەوە یەکێکیان بداتە دایکی، یان خوشکە نیگەرانە چاو ئەستێرەکەی. دانەی یەکەمیان زوو دەخوات، شیرینی بادامەکە، تامە تەڕە نوێیەکە بەئاسانی لەناو (رێخۆڵەکانی) دەچێتە خوارەوە. هەر بەو دەقەیە، دەگاتە هەموو دەمارەکانی، هەموو شیرینییەکەی نێوان ددانەکانیشی هەڵدەمژێت. بەڵام دانەی دووەمیان تاڵ بوو، تازە هەمووی لەناو گەرووی ئاودیو بووە، وردی کردبوو، تازە بواری نەبوو تفیان

بکاتەوە. دیارە ژیان و دەم و رۆژانە، ناتوانن تاڵییەکان تف بکەنەوە، ئەوەش چارەنووسە!

منداڵەکە باوییە تاڵەکە قووت دەدات، بێ ئەوەی رووی ترش و گرژیش بێت، یان دایکی و خوشکەکەی کە زۆر شادمان بوون، سەخڵەت بکات و بڵێت:

ئای کە ئەو قلە باوییە چەند تاڵە!

کیژەکە دوو باوی دەخوات، یەکێکیان شیرین و تەڕ و کەسک و ناسک. دووەمیان تاڵ و ناسک و تەڕ. هەردووکیان لەیەک دار لێدەکاتەوە، یەکێکیان شیرینە و ئەوی تریشیان (تاڵ)، بەڵام تاڵەکەش دەخوات، بەبێ ئەوەی بزانێت باوی تاڵیش سوودی هەر هەیە!

...

لاپەڕەیەکی تر بۆ دەفتەرەکە

ژنە پارێزەرەکە، ئایفۆنەکەی لەسەر مێزەکەی لاپەڕەکانی دەفتەرەکەی لەسەر پانکرابووە، دادەنێت، ئەگەر رووناک و گەش بوایە، بێگومان وێنەیەکی ژنە و منداڵەکانی لەسەر دەردەکەوت. بەڵام بێ پیاو و باوک! ژنەکە سەری لەناو سەری منداڵەکان دەرهێناوە، وەک منداڵەکان بەستەزمانانە بزەیەک دەکات، نازانێت بۆ چی، بەڵام نایەوێت منداڵەکان بزانن دایکیان (جلە رەشەکەی بەری بۆ مۆدە) نییە، لەبەر دڵ و چاو و شەوەکانە. ژنەکە لەسەر دەفتەرەکە، بێ ئەوەی سەخڵەت بێت، یان هەست بەوە بکات، لەکاتی نووسینەکە، دێرەکانی ئەو بە سکرێن و لەسەر شاشەکە دەردەچێت، هەموو ئامادەبووانی کۆڕەکە دەیبینن و دەیخوێنەوە و رازەکەی دەزانن. دەنووسێت:

من لە هەموو لاپەڕەکانی دەفتەرەکەی ئیمڕۆ، لێرە و لەبەر دەرگای قەڵات، لەبەر خوناوی ئاوی (نافوورە)کەی ناو پارکی شار نمایشکرا، هەموو دێرەکانم لەسەر سکرینەکە خوێندەوە. رستە کورتەکان، ناوە دیارەکان، رۆژەکانم بە پچڕپچڕی بینی. هەست دەکەم لاپەڕەیەکی کەمە، ئێوەش خۆتان داوا دەکەن، لاپەڕەکان زۆرتر بکەین، بیرەوەرییەکان دەوڵەمەند و ناوەکان زۆرتر و دەنگەکان تیژتر و سۆزەکان دایکانەتر بن.

ئەو بەو بیرەوەرییە بەتەمەنە، بەو قسە سەرسپییە، بەو دیتنە رەشوسپییە تەماوییە، لاپەڕەیەک بۆ دەفتەرەکە زیاد دەکات! سەربردەی سەفەرێک، لە هەولێرەوە و تا گەڕانەوەیان بەناخۆشی و بەپرسەوە دەنووسێتەوە.

...

لەبن دار باوییەکەی دۆڵی تەوسکە

رێزان کیژی خوشکەکەی، ئەوەی پێنج شەش ساڵێک لە پووری بچووکتر بوو، بە ژنەکە، بە پلکی دەڵێت:

_دادە سەرگوڵ، ئەو نووسینە لەکێ فێربوویت!

ئەو رستە کورتەی بەچرپە دەچێتە، ناو گوێچکەیەکی ژنەکە، بریتی بوو لە چەند رستە و رازێکی دوورودرێژ:

چۆن دەزانیت ئەو رستانە بنووسیت؟ من تۆم لەسەر نووسینگە و دادگا و سەرمێزەکەت دیوە، زانیومە تۆ بەردەوام  و ئێوارانیش دەوامت هەبووە، ئەو نووسینە و ئەو رازە لەکێ فێربوویت؟ کێ تۆی هێنایە ئێرە؟

دوایی بۆی دەگێڕێتەوە:

رێزان، راستە من خوشکی دایکتم، بە تەمەن لە تۆ گەورەترم، لە تۆ زۆرتر گەڕاوم و پۆست و سامانم زۆرە، بەڵام هەموو راز و خەمەکانم بۆ تۆ دەگێڕمەوە، ئەوانەی خەمیان لە هەناوم زۆر کردووە، ئەوان دەزانن خەمم چەند زۆرەم، ئەوانەی شەوەکانیان تاریک کردووم، ئەوان دەزانن، من لە چ تاریکستانێک دەژیم؟

راستە من سەربەستم، بەردەوام سەفەر دەکەم، کوڕێکم لە زانکۆیەکی بەیروت دەخوێنێت، کیژێکم لەو شارە بە ئینگلیزی دەخوێنێت، خۆم دەگۆڕم و پێدەکەنم، پارە سەرف دەکەم، بەڵام تەنها چەند ساڵێک تامی باوییە شیرینەکە لە دەمم مایەوە، راستە ماوەیەکی زۆر مایەوە، شیرین بوو، ئارامی پێدەبەخشیم، بەڵام دیارە نۆرەی باوییە تاڵەکە هات! یەک ساتی تامی باوییە تاڵەکە، هەموو شیرینەکەی چەند ساڵەی تواندەوە، نیهێشێت.

چەند ساڵێک، تامی باوییە شیرینەکە لەناو دەمم. لەسەر خوان و لە رۆژانەی کارکردنم تامی مابوو. ئەو باوییەی لەسەرشانی باوکت لە دارەکەم کردووە، چەند ساڵێک رەگە شیرینەکەی، شیلە رەقەکەی، ناوکە بەردەکەی، پەلکە  بۆڕەکەی تامی مابوو. بەڵام هەر دەترسام، نەخێر نەدەترسام، نەمدەزانی رۆژێک تاڵی باوی دووەم، رەقی باوی دووەم، بۆری و تووکی دووەم هەر ماوە. نەدەترسام، بڕوام نەدەکرد، تاڵییەکەم لەبیر نەمابوو، هەتا ئەو رۆژەی شیرینەکە تامی نەما. تاڵییەکە سەبر سەبر، لە رفتاری پیاوەکەم. لەو شەوانەی نەدەگەڕایەوە. کە بۆنەی

یەخەی شێواوییم دەکرد. کە رەنگی چاویم بە مۆنی دەبینی. لە کورتی وەڵامەکان و درێژی بیانووەکانی، هەستم بە تاڵی باوییەکە کرد!

...

تا ئەو رۆژەی دیسان، لەگەڵ پیاوێکی سەرراستی شیرین، توند بەڵام گەییوو، بە تەلەفۆنێک منی بردە دەرەوە، خەمەکانی لەماڵەوە بۆ پێچامەوە. دوودڵی لە بڕیارەکە، ترسنۆکی لە دەرچوونەکەی بۆم خاوکردەوە و رۆیشتین. کە دەڕۆیشتین، یەکجار ئاوڕێکم دایەوە، هەستم دەکرد هەزارەها (کۆلارەی رەنگین) بەدواوەمانەوە، کە دەمویست هەناسەیەک هەڵمژم، رێزان بڕوا بکە، بەو چاوانە بینیم، بڵێ چیت بینی:

_(کیژەکە تا زوو رازی پلکی بزانێت، بەپەلە دەڵێت): پلە گیان چیت بینی؟!

رێزان رەنگی سوور ببوو، لە ترسانا، نەوەک پلکی لەو سەفەرە لەگەڵ ئەو بۆ پیاوە زۆررزانە ئازایە، خاوببێتەوە، کە دەستی لەناو دەستی ناوە، پەنجەکانیان توابێتەوە، قژی لەگەڵ ملپێچە گوڵزارەکەی بووبێتە بسک و توولە مێویێک!

_کێ لەو وڵاتە، لەو شارە نەورەسی دیوە؟ سەدان نەورەس هاتبوون بە باڵە سپییەکانیان، هەناسەی پاکیان بۆم (هەڵدەڕشت)، هەتا گەیشتین رێگام نەبینی. نەمزانی ئەو پیاوە کێوەم دەبات، بۆ دوور دەڕۆین، نەمدەزانی بۆ لەناو شار و لە ماڵەکەمان نزیکین و دوورناکەوینەوە. تامی باوییە شیرینەکە، دووبارە لەناو دەمم بە دەمی ئەو شیرینیان پێبەخشیمەوە. هەر رۆیشتین و وشەی نازی دەووت، دەڕۆیشتین و چیامان دەبڕی وامدەزانی مەلە دەکەم. سەردەکەوتین وامدەزانی سواری ملی هەور بووین و دەفرێن و دەڕۆین! لەو سەفەرەدا، قۆزاخەی نووسینم

کرایەوە، ئارەزووم چووە سەر بیرەوەرییەکان، دڵم بۆ نووسین کرایەوە. هەموو ئەو قەڵەمانەی یەک دێرم پێیان نەنووسیبوو، بوونە قەڵەمی خۆشنووسین، بوونە لقی نەمام، وەک (ناوکە قەیسی) دەرچوون و سەوز بوون!

...

من بنووسەوە!

فێربووم بنووسم، بیربکەمەوە، ئیتر من ڕۆژانە بیرەوەرییەکانم، ڕۆژانەکەم، لەگەڵ ئەو پیاوە دەنووسمەوە. ئەگەر چیتریش نەتوانم بیبینمەوە. من هەر لەبەر چاوم دەبێت، لێم نزیکە و ڕۆژێک دیتن و ژووانێک بەسە، من قەڵەمم بکرێتەوە، ترسم بشکێت. بەڵام ئەگەر بزانم ئەو پیاوە، زۆرتر دەردەکەوێت، ون نابێت، بکەوێتە ناو (گۆم)ێکیش، هەر دەبینرێت، من دەینووسمەوە، چونکە دەزانم ئەو من دەنووسێتەوە!

بەیەکەوە لەگەڵ پیاوەکەی، من حەزم دەکرد بەس ئەو قسە بکات، بەس ئەو سەیرم بکات، بەس ئەو نەڕوات، چوومەوە بن سێبەری دارباوییەک، سەر بەرزاییەک، بەرامبەر ئاوەدانییەکی ڕەنگین و کشومات و نووستوو!

بەر لەوەی ئەوە بنووسم، بەیەکەوە لەگەڵ گیرفانی دەفتەرەکە، لەگەڵ قەڵەمی نووسەرەکە، لەگەڵ جانتاکەی چل ساڵ زۆرتر، دەفتەرەکەی هەڵگرتبوو. بەیەکەوە گەشتێکمان کرد، چووینە بنار شاخەکە، چووینەوە بن دارێک. لەبەر سێبەرەکە، ئەو لە ئوتومبێلەکە دابەزی، دەمویست دابەزێت و پەرۆش بووم بچینە بن سێبەرێک، بن دارێک، چووینە بن دار بادامێک.

...

ئەو دوو کورسی دەرهێنا، مێزێکی سەر بە نایلۆنی تەنکی (پایەفافۆنی) سووکی لەنێوان هەردوو کورسییە بچووکەکە دانا. کەوتینە بەرامبەر یەکتری، من و دەفتەرێک، من نەبومە دەفتەر و ئەویش نەبووە قەڵەم، بەڵام بێ شەرم و دوو دڵی هەردووکمان پەرۆشی گۆڕینەوە بووین! من دانە باوییەکم لە دارەکە بۆ ئەو لێکردووە، ئەویش دانە باوییەکی بۆم لێکردووە، بەڵام هەردووکمان باوییەکەمان نەخوارد، نەوەک (ناوک)ێکی تاڵ بدەینە یەکتری!

کە من چووم بەترسەوە باوییەکەم قرتاند، دەترسام نەوەک تاڵ بێت، یەک باوی تاڵم خواردووە، تاڵ زۆر تاڵم قووتداوە، قووڕگی گرتووم، هەناسەی گرتم شەوی تاڵکردم. دەترسم، ماوەیەکە مەند و ئارام، برسی و وریا بەدوای تامی باوییەکی شیرین پەرۆشم! دەبێ تۆ باوییە شیرینەکە بیت، دەمم شیرین بکەیتەوە!؟ بزانم شیرینی، بزانم باوییەکەی بەردڵ و (ناوزمان و ناوپەنجە) و دەستی منی:

نە دەتخۆم، نە وشکت دەکەمەوە، نە وردت دەکەم، نە سوورت دەکەمەوە، نە دەتکەمە چەوری سەر پڵاو، ناتکەمە زەخیرەی ناو سەبەتی ناندین، بەهەوەسەوە، بەنازەوە باوییەکەی تۆ، بە (داوایێک وەدەکەم و لە گەردەنم دەئاڵێنم). باوییەکە با ئازادانە، ئارەزوومەندانە، نێرانە، لەسەر سینگم بێتە خوارەوە، بگاتە درزی نێوان هەردوو مەمکۆڵەکانم! با مەمکی چەپم بڵێ بۆ من بێت، راستەکەی بڵێت شەوێک بۆ من بێت، با یەک مانگ بۆ تۆ بێت من رازیم، بە مەرجێک شەوی یەکەم لەسەر بالیفی نەرمی من بخەوێت! خۆ دەزانم بالیفی مەمکی تۆش هەر نەرمە، بەڵام دەزانم و دەڵێن بالیفە راستەکە هەر نەرمتر و بۆندار و ئارامترە! بۆیەش من دەمەوێ یەکەم شەو، با لەسەر مەمکی من بێت، چونکە دەزانم

شەوێک، تەنها یەک شەو، لەسەر بالیفی تۆ بخەوێت، ئاسان نییە بە خەوتنی سەر (بالیفی چەپ)ی من ئاسوودە بێت!

...

من سەربردەی دارباوییەکەی باوکت بۆ لێکردنەوەی باوی، منی لەسەرشانی خۆی دانا و بەرزی کردمەوە، بۆ گێڕایەوە، ئەویش دیار بوو مەبەستی بوو، من جانتاکەم بکەمەوە و زۆریش لەیەک نزیک بووین، وتی:

جەنابت بەردەوام ئیمزا دەکەیت دەبێ قەڵەمێکت پێ بێت!

ئەگەرچی منیش وتم:

تۆش بەردەوام سەردێری ڕووداوەکانت نووسیوەتەوە، دەبێ چەند قەڵەمێکت پێ بێت.

دڵم نەشکاند، لەبەر چاوی ئەو، جانتای بۆن و رازی ژنانەم، بۆ ئەو کردەوە و قەڵەمێکم بۆ دەرهێنا، تا (حیکایەتی تاڵ)ی دارباوییەکە، کە دوایی شیرینەکەش هەر تاڵ بوو گێڕایەوە.

تۆ ئێوارەکەی کە تەلەفۆنت کرد، من بەکورتی وەڵامی تۆم دایەوە:

ـ ڕێزان، من کەمێک دووری شارم و کەی گەیشتم تەلەفۆنت بۆ دەکەمەوە، ئەودەمانە ئەو دەیووت:

پەنجەکانی من، تەنها بۆ نووسین نەخوڵقاوە، دەبێ سینگی ژنێکیش، لەگەڵم بێتە دەرەوە، سینگی بکاتە پیانوو و ئاوازی شیعرێکم (بۆ بژەنێت). منیش بلەز وەڵامم دایەوە:

زۆر دڵنیابە ئەوە من ئەو ژنە نیم! بڵێ مەبەستم ژنێکی ترە!

ئەویش سەربەستانە وتی:

مەبەستم تۆیە! بزانە چۆن سینگت دەکەمە پیانوو، یەک یەک پەنجەکانی نیشاندەدام و دەیووت:

بەو پەنجانە لەسەر سینگت ئاوازی نووسین دەژەنم! بەو پەنجانە، لەسەر سینگت بەرگێکی ناوازە بۆ بەرگی کتێبێکم، یەکەم کتێبم دەنەخشێنم!

منیش پێدەکەنیم و سەیری سەعاتی سەر ئایفۆنەکەم دەکرد، ئەویش دەیووت:

خەمت نەبێت، ناهێڵم لە منداڵەکان دوابکەویت، نەتووت پێش ئەوەی تاریک دابێت، بگەمەوە ماڵ؟ بەچاوان، تاریکیش دابێت، تۆ ئێوارەکە و مەغریبەکە رووناک دەبینیت، باشە!؟

...

باوییە تاڵەکە

سەرلقەکەی زاوامان، منی لەسەر دارەکە هێنابووە خوارەوە، بەرامبەر دایکم و ئەو رێزانەی ئێستا بەردەوام بەیەکەوەین، توند لە کۆشی دانابوو، دانیشتبووین، لە گەرمە قسەکردن بوو، بۆ رازیکردنی خوشکم بگەڕێتەوە هەولێر و پێی دەووت:

_ژنەکە ئێستا، ئەوجارە (بگەڕێوە)! لەبەر دایکت و باوکت!

ئەویش بێ ئەوەی شەرم لە دایکم بکات، بوار بدات قسەکانی تەواو بکات:

_ناچمەوە ژیان و مردنم لەگەڵ تۆیە! ئێرە چەند ماڵە پێشمەرگەی تێدایە، منیش وەک ئەو خێزانانە. گوێ بگرە وا حکومەت کون بە کون، لە ژنە پێشمەرگە دەگەڕێت، بە (چاوساغی موختارەکان)، جاشەکان دەیانگرن و سواری زیلیان دەکەن، دەستە دەستە لەناو ئاگر و ترس بەڕەڵایان دەکەن. تۆ ئەوەت پێ باشە وامان لێ بکەن، من وا بەمنداڵەوە هاتوومەتە بەر دەستت، رەوانەم دەکەیتەوە!

_(ئەو، قسەکانی زۆر پێ خۆش بوو) بەڵام لەبەر دایکم و لە شەرمانا دەیووت:

دەزانم وایە، زۆر خێزان، بەرەزاڵەت بەناو دار و بەرد و دڕک بەڕەڵایان دەکەن، سووکایەتییان پێ دەکەن، برسی و داماو و پەڕگەندەش دەبن. هەر خێزانە دەکەوێتە (قوژبن)ێک، ژن هەبووە هەتا مێردەکەی دۆزیوەتەوە، سێ هێزی کردووە، چەند گوندی کردووە، چەند هەورازی بڕیوە، مێردەکەی لە دۆڵی پلینگان بووە، ئەوان لەپشت گوندەکانی (سیپگرە) و ئاقوبانی بناری سەفین بەڕەڵایان کردوون. ژن هەبوو، منداڵەکانی لە قوتابخانە نەگەڕاوەتەوە، ئەوەی لەماڵەوە بووە گیراوە، ئەوانەیان بارکردووە، دەزانم زۆرمان بیستووە!

خوشکەکەم، ئازایانە، سەیری ناو چاوی مێردەکەی دەکرد و وتی:

_کەواتە من وا بەپێی خۆم و بەئارامی، هەردوو کیژەکانیشم هێناوە و هاتووم بۆ بگەڕێمەوە؟

دایکم زۆر بەترس و شلەژانەوە و وتی:

_کچێ ژنەکە، لەبەر باوکت، هەتا ماوین لەبن نەفرەتی ئەو دەربازمان نابێت!

ژنەکە بڕیاری خۆی دابوو، شەرم لە دایکی ناکات، نەک ئەو کەسیان لە ماڵەوە قسەی دایکیان نەشکاندوە، براکانی هەتا مێردەکەشی، دەڵێت:

_ ناچمەوە و هاتووم و ناگەڕێمەوە!

پیاوەکە سەری بەرزدەکاتەوە، گوێیەکانی قوراخ دەکات، هەست رادەگرێت، بە دەستی ئاماژەیەک بۆ ژنەکە، بۆ لای کێوەکە، باڵندەی ئاسمان و هاژەی ئاوەکەش دەکات:

ویستی بڵێت وا دیارە دەنگی فڕۆکە دێت!

هێشتا رازەکەی نەدرکاندبوو، هەڵدەستێتەوە، دەیەوێ بگاتەوە لقەکەی، سەرپەرشتییان بکات، نەوەک گوندەکە، بارەگاکە، مزگەوتەکە، چیاکە بوردومان بکات. فڕۆکەکان دەگەنە سەر ئاسمانی دۆڵەکە، لووتکەی چیاکە، هەڵدەستێت بەپەلە بڕوات، بەوەش راناگات پێیان بڵێت:

ئێوە بچنە بن بەرد و چاڵ و ئاودڕە باریکەکە، ئێستا تەیارەکە دەڕوات، منیش دێمەوە!

نێوان سێبەری دار بادامەکە و بارەگاکەیان، چەند هەنگاوێک بوو، ئەو لەنێوان دارەکە و بارەگاکە بوو، فڕۆکەکان دەگەنە سەر گوندەکە، نەوی دەبن، دەنگیان قایمتر دەبێت، دار و بەرد و کاریتەی سەربانەکانیش دەهەژێنێت. دەنگەکە، تەوژمی باڵەکانی، گەرمی تەنەکەی سامێکی زۆر دەنوێنێت. ئەوان، ژنە و دایک و هەردوو منداڵ و کیژەکە، بەیانی لە هەولێر بە جێبەکە هاتبوون، لە سەیتەرەکە وتبوویان دەچینە ئەو گوندە و دەگەرێینەوە، وتبوویان لەو گوندە پرسەی ناسیارێکمان هەیە و دەگەڕێینەوە، لە بەرزایی بن داربادامەکە بۆردمانەکە دەبینن.

ساروخەکە، ئەوەی ناو گوندەکە دەکاتە کەلاوە، کانییەکە دادەتەپێنێت، دیوارەکان دەرووخێنێت، منداڵەکان دەترسێنێت، پێشمەرگەکان تووڕەتر

دەکات، دۆشکەکە رادەگرێت، (تەقەکان بێدەنگ دەکات)! فڕۆکەکە بوردومانەکە دەکات و ون دەبێت، ئاگرەکە بەردەدات و دەڕوات، بەڵام لەنزیک ئەوان، لەبەر چاوی ئەوان، مێردی ژنەکەی بەیانی لە هەولێر هاتبوو نەگەڕێتەوە، پیاوەکەی پێش چەند ساتێک هەردوو کیژەکەی لەسەر کۆشی دانابوو، (ساچمەیە وەک هەڵۆ)، پارچە ئاگرێک وەک تیر، ئاسنێکی ئاگر، ئاگرێکی ئاسن، بەردێکی سوور، بەر سەری دەکەوێت، ساچمەکە بواری دەدات، تەنها ئاوڕێکی بن داربادوییەکە بداتەوە و بەردەبێتەوە، جەستەیەک بەردەبێتەوە، دەمانچەیەک بەردەبێتەوە، تفەنگێکی دەستی بەردەبێتەوە، ئارەزووی هاتنی ژنەکەی و شەوێکی جوانی لێ بەردەبێتەوە!

لەگەڵ شێستیرەکە، لەگەڵ پەڕینی ساچمەکان، بەردە چەقۆکان، شاخە خەنجەرەکان، کێڵەتیژەکان، دۆڵەکە، باخچەکان، سەرکانییەکە دەکاتە مەیدانی کوشتن و خوێن!

لەو گوندە، لەو ئاوەدانییە، لەو دوو سێ بارەگایە، لەو مزگەوتە گەرمە رووناکە. کەس جوولەی نەما. کەس رەنگ و دەنگی نەما. دارەکان وەستان. گوڵاڵەکان سیس بوونەوە. هەنارەکان، هەرمێیەکان، قاز و مراوی و بەرخ و کاریلەکان هەموو، هەتا پێکەنین و دەنگ و (چرپەش نەما). لەگەڵ زرمەی بۆردومانەکە کەس بەپێوە نەبوو. دارەکان کەمێک بەژنیان نەوی کرد. شاخەکان، گردەکان سەرپۆشی بەردیان داپۆشی. مەلای مزگەوتەکە، فەقێی حوجرەکان قورئانیان لاپەڕە بە لاپەڕە رەوانەی ئاسمان کردەوە.

کەس هەناسەی نەما، نیگاکان داخران، جۆگەکان بەو هاوینە بوونە شەختە و رەق بوونەوە.

ئەوەی بەردی دەست نەکەوت، خۆی لەبن بشارێتەوە، پشتی بوو بە بەرد. ئەوەی ئاودڕێکی باریکی قووڵی دەست نەکەوت، هەر لەودەمانە لە شوێنی خۆی، چاڵێکی بەشان و دەست و نینۆکەکانی بۆ خۆشاردنەوە هەڵکۆڵی. بەڵام سەرلقەکە بەپێوە بوو، بەرەو بارەگەکە دەچوو، تا زوو بگەڕێتەوە کن میوانە زۆر ئەزیزەکانی، ژنەکەی و دایکی و هەردوو کیژەکەی و خوشکە ژنەکەی دەبینین چۆن:

ساچمەیەک، یان چەقۆی بەردێک، (سیکارد)ی دارێک، ئاو بوو بە تیزاب، بەر سەری دەکەوێت. ئەو سەری پێش ساتێک کیژەکە دەستی پێوە گرتبوو، تا بادام لە دارەکە بکاتەوە، ئەو سەری ژنەکەی سوێندی پێ خوارد، من مردنم لەگەڵ تۆیە، ژیانمان لەگەڵ تۆیە. ئەو سەرە بەو ئاگرە بەو ئاسنە، بەو (شەقڵەدار)ە دەبێتە دوو پارچە، بێ ئەوەی هەناسەیەک بدات، بێ ئەوەی ژنەکەی بەسەری رابگات، لەوێ دەست و پێیەکانی لە جوولە دەکەوێت، چیتر چاوەکانی بواری نابێت سەیری دوو کیژەکەی بکاتەوە دەمرێت...

فڕۆکەکە رۆیشت، تەرمی شەهیدەکان، جەستەی بریندارەکانی هەناوی ترساوەکان. خەمی گوندەکە کۆکرانەوە، هەر بەپەلە شەهیدەکان دەنێژن، بریندارەکان (تیمار) دەکەن، سواری ولاخیان دەکەن، داریان بۆ دەبەستن، لەناو بەتانی لوولیان دەدەن، بە جەمەدانییەکانی ملیان، بە پارچە چارۆگ و دەستماڵەکانیان، برینە گەورە و بەژانەکان دەبەستنەوە!

ژنەکەی چەند لاپەڕەیەک لەناو دەفتەرەکە بەو بیرەوەرییە پڕ دەکاتەوە، بەئارەزووی سەفەرەکەی، دانیشتنی بن دارەکەی دۆڵی تەوسکە، لەبەردەم خەڵکەکە، لەناو باخی شار، ئەو بیرەوەرییە بۆ دەفتەرەکەی چل ساڵە هەڵگیراوە دەنووسێتەوە! بەڵام خاوەن دەفتەرەکە، بەر لەوەی دەستخۆشی لێ بکات، سەیری (ئیمزا)کەی ژێر دوا دێری نووسینەکەی دەکات، پێی دەڵێت:

دەچینەوە بن ئەو دارە، من دڵنیات دەکەمەوە لە بادام باش شارەزام، بادامی شیرینت بۆ لێدەکەمەوە!

## بەشی سێیەم

### دەفتەرەکە لە کوێ دەکڕێت؟

چەند رۆژێک مابوو، بزانن حکومەت لە بەغدا، لە رۆژی یازدەی ئازار، هەڵوێستی چ دەبێت، چ جۆرە بەیان و ئۆتۆنۆمییەک، بۆ کورد و سەرکردایەتی پارتی رادەگەێنێت. بە فەرمی هیچ بڕیار و پێشنیار دیار نەبوو، ئەگەرچی (دانوستانێکی شەرمن و سەرپێیی و هاتوچۆ)ش هەبوو. بەڵام لەناو شارەکان، مەسەلەکە بڕابووەوە، بۆنی دووکەڵی شەڕەکە دەکرا. دەوترا، بردنەوە و سەرکەوتنیش بەشی کورد دەبێت. کەس گومانی لەوەدا نەبوو، کەس دوودڵ و نائومێد نەبوو. دەیانووت:

ئەگەر شەڕ ببێتەوە سەرکەوتن بەشی کوردە. سەرکردایەتی هەموو چەکێکی دابینکردووە. پێشمەرگە مەشقی سەربازی لە دەرەوە کردووە، لەسەر دەبابە، تۆپ، ئەلغام و لاسکی و هەتا لەسەر تەیارەش مەشقیان کردووە!

ئەو جۆرە قسانە، لەسەر پردەکەی (ئەلوەند) لە خانەقین، پیاوێکی سمێڵ گەورەی بەتەمەن، بۆ دوو گەنجی لاوازی زولف درێژی دەکرد. لە شاربازێڕ، کادیرێکی جانتا لەدەست، بە جووتیاری گوندەکانی دەووت. لەناو قوتابیانی زانکۆی سلێمانی و ئامۆژگای مامۆستایانی هەولێر (وەک دوو بنکەی دیاری زانست و فێرکاری لەسەر ئاستی نەک کورستان، عیراقیش) و لەناو قوتابییە کوردەکانی هەموو زانکۆکانی ناو عیراقیش، بە زانکۆی (بەسرا)شەوە. قسەکە، لەناو هەموو ماڵ و دیوەخان و کۆبونەوە و قوتابخانە و مەیدانی کرێکاران و سەرجۆخینەکان و لەناو فەوجەکانی (بەس لە لیستی موچە ناویان حەرەس حدود بوو) دەکرا!

پێشمەرگە کۆنەکان، دەوڵەمەندەکان، پێش هەژارەکان، بەرپرسەکان پێش کادیرەکان، بارگەیان (پێچابووەوە)، ئەوەی بڕیاری خۆی دابوو، ئامادەبوو بڕوات بە ماڵ و منداڵ و پارە و جێب و مەکینەکانیانەوە.

حکومەت لە دیاناش کشابووەوە دواخاڵی دەسەڵات، لە سنووری مەوقعی هەولێر سوپای عیراقی، سەیتەرەکانیان بەس لەسەر بەرزایی چیای سپیلک مابوو. لەسەر تەختاییە وشکەکەی سپیلک، سنووری نادیار دەستنیشانکرابوو. رووبەرێکی فراوانی ناوچە شاخاوییەکانی هەولێر، بە دەست پێشمەرگە مابووەوە. پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر لە گوندە نزیکەکانی شارەکە، لەناو زوورگەکان، لەنزیک ئاوەکان، لە کۆنە هەواری دەشتی هەولێر، لە گوندی بیستانە و دەشتی کۆیە بارەگاکانیان دانابووەوە و چاوەڕوان بوون. هەموو خوێنگەرم و بەورە. بەڵام هێزەکە و پێشمەرگەکان بە کۆنە چەکەکان، بە جلی خۆیان، بە جێب و پیکب و

تراکتۆرەکانیان، بە لێفی شڕ و لاسکی کۆن، لەوێ سەنگەر و دیوار و هیوای مەزنیان دامەزراندبوو. خەڵک و چەکدار ئەوەندە زۆر بوون، هەموو شۆرشێک خەڵکی کەمە، بەڵام لێرە، هیچ بەشی پیاوەکانی نەدەکرد، نووستنی ناو مزگەوت، چەک، خەریتە، نان، ئاو، چوونە سەرئاو، خۆشووشتن و ورە و سۆز و ئامادەیی. تا وای لێهات لیژنەیان دانابوو، رێگا بە هاتنی قوتابییان، هەندێ لە فەرمانبەرەکان بگرن و ئامۆژگارییان دەکردن، لەناو شارەکان، لە بەغداش بمیننێنەوە و دەرنەچن!

لە بەغدا و بەدرە و (جەسان)، هەتا شارەکانی باشووریش، کوردەکان، قوتابی زانکۆکان دەگەڕانەوە و بەرنامەی رۆیشتنیان دادەنا. گەنجەکان، سەربازەکان، جووتیاری گوندەکان هەموو یەک دەست، هەموو بەبڕواوە، بەبێ ئەوەی هیچی هەستیار و بەردەستیان دیبێت، دەیانویست بچنە ناو شۆرشەکە و پشتیوانی پارتی و بارزانی و بەیان و بەرنامەکانی بکەن!

...

رواندوز

سەرەتا، بەر لە رۆژی یازدەی ئازار، شاری رواندوز دەبێتە پایتەخت، دەیانویست دەزگا میرییەکانی هەولێر، لەوێ دابمەزرێنەوە. رۆژانە چەند مامۆستایەک، چەند قوتابییەکی ئامادەیی هەولێر و کوردستان، دەگەیشتنە رواندوز، لەناو پۆلەکانی دواناوەندییەکەی رواندوز، جێگایان دەکردنەوە! زۆریان یەکەمجار بوو، رواندوزیان دیبوو، سەرێک لە جوندیان و بێخاڵ دەدەن و دەڵێن، (شۆرشێکی خۆشە)!

ئازاد، ئەوەی شەوەکەی بەفشە بەگەڵ شۆرش کەوتبوو، دەگاتە رواندوز، هێشتا شارەکە ئاوەدان بوو، فڕنەکانی نان، تەندوور و بازاریان گەرم بوو. یانەکە، لەسەر بەرزاییەکە دەیڕوانییە دەشتە دیانا، لەبەر ئەوە بوو، لەویٚ مەشروبی بۆ دەهات، یان باخچەکەی بەرەو خۆر هەڵکەوتبوو! یانەکە هێشتا شەوانە میوانی هەبوو. دوو سیٚ ئوتێلەکە، نەفەریان زۆر بوو، خانوو (بەکرێگرتن) بۆ ماڵە هەولێرییەکانی هاتبوون، هەبوو. رۆژانەش قەمەرەکان یەک یەک دەچوونە هەولێر و دەگەڕانەوە. ماڵە شیوعییەکان، بەناو هاوپەیمانی حکومەت بوون دەرچووبوون، شارەکە بۆ ئازاد نویٚ و سەیر بوو:

ئەو دوو سیٚ سەعاتەی لە قوتابخانەکە، بۆی دانرابوو، خۆی دەخافڵاند. سەیری دەموچاوی منداڵەکانی دەکرد، لەگەڵ هەنگاوی پیاوەکان، سەردەکەوت و دەچووە گەردەگەرد. جارێکیان بەرەو بێخاڵ غلۆردەبێتەوە. لە کانی قووڕ، بەرەو خەرەندەکە پێچێک دەکاتەوە. (لە سەرەوە خەرەندی دیبوو)، دەیویست بچێتە ناو خەرەندەکە و بزانێت ئاوی خەرەندەکەش وەک ئاوی بێخاڵ سارد و سپییە؟

کۆڵان بەکۆڵان لەناو شارەکە دەگەڕا، سەری بۆ ئەو جێبانەی رەتدەبوون، دەسوڕاند و سەیری دەکردن، بزانیٚ نەفەرێک ناناسێت! چایەخانەکانی کرابونەوە، بارەگاکانی پێشمەرگەیان لەبەردەرگا وەستابوو، سەری لەوێش دەبردە پێش، دەیویست (سەید سەلیم) ببینێت، بزانێت ئەو پیاوە چۆنە و کێیە، زۆر باسی دەکەن، دەیانوت بەڵێنیداوە زاری گەلی و بێخاڵ و رواندوز دەپارێزێت.

نامەی نووسیوە و بە بارەگای هێزی وتووە و داوای چەکی کردووە، وتوویەتی پرسم پیٚ بکەن، من ناهێڵم حەوزی دیانا بگیرێت، حکومەت ناوچەکەی چۆڵکردووە، چۆن بوار بدەین جارێکی تر بگەڕێنەوە. لەوەتی مەخفەرەکەی دیانا هەیە، لەوەتی سەیتەرەکەی دیانا دانراوە، هەر

سەربازی عیراقی تێدابووە. ئەو خاکە نەرمەی چیاکان، زۆزک و هندرێن بۆیە تێدا کشاونەتەوە، تا هەناسەیەک، رووبەرێکی تەنک بداتە ئەو میللەتە، ئەو دەشتە سینگی چیاکانە، ئەو دەشتاییە پشوودانی هەورازەکانە، دەشتێکی تەڕە، ناکرێ جارێکی تر ببێتەوە سەربازگە و (سەیتەرە!).

ئەو، خۆی دەڵێت: من نازانم دەفتەرەکەم لەکوێ کڕیوە؟ کەی بڕیاری ئەوەم داوە رۆژانەکەم بنووسمەوە؟ دەفتەرێکی بچووکە و دیار نییە کەی کڕاوە؟ درهەمێک یان کەمتری پێدراوە؟ لە دووکانێکی دەرگا داری گوندێکی سەرەرێ؟ یان لە دووکانێکی بەقەپەنگی شارێکی ئازادکراو کڕاوە؟ کە لێی دەپرسن، تۆ سەرەتای دەرچوونت لە هەولێر دەستت بە نووسینەوەی دەفتەرەکە کردووە؟ لەودەمانەی بە خەڵکەکە دەڵێت:

_بڕۆن بە دایکم بڵێن، من لەگەڵ هەڵاکە رۆیشتم، کەی هەڵاکە گەڕایەوە منیش دەگەڕێمەوە!

پێی دەڵێن:

ئەوەشت نووسیوەتەوە، رۆژانەی لە دەشتی هەولێر بوویت، کە گەیشتووتە گوند و باخچەکانی سماقوڵی سەرچاوە. کە لەوێ ئاودیو دەبێت، هەتا دەچێتە شاری رانیە. لە دەفتەرەکە جوان پێناسەی (زینی ئەستێرۆکان)ت کردووە، چۆن شەو لە هەرتەڵ دەمێنێتەوە، دەچێتە ناو شاری (شێلوو و هەڵساو و سەرسامی رانیە). لەوێش بە جێبک، لەگەڵ پازدە نەفەر سوار دەبیت و دەگاتە گوندی پڵینگان، ئەوانەت نووسیوەتەوە!؟

دیارە هەر لە هەولێر دەفتەرەکەت پێ بووە، بە بەرنامە هاتوویتە دەرەوە، گەنجێکی خوێنگەرمی ناو قوتابیان بوویت، زۆریش لەسەر پارتی گفتوگۆت لەگەڵ شیوعییەکان کردووە، ئەوانیش پێیان وتوویت:

حاڵی خۆت دیوە، دایکە بەستەزمانەکەت، لەناو کۆنە خانوویێکی قووڕی جوولەکەکان، پشت و شانی شکا ئەوەندەی ئاوت بۆ بکێشێتەوە. داماوی برسی، چیت داوە لە (ستایشی ئیستعمار و ئاغاکان)، تۆ بەڕاستی دەبوایە ئەندامی ئێمە بیت، رووت و برسی و بێ لانە:

بەڵام ئەو دەست لە سینگی دەدات و بەدڵنیاییەوە دەڵێت:

من کە بەگەڵ هەڵاکە کەوتووم، دەفتەرم پێ نەبووە، بەڵام (پەیمانم دابوو)، هەر ئەو شەوە، کە دیمەنی خەڵکی شارەکەمان دەبینم، دەڕۆم، منیش هاتوومەتە دەرەوە پەیمانم داوە، تەواو، هەتا خەڵکەکە نەگەڕێنەوە، منیش ناگەڕێمەوە!

ئەو دەفتەرەکەی پێ نەبووە، بەڵام سەرە دێری نووسیوە، خۆشی لە نووسینەکە بنیووە، هەستی بە بوون و مانەوە و بەردەوامی کردووە، هۆگری نووسینەکە بووە. وایزانیوە نووسینەکە ئەرکێکی پیرۆزە، دەبێ لەبەر نووسینەکەش لە رووداوەکان نزیک بێت، لەکوێ؟ ئاوەدانی زۆرتر بێت؟ لەکوێ! دەنگوباس گەرمتر بێت لەوێ بێت.

هەتا جموجۆلی هەڵتەکان و رۆیشتن، لە رواندوز پەیدا دەبێت، ئازاد لەوێ دەبێت. لەبەر ئەوەی پۆلی دووەمی ئامۆژگەی مامۆستایان بووە، لە پۆلی یەکەم و ماوەیەک لە پۆلی دووەم بە پراکتیک مامۆستایەتی کردبوو، لە قوتابخانەیەک دەچێتە شوێنی مامۆستایەک، زووترماڵی دەباتە گەلاڵە و لەوێش وانەکان دەڵێتەوە. ئازاد چەند رۆژێک لەوێ دەبێت، بەڵام ئەو لەگەڵ (رۆیشتن و ئاوەدانی) و خەڵکەکە بوو، لەگەڵ خەڵک رۆیشتووە.

...

## من شکاکم

لە یەکەم لاپەڕەی دەفتەرەکە، کە بەرگێکی باشی بە شەریت بۆ چەسپکردبوو دەنووسێت:

ئیمڕۆ گەیشتمە رواندوز! شارێکی خۆشە، ئاوەدانە، مەکتەب و خوێندن تێدایە، خەڵکەکە بەرێزەوە سەیرم دەکەن، رەنگە ئەگەر زۆر لێرە بمینێمەوە لێرەش ژن بهێنم! دەگەڕێمەوە نزیک میللەتەکەی خۆمان، دایکم و مامەکانم دەیانووت:

ئێمە، کورەچییەکانی سەعدوناوە و تەعجیل، لەناو (شکاک)ەکانەوە هاتووین. لەوێ خزم و کەسوکارمان زۆرە. چی بکەم کەسی خۆمان لەگەڵ نییە، ئەگەرنا ناوی خزمەکانی ئەودیوم زۆر بیستبوو! بەدڵنیاییەوە دەیووت: من شکاکم.

دوو تۆپ و دوو هاوەن و جوولەیەک لە خەلیفانەوە بۆ ناو گەلی عەلی بەگ، هاتنە خوارەوەی دەبابە لە بەرزایی چیای کوڕەک (وتیان سۆڤیەتییەکان، رێنمایی و نەخشەیان بۆ سوپای عیراقی داناوە، بۆیە رواندوز گیرا. بەڵام رواندوزییەکان دەڵێن لەبەر نەمان و دوورخستنەوەی بەتالیۆنەکەی سەید سەلیم و پێشمەرگەکانی بوو، رواندوز گیرا، ئەگەرچی! زووتر شەڕ و بەرگری گەورەیان کردبوو، چاوی سوپایان شکاندبوو)، نووسینی بیرەوەرییەکانی ناو رواندوز کۆتایی دێت. دەڕوات، بەڵام دڵسارد، زوو و یەکەمجارە (دڵی بشکێت)، بیری لەوە کردبووەوە زۆر لێرە بمینێتەوە، لەکوێ ئەو شارەش بژیت، لەوێ هەستی بە جوانی و سۆزی ژن کردبوو، هەموو رەنگەکانی لە دەموچاو و کەوا و سوخمە و گوفتار و هەنگاوەکانی ژن دیبوو! ویستبووی بە کیژێکی ئامادەیی بڵێت:

با بەیەکەوە گەورە بین، تا شێوە و ئاکارمان برژێتە ناو یەکتری!

...

سەرگەردان

شەوێکیان بەپێیان، بە قوونە جێبێک، ئەویش لەگەڵ چەند کەسێکی (بەچەک و بێچەک)، سۆرانی و بادینی، ماندوو و پیاوی خوێن گەرم، دەگەنە گوندی ڕێزانۆک. لەوێ لە سەیتەرەکە، لەناو دیواری ژوورێک، لەناو پەنجەرەیەکی گیراو بە نایلۆن، خەوێکی بە سەرما، خەوێکی بە ترس، ئارامییەک بە جەستە ماندووەکەی دەدات. لەگەڵ تیشکی خۆری بەیانی، بەر لەوەی بیر لەوە بکاتەوە، کام ئاراستە بگرێتەبەر؟ کێ دەدۆزێتەوە و لەکوێ دەگیرسێتەوە؟ دەفتەرەکەی دەردەهێنێت، وردەکاری ڕۆژ و شەوەکەی دەرچوونیان لە ڕواندوز و هاتنەخوارەوەی دەبابەکان دەنووسێتەوە. ئەوان چەند کەسێک لەناو شارەکە مابوون، لەگەڵ دیوارە قووڕەکان، دووکانە داخراوەکان، فڕنییە ساردەکە دەمێنێتەوە. ئەو بۆ بەرگری نامێنێتەوە، بۆ شەڕکردن و ڕاگرتنی دەبابەکان نامینێتەوە، لەبەر دەفتەرەکە، بۆ نووسینی ناو دەفتەرەکە دەمێنێتەوە!

_من بڕۆم کێ ڕووداوەکە بنووسێتەوە!؟ (ئازاد کە ئەو قسەیەی کردبوو، کۆنە تۆپەکەی وەستا ڕەجەبی لە ناوەندی شارەکە لێوە دیاربوو).

کەس هەیە دەفتەرەکەم لێ وەربگرێت؟ کەس هەیە قەڵەمەکەم تیژ بکات و لاپەڕەکانم بۆ بنووسێتەوە؟ ناڕۆم من پاسەوانی کۆڵانەکان دەکەم، هەموو جوانییەکانی لەوڕۆژانە لەو شارە، لەو هەیوان و سەربانانە دیومە جێناهێڵم! ناڕۆم! بڕۆم سەرگەردان دەبم!

...

بەدرێژایی ڕێگاکە، هەر لە حامیەکەی بە بەردی تاشراو و پتەوی وەک ئاسن بنیاتنرابوو، دیوارەکانی ریزبەند و ئەستوور کرابوو، بەڕێدەکەوێت و دەڕوات، ڕێگاکە چۆڵ، هەر ئەو بەو ڕێیەدا دەڕوات، خوناو و شێی ئاوەکە، ترسی ماسییەکانی ناو رووبارەکەی لەگەڵە، ناوی چیاکە نازانێت، نازانێت ئەوەی بەرامبەری زۆرزکە یان هندرێن، نازانێت کام گوند و بەردەبازی دێتەپێش! ئەو لە کۆڵانێکی تەنگەبەری سەعدوناوە و تەعجیل هاتووە، ئێستاش لەناو دۆڵێکە کشومات، هیچ دەنگێک نابیستێت، جێبێک بەخێرایی و بێ گلۆپ لەو رەت دەبێت. دەڕوات و دەیەوێ زوو و بەپەلە بگاتە پێشمەرگەکانی بەتالیۆنەکە و (زەخیرە) و فیشەکیان بۆ ببات.

دڵی خۆش دەبێت لە گەڕانەوەی، جێبەکە ئەو هەڵدەگرێت، دەفتەرەکەی بەرباخەڵی هەڵدەگرێت، ئەو چەند لاپەڕەی نووسیویەتی دەربازی دەکات، یان جێبەکە لەبەر شەهید و برادەرەکان جێگەی گەنجێکی (پیادەی سەڵت) ناکاتەوە، جێبەکەش دەڕوات، ئەویش دەڕوات، هەموو دەڕۆن، ئاپۆرەکە زوو لەبەرچاوان ون دەبیت، پەخشان دەبن، هەندێک ماندوو دەبن، پشوو دەدەن. هەندێک ماندوو دەبن خێراتر دەڕۆن و پشوو نادەن!

چەند دوورتر دەکەوتەوە، دەنگی تەقە کەمتر دەبوو. بەڵام! چاوی تۆپەکان و رووناکییەکان زۆر لەپێش ئەو بوون. زووتر گەیشتبوونە بەرسرین و مامە رووتەش، ئەوان خێراتربوون لە راکردن و دەربازبوون!

هەتا جوندیان و زێوە و بەرزێوە هەر خەڵک دەبینێت و دەپرسێت:

_چۆن دەبابە لەو چیایە هاتەخوارەوە!؟ (کەس نەبوو، وەڵامێکی بداتەوە، نەک ئەو، هەتا ئیمڕۆش وەڵامی ئەو پرسە بە ئارەزووی تایبەتی و ئارەزووی تر، دەدرێتەوە).

قسەی زۆریان کرد، تووڕەبوون و نائومێدی و ماندووبوون و دابڕان و خەمی شارەکە دەیانووت:

خیانەت! شارەکەی بەداگیرکردندا!

...

دەڕوات و نەگەیشت

شەوێک دوو شەو، لەو بارەگایە، لەو سەرەڕێیە. لە گوندەکە، (کوڕە هەولێرییەکە) بە قسەی خۆش و بەڵێن بەستەزمانانە دەمینێتەوە. شەوانە دەبینێت جێبی سەر بەچادر، لۆری داخراو، باری ئەرزاق بۆ بادینان، پێشمەرگەکانی باڵەک و زۆزک بەخێرایی دەڕۆن، راناوەستن، ئەو لێیان بپرسێت:

ئەو جێبە سەرداخراوانە چی تێدایە! لۆرییەکان بە چەند رۆژ دەگەنە بامەڕنی و چیای شیرین، نازانێت!؟

ئەوانەی دێنە خوارەوە، چەند رۆژە لەسەر چیا و لەناو سەنگەرن و خۆیان نەشووشتوە. نازانێت، باش خواردن و فیشەکیان دەگاتێ! لەوێ دەمینێتەوە و نازانێت (زانکۆکەی لە قەڵادزە) دەکرێتەوە، بەناو زانکۆیە یان بۆ کۆکردنەوە و چاوەڕوانی و پشوودانە!؟

نازانێت چۆن نامەیەک بۆ دایکی رەوانە بکات؟ یان نایەوێت چونکە بەڵێنی داوە، لەگەڵ خەڵکەکە دەگەڕێتەوە، پەیمان لەکن ئەو سۆزێکی مەزنە. بەڵام لەوێ نامێنێتەوە، دەیەوێ لە ئاوەدانییەکە، لە

پایتەختەکە نزیک بێت. لە هەردوو شارە ستراتیژییەکەی ناوچەکە، لە چۆمان و گەڵاڵە نزیک بێت، تا رۆژانەکەی بە دروستی لەوێ بنووسێتەوە!

...

یەکەمجار چۆمان دەبینێت

لە چۆمان، ئازاد لەبەردەم فرۆشگاکە لە جێبەکە دادەبەزێت، پێویست بەوە ناکات خۆی داوەشێنێت، تۆز و غوباری رێگایەکی دوور و کۆنەخانوو و بنبەردی زۆری پێوە بوو. هەر ئەویش دەموچاوی بە (تۆز و غوبار) نەبوو! سەیری خەڵکەکە دەکات، زۆریان ئاکاریان تەماویی و شێلوو بوو. دێتە خوارەوە، دەرگای پشتەوەی بۆ ناکەنەوە، خۆی ئاودیو دەکات و دێتە خوارەوە، بەڵام نازانێت دەچێتە کێندەرێ! میوانی کام ماڵ و بارەگا دەبێت! کام بەرپرس و خزم دەبینێت.

لەسەر جۆگەکەی ناو چۆمان، ئاوەکەی، بوار نادات لێی بپرسیت لەکوێ هاتوویت و بەنیازی کێوە بچیت؟ ئاوەکەی، ئەوەندە سارد بوو، شەڕەکە هێشتا گەرمی نەکردبوو، داخی نەکردبوو، ئاوێکی خاوێنی ساردی پێدا دەڕۆیشت، دەموچاوی پاک دەشوات.

...

پیرکوڕ

پاش نیوەڕۆیەکی زووش بوو، بەڵام ئەو بۆ نووستنی شەوەکە، چاو لە مزگەوتێک دەگێڕێت، بە دەموچاو خەڵکێکی زۆر دەناسێت. پیاوێک دەبینێت، دەزانێت چەند رۆژێک لەکن براکەی، لەناو کورەکانی قۆریتان خشتی بڕیوە، (لەو تێدەپەرێت). گەنجێکی تر دەبینێت، بەپەلە مەنجەڵێکی پێیە و دەڕوات. دەزانێت ماڵەکەیان، لەوان دوور نەبوو، زۆرجار لە چایەخانەکەی عەبۆ دیبووی. لەگەڵ ئەویش قسە ناکات، چی پێ بڵێت، دەفتەرەکە بۆ ئەو، هەموو سێبووری و کەس و حزب و خزمە. لە رواندوزیش دڵی شکا، زۆر خەم دەخوات، لەو شارە سەید سەلیم نابینێت، دەیانووت، لە دارەهیشک و مێگر و (بانەزێوک) و کانی مەلا نەبی، سەنگەری گرتووە، وتوویەتی:

من بەڵێنم بە پیرکوڕ داوە. بەو پیرەی وتبوو:

من نەوەی تۆم و نارۆم، هەموو بەتالیۆنەکەمان قوربانی ئەو پیرە دەبین. رواندوزییەکان، ئەو چەند هەولێرییەی لەگەڵمان ماونەتەوە، ئەوانیش دەبنە قوربانی پیرکوڕ.

خودا، چیایەکی گەورە و بەرزی سەر بەبەفری بەناوی ئەو پیرە کردووە. کوڕەک! لەبەر پیرۆزی ئەو پیرەی چەندین ساڵە، چەند سەدەیە، بەر لە هاتنی (ئەسحابە)کانیش لەوێ بووە.

ئەدی ناڵێم، خودا لەبەر دەف و ستران و سەمتوورەکەی ئەو، چیاکەی بەرزکردیتەوە. لەبەر پیرۆزی ریشی ئەو پیرەیە، بناری چیاکە بووە بە بێشەلان و دارستان و دەوەن! لەبەر نووری ئەوە، ساڵانە سپی سپی دەبێت، ماوەیەک پشوو بە هەتاو دەدات، سەرخەوێکی لەسەر بکات، ئەگەرنا لەبەر (پیرە هەر سپییە)!

شەو هەموویان نەدەنووستن، دەستیان لەسەر تفەنگ بەرنەدەدا. بەرۆژیش، تا دەرنەکەون، نەکرێنە ئامانجی گوللە و تۆپباران، دەبوونە

بەرد و دار. تا لەسەر چیاکەی، بەرزترین و توندترین سەربازگە و مۆڵگەی لەسەر بوو، ئەوان لەوێ بوون تا هەیبەتی پیرکوڕ بشکێنن، تا (چەپۆک) لەو شارە بگرن، زۆرتر و باشتر دەبوونە بەرد و قەدی دار و گۆرەز و سەرتیز:

لە شەوێکی بەسام، سەید سەلیم گوێی لێ دەبێت، پیرکوڕ بانگی دەکات:

_کوڕم، دەزانم تۆ، من، بە باپیرەی گەورەی خۆت دەزانی! تۆ لەبەر هەیبەتی منە سەد کەسی ئازا. دوو سەد دەست و دوو سەد چاو و دوو سەد گوێی سووکت داناوە. تا من داگیرنەکرێم ئێشک دەگریت. خۆت شل ناکەیتەوە. ناچیتەوە کن ماڵ و منداڵەکانت لە گەڵاڵە. ئاگادار بە، ئیمشەو، ئەو (کافرانە) دێنە خوارەوە، دەیانەوێ بەرەو شارەکەتان بخشن. بکوژن، ببڕن، وریابە! یەک دەست و یەک دەنگ و یەک بڕیار بن. سەردەکەون و ئەوان دەشکێن. کەلاکی زۆریان لە دیارم جێدەمێنێت، بەڵام یەک بڕیار بن!

دوو بەردی چاو بەخاڵ. قەدی درێژی دارمازوویێک. خێرایی گەڵا سیسەکان. تنۆکی خوناوێکی چاوگەشی (دەربازبوو لە هەتاو). سمۆرەیەکی کلک زۆر لە هاورەگەزەکانی درێژتر و دابڕاو لە گوێز. پەپولەیەک، باڵێکی بەر فشار و هوڕەی هەتاو کەوتبوو. قەوزە و سێبەری بەردێکی دوور هەڵکەوتوو. دەروێش و رۆحی هەزار (کریڤی پیرکوڕ)، هەواڵەکە دەدەنە سەید سەلیم و هەڤاڵەکانی، سەرلق و سەردەستەکانی، کات و فشار و هەڵمەتی هێرشەکەی پێدەڵێن، هەموو ئاگاداری دەکەنەوە. بە شەو! نەخێر بەرۆژ، پێشمەرگەکان (لەگەڵ بەردەکان)، قەدی دارەکان وشک دەبن، وشک وشک. لەگەڵ سێبەرەکان ئاوێتە. لەگەڵ تفەنگ و ئاگر زۆر برادەر و مارەبڕ. چاویان لە فەرمانی ئامیر بەتالیۆنەکەیانە، دڵیان لەکن پیرەکەیە، چاوەڕوان دەکەن:

هێزێک وەک کلۆ، ئاگرێک وەک جەهەنەم، فەرمانێک شێتانە، هێزێک مەغرور دادەبەزن و حورمەتی پیرەکە دەشکێنن، نزیک دەبنەوە، بۆنی رواندوز دەگاتە کونە لووتیان، (چاوی مێگر) دەبینن و هەوەسیان هەڵدەستێ. بەردەڵانێک، دوو رەوەزە شاخ و سەد پەنا و چەند بێشەلان و سینگی رەقی زۆر بەردەکان، قەدەکان، دەبڕن و زۆر دێنە پێش. هەست دەکەن شاخ و بەرزاییەکان تەخت بووە. بووە بە ئاوێکی شیرتێن، کوڕەک دەسترازەکەی کراوەتەوە. پیرەکەی هەموویان لێی دەترسان، خەڵوەت و سەمتوور کاسی کردووە. وادەزانن پیر ماندوو بووە، تاقەتی نەماوە و لەدیار سەمتوورەکەی پەلاواژ بوویتەوە. پیر بێباکە. بۆیە! دەست و ئاگر، چەکی زۆر و بارود، چەقۆ و شیر دێنەخوارەوە. بەپانی لەو بەردەڵانە دەهاتن، جولەیەکیان نەبینی، دووکەڵێک چاوی لێل نەکردن، خشپەیەک راینەگرتن، هاتن و دڵنیابوون، دەگەنە سەر خەرەندەکە، دەچنەوە ناو (حامیە)کە، دیسان سەیتەرەکە لە دەشتە دیانا دادەنێنەوە! دێنە پێش، پێشمەرگەش چاوەڕوانی یەکەم تەقەی سەید سەلیم دەکەن، چاوەڕوانن و رواندوزییەکان وریان، دەزانن کەی تەقەی رەواندنەوەی تەم و سوپا و کلۆکە دەکەن!

شەڕەکە دەقەومێت و هێزەکە دەشکێت. بنارە سەوزە نەخشینەکە، دەبێتە گۆمی خوێن. شەڕێکی قوورس، بەڵام بەس پێشمەرگە تەقە دەکات، دەزانن گوللەکانیان ئاراستەی چ دەکەن، دەزانن چۆنیان بشکێنن، چۆن پیرەکە و شارەکە و خەرەندەکە بپارێزن! شەڕ تەواو دەبێت، دەچنە ناو کوژراو و بریندارەکان، دەچنە ناو خوێن و شکان. لەو مەیدانەدا، ئەفسەرێکی بریندار، (تفەنگێکی سوار)، ئاگرێکی گەرم، بۆ سەر سینگی سەید سەلیم بەرزدەبێتەوە:

رزگاربوونی ئەستەم و پەرجوو بوو. بە دەستە گیراوەکەی ئەو دەڵێت:

من دەزانم، سەرکەوتنەکە، لەچاوی تۆیە، دەربازبوونت نییە، بە کوشتنی تۆ، هاوسەنگییەکە دەگۆڕێت! رق و تۆڵەم لەناو دەستە و تەواو!

ئەو سەیری دەکات! بەڵام لە بەزەییەکەی بە بریندار و دیلەکان پەشیمان نابێتەوە، لەدڵەوە بانگی پیرکوڕ دەکات و پێی دەڵێت:

من چاکەم دەکرد، بریندارەکانم هەڵدەگرتەوە، برینەکانم دەبرژاندەوە، ئێستاش یەک (تاڵەموو لە مەرگ دوورم)، پیرەکە، من بەڵێنی خۆم هێناوەتەدی، کوا بەڵێن...؟ هێشتا قسە و رازەکەی تەواو نەکردبوو، گوللەی ناو تفەنگی سەربازە بریندارەکە چرووک دەکات!

ئەویش دەستەگیراوەکەی بە تیمارکردنی زامی سەربازێک، بۆ تفەنگەکەی دەبات و لەناو دەستی ئەفسەرەکە دەردەهێنێت، سڵاوێکی عاشقانە بۆ پیرکوڕ دەنێرێت، لەدڵەوە دەڵێت:

پەشیمان نیم هاتوومەتە سەر دینی تۆ! پیرکوڕ، خۆڕایی نییە رواندوزییەکان ئەو چیایان بە ناوی تۆ کردووە.

## بەشی چوارەم

### تەیارەشکێن

ئەو هەرگیز کەسێکی حزبی نەبووە. لەناوماڵەکەیان کەسیان پێشمەرگە نەبووە. خزمیشیان لەو باڵەکایەتییە نەبوو، بەڵام لە ماڵەوە گوێی لەوە ببوو ئەوان، هەموو کوڕەچییەکانی هەولێر، لەودیوەوە هاتوون!

ئەو ئێستا لەودیوەیە. لە ناوچەیەکی سەربەخۆیە، حکومەتێکی تێدا دامەزراوە، بە کاغەز و ناو و مۆر و بەرپرس حکومەتن. هەموو پۆستەکان لەو ناوچەیە بوونی هەیە، دەزگا ئیداری و دارایی و راگەیاندن و هەتا کشتوکاڵی و بازرگانییش بەناو هەیە. دەزگاکان بارەگایان هەبوو، (لەگەڵ دامەزراندن و ناونانی ئەمانەتەکان، دەزگاکان، بە نەخشە و کەرەستەی خۆماڵی و دەرگا و پەنجەرەی ئیرانی، لەسەر رووبارەکە بارەگا و باڵەخانەی دەزگاکانیان زوو تەواو کرد، هەر بە تەڕی رایانخست و پۆشتەیان کرد و بەکاریانهێنا) ناو و ئەمین عام و بەرپرسی باڵای زانایان دانابوو، ئەندازیاری زۆر و پارێزەر و لیوایەک مامۆستا و فەوجی زۆری فەرمانبەر، زۆریش پرۆفیسۆر و دکتۆر و پزیشک و مەلای دوازدە عیلم و کرێکار و تەکنیکار و ... بەڵام زۆر کەم لەوانە، لەو پۆستانە! کار و ژێرخانیان هەبوو، (دەست بەتاڵ)، چای گەرمیان دەخواردەوە و جگەرەیان بە بادەکرد، ماوەماوەش سەفەری ناو شارە گەورەکانی ئیرانیان دەکرد!

نانێک، لەبن حەسیر و ساباتێک دەخوات، خواردنەکە بەتام و گەرم و چەور بوو:

دەفتەرەکەی دەردەهێنێت و لە لاپەڕەیەکی نوێ (چونکە ئەو دەیویست دەفتەرەکە بەشی سەفەرەکەی بکات، دەرچوو پیاوێکی دەبەنگ و کاڵفام نەبوو، دەیزانی کاروانەکەی درێژە، وا زوو ناگەڕێتەوە لای دایکی) دەنووسێت:

لەوەتی شەوەکەی لە یانەی فەرمانبەران دەرچووم، لەوێ دوو شیش کەبابم بە سماقەوە خواردبوو، نیوەڕۆش لەماڵەوە لەبن هەیوانەکە، لەدیارە کوپە بن بەقەوزەکەمان، لەگەڵ دایکم نانم خوارد، لەورۆژەوە نانی وا باش و خاوێنم نەخواردووە، بەڕاستی چۆمان پایتەختە!

ئازاد هەر چاو دەگێڕێت یەکێک بناسێت، خزمێک بدۆزێتەوە، (کوڕە هەولێرییەک) بناسێتەوە. جوامێرێک لەگەڵ خۆی بیباتەوە و خزمەتی بکات، چیتر لە مزگەوت و لەناو دوکان و بارەگا و دیوەخانەکان نەخەوێت. دیسان لە ئاوەکە دەموچاوی دەشوات، لەدوورەوە دووکەڵێک دەبینێت، ئێستاش نازانێت بۆ، لە دەفتەرەکەش باسی نەکردووە بۆ دەپرسێت، ئەو دووکەڵە رەشە باریکە نەرمە چییە، پێی دەڵێن:

ئەو حەمامە، دەستووری ئیرانییە، (خاولی) و لیفکەشت نەبێت، لەوێ هەیە، سابوونی ئیرانی تێدایە!

ئەگەر ئەو بچێتە حەمامەکە، ئەگەر بڕیار بدات لە دەرگا ئاسنەکە بچێتە ژوورە. ئەوە یەکەمجارە پاش دەرچوونی لەماڵەوە، وا باش و دروست خۆی دەشوات، ئاوی گەرم بە (گەڵوگوونی) دەکەوێت، سەر و قژی دەشوات، بە خاولی پشتی وشک دەکاتەوە! رەنگە لەناو هەڵمە چڕەکەش، دەستێک لە کیر و گونیشی بدات، بزانێت ماوە و هەڵدەستێت!

...

هەڵگورد سەیرێکمان بۆ بکە!

ئەو دواکەس دەبێت، دەگاتە ئەوەی ناوی بنووسن، بۆ خولی فێربوونی تۆپی تەیارەشکێن، لەوێ دوو کوڕی گەڕەکی تەیراوە، یەکێک لە

ئامادەیی بەیەکەوە بوون. کوڕێک دەدۆزێتەوە (هێشتا دەستە جلێکی کوردی نەکردبوو، هەر پانتۆڵەکەی هەولێری لەبەردابوو، پێڵاوە قەیتان سوورەکەی شاری لەپێ بوو، دانەمەزرابوو، بە پارەی ئێرانی یارمەتی وەرنەگرتبوو، تا خۆی پۆشتە بکات) ماڵیان لەسەر پردەکەی تەعجیل بووە. ئەوانیش، لەو خێزانانە بوون پاش رۆیشتنی جوولەکە، دەچنە ناو خانووێکی چۆڵ. خەڵکی گەڕەکی تەیراوە و سەیداوەش لەوێ هەر زۆر بوون. لەوێ دڵی دەکرێتەوە، چاوی دەکرێتەوە، دەفتەرەکەشی بەردەوام بۆ نووسین (لەسەر ران بوو) و دەینووسی، لەوێ دەنووسێت:

لێرە فێرمان دەکەن، چۆن تۆپەکان بەکاربهێنین، تۆپەکان چ جۆرە فیشەکێک دەخۆن، چەند دەڕوات، لوولەکەی چەند میلمە، لەکوێ دادەنرێن، چۆن پێگەکەی دادەمەزرێندرێت، چۆن شریتەکەی پڕدەکەیتەوە، بە (چوار هەفتە) فێردەبن چەکەکە چۆن بەکاربهێنن، چۆن لێکیبکەونەوە و پاکی بکەنەوە و چەوری بکەن؟ هەروەها دیسپلینی نێوان خۆیان و ئەرک و فەرمان و خۆبەڕێوەبردنیان فێردەکەن.

کوڕەکەی بەفشە هاتبووە ناو شۆرش، لە دەورەکەی لەپشت گوندی رایات و ئازادی دەکرێت، یەکەم دەبێت. دەستە (جلێکی خاکی نوێ) و دەمانچەیەک و بیست دینار وەردەگرێت.

لەو رۆژانە، چەند برادەرێک پەیدا دەکات، یەکێکیان کوردێکی (فەیلی) دانیشتووی شەقامی کفاحی بەغدا. دووەمیان شارەزووی. یەکێکیان وتبووی من لە شەقامی کاوەی سلێمانی دووکانمان هەیە. خیوەتەکانیان پێ دەپێچنەوە، پێنج پێنج و شەش شەش، بەرەو رەبیەکانی تەیارەشکێنی دەیویست، بەڕێیان دەکەن.

لەبەر ئەوەی ئازاد یەکەمی دەورەکە بوو، سەرپشکی دەکەن، کێندەرێ هەڵبژێرێت: ئەو لەبەر دەفتەر و نووسینەکەی، دەبوایە لە چۆمان نزیک

بێت، بۆیە دەکەوێتە رەبیەکەی بەرامبەر (فرۆشگا)کە. کەشەکە، هاورێییەکانی ساز دەبن، تا ئەو بتوانێت سەفەرەکانی بکات و لە گەرمەی رووداوەکان نزیک بێت!

...

برادەرێک پەیدا دەکات لە گوێر هەڵاتبوو، ژنێک و پیرەدایکێکی لەناو خانووێکی بەلاشاوە (ئەودەمە هێشتا بەلاشاوە، نەببووە گەڕەک) جێهێشتبوو. ئەگەرچی ئازاد یەکەمی خولەکەش بووە، بەڵام نایەوێ ببێتە بەرپرس، ئەو دەفتەرێکی هەیە و بەرپرسیاریەتی ئەوەی پێ دەکرێت و بەس، بۆیە کوڕە گوێرییەکە، دەبێتە بەرپرسی دەستەی تەیارەشکێنەکەیان، تۆپێکی تەیارەشکێن (دوایی دەزانێت چەکەکە کۆنە، ئێستاش کەس، نەزانرا ئەو کۆنە تۆپانە لەکوێ هاتوون، کڕاون، یان خەڵاتکراون، بەر لەوەی لەسەر (سنووری حاجی ئۆمەران)ەوە بۆ ناو کوردستان ئاودیو بکرێن، تاقیکراونەتەوە، یان نا!)، هەشت کەسی خوێندەواری دەرچووی ئامادەیی و زانکۆ و چەند سەندوقە فیشەک، خیوەتێک بۆ هەشت کەسەکە، دوایی خیوەتێکی تریان بۆ دەنێرن، خاکەناس و قازمەش بۆ سەنگەرلێدان و تەختکردنی شوێنی تۆپەکە، دووربین (بەڵام! بەو دووربینە سەیری چ دەکەیت. چۆمان بە شاخ دەوری گیراوە. هەڵگورد بەیانییان زوو، پێیان دەڵێت:

دووربینی ناوێت، من هەموو دونیا، ئەودیو و ئەمودیوم لێوە دیارە، بە جوانی ئاگری بابەگوڕگوڕی ترساو و نائومێد دەبینم. هەولێر دەبینم. کە چۆن ئەنجومەنێکی کارتۆنی سیسی لاوازی بەناوی (ئەنجومەنی تەشریعی و تەنفیزی)ێکی بەپینەوپەڕۆیان تێدا داناوە. زووش، لەکاتی خۆی ئاگام لێ بوو کە قازی موحمەدیان لە چوارچرا لەداردا. کاروانی ئاراسم هەنگاو بە هەنگاو دیبوو. کە فرۆکەکەش لە (گرکەزیری) ژێرمان

کەوت، هەستم کرد شانم کەمێک خورا، چرە دووکەڵی سووتانەکەی هەناسەی گرتم، بەڵام بۆنەکەی ناخۆشیش نەبوو.

هەڵگورد کە ئەوەندە بڵندیت و هەموو شوێنەکان دەبینیت، دەزانیت لەودەمانە چ لە تاران دەگوزەرێت؟ شاهەنشا، لە تارانەوە ئەو هەموو فەردە تومەنەمان بۆ رەوان دەکات؟ هەڵگوردەکەم دەزانیت، شەڕەکان لەکام بەرە گەرمە، پێشڕەوی لەکوێ کراوە. دووربین و رەسەدمان بە هەڵگورد، لۆرییە گەورەکانی شەوانە بەناو چۆماندا دەڕۆن، هەر بەشەویش دەگەڕێنەوە چ دەهێنن و چ دەبەن، پشتمان تێدەکەن، یان پشتیوانیمان دەکەن؟! هەڵگورد سەیرێکی ناو لۆرییە داپۆشراوەکان بکە، کە گوریسەکان دەکەنەوە و چادرەکان هەڵدەدەنەوە، هەناوت سپییە و سەرت روون، بزانە چییان لەناو دڵ و هەناوە، رەشە یان وەک سەری تۆ سپییە) و چەکی دەستی، کلاشینکۆفێک ناویان نابوو چینی، رەش و ژەنگاوی دیار بوو، تەقەیان پێنەکردبوو، دەیانووت گەرم دەکات، جووت دەکات، ژەنگ هەڵدەهێنێت، یاتاخ و جیهازێکی لاسلکی و هەموو کەلوپەلەکانی پێویستی بە ئیمزاکردن هەبوو، وەردەگرن. دەچنە سەر بەرزاییەکانی چۆمان و بەرامبەر هەڵگورد. کە هێڵی کارەباکە بۆ (چاپخانەی خەبات) و ئێستگەکە دەبەن، بەدیار ئەوان تێیدەپەڕێنن، ئەو کرێکار و کارمەندەکەی لەگەڵیان بوو، لەکن ئەوان پشووێک دەدەن و چایەکیش دەخۆنەوە، هەتا دارەکان بەرز دەکەنەوە و تێلەکە دەهێنن جۆرەها قسەش دەکەن! بەو تێلە کارەباییە هەست بە ئاوەدانی و پشتیوانییەکیش دەکەن، یەکێکیان دەیووت:

بڕوا بکە، وادەزانم خیوەتەکەمان گەرمتر بووە، وایەرەکان گەرمی کردینەوە!

...

ئەو چەند وشەیە لە یەک ریزدا دەنووسێت، سێ وشە بۆ گۆڕان و سەفەرێکی نادیار دەنووسێت، وەنەبێ بزانێت، رووداوەکان زۆرن، چەند دەفتەر بەشی ناکات، وەنەبێ باش بزانێت و دەرکی پێ بکات، ئەگەر دەفتەرەکان زۆر بوون، تۆمار و رۆژەڤەکە گەرم بوو، دەفتەری زۆری دەوێت. دەفتەرەکان چۆن هەڵبگرێت و کێ بۆی هەڵدەگرێ، یان ئەو چەند دێرە بەسە، تا بتوانێت لە داهاتوو سێ وشەکە بکاتە، دەمی سێ کلیل. دەبێتە کانی سێ جۆگەلە، دەفتەرەکە دەبێتە بابەتێکی جەماوەری و لەناو پارکی شار و رووبەڕووی قەڵاتەکە نمایش دەکرێت.

دەفتەرەکە، وەک مەمکی کیژە کراس سوورەکە، سوورەکەی بواری نەدەدا، هیچ رەنگی تر، گوڵی تر، خونچەیەکیش لەوێ بکرێتەوە، دەردەکەوت. دیار بوو، دەلەریەوە، درزێکی تێدەکەوت و سەری دەردەهینا. بەڵام دەفتەرەکەی ئەو بە رۆژ دەرنەدەکەوت، هیچی رەش نەدەکرایەوە، هیچی تێدا نەدەنووسی. ببوورە ئەی ئەو ژنەی ئەودەمانە تەمەنت بیست ساڵێک دەبوو، ئێستا پیربوویت و بوویتە داپیرە، کراسە سوورەکەت دوا رەنگی جوانی نازی دەنواند! بزەی تۆ و رەوتی نازت دەبینرا، بەڵام دێر و نووسینی ناو دەفتەرەکە، هیچی دیار نەبوو، تۆ وا سیس بوویت و لەبیردەکرێت، بەڵام وا ئازاد دەفتەرەکەی دەرهێناوە و لەبەر چاوی شارەکە، لەسەر سینگی تەڕی شارەکە نمایشی دەکات!

....

تەقینەوەی کەبابخانەکە

هێشتا بەیانەکە بڵاونەکرابووەوە، وەفدی پارتی لەگەڵ بەغدا هاتوچۆیان بوو، رۆژنامەی (ئەلتەئاخی) دەردەچوو، بەڵام زۆر کادیر و دەستنووس و ئەرشێفیان گواستبووەوە.

لەورۆژانە، کوڕ، لە دوورکەوتنەوەی و دابڕانی دەستگیرانی ترسی هەبوو. باوک لە کوڕەکانی. بازاڕ لە پارە و کاسبی. قوتابخانە لە خوێندن. مەلا لە (مزگەوت). سەربازەکانیش لە مانەوەیان. رەوشەکە رۆژی ترس و بڕیار و نیگەرانی بوو. رۆژی هەڵوێست و جوامیریش بوو.

لەورۆژانە، دوو تەقینەوە لەناو هەولێر دەکرێت و شارەکە سەخڵەت دەکات، دەترسێنێت. تاوانەکە گەورە بوو، یەکەم تەقینەوە و کردەوەی تیرۆریستی بوو لە ناوچەکە، لە کەبخانەکەی مام سەید و گازینۆی باکوور دەکرێن! کردەوەیەکی مەرگەسات بوو! نیشانەیەک بوو، بۆ شێواندنی رەوشەکە، پەیامێک بوو بۆ ترساندنی شارەکە!

پیاوەکەی بۆنی کەباب و بەرائەتی لێ دەهات (مام سەید، هەر چەند لە ناوەکەی پرسیار دەکرێت، دەڵێن هەر پێیان دەووت سەید)، قوفڵە زەردەکەی شەوانە، لەسەر تەنیشت بەدیار قەپەنگی بۆندار بە دووکەڵ و بەز و گۆشت و ماستی مەڕی، سڕ دەبوو، وەک موگناتیس قەپەنگەکەی دەگرت، مام سەید دەوستێت! دەیزانی و دڵی روون بوو، قوفلەکە بۆ کەس ناکرێتەوە! هەتا بەیانییان زوو، مام سەید کلیلەکان لە گیرفانی شەرواڵە رەشەکەی دەرنەهێنێت، قوفڵەکە نەدەکرایەوە.

ئەو بەیانییە، کوڕەکەی نانێرێت نیو کەڵەشە گۆشت بهێنێت، کوڕەکەی بەدیار ئەو وەستابوو، سەبەتێک تەماتە و پیاز و سەوزەی لەسەر سەربوو. ئەو نانێرێتە قەسابخانە و سەبەتەکەی سەری دادەگرێت، دەست بۆ کلیلەکانی دەبات! بەیانییەکە زوو بوو، هێشتا رووناک نەبووەوە، لەگەڵ کردنەوەی قوفڵەکان و بەرزکردنەوەی قەپەنگەکە،

دووکانەکە، شەقامەکە، جامخانەکان، (شەوەکە دەتەقێتەوە)، زرمەیەکی گەورە و دووکەڵێکی رەش و دەنگێکی ترسناک، هەرگیز دەنگی وا و تەقینەوەی لەو شێوەیە، لەو شارە، لەو ناوچەیە، لە هەموو عیراقیش نەکرابوو. ئەگەر بازاڕ، کەوانە و دەرگا و دیواری دووکانەکانی ناو قەیسەری پشتیان، شانیان، روویان قەڵات و بەدەن و جەستە گەورەکەی نەبوایە، هەموویان بەو تەقینەوەیە دادەڕمان. ئەگەر رۆژ بوایە، نیوەڕۆ بوایە، لەو مەیدانە، لەو بەردەم کەباب و تورشیات و ساردەمەنی و دۆمینەی چایەخانەکان، مەرگەساتێکی گەورە، قەسابخانەیەکی خوێناوی لەو شارە دەقەوما!

بەو تەقینەوەیە، لاشەی کوڕ و باوکە کەبابچییەکە، جەرگ و دڵ و قاچ و دەستیان دەبێتە کەباب! دەبێتە مشتێک خوێن و گۆشتی وردکراو.

شارەکە خەوتبوو، بەڵام بەو تەقینەوەیە، بە کوشتنی کوڕ و باوکە کەبابچییەکە نیگەران دەبێت. کەبابخانەکە دەتەقێتەوە، ناو بازار و قەیسەری و ناو گەرەجەکان و مزگەوتەکان و گەڕەکەکان، زوو هەواڵەکە دەزانن. تەمێکی سوور، وەک خوێنی رژاوی کەبابچییەکە، کوڕەکەی شارەکە دادەپۆشێت و زەنگێکی ترسناک لێدەدات، کارەساتەکە گەورە بوو. هەتا ئەو ساڵانەش، لەو نزیکانە، یەکێک لە کوڕەکانی مام سەید، (سەید شێرۆ) بە چاکێتێکی پینەکراوی دانەخراوی پیس، بە نەعلێکی دڕاوی لاستیکی گەورە، دەموچاو پفدراوی دەمولێو بەلیکاو، بەڵام رووێکی شیرینی بەستەزمانانەی بێگەرد! لەناو بازاڕ و لە شوێنی پارچەپارچەبوونی باوکی و براکەی پرسیار دەکات، بۆ باوکم و برام و دووکانەکەمان تەقێنرایەوە، سەرگەردان دەپرسێت! هەموو دەیناسن، خەیاتەکەیان، چایەچییەکان، پەنیرفرۆش و شانەی هەنگوێن و جلی کوردی و پوولەکەی ژنانەش دەیناسن. دووکاندارەکان، زوو بە کڕیارەکانی پارەی بۆ دەژمێرێن، دڵیان، بە رەنگ و کالا و نرخەکەی خۆشە، دەڵێن:

ئەو گەنجە جوانە، سەیری چاوە گەورەکەی بکەن، باوکی و براکەی لە تەقینەوەی رۆژی پێش یازدە ئازاری ساڵی حەفتا  و چوار مردن، پارچە پارچەبوون. لەو رۆژەوە ئەو کوڕە سەرگەردانە. چەند زەمان و رۆژگار هات و رۆیشت، ئەو کوڕە هەواڵ و پرسی باوک و براکەی، لەو شارە، بە شان و دڵ و زمان و هەناسەیەوە دەگێڕێت و دەپرسێت! کەس وەڵامی نەدایەوە، زۆر پرسیاری کرد، چەند زەمان و موتەسرەف و سوپا و دەسەڵات گۆڕا، شێرۆی بەستەزمان، بەیەک دەستەجلی شڕەوە، سەرما و گەرمای نەدەپرسی، دەڕۆیشت و خشەی دەهات و دەیپرسی، بۆ باوکم و براکەی منیان کردە قیمە. کەس وەڵامی نەدایەوە و هیلاک بوو، ماندوو بوو، بۆیە دەنگی دەنووسێت و چیتر دەرناکەوێت، دەیەوێ لە دونیاکەی تر، لەوان بپرسێت، بابە، کاکە ئێوە چیتان کردبوو، بۆ لەو شارە بوونە یەکەم قوربانی (تیرۆر) و تەقینەوە؟

...

تەقینەوەکەی هەولێر، لەناو دەفتەرەکەی ئازاد نەبوو، چونکە هێشتا بڕیاری نووسینەوەی نەدابوو. نەیدەزانی دەچێتە ناو شۆرش، لە چۆمان، دەبێتە قەڵەمی نووسینەوەی سەربردەی خەڵک و ئاگر و بۆردومانەکان. لاپەڕەکانی دەفتەرەکەی ئەو بیرەوەری ساڵێکی تێدایە، گەورە نییە، رۆژانەش نەنووسراوە، دیمانەی کەمی تێدایە، سەرچاوەی کەمە، بەڵام باخەڵێکی گەرم و دڵسۆز هەڵیگرتبوو، دەستی جوان نووسیبوی. دەفتەرەکە لە چەند شوێن، لەبەر هەتاو، لەناو ئەشکەوت، (لە چۆمان)، لەبەر دەرگا و جامخانەکەی فرۆشگاکەی بەر لەوەی رۆژەکە، نیوەڕۆکەی مێکێک، فڕۆکەیەکی زۆر تووڕە، دێت وەک باشوکە، وەک هەڵۆیەک ساروخێک، یان زۆرتری لێ دەدات، لەناو ئەو رووداوانە نووسرابوو.

...

شەوی یەکەم

ئەو، بەو شەوە دەڕوات و دەگاتە بیستانە و دێدەوان، دەڕوات ماندوو دەبێت و مەستییەکە بەریدەدات و دەپرسێت:

زۆرمان ماوە، کەی ڕێگا و زوورگ و کاروانەکە تەواو دەبێت**!؟**

برسی نابێت و نان ناخوات، دەڵێت:

کە گەڕامەوە ماڵەوە، لەوێ بەیەکجاری نانێک دەخۆم.

دەڕوات و زۆریش دەڕوات و ناگەڕێتەوە و دەنووسێت:

بەڵام**!** بەداخەوە ئەوەی نەنووسیوە، چۆن گەنجێک فەردەیەکی سووک**!** بەڵام گەورە، فەردەیەکی گەورە بەڵام هەرزان، فەردەیەک پیت و دێڕ و وێنە، فەردەیەک ڕۆژنامەی ئەلتەئاخی و برایەتی و گۆڤارەکان لە (سێتاقان)ەوە هەڵدەگرێت، دەچێتە هەر گوندێک، بەسەر هەر هەورازێک دەکەوێت، فەردەکە پێش خۆی سەردەخات**!** باران دەبارێت، شان و سەروملی تەڕ دەبێت، بەڵام کوڕەکە، قوتابی (شەشی ئامادەیی) بوو فەردەکە تەڕ ناکات. خۆی لە ترسی دوژمن، لەداخی تەقینەوەی کەبابخانەکە، گازینوەکەی هەموو گەنجەکانی شارەکە، ئەوانەی لەکاتی پشوودان لە زانکۆی بەغدا و سولێمانی لەوێ کۆدەبونەوە، دەڕوات دەیەوێ ئەرشیفێک دەرباز بکات**!** (ئەوەی نەنووسیبوو، سەربردەی کوڕەکە لە دەفتەرەکەی ئەودا نەبوو، بەڵام دوایی لە ڕۆژی نمایشەکە، نمایشی ناو پارکی شار و لەبەردەم خەڵکەکە. پیاوێکی نەرم، دەستێکی گەرم، چاویلکەیەکی شووشە خاوێن، مامۆستایەکی زانکۆ. بەڵام زۆر ماندوو، کتێب و خوێندن و ژیان ماندووی کردبوو. لەبەردەم سکرین و خەڵکەکە شانی نیشان دەدات و دەڵێت:

چۆن بەو شانە، من یەک (تەلیس)، کۆنە ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی قوتابییانم، لە ناو ژووره قووڕەکەمان، لەناو سەندوقی داپیرم هەڵگرت، لەگەڵ خۆم بۆ ناو شۆرشم برد، هەتا ماندوو بووم هەڵمگرت، هەتا جێگەم هەبوو دامنا، هەتا پێویست بوو ریزم لێنا! بەڵام هاتووم بپرسم، ئێوە نازانن ئەو فەردە ڕۆژنامە و گۆڤارانە چییان لێ هات، من بۆچی لەپشتم کردبوو! تۆ کاکی ملپێچ سووره دڵتەڕەکە، کەست نەبینی، بۆیان نەگێڕایتەوە تەلیسێکیان دۆزیبێتەوە، کەس ئیشی پێ نەبووبێت:

بەس ئاو بۆ تەڕبوون. زیندەوەر بۆ هەڵوەرین. گەرما بۆ زەردبوون. سەرمان بۆ هەڵپاچین. ئاگریش بۆ سوتاندن نەبێت. کاکی کۆڕگێڕ کەست نەبینی، سەربردەی ئەو تەلیسەی من بزانێت!؟).

...

تۆپە چواردە ملیم و نیوەکە

لەسەر (دۆشکە)کەی سەر چۆمان، لەسەر کورسییە ئاسنەکەی، کەمێک لە کوشنی پاسکیل پانتر و قووڵتر بوو، دەبێتە تەیارەشکێن. لەوێ قبووڵ ناکات فڕۆکەکان ناوچەکە، گوندی وەردێ، بەرزاییەکەی ئێستگەکەی تێدا دانرابوو بوردومان بکەن. تەقە دەکات هەتا لولە ژەنگاوییەکە چروک و جووت دەکات. تەقە لە باڵ و بەرسینگ و دڵی رەقی ئەفسەره فڕۆکەوانەکە دەکات!

لەوێ زۆرتر بواری دەبێت سەربردەکان بنووسێتەوە، باسی خۆی و هاوڕێیەکانی بکات، قسە لەگەڵ تۆپە ژەنگاوییەکە بکات، لێی بپرسێت:

لەکوێ هاتوویت، کێ تۆی ناردووە، نازانم بۆ زۆر جووت دەکەیت، قەوانت لەناو دەمینێتەوە! دەزانی تەمەنت چەندە و چەند شەڕی گەورەت دیوە، لە مەشجەبی کام سوپا و وڵات شاردرابوویتەوە، لەکام (لۆری) بارکراویت، چۆن گەیشتیە چۆمان!؟

ئەگەر ئەفسەرە فڕۆکەوانەکانی ئەو رۆژانەی چۆمان و مامەرووتە و گەڵاڵەیان بوردومان دەکرد، ئەگەر هەور و باران نەبوایە هەموو رۆژێک و (بێ پسانەوە) دەهاتن، رۆژانەی خۆیان نووسیبووتەوە، بێگومان نووسیویانە:

ترسی زۆرمان لەو دۆشکە چواردە و نیو ملیمەکەی، سەر بەرزایی رووتەکەی چۆمان هەبوو. ئەوان، پێشمەرگەکانی خۆیان نەدەشاردەوە. دیارە تۆپەکانیان ژەنگاوی، فیشەکەکانیان کۆن بوو، ئەگینا نیشانەیان بەسام و ئاگریان گەرم و راست بوو. رۆژێ نەبوو، کاروانێ نەبوو، ئامادە نەبن، رووبەڕوومان نەبنەوە. بەڵام بەخێرایی ئێمە، سستی ئەوان، ئێمە زەبری خۆمان دەوەشاند، بۆردمانی خۆمان دەکرد و سەلامەت و ساڵدانە ساڵدانە دەگەڕاینەوە! زووش دەهاتینەوە، دەگەڕاینەوە، رۆژ هەبوو، زۆرتر لە دوو کاروان و بۆردمانم دەکرد! یەکێک لە سەرتیز، یەکێک لە سەر شیشار و دۆڵی گوڵان. دەچووینە (بادینان)، شاربازێر و بەمۆشمان بوردومان دەکرد.

هەڕەشەمان دەکرد و دەمانووت:

دەردیان لە گیانمان، رۆژێک هەموویان، ئەوانەی لەناو خیوەتەکە دەمینێنەوە. ساپیتەیەک نایانپارێزێت، ئەوانەی تێر نانیش نەکراون، ئەوانەی هەموویان قوتابی شارەکانن، ساروخێک بیانگرێتەوە. خۆیان و دۆشکە و تۆپ و فیشەک و تفەنگ و دەفتەرە شیعرەکانیان، شانە و کتێبەکانیان، مەنجەڵ و جلیکان و مەسینە و یاتاخە نەرم و تەنک و

قەمسەلە ئیرانییەکانیان. خۆیان، خەون و حزبایەتی و ئابونە و وێنەکەی مەلا مەستەفا و گۆڤاری کادیر دەسوتێنین! هەور ئێمەی دەگێڕایەوە، لەبەر هەور بوو، ئەگەرنا دەمانزانی ئەوان بۆ ئێمە نەوی بوون، ئێمەش بۆ ئەوان بڵند و زۆریش بڵند بووین!

...

زوو دەگەڕێینەوە

ئەو بەشەلەشل و دوودڵ و سەرسام، بە یەک مانگ، خەڵکی تر بە یەک رۆژ دەگەنە چۆمان. پێش ئەوەی بگاتە چۆمان، ماوەماوە خۆی دەخافلێنێت، دەڵێت، با دوور نەڕۆم، ئەگەر شەڕەکە وەستا و حکومەت شکا، لە بەندەکانی ئۆتۆنۆمییەکە پەشیمان بووەوە، من زووتر دەگەڕێمەوە! ئەو گوێی لێبوو، هەندێک وتبوویان:

زوو دەگەڕێینەوە تاخمی ریشتاشینمان نەهێناوە. پێویست ناکات و زوو دەگەڕێینەوە.

هەبوو ماڵئاوایی نەکردبوو، وتبووی هەر هەفتەیەکە و دەگەڕێنەوە. بەڵام دوای پاش بیست ساڵ و زۆرتریش نەگەڕایەوە. چووبوو لەو گوندانە بمینێتەوە و (زوو بگەڕێتەوە)، بەڵام نەک شار، دەوڵەت، نەک دەوڵەت کیشوەریش دەبڕێت، دەریاش دەبڕیت، بە پاپۆڕ و بە لۆری و بە فڕۆکە دوور دوور و چەند مانگ و ساڵیش دەڕوات، بە بڕوانامەی دکتۆرا لە مەکسیک دەگەڕێتەوە! هەبوو لەگەڵ یەکەم هەرێ هات، چووە ناو ئیران و ئێستاش کەس نەیدۆزیەوە. بەڵام زۆریان پاش راپەڕین و دواتر زۆریان گەڕانەوە، زۆریش لەو خەڵکە:

گەنجێک، پاڵەوانی رم و قورس و تۆپەڵەئاسنی هەولێر و هەموو عیراقیش بوو، وتی:

ئێمە دوو کەس بووین. بەیەکەوە بە شەوێک. بە دوو کەس، بەتاریکیش، یەک لۆری لوغمی دەبابەمان چاند. من، بە دوو سێ دەمی کورتە خاکەناسێک، چاڵێکم هەڵکەند. سەدان چاڵم ریز کرد، وەک ئەوەی ناوکە پاقلەیەک بڕوێنم، وەک ئەوەی (سمۆرە) بم و گوێزێک بشارمەوە، لوغمەکانم دەچەقاند و ... سەرە رێگاکان، بوارە باریکەکان، بەردەمی پردۆکەکان، ناو بەردەڵانەکانمان، بە بارود و ئاسن و لوغم و ترس، بۆ لەناوبردن و تەقاندنەوەی دەبابە و تانک و پێ و زنجیر و تایە و (سم)ەکان چاند!

پیاوە باسک کاریتەکە، سەربردەی شەوانی لوغم چاندنەکەی بۆ پیاوەکەی (بەفشە بەگەڵ شۆرش کەوتبوو)، دەگێڕایەوە. بەیەکەوە لەسەر مێزێکی شڕی چایەخانەکەی سەر ئاوەکە، دانیشتبوون. سەرەتا زۆر باسی ئەو مامۆستایەی لە پۆلی سێ ناوەندی (جەبر)ی پێ دەوتن، دەکەن.

باسی ئەوە دەکەن چۆن! کوڕە لاوازە چاویلەکە لە چاوەکەی، دایکوباوکی دکتۆر بوون، هاوکێشەکانی جەبر و کیمیای شیتەل و راڤە دەکرد، دەمانووت:

بۆیە لە ئێمە، لە هەمووما زیرەکترە، چونکە دایکوباوکی دکتۆرن و خۆشی (چاویلکە)ی لە چاوە!

ئەو قسانەیان، لەدیار مێزە تەنکە بازنەییە تەنکەکەی بەردەمیان دەکرد. کە بەس، تاقەتی هەڵگرتن و راگرتنی دوو پیاڵەی چای هەبوو. بابەتی ئەوان لەگەڵ هەموو خەڵکەکەی چای گەرمیان دەخواردەوە جیاواز بوو، ئەوان دەیانووت:

کاکە چاکەمان شەکری کەمە!

کابرایە رەقەڵە ریش ماشوبرنجەکەی، دوو هەفتە دەبوو، ریشی مووسی پێ نەکەوتبوو. (کورتک)ەکەی بەری، رەنگ شینە هێڵدارە باریکەکە، لەبەر پیرۆزی سینگ و شاردنەوەی ورگی، یەک قۆچپەی پێوە بوو. ئاوڕی لێ نەدەدانەوە، بیر و رووی لەسەر پیاڵەکان بوو، یەک یەک شەکری تێدەکرد، لە وەڵامدا دەیووت:

کاکە، شەکرەکەی کەم نییە، (شەکری ئیرانی) شیرین نییە! چایان رەش نییە، چ بکەم!

قسەکانی خەڵکەکە لەگەڵ ئەو دوو کەسە جیاواز بوو. هەولێر گەورە بوو، ئەوان باسی بکەن. ئازاد لە پاڵەوانەکەی هەولێر دەپرسێت:

غەدار، بەو رم و ئاسن و پاڵەوانیەتییە زۆر دونیا گەڕاویت!؟

کوڕەکەی دەستی بەقەد رووی تەپڵە چاکەی بەرامبەریان گەورە بوو. نەیویست ناوی وڵاتەکانی بۆ بژمێرێت، لەناو گیرفانی قەمسەلە تەنکەکەی بەری پاکێتێک دەردەهێنێت، (فەرمووی جگەرەیەکی) لێ دەکات. ئەویش سەری بۆ رادەوەشێنێت، وەک ئەوەی پێی بڵێت، ناکێشم. ئینجا دەڵێت:

ـزۆر گەڕاوم، جیهان و مرۆڤ سەیرە، بزانە من لەکوێ هاتمە کوێ! سەیرە!

...

لەدیار مێزە تەنکەکەی لەسەر پردەکەی چۆمان. لەگەڵ رەتبوونی هەر جێبک دەلەریەوە، قسەکانیان دەکەن. ئەوان دەگەڕێنەوە سەر لوغمەکان، باسی چاندن و کێش و رەنگ و زەبری لوغمەکان دەکەن. ئینجا کوڕەکە شەوانەی لوغمەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، ئەویش دەفتەرەکەی لەسەر رانی

دانابوو، ورد ورد وشەکانی ریز دەکرد. باش گەیشتبووە ئەو راستییەی شەڕەکە و نەبەردییەکان، زۆر دەبن، ئەگەر رۆژانەکان و بیرەوەرییەکان وردتر و چڕتر نەنووسێتەوە، دەفتەرەکە بەشی ناکات. کوڕەکەی ناردبوویان شەوانە یەک لۆری لوغمی دەبابە دابنێتەوە بۆی دەگێڕایەوە:

من بەتەنها دەتوانم سوپایەک رابگرم، هێرشێک بگێڕمەوە، چونکە من دەرمانی تەقاندنەوە و بڕینەوەی دەبابەکان دەچێنم، بەیەک شەو یەک لۆری لوغمم چاندووە. لوغمەکان، لوغمی دەبابە بەقوورسایی زۆرتر لە سەد و پەنجا کیلۆگرام بوون، کە دەتەقنەوە. من پیاوی کوشتنی سەربازی (موکلەف و ئیحتیات) نیم. سەربازە سووک و پەڕەسێلکەکان ناکوژم، من دژایەتی ئاسنی گەورە دەکەم، ئەوان دەتاوێنمەوە. ئاگری ئەوان ترسناکە، میللەت و شار و بەرەکان بە چەکی سووک ناگیرێت، بە چەکی قوورس دەگیرێت. ئەگەر دەبابە لەسەر کوڕەک نەدەهاتە خوارەوە، هەرگیز ئەو ناوچە فراوانە نەدەگیرا، بەڕووی پیشەسازی دادەچمەوە، من ئابڕووی پیشەسازی سۆڤیەت دەبەم، رێگای لێ دەپێچمەوە.

شەوێکیان بە دوو کەس، بێ نان و ئاو، بێ نەخشە و (پێناو)، بەترس و دڵەڕاوکێ، یەک لۆرییە لوغمم چاندووە، دووبارە ئاسنم بردەوە ناو خاک و کانەکان!

دەبابە و فڕۆکە ترسناکن. کەی شۆرش، لوغمی ئاسمان پەیدا دەکات، با من بنێرێت. شەوانە چاوی ئەستێرەکان دەبەستمەوە، لوغم بۆ باجەرە گەورەکان دادەنێمەوە. لوغم بۆ فڕۆکەی خێرا و ئاگرەکانی مێک و سۆخۆی دەچێنم، لە ئاسمانەوە دەیانسوتێنم، من بنێرن باڵی مەلائیکەتێکیان بۆ دەبەستم، سینگم وەک هەور سپییە. (ئازاد، پێلووی چاوەکانی لەسەریەک دانابوو، بیری دەکردەوە).

...

عەسرێکی درەنگ بوو، پاڵەوانەکەی هەموو عیراق، لەگەڵ ئازاد بەڕێکەوت لەدیار مەکینەی بەرگدوورێک، لەپشت دەرگا بەنایلۆنی دووکانەکە یەکتری دەبیین. هەردووکیان بیریان لەوە نەدەکردەوە لەو شوێنە و لەو کاروانە یەکتری ببینن:

ئازاد کەی هاتی؟! (پاڵەوانەکە، پاش ئەوەی دەیبنێت، پێیدەڵێت وەرە بچینە چایەخانەکەی سەر پردەکە، لەوێ دەپرسێت).

لەگەڵ عامێ هاتم! کەی ئەو خەڵکەکە گەڕایەوە منیش دەگەڕێمەوە. ئازاد دەپرسێت:

_ئەدی تۆ کەی هاتی، ئاسن و مەشق و وێنەکانی سینگ و قۆڵەکانت چ لێ کرد؟

_چاک بوو من هاتم! شەوانە یەک لۆری لوغم دەچێنم!

ئازاد وتی:

_یەک لۆری، لوغمی چ؟

پیاوە پاڵەوانەکە دەڵێت:

_لوغمی دەبابە.

ئازاد بەسەرسامییەوە، شانازیشە ئەو پیاوەی کوڕی گەڕەکی خۆیان، شەوانە یەک لۆری لوغم دادەنێتەوە، پێی دەڵێت:

_لەکوێ؟

پیاوەکە دەڵێت:

_ئەو ماوەیە لە دەشتی دیانا، لەنێوان ڕێگاکانی حکومەت لەو ناوچەیە دروستیکردون. لەوێ خۆمان دەخزێنینە ناویان و لوغمەکان دادەنێمەوە.

ئازاد دەڵێت:

_لوغمەکان دەتەقنەوە؟

بەیانی، کە هەتاو دێتەدەرێ، ئەو لەنێوان دوو بەردی بێدەنگ، لەگەڵ قەدی (داربەڕوویێکی پیر)، دەبێتە دار و بەرد. لەدوورەوە بە نیگایەکی بەگومانەوە، وەک ئەوەی قسە لەگەڵ لوغمەکان بکات، وەک ئەوەی بانگی دەبابەیەک، زیلێکی سەربازی بکات، بەرەو یەکتریان دەبات، لەیەکتریان نزیک دەکاتەوە، سەیری فیلمەکە دەکات، دەبینیت، چۆن لوغمەکە، یەک تەنی گەورەی دروستکراوی سۆڤیەتی، یەک لۆری پڕ لە تەقەمەنی، دەباتە ئاسمان، سووک سووک دەفڕێنێت.

ئازاد لە کۆنە هاوسێیەکەیان دەپرسێت:

_چۆن تۆیان دۆزیەوە! کێ...!

_من خۆم چوومە لیژنەی دابینکردن، لەوێ منیان ناردە دەورەی مین چاندن!

کوڕەکە لەگەڵ قسەکردن و جوولەی سەر کورسییەکە، ماسولکەکانی دەجولاند، نەرم نەرم وەک ماسییەک، بۆنی رووباری پێوە بێت دەجولا، پێی دەڵێت:

_ئەدی تۆ، چۆن گەیشتیتە سەر دۆشکە و تەیارەشکێن!؟

_زۆر خۆشە، ئەگەر بێت من تەیارەیەک بخەمە خوارەوە!

_بەو تۆپانەی ئێوە تەیارە ناکەوێت!

_ئەدی بە مینەکانی ئێوە، شەوانە یەک لۆری دەچەقێنن، دەبابە و زیل دەشکێنن!؟

(هەردووکیان بیر لەوە دەکەنەوە، ئایا چەکەکانیان ئەو شەڕە دژوارە دەباتەوە، وا ئەوان ئامادەن، بەڵام چەکەکان، سازن، بەکارن!؟).

ڕۆژەکە هەور بوو، ڕۆژی پێشتریش باران زۆر باریبوو، هەردووکیان کاریان نەبوو، (ڕۆژی هەور) فڕۆکەکە نەدەهات، ڕۆژی پاش بارانیش، نەدەکرا زیلێک بە بارێک لوغمەوە بۆ (لوغم چاندن) دەربچێت، بۆیە بەیەکەوە، زۆر سەربردەی کۆڵان و مەکتەب و شارەکە دەگێڕنەوە. گوێیان لێ ببوو، شەکرەکەی ئیران شیرین نییە، بۆیە بۆ خواردنەوە و گەرمبوونە داوای چای دووەم ناکەن!

بەشی پێنجەم

تفەنگەکەم فرۆشت

ئازاد، پاش ئەوەی سەردانی (ئەو دوو ژوورەی، تێدا شوفرەی حکومەتیان وەردەگرت، دەیانخوێندنەوە و ڕەوانەی بارەگای بارزانییان دەکرد)، تەواو دەبێت. دەزانێت لە سنووری ئەو گوندە، (نهێنی)یەکی تریش هەیە، ئەو

شوێنەی نهێنییەکی تێدا بێت، ئاساییە یەکێکی تریشی تێدا بێت. نهێنی زۆرە و زۆریش دەزانن بیاندۆزنەوە، نهێنییەکان بەوە جوان و باڵکێشن، کە شاراوەن و دوایی ئاشکرا دەبن، یان دەزانن و ئاشکرا نابن!

لەوێ لەنزیک گوندەکە، گۆمە فێڵاوییەکە دەبینێت. سەربردەی خنکاندنی شوانەکە دەیهەژێنێت! ئەو شوانە بەستەزمانە، چۆن لەو گۆمە ون بووە! چۆن تەرمەکەی نەدۆزرایەوە!؟

کەی ئەوە قەوماوە، پیرەژنەکانی ئەو قسە دەگێڕنەوە، پیاوەکانی بەدڵنیاییەوە سەربردەکە بەخەمەوە دەگێڕنەوە. ئەوانیش، نازانن کەی ئەوە روویداوە، کوڕی و خزمی کێ بووە ئەو کوڕەی، لەو گۆمەدا خنکاوە. راستە دەڵێن رانکی بەری شوانەکە، جلە مەرەزەکەی بەری، لەناو ئاوەکەی رانیە. گۆمەکەی لەناو شارەکە هەڵدەقوڵێت دەرچووە. بۆیەش شاخی (کێوەرەش)، فەرمانێکی توندی رەش دەردەکات و جەخت لەوە دەکاتەوە، کە دەبێ ئەو ئاوەدانییە ناوی ببێتە رانیە!

کێوەکە زانیویەتی ئاوێک، گۆمێک فێڵی لەو کوڕە کردووە، بۆیە بە رەشەبا و زریان و سێبەرەکەی هەڕەشە لە خەڵکەکە دەکات. ناوی ئاوەدانییەکەیان بکەنە رانیە! دواییش چەخماخەی یەکەمی راپەڕینێکی مەزن، لەوێ سەرهەڵدەدات. پیرۆزی رۆژەکە، گەورەیی سەرهەڵدانەکە ناوی راپەڕینی پێوە دەلکێنێت.

کوڕەکەی بەفشە و سەرخۆشانە و بێ پرسکردن بە دایکی، دەچێتە ناو شۆرش. لەوێش دەفتەرێکی بچووک لەبەر باخەڵی دەنێت. ئەو هەر بۆ خۆی، نەک بۆ ئێستگەکەی زۆر لەو نزیک بوو. نەک بۆ ئەمانەتی رۆشنبیری. کە چەند کیلۆمەترێک دوور، لەناو کۆزە ئەسپیندارەکانی رایات و بابەکراوە. لەناو چەند خانووی قووڕ و چادری نەوی توند بەستراوی ترساو لە زریان و سەرما، دامەزرابوو. نووسینەکانی بۆ

ئەوانیش نەبوو، ئەوان پێویستیان بە دەفتەری پیاوێک نەبوو، بە فشە بەگەڵ شۆرش کەوتبێت. خۆیان هەموو (قەڵەم و دیوانە شیعر و کۆنە سیاسی و چیرۆکنووس و شانۆکار و رەخنەگر و زمانزان)ی کوردییان، لەگەڵدا بوو. هەموویان نیوەی موچەی بەر لە دەرچوونیان وەردەگرت. مێز و کورسی و سۆبا و بەرمیلە نەوت و بەتانی و چاپ و چەند رادیۆ و تەسجیلیان بۆ دانابوون. تا هەواڵەکان، رووداوەکان، شرۆڤەکان، بە هەموو زمانەکان بنووسنەوە.

هەواڵەکان، بەر لەوەی چاپ بکەن. دوو چاوی گەش سەیری دەکردن، چاوی وردی (کەمال مەزهەر) و چاوی تیژی (دارا تۆفیق). بەر لەوەی رۆژانە چاپیان بکەن، ئەو دوو مامۆستایە، ورد سەیری هەواڵە گرینگ و باڵکێشەکانیان دەکرد. ئەو نووسینەکانی بۆ ئاگادارکردنەوەی مەکتەبی سیاسییش نەبوو!

...

ئەو بۆ خۆی دەبێتە تۆماری رووداوەکان، دیمانە دەکات، ئەوەندەی لەسەر تەیارەشکێنەکە دەبێت، ئەوی تر:

لەناو بازاڕە درێژەکەی چۆمان. ئاوەدانییەکەی ناوپردان. نەخۆشخانەکەی دۆڵەکەی بەر گوندی کەوەرتێ. لەودەمانەی ئەرزاق بەسەر ماڵە ئاوارەکان دابەشدەکرێت. لەبن دارە گەورەکەی سەر رووبارەکە و تەنیشت پردەکەی ناوپردانی بەناوکراوە، نامە و داوا و (سکالای خەڵک)ەکەیان وەردەگرت. رەوانەی بارەگای بارزانی دەکران! ئەو لەوێش بوو، لەوێ بوو بۆ نووسینەوە و سەیرکردنی:

ئاکار و شانوپیل و جلوبەرگ و پێ و پێڵاو و تفەنگ و خەریتە و گولینگی جەمەدانی داواکار و چاوەڕوانەکان!

لەوێ بوو، تا بە دەستی بەقەڵەمی ئارەقەیان بسڕێتەوە. ورگیان تێر بکات و دڵیان بە پەیڤ بداتەوە. بەڕاستی پێویستان بە پشوودان، نان و دڵێکی نیان هەبوو. ئەوانەی لەوێ، لەبن دارە گەورەکەی، هاژەی ئاوەکە نەیدەهێشێت وەک (پێشمەرگە پشووێک) بدات، چاوەڕوان بوون!

لەو رۆژەی فڕۆکە باجەرەکە، وەک فیلێکی ئاسمان، ئاسمان فیلی گەورەشی تێدایە. لەپشت گوندی ئێنێ و پشت شاخی بەڕاستی، ئێوارەکەی دەکەوێتە ناو بەفر. بەسووتاوی، بەپارچە پارچەکراوەی، دەکەوێتە بن دەستی خەڵکی ناوچەکە. فڕۆکەکە دەکەوێت، بەو فڕۆکەیە (هەموو ئاراستەکان دەگۆڕێت). ئەویش دەچێتە دیار فڕۆکە سووتاوەکە.

هەر ئەو نەچووبوو، هەر ئەو بەو شەوە، بەو سەرمایە، بەناو بەفرەکە نەچووبوو، هەموو:

خەڵک و پێشمەرگە و نووسەران و هونەرمەندان و نەخۆشەکانی تاقەتی رۆیشتنیان هەبوو. لە دیوەخانەکەی وەرتێ. لە دۆڵی شەهیدان و بناری قەندیلیش هاتبوون ئەو فڕۆکەیە ببینن. بزانن کە فڕۆکە دەکەوێت چۆنە! چونکە هەموویان فڕۆکەیان دیبوو کە بۆردومانی دەکرد، کە ناپاڵمی لە رووسیاوە دەهێنا و ئەو شاخانەی پێ بوردومان دەکرد چۆنە؟! لە ئاسمانەوە، ناسیار و هاوڕێ (نەگەتیڤ) بوون. بەڵام نەیاندیبوو، چۆن دەکەوێت، هەندێک دەزانن و دیبوویان! بەڵام زۆربەی زۆری خەڵکەکە نەیاندیبوو!

ئازاد رووداوەکان دەبینێت، دەپرسێت، رامان دەکات، ورد دەبێتەوە، هەڵوەستە دەکات. هەموو ئەو دیمەن و رۆژەڤانە بە چەند سەردێرێک دەنووسێتەوە!

## رۆژی یەکەمی مۆڵەتەکەی

رۆژێکیان ئەو دەچێتە ناو زیندانەکەی چۆمان، سەیری ئاکار و رۆژانەی ئەفسەرەکەی فڕۆکەی لەناو زۆزک کەوتبووە خوارەوە ببینێت. ئەوەی بەدیلی و بەسەلامەتی کەوتبووە ناو سنووری لقێکی بەتالیۆنی سێی زۆزک. ناو گەنجەکانی لە سەربازی هەڵاتبوون. هەموویان، لەوێ لەسەر شێوەی تەجنید کردبووە پێشمەرگە. هەموو ئامیرە بەتالیۆنەکانیان ئەفسەر بوون، نازناوی مولازمیان پێوە بوو. هەموو سەرلقەکانیان مولازمی پلە دوو بوون. کە لەناو سوپای عیراق بوون، یەک (نەجمە) لەسەر شانیان دەبریسکایەوە. لەوێ لەناو زیندانەکەی چۆمان. ئەفسەرەکە، (مولازم شەلال سەفا) دەبینێت و پێی دەڵێت:

_لە ماڵەوەتان دەزانن تۆ لە ژیاندا ماویت، کە لەو فڕۆکەیە دەکەویتە خوارەوە دەربازت بووە!؟

ئەویش، هەر جلە سەربازییەکەی لەبەردا بوو، بەڵام خاوێن و رووشیرین، پاکێتە جگەرەکەی، شخاتەکەی (سێ ئەستێرەی سوورەکە، یان ئەمین)ی پێوە بوو، گیرفانی بەرزکردبووەوە. دەڵێت:

_(باشە من بە چ ناوێک قسەت بۆ بکەم. ئەویش دەڵێت، وەک دوو برادەر) بەڵێ دەزانن! تا دڵنیابێت، ئەو راستییەکان دەنووسێتەوە بۆیە دەپرسێت:

_بە چ دەزانی، ئەوان دەزانن، تۆ ماویت!؟

مولازم شەلال تازە ریشی تاشیبوو. روومەتە سوورەکەی دەبریسکایەوە. دەنگ گەرم و (ملدرێژ). ئەفسەرەکان لەبەر ئەوەی زۆریان کوڕانی سەرۆک عەشیرەت و شێخە دەوڵەمەندەکان بوون، هەموو باش

بەخێوکرابوون، خرپن و جوان و باڵابەرزیش بوون. ئەویش بەهەیبەت دیار بوو. دەڵێت:

_دایکم (ئیمساڵ من پارەم بۆ دابینکردبوو، چوو بووە حەج) خەونی دیبوو.

_هەر بەو خەونە ئەوان دەزانن، تۆ لەناو ئەو ئاگرەی ئێوە داتانگیرساندبوو سەلامەتی!؟ (لە دوا رستەکە پەشیمان دەبێتەوە، ئەو دیل و گیراوە، بەڵام داوای لێبووردنی لێ ناکات، چونکە ئەو منداڵە کورەچییە و منداڵە کورەچییەکان لە گچکەییەوە سەرکەش و بزێو و سەرگەرم بوون).

مولازم شەلالی فڕۆکەوانی فڕۆکەکەی لەناو زۆزک کەوتبووە خوارەوە، (زۆزک ناوەوەی هەیە، دۆڵی درێژ و پانتایی بەرین و رەز و باخ و کانی زۆریشی تێدایە) لەگەڵ چەند سەربازێکی تری دیلی رۆژانی شەڕەکان. جارجار، بۆ هەتاو و وەرزش و خشتبڕین و کاتی هاتنی فڕۆکە (فڕۆکەوانە دیلەکە لە هەموویان زۆرتر لە فڕۆکە و ناپاڵم و باجەرە بەرزەکان دەترسا، ئەو دەیووت:

لە خوارەوە لە بۆردومانی فڕۆکە دەترسم، کە لەناو فڕۆکەش بووم، زۆر لە تایەرەشکێنەکان دەترسام). پیاوەکانی، دۆشکەیان بەشان دەگواستەوە بەرزاییەکان. شریتی فیشەکە ئەستوورە درێژەکانیان لە شان دەکرد. ماندوو نەدەبوون و دەچوونە ناو (هێلانەی هەڵۆ)، وەک بزنەکێوی و مامز سەردەکەوتن و دۆشکەکانیان دادەمەزراند، سێرەیان لە فڕۆکەکان دەگرت. دەچوونە ناو دارمازووەکان، پەنا بەردەکان، کەندەلانەکان.

ئەفسەرە دیلەکە وتبووی:

من لەوانە دەترسام، رووبەڕوو (بۆم هەڵدەستانەوە)، هەتا فیشەکیان دەما، هەتا لوولەکانیان گەرم دادەهات تەقەیان دەکرد. ئەگەر ئێستا

ئازادم بکەن، لەودەمانە یەکێک دەست بەتفەنگیش، بەگەڵم بکەوێت و هاوڕێیەتییم بکەن، دەمەوێ بچمە کن تەیارەشکێنەکەی سەر پردەکەی حافیز.

پردە ئاسنەکەی پێشمەرگە و کورد وایاندەزانی بە زێڕ دروستکراوە. پردەکە، بیست پاسەوانی گیان لەسەر دەستی هەبوو. هەموو هێزەکان، مەکتەبی عەسکەری، بارەگای بارزانی، هەموو خەڵکی باڵەکایەتی وایاندەزانی پردەکەی (سیرات)ە. نەیارەکانی دەترساند. وایاندەزانی پردی زەردە، حەسەن زیرەک سترانی سووتانی بۆ وتووە. بە ئاگر و بە خوێن خۆیان کردبووە قوربانی، پردەکەی حافیز.

کە من ئێستا نازانم بۆ ناوی حافیزە رەنگە:

موراقییبەکەی، بەڵێندەرەکەی، ئاسنگەرەکەی، ئەندازیارەکەی ناوی حافظ بووبێت، دوایی سووک و ئاسانکراوە بووە بە حافیز، کە خۆشتر و باشتر و ئاسانترە لەسەر زار و گفتوگۆ.

ناوی بووە بە حافیز، رەنگە! شوفێرەکانی لۆری، کە باریان بردوتە حاجی ئۆمەران. کە لە ئێران (مافوور) و قوماش و سەماوەر و قەندیان هێناوە. کە دەپەڕنەوە وتوویانە یا حافیز!

شوانەکانی چوونەتە کوێستان و رانەمەڕیان بەسەردا بردووە و هاواری خودا و حافیزیان کردووە! ترساون کە (مێگەڵە مەڕ) و رەشماڵ و بارگەکانیان پەڕاندوتەوە، هاواری حافیزیان کردووە!

ئەفسەرەکە، لەودەمانەی سەد خشتیان بۆ ژوورێک، بۆ پەنایەک، یان تا نەخەون دەبڕی. پشتی قیت دەکاتەوە و چۆکی دەتەقێنێتەوە، ئەفسانەی پردەکەی لەبیرە و زۆریش بیری لێ دەکاتەوە، دەڵێت:

حەز دەکەم بچمەوە کن تەیارەشکێنەکەی سەر ئەو پردە. ئەوەی ئەوەندە لێی نەوی دەبووم، باش دەمبینی، سمێڵە رەشەکەی (لاجانگ)ە درێژەکەم ئەوم دەبینی، (دەمزانی پیاوەکانی لەسەر ئەو تۆپانە بوون، هەموومان قوتابییەکانی زانکۆ و ئامادەیی بوون:

ئەوانە لە رقی بۆردومانەکەی قەڵادزە، بۆ تۆڵەکردنەوە لە فڕۆکەکانی زانکۆ و خەو و دەفتەر و کتێب و مامۆستاکانیان کوشت، دەچنە سەر تۆپەکان و رووبەڕووی فڕۆکەکان دەبنەوە، دەمانزانی کوشتارەکەی قەڵادزە قوتابییەکانی گەرم کردبوو، ئێمە بسوتێنن، بمانشکێنن، باڵمان ببڕن، تەنکی بەنزینمان بسوتێنن حەقی خۆیان بوو) هەرگیز ئەو نەدەگۆڕا، ئێمە دەمانویست پردەکە بروخێنین. تا تۆپەکان، زەخیرە و تەقەمەنییەکان نەگاتە بناری هندرێن و ناو زۆزک. بەیەکجاری رێگای بادینان بپچڕێنین. فرقە و تەیارەخانەکەی موسڵی سەربازی و وەزیری دیفاعیش دەیزانی ئەو کوڕە ببووە، پشتیوانی پردەکە. ئەگەر بوارم هەبێت دەمەوێ ئەو کوڕەی پردەکەی لەپشتی خۆی کردبوو، ماچ بکەم!

(کۆششی زۆر بۆ کەوتن و شکان و رووخاندنی پردەکە، مانای وایە شەڕەکە گەورە بوو. بەرەکان، شەڕی قوورس و بەرەیی تێدا پیادەکراوە. کە پێشمەرگە و سەرکردایەتی بەرگریش لە پردەکە دەکەن، مەبەستیان بووە، شەڕەکە نەدۆڕێنن و بتوانن بەرەکە و ناوچەکە لەیەک نەترازێت).

...

رۆژانە، دیلەکانیان لەناو مەخفەرەکەی چۆمان و زیندانەکە، دەهێنانە دەرەوە و ریزیان دەکردن.

فڕۆکەوانە دەڵێت:

_نا، نامەم ناردوە، وەڵامم بۆ هاتیتەوە، بەڵام هەر بە خەونەکە زانیم، ناوی منیان لە ئێستگەکە بیستووە و زانیویانە من ماوم:

کە زانیم فڕۆکەکەم لێدراوە. پەڕەشووتەکەم کردەوە. لەنزیکەوە سەیری گوند و رەز و باخەکانم دەکرد، لەبەر دیمەنە جوانەکان ترسم نەما. بیرم لەوە نەدەکردەوە، رەنگە یەکەم تفەنگ، یەکەم گوللە، یەکەم دار و بەردی من دەبینێت، نەمکوژێت، بمسوتێنێت. هێشتا دانەزیبووم، جوانی سرووشتەکە سەرسامی کردم، من لە ئاسمانەوە بووم، ئەو سرووشتەم ئاگر دەدا، وا جوانییەکەی ئاگرم تێبەردەدات! پەشیمانم!

رۆژی دووەمی مۆڵەتەکەی

ئازاد بۆ نووسین لەناو دەفتەرەکەی، نەک بۆ سەردانی ناو ئیران، بۆ جووجەکەباب و خواردنەوە، بۆ سەردانی گەڕەکە گەورەکەی تۆڕێک کۆڵانی باریک، ژنی جوان و خۆشی (سۆزانی)، بە جلی پەمبە و تەنک و نیمچەرووتەوە ببوونە چرا. هەموو جۆرە ژنێک، قەڵەو و کەمەرشل و بسک بەدەرزیلە و سەمازان و دەنگخۆش و پیس و نەخۆشی تێدا بوو. ژن و پیاوەکانی گەوادیان، بۆ ران و سینگ و مەمک و سەماکانی سەدان ژنی ناوماڵەکانیان دەکرد:

بە هەموو زمانەکانی ئیران، پیاو و پارە و زەوقیان بانگ دەکرد! مۆڵەتەکەی ئەو بۆ ئەوە نەبوو، لەوێ بانگی بکەن و چرایەک لەجیاتی قەڵەمەکەی، قەڵەمە نەرمەکەی بگرێت. بۆ ئەوە مۆڵەتی لە بەرپرسی

رەبیەکەیان وەرنەگرتبوو، لەوێ لەجیاتی ئەوەی شانازی بە دەفتەرەکەی بەرباخەڵی، بچێتە ناو باخەڵی گەرم و نەرمی ژنێک، لەوێش لەگەڵ جل لەبەرکردن و بەپەلە لەبەرکردنەوە (دەفتەرەکەی لێ ون بێت) و مایەپووچ بگەرێتەوە! ئەو بەرەو سنوور نەڕۆیشت، بچێت ماڵە خزمێکی لەناو ئوردوگاکان ببینێتەوە، چەند رۆژێک، دووکەڵ و ترس و مەرگ لە خۆی داوەشێنێت، چونکە! هەموو خێزانی خەڵکە هەژار و پێشمەرگە و هاوڵاتیانی ناوچەکانی شەڕی تێدا گەرم بوو، ترس و بوردومانی تێدا بەردەوام بوو، نەک ماڵە بەرپرسەکان، وەزیفەدارەکان، ئامیر هێز و بەتالیۆن و لق و ... و .. لەو ئوردوگایانە، کەساس و پەشیمان وەک مریشک لەناو خیوەتی تەسکی نەوی داکرابوون.

بەپێچەوانەی ئەوانە، ئەو موڵەت وەردەگرێت، بەرەو قووڵایی و گەرمی بەرە و شەڕەکان و ناو پیاوە جوامێرەکان، تفەنگە بڕنۆکان بڕوات.

ئەو مۆڵەتی وەرنەگرتبوو، بچێتە ناو ئیران و لەوێ یارمەتییەکەی، دوازدە دینارەکەی، بە دوو شەو سەرف بکات و بگەڕێتەوە، لەوێ بۆ یەکەمجار! تامی گەردەنی ژن بکات، یارمەتییەکەی لەوە دابنێت، لەسەر ژنێکی نەرم، وەک ئیسفەنج درێژ بێت و یەکسەر و زوو تەواو بێت، ژنەکەش پێی بڵێت:

هەڵسە، هەموو گیانت پیسکردم! دیارە هەرگیز، زووتر ناوگەڵانی ژنت نەدیوە!

...

رۆژی یەکەم، ئازاد کورەچی بە دیدار و نووسینەوەی رامان و راز و پەیڤی نوێ، لەناو (گرتووخانە)کەی چۆمان دەمینێتەوە. شەوەکەش مۆڵەتی هەبوو، نان و کەبابێک لە دووکانەکەی ئاوێکی سارد و خاوێنی لەبەردەم دەڕۆیشت. لەو ئاوەش، دووکاندارەکە، دەست و پێی و قاپ و سەوزە و

تەماتە و کەوەرەکەی لەناو دەشواتەوە، نەفەرێک کەباب دەخوات، بە کابراش دەڵێت:

_ئەوە تێرم خوارد و دەمەوێ لێرەش بخەوم!

کەبابچییەکە، ئەوەی پۆلیسی هێزی سەفین بوو، لەبەر گەورەیی و درێژی و ترسناکی شەڕەکانی سەفین، دواییش هێرشە خوێناوییەکانی چیاکانی ماکۆک و شیشار، ئەوەی (سەید کاکە) و عەریف عەلی و سەعدی گچکە و مولازم بێستون و دکتۆر خالید و ... و ... سەرپەرشتیان دەکرد، وتبووی:

من دەچمە چۆمان، لەوێ وەک هەموو پۆلیسەکانی تفەنگی خۆیان، ئەوەی لە هەولێرەوە هێنابووم (دەفرۆشم). نیوەی پارەکە بۆ منداڵەکانم و نیوەکەی تریشی کاسبییەکی لە چۆمان، لە گەڵاڵە، دەربەندی رایات و هەتا حاجی ئۆمەرانیش پێدەکەم. ناوچەیەکی زۆر گەورە و فراوان ئاوەدانە، هاتوچۆی لەسەر گەرمە، کاسبییەک پەیدا دەکەم.

ئازاد پاش ئەوەی ماندوو دەبێت، ئێوارەکەی برسی دەبێت، لەکن ئەو، دوو شیش کەباب و نان و ماستاویش دەخوات. بیردەکاتەوە، ئەو مۆڵەتە و بەیانی هەر دەبێ بێتە خوارەوە و کاروانەکەی تەواو بکات، بۆ لەناو دووکانەکەی ئەو نەخەوێت:

دەتوانم ئەمشەو لێرە بخەوم؟ (دووبارە بەبیری دەهێنێتەوە).

لەگەڵ سڕینەوەی دەستی بە پارچە پەڕۆکەی، کەس نەیدەزانی قوماشەکە، لە چ کراوەتەوە. بەر لەوەی ئەو پیاوە بیکاتە دەستەسڕی کەبابخانە، دەمولێو و لووتی پێ بسڕێتەوە، قوماشی چ بوو!؟ کابرا دەڵێت:

_نووستن و کەباب و نیسکەکەی بەیانیش، دەکاتە نیو دینار، ئەگەر پارەت پێیە!

ئازاد، دەستی لە گیرفانی دەدات، ئەو جارە بۆ دڵنیابوون لە دەفتەرەکەی نەبوو، بۆ ئەوەی بوو، بە کابرا بڵێت:

_نیسکیشت هەیە!؟

_بەڵێ، بەیانییان زوو (پەنجەیەک بۆ ئاگردانەکەی پشت دووکانەکە، درێژ دەکات) لێرە دەیکوڵێنم.

لەگەڵ بزەیەکی شەرمن، لەبەر دڵی کابرا، ئەو سەرێک دەباتە دەرەوە و سەیرێکی ئاگردانە ساردەکە دەکات و دەڵێت:

_بەچاوان، کەسی ترت لەکنە ئەو شەو!؟

ئەویش (فێربوو بە ئاوی سارد، هەموو بەیانییەک ریشی دەتاشی، گێزان و سابوون و کەرتە نەینۆکەشی لەبن کاریتەیەک رادەکاتەوە) دەڵێت:

هەتا ئەو سەعاتە، کەس نییە، بەڵام شەوانە نەفەری تر دەبن.

رێگاوبانەکان، ناو چۆمان و ناوپردن و هەتا زینوێی شێخی خەڵکی زۆری بەسەرەوەیە:

زۆرن دەچنە خوارەوە، مۆڵەتیان تەواو بووە، یەکتری دەگۆڕن، سەردانی یەکتر دەکەن، دەچنە ئیران و دەگەڕێنەوە، لە نەخۆشخانەکەی کەورەتێ چاوەڕوانن، بەنیازن ناویان لە دەورەیەک دەربچێت، دەورەی دۆشکە، ساروخ، دژە دەبابە، لاسلکی، کادیران. هەیە هاتووە لە یەکێک لە ئەمانە عامەکان دابمەزرێت. هەیە قوتابییە و دەچێتە خانە و بەشداری تاقیکردنەوەکانی بکالۆریا دەکات! خەڵک زۆرە، هەیە دەڕوات و دەپەرێتەوە پشوویێک بدات. یەکێک هاتبوو لەو سەفەرە کۆنە ناسیارێک دەبینێتەوە، چەند رۆژێک لەناو کەپر و خیوەتەکەیان دەمینێتەوە، کابراش سێ کیژی عازەبی لەگەڵە، گەورەکەیان لەو مارە دەکات، هەر لەو دوو سێ رۆژە، زەماوەندە زۆر سادە خۆشەکەش دەکەن، بەڵێنیش

دەدەن، یەکەم منداڵیان، ئەگەر لە ئوردوگایەکی ناو ئیرانیش بێت، ناوی دەنێن، چۆمان، ئینجا کوڕ بێت یان کچ!

...

نووستنی ناو دووکان

شەو دادێت، ئازاد و پیاوەکەی تفەنگەکەی فرۆشتووە، لەناو دووکانەکە دەمینێنەوە، پێش ئەوەی بخەون. کابرا دەرگا بەنایلۆنەکە دادەخات، دارێکی کورتی ئەستوور، بە بەشی تەنکەی دەرگاکە وەدەنێت. فانوسە چاوە کزەکەش دادەگیرسێنێت، تا رووناکی زۆر نەبێت، بەڵام لەناو کارتۆنێک، کە لەبەردەم فرۆشگاکە هەڵیگرتبووە قیت و لەسەرخۆ رادەگرێت. ئەو و هەموو دووکاندار و چایەخانەکان و ماڵ و بارەگاکانیش، لەسەر داوای ب. م، نەک پ. م، نیوەی شووشەی فانووسەکانیان، بە تەنکە قووڕێک سواخ درابوو، هەر لەسەر داوای (بەرگری میللی)یش لەپشت دووکانەکەی، لەنێوان ئەسپیندارەکانی سەر رووبارەکە، کونە تەیارەیەک لێ دەکات. کونە تەیارەکە لێدەدات، ئەگەرچی خاوەن موڵکەکە لەوێش نەبوو، بەڵام! لەگەڵ یەکەم لێدانی قازمە و خشەی خاکەناسەکەکە. لەگەڵ قووڵکردن و هەڵدانی خۆڵ و بەردی بن دارەکان. لە خەمی ئەسپیندارەکانی، لەدوورەوە، دڵی ژان دەکات و دەماری پشتی کسپەیەک دەکات، لەناکاویش، بێ ئەوەی بزانێت دەستی بۆ دەمارە راپەڕیوەکەی پشتی دەبات:

هەرچی زووە، تۆش کونەتەیاریەک لەسەر شێوەی حەرفی ئەلی ئینگلیزی، هەتا پشدێنێ قوولْ لێ دەدەیت. هەر گوێت لە دەنگی ئینزارەکەش دەبێت، دەچیتە ناو کونەکە، خۆت و نەفەرەکانی تەنیشتت:

کەباب و گۆشت لەسەر ئاگرەکە جێدەهێڵێت. سەڵامەکە وەرناگریتەوە. دەرگاکە داناخەیت. پارە وەرناگریت. گۆشت ورد ناکەیت. نوێژ، ئەگەر نوێژکەری بەتاڵ دەکەیت. دەستت لەناو پشدێنێت بێت بەپەلە دەردەهێنیت. یەکسەر دەچیتە ناو کونەتەیارەکە، ئەوە رێنمایی بەرگری میللییە. چوونە ناو کونەتەیارە، مەترسی کوشتن و ساچمە و بەرد و داریش کەم دەکاتەوە.

شەو بەیەکەوە دەمینێنەوە، ئازاد باش و ورد، گوێ لە رادیۆکە رادەگرێت، هەواڵەکان ئەوانەی دووبارە نەبوون، دەنووسێتەوە. نەوەک هەواڵەکان لەگەڵ عەرەبییەکە جیاوازییەکی هەبێت، گوێ و هەست لە بەشە عەرەبییەکەش دەگرێت. سەربردەی (مام غەریب)یش کە لەلایەن رۆژنامەنووسی جارانی رۆژنامەی ئەلتەئاخی کە لە بەغدا دەرچوو، موحەمەد بەدری بە زاراوەی جولفی عەرەبی بوو دەینووسی و پێشکەشی دەکرد. گوێ لەو بەرنامەیەش رادەگرێت. رادیۆکەی لەناو گیفکەکەی دەنێتەوە، روو لە کابرای کەبابچی دەکات، ئەوەی نیوەی پارەی تفەنگەکەی بەو دووکانە، بەو مەقەڵە و تەخت و کورسییە شڕانە، دوویان تەختەدار و دوویان نایلۆن بوو، داوە:

دە تۆش سەربردەی خۆتم بۆ بگێڕەوە، با تۆش بنووسمەوە، تۆ دەبیتە لاپەڕەیەکی مێژووی ئەو رووداو و ئەو شارەی بوویتە پایتەخت.

(ئەمانە عامە)کەی کشتوکاڵ، دروست بەرامبەر دووکانەکەی ئەو بوو. ئیشغاڵیش، هەتا بارەگەکەیان لەسەر چەمەکە و لەنزیک چەمی گوندی دەربەند تەواو بێت، لەوێ نزیک بوو. رۆژانەش هەندێ لە کارمەندەکانی

لێرە، لەلای ئەو، لەسەر ئەو کورسییانە نان دەخۆن. یەکێکیان مانگی رابردوو، تەواوی یارمەتییەکەی لەناو مستی ئەو دەکات، ئەویش پارەی دوو پاکێت جگەرەی بۆ گێڕاوەتەوە:

لە ئاوەکەی پشت دووکانەکە، یان لە ئاوی گەرمی کترییەکەی سەر ئاگرەکە، دەستی جوان دەشوات، تا بۆنی گۆشت و بەز و رێخۆڵەکانی پێوە نەمینێت، دەچێتە ناو بەتانییەکە و دەڵێت:

من شەرم ناکەم، لەوێش بە سەرلق و ئامیر بەتالیۆنەکەم وتبوو:

من لە ترسی شەڕە تفەنگ ئەو بڕیارەم داوە. لەوێ دەرچووم و ناوەکەمیان لە هێز رەش نەکردەوە، وتیان لەوێ بە، جارجار ئیشێکمان هەر بۆ دەکەیت.

دەڕوات و دەڵێ مەنزلی نادیار و چارەنووسی نەزانراو، خۆت بگرە وا هاتم! بە شەو و رۆژێک زۆری بەپیادەیی، کەمێکیشی لەپشتەوەی جێبێک، بەزۆری جێگەی خۆی دەکاتەوە، گەیشتوتە ناو چۆمان. بەڵام وا لە چۆمان، رۆژانە مێک و سوخۆی بەیانییان و ئێوارەکانیش بۆردومانی دەکەن، بۆیە هەر زوو لەپشتەوەی دووکانە شڕەکە، لەناو ئەسپیندارەکانی سەر رووبارەکە، بەیەک رۆژ، پاش ئەوەی دووکانەکە وەردەگرێت. پاش ئەوەی خاوەنەکەی بۆ بردنی منداڵەکانی بۆ ئاودیوبوون، دەچێتە ناو ئوردوگاکانی شێر و خورشید، دووکانەکەی بە مێز و کورسییە شڕەکان، مەقەلە و شیشەکانی تکە و کەبابەکان، بە لێفە شڕەکان، چوار تەختی نووستن و دوو مەسینە و تەشت و مەنجەڵێکی ئاوگەرمکردن و دوو فانووسی شووشەکەی نیوە لە قووڕوەردراو، قوفلێکی کۆن و دەرگایەکی (نیوەنایلۆن) و تەباخێکی کەسکی شەل و مەنجەڵ و دەستەیەک پیاڵە و بەڵام بە کەوچکی زۆرەوە. دووکانەکە، بە دەرگایەکی بەنایلۆن، سەربانێکی بە دڵۆپە، بە دیوارێکی داپۆشراو بە پارچە

ڕۆژنامەی فارسی و دوو وێنەی گوگوش و یەکێکی مەهستی زراڤی چاو گەورە و هایدەی شان و سینگ پانی چاو شووشەیی. دووکانەکە دەکرێت و لەسەر کەباب و هێڵکەروون و شفتە و نان و ماست بەردەوام دەبێت.

قسەکانی پیاوەکان بۆ ئازاد پڕ بایەخ بوون، ئەو دەبوایە قسە و رازی هەموو خەڵکەکە بنووسێتەوە، نووسینەوەی خەڵک مێژووە. ئەوە بەڕاستی دەبێتە مێژوو، میژوو تەنها سەربردە و ناو و رەچەڵەکی بەگزادە و ئەمیرەکان نییە. مێژوو لە خەڵکە سادەکەوە دەست پێدەکات، نووسینەوەی بابەتی کۆمەڵایەتییش، جێگەی خۆی دەگرێتەوە، بەو چەند مانگە، لەبەر ئەوەی نووسینی بە پراکتیک دەکرد، بەهرە پەیدا دەکات و دەزانێت چ دەکات.

شەو بەیەکەوە لەگەڵ پیاوە کەبابچییەکەی، دوو هەفتە پێشتر پێشمەرگە بوو، شەوانە دوو سەعات پاسەوان، رۆژانەش دوو سەعات هەر پاسەوان بوو، نۆرەی چێشت و بە سەرخستنی ئازوخە و تەقەمەنیشی بەردەکەوت. مانگێک پێش ئەوەش، پۆلیسێکی دوو خەتی پارتی بوو، لە مەخفەرەکەی خانەقای هەولێر و زۆریش پەرۆش بوو، پارتی لەگەڵ حکومەت بێ (کەرکوک و خانەقین و شەنگال) پێکنێت و ئامادەیی شەڕیشی هەبوو. هەردووکیان، یان ئەو لەبن دیوارەکە و لەگەڵ هاژەی رووبارەکە، شنە و گڤەگڤی لق و بەژنی دارەکانی نیوەی قەدیان لەناو ئاوەکە بوو، باش خەویان لێ دەکەوێت، تەیارە نییە. کەسیان لێوە نزیک نییە، جۆرەها بۆچوون و شرۆڤەی رووخێنەریان بۆ بکات، هەناویان بپسێنێت! دەنوون و بە هاتنی ئەو میوانە، ئەگەرچی بۆ نووستنەکە سێ (درهەم)یشی دابوو، کەبابچییەکە زۆر کامەران دەبێت:

چونکە ئەو دڵ پڕ ئومێد بوو، شاناز بوو. رووداوەکان، کەسەکان، شەڕەکان دەنووسێتەوە، ئەویش دەنووسێتەوە. دیارە لەو قۆناخە سەنگێکی هەیە، ئەویش بوون و هاتن و تفەنگ فرۆشتنەکەی و دوورکەوتنەوە لە

برادەرەکانی، لە کەسایەتی کەم نەکردیتەوە! هەر پیاوە کەبابچییەکە پیاوێکی شاناز و گیانبازە!

ئازاد دەیزانی پیاوەکە خەوی لێ نەکەوتووە، چاوەڕوانە رووبارەکە، خەونەکان، خشەخشی دەرگا بە نایلۆنەکە، بیخەوێنن. خەو لەو شوێنە ئاسان نییە! دەبوایە، چاوی ئەوان، هەناسەی هەردووکیان، دار و رووبار و باهۆز و تەقەتەقەکە بخەوێنن، ئینجا ئەوان خەویان لێ دەکەوێت. لێی دەپرسێت:

کاکە، تفەنگەکە هی خۆت بوو!؟ (لەبەر ئەوەی دەیزانی ئەو پرسیارەی هەر لێ دەکات، بۆیە دەنگی ئازاد کە پرسیارەکە دەکات، هەر منگە و چرپە و بایەک بوو، ئینجا تێیدەگات).

لە وەڵامدا، دەنگی گۆڕابوو، چەشەی مەردانەتر ببوو، هاتنی ئەو کوڕە گەنجە، دەست بەدەفتەرە بۆ ئەو، ئاوڕدانەوە و هەڵسانەوەیەکی گرینگ بوو، وتی:

_تفەنگی خۆم بوو، لە هەولێرەوە هێنابووم، ئەوجا بە چ دەردەسەرییەک، بۆت بگێڕمەوە:

_بۆ کەسی ترت نەگێڕاوەتەوە!؟ (ئازاد وتی).

_(کابرای کەبابچی، بەو شێوەیە باسی تفەنگەکەی دەکات) چۆن، نەمگێڕاوەتەوە، هەموو پێشمەرگەکانی هێزەکەمان، سۆرانی و بادینی، هەموو خەڵکی دوو سێ گوندی ناوچەکە، بەزمی تفەنگە کلاشینکۆفە رووسییەکەی منیان بیستبوو:

شەوەکەی کە دەرچووین، (شەوی یازدەی ئازار لە هەولێر) ئەو شەوەی هەموو شارەکە، بەبێ ئەوەی کەس داوایان لێ بکات، بەبێ ئەوەی هیچ هێزێک راویان بنێت، هاتنەدەرەوە. منیش لەبەر دەرگای سەرا حەرەس

بووم، هەستم بەخشەخش و جوولەجوولێکی زۆر دەکرد، عەبدولوەهاب ئەتروشی (موتەسریف) لەوێ نەبوو، شێخ رەزای بەڕێوەبەری پۆلیس لەوێ نەبوو، موعاونە پارتییەکان لەوێ نەمابوون. من پاسەوان بووم، هەر ئەوەندەم زانی دەرگای سجنەکەی پشتەوەی سەرایان کردەوە، ئەوەی دەیانویست بردیان، ئەوەی تریش بەڕەڵابوون. بەناو کۆڵانەکانی عەرەبان، هەندێکیان زوو، خۆیان گەیاندە تەیراوە، گەیشتنە کوران و گوندەکانی چوار دەورەی هەولێر، تورەق، حەسارۆکان، دارەتوو، بەنسڵاوە، گەیشتنە بێرکۆت، زۆر دوور رۆیشتن گەیشتنە بەحرکە و مورتکە و گردەرەشە و قوشتەپەش و بڵاوەیان لێکرد.

ئەندازیارە قەڵەوەکەی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ئیعمار ئەلشمال گیرابوو، لە ژوورەکان دەمینێتەوە. ئەو رێگای دووری (تەوالێت) بوو، نەیتوانی بڕوات، راوەستانیش بۆ ئەو ئاسایی نەبوو. بۆیە هەر ئەو لەو زیندانە بۆ سەرئاو و میزکردنیش نۆرەی نەدەگرت، بۆ نانخواردن نەدەچوو، میوانەکانی دەهاتنە ژوورەوە، ئەو لەوێ دەمینێتەوە:

منیش جلە کوردییەکەم لەبن جلە پۆلیسییەکەم لەبەرکردبوو، خۆم توندکردبوو، جەمەدانی و کڵاوێکی بەسیمی رەنگینی نوێشم هێنابوو، ئامادەبووم، منیش دەستم دایە کلاشینکۆفەکەم، چوار مەخزەنە سی فیشەکییەم، بەگەڵ برادەرەکانم کەوتم، یەکێکیان بۆرەخزمیشم بوو، زۆرجار مەدحی خۆی دەکرد و دەیووت، ئێمە ساڵانە چەند چاڵە گەنم و جۆمان هەبوو، حەساری ئێمە ئەوەندە پانوبەرین بوو، جێگەی عەشیرەتێک دەبووەوە. من نازانم چۆن بوومە پۆلیس و ماڵی خۆم وێرانکرد! بەڵام وا فێربووم و ناتوانم بگەڕێمەوە، بەگەڵ ئەوان کەوتم و رۆیشتین:

شەو درەنگ بوو، زۆر رۆیشتین، ماندووبوون، هەر ئەو شەوە پێیەکم وەرگەڕا، تاقەتی رۆیشتنم بەتفەنگەوە نەما. تفەنگەکەم دایە

هاوڕێیەکەم، (بۆرەخزمەکەم) تفەنگەکەی بەچاومۆنی و گومانەوە لێ وەرگرتم، بەپێشم کەوت و ڕۆیشت:

شەش گوند و دوو چیا و پەنجا بارەگا و لق و ناوچەم کرد، تا دۆزیمەوە. بە هەفتەیەک، بەسەر لەپ و بەسەر دەستان، بە پرسیاران، بە پاڕانەوە و هەڕەشەش (تفەنگەکەم دۆزیەوە) و وەرمگرتەوە! تفەنگەکەم وەرگرتووە و بڕیاریش درابوو، ئەوەی تفەنگی حکومەتی هێناوە، تفەنگی سووکی هێناوە بیفرۆشێت، بەڵام ڕەشاشە برێنەکان نەفرۆشن، چەکە قوورسەکان نەفرۆشن، بەرامبەر ئەوەش بە پارە پاداشتیان کردنەوە.

لە گۆشەیەکی دەفتەرەکەی ئازاد، بە دوو دێر نووسیبوی، لە ڕۆژی نمایشەکەی پارکی شار، کە لاپەڕەکانی بە سکرین نمایش دەکرا، دوو دێرەکە جوان دیار بوو:

دیمانە و سەربردە و شەوەکەی لەناو دووکانی کەبابەکە نووستم، لە هەموو شەوەکان:

گەرمتر، ئارامتر، تێرتر، خاوێنتر نووستم! باشم خەوم لێکەوت، پاش ئەوەندە ساڵە، لەو تەمەنەی زۆر دونیا گەڕام، لە هوتێلی (پێنج ئەستێرە)م مامەوە، لەسەر کەنارەکان و لەسەر لمی زیوین لەبەر هەتاوم نووستم. هیچیان وەک ئەو شەوە خۆش و ئارام نەبوو نووستنەکەی، خەونەکەی، خەیاڵەکەی هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە. بۆیە هێڵی سوورم لەو نمایشەدا لەبن ناوی کابرا و کەبابەکەی داوە.

## بەشی شەشەم

### ئیسماعیل سەرهەنگ

ئازاد، ئەوەی لەو نووسینەدا بوویتە پاڵەوان و تۆماری رووداەکان، (لەورۆژانە، لە گەرمەی رووداوە، زۆر گەرمەکانی ئەو جیهانە سەیران و شێواوە، هەموو شتەکان وا تێکەڵبوون، سەروبن و راست و چەوت، رەنگ و بۆن و دروشم و ناوەکان ون بوون و ناناسرێنەوە: پێیان دەڵێن تۆمارکەر و یادنووس و چاودێر) سەری نەوی دەکات و لەناو خیوەتەکە دێتە دەرەوە. خیوەتەکە لەبەر ئەوەی شڕ و بچووک بوو، دارەکەی ناوەندی راست و پتەو نەبوو، باشیش توند نەکرابوو، یان مەبەستیان نەبوو، زۆر لەسەر خاکەکە بەرز بێتەوە، دیاریش نەبێت! خیوەتەکە پشتی چەمابووەوە، شانی شکاو و رەنگی بۆر ببوو. بەڵام خیوەتەکە، لە زۆر هەوار و بارەگا و مەڵبەندی تر گەرمتر و ئامێزێکی باشیش بوو. بۆ ئەو چەند گەنجەی دایکیان لە شارەکان بۆیان دەسوتان. ئەوانیش، مەردانە و بەحەسرەتەوە خەمی ئەوەیان بوو. رۆژێکیان، بە گوللەی ئەوان، فڕۆکەیەکی بەعس و دوژمن بسوتێنن. خەمی ئەوەیان بوو، ئەوە چەند مانگە تەقە لە فڕۆکەکان دەکەن، هیچیان بەرناکەوێت. بەڵام! هۆکە ئیرانییەکەی بناری ئێستگەکە، ئێوارەیەکی درەنگ. بە دوو موشەک، یەکەمیان زۆر نەڕۆیشت، فش بووەوە و سەرشۆر هاتە خوارەوە. بەڵام! هۆکی دووەم، سەربەرزانە، خێراتر لە موشەکی یەکەم، گڕدارتر، تووڕەتر، رۆیشت و لە بەرزاییەکی زۆر، زۆر زۆر بڵند! بە جەستەی فڕۆکەیەکی باجەر کەوت. بە یەک چرکە، هەتا زۆر لەوانەی سەیریان دەکرد، هەستیان بە سووتان و گیرسان و (وەنووسانەکە) نەکرد و سوتاندنی. ئەو باجەرە یەکەم

باجەری سۆڤیەتی بوو، بە موشەک بسوتێت و بکەوێت! ئەو باجەرە، قەیرانی نێوان ئێران و عیراقی گەورەتر و ترسناکتر کرد، بەئاشکرا لەیەک هاتنەڕوو و پەیامی تووڕەییان دژ بەیەک بڵاوکردەوە.

...

لەسەر پالتۆیە ئیرانییە گەرمەکەی، ئەو دەستێک لە گیرفانی دەدات بزانێت دەفتەرەکەی پێیە، گومانیشی نەبوو کە دەفتەرەکەی لە باخەڵ نەبێت، بەردەوام لە باخەڵی ئاخنیبوو. ئەو لەناو خیوەتە شڕەکە، دەفتەرەکە لەکوێ دابنێت. ناکرێ لەناو جانتاکەش دایبنێت، نەوەک شەوێک، جارێکیان ئاو لێیان بچێتە ژوورەوە، لەگەڵ بەتانی و تفەنگ و سەندوقەکانی کەمێک زەخیرەیان لەناو دانابوو، تەڕ بێت. بەڵێ بەر لەوەی لەسەر گردەکە، لەناو خیوەتەکە، لەکن برادەرەکانی دووربکەوێتەوە دەزانێت دەفتەرەکەی لە گیرفانە.

ئازاد (پیاوەکەی بەفشە و هەر بەسەرخۆشی بەگەڵ شۆرشەکە کەوتبوو. هاتبوو بزانێت خەڵکەکە، پۆلیسەکان، دووکاندارەکان، کوردەکانی بەغدا، فەیلییەکانی شۆریجە، کیژ و کوڕەکانی زانکۆی سلێمانی، حەسەن گەرمیانی، فوئاد ئەحمەد، سێ چوار ئەندازیاری ئیشغاڵی نزیک منارەی چۆڵی و کەبابچییەکانی ریزی قاوەخانەی عەبۆ، فیتەرەکانی جیبی سەرلق و ئامیر بەتالیۆنەکانیان چاکدەکردەوە. ئەوانەی یەکەم دووکانیان، لەنزیک مەزار و مزگەوتەکە دادەنێن، تا دووکانەکانیان دەگاتە نزیک قەسرەکانی پێشەوەی گەڕەکی سێتاقان، پشت قەسرە گەورەکەی عەتولا ئاغا، هاتبوون. لەوێش لەسەر رێگا گشتییەکان، لەسەر پردەکەی گەلاڵە و چۆمان و بەرامبەر گوندی دەربەند و لەبن هوتێلە گەشتیارە سپییەکەی بەرامبەر گوند و چۆم و دارئەسپیندارەکانی دەربەندی رایات. دووکان بکەنەوە و جێبەکان چاک بکەنەوە. ئەوان لەگەڵ جێبەکان چووبوون. هاتبوو بزانێت، خەڵکی ئەو شارە بۆچی بەو

شەوە هەموو خۆیان گۆڕیوە، جلی کوردییان لەبەر کردووە، پشدێنی گەورەیان بەستاوە، هەموو ئەوانە بۆ بەیەکەوە دەڕۆن!؟ کێوە دەچن!) لەبەرخۆییەوە دەڵێت:

بابڕۆم، هەتا بتوانم بۆ نیوەڕۆ، عەسرەکەی بگەڕێمەوە. بچم پیاوەکە بدۆزمەوە، دەڵێن پیاوێکی ورد و نەرم و بەرێزە، لە هەمووش خۆشترین دەڵێن بۆنی گوڵی لێ دێت.

پیاو چۆن بۆنی گوڵی لێ دێت!؟ (هەر خۆی لە خۆی دەپرسێت، وەک ئەوەی گومانی لەو قسەیە هەبێت).

پیاوە و بۆنی گوڵی لێ دێت! وەک ئەوەی بیەوێت، بەس بۆ ئەو بۆنە سەفەرەکەی بکات، لەبیری بچێت بۆ دەچێتە گوندی بندایزان!

کە وتیان بۆنی گوڵی لێ دێت بەحەپەساوەیی دەپرسێت:

بابچم کەمێک بۆنی گوڵیش بکەم. خۆ ئەوە چەند مانگە. لێرە لەناو ئەو خیوەتەی شەو و رۆژ، وەک لانک دەهەژێت، رەنگ و شێوەی گاشەبەردەکانی وا خەواندووە، بەو هەموو زرمە و تەقە و خشپەی پاسەوانی شەوانەی خۆیان، پێ ناچێت بەخەبەر بێنەوە. بەردەکان خەویان قوورسە و نووستون، ئاگایان لەو رۆژگارە تاڵەی ئەو دەیانووسێتەوە نییە. لێرە هەر بۆنی پیاوان دەکەم، بۆنی لوولەی ژەنگاوی تەیارەشکێنەکە! بۆنی بەتانییەکانی، ماوەیەکە چاوەڕوانی ئەوە دەکەن، رۆژێکیان لەجیاتی فڕۆکە هەتاو دەرکەوێت، لەسەر بەردەکان و لقی داربەڕووەکان، پشتیان وەک پیاوەکان بکەنەوە و پاک ببنەوە!

لێرە کوا بۆنی خۆش! دەچیتە ناو چۆمان، لەناو هەموو دووکانەکان، لە مزگەوتەکانی، شەوان سەدان پیاوی لاوازی ماندوو (بەجلەوە تێدا دەخەون)، لەوێ باشیش خەویان لێدەکەوت، چونکە لەو شەوانە:

پاسەوانی نییە، ئاو بەسەرخستن نییە، فیشەک بردن نییە، بریندار گواستنەوە نییە. لەوێ برادەر و خزمیش نییە. خەویان لێدکەوێت، ئەگەر ئەسپێ، (چڵکی کۆن) و خەم و بیرکردنەوە و خەون و خۆپیسکردن و زەوق لێیان بگەڕێت، دەخەون.

لەبەر بۆنی پیاو و چڵکی بارەگا و سەرشاخ و ئارەقەی خەریتە و فیشەکدان و سەندوقە فیشەک، هیچ بۆنی ترم نەکردووە. ئەو ئاوە بەهاژەیە، هەموو دار ئەسپیندارەکانی سەرئاوەکە، بۆنەکە ناڕەوێنێتەوە، بۆنەکە شارەکەی گرتووتەوە! شارێکە هەمووی پیاوە، شەڕ و ماندووبوون بۆنداری کردوون. با بچم بۆنی گوڵ لەکن ئەو پیاوە ناسکە بکەم.

ئەرێ گوندەکە ناوی چ بوو. (ئازاد بەر لەوەی بڕوا دەپرسێت).

یەکێکیان لەناو خیوەتەکە، بەجلەوە، بە گۆریە و جەمەدانی و پشدێنەوە لەناو بەتانییەکەی خۆیان لوولدابوو، کتێبێکی لەناو دەستی بوو، دەیخوێندەوە، پێی دەڵێت:

ناوی ناوێت، لەپشتەوەی خۆمان، یەک کوێرەرێی باریک، لەپشت ناوپردان (بارەگای مەکتەبی سیاسی و عەسکەرەی و بارەگا و ئۆفیسی زۆر) هەیە، ئەو رێیە دەتباتە ناو گوندەکە.

...

بۆنی گوڵ

ڕێگایەکی هاوینەی ئاودڕە، هەفتانە دوو سێ جار جێبێکی توندوتۆڵ، کۆنە زیلێکی تایە گەورەی پێدا دەڕوات. شاخەکان بواری یەک درزیان بۆ بزن و گا و خەڵک داوە، بەئاسانی پێدا بڕوات. ئەگەرنا، هەردوولای بوارە تەسکەکە، هەڵدێرە، یەک ڕێگا لەپشتەوە هەیە و بەس!

لەوێ سەعاتە ڕێیەک دەڕوات، ملی ڕێگاکەی گرتبووبەر. ئەویش، ڕێگا تەسکە بەردەڵانەکە، دەستی دەگرێت. دەگاتە گوندێکی پان و درێژ، گوندێک لەبەر خاتری چاوی کانییەک دامەزراوە. ئاوەدانییەک بۆ خۆشەویستی بەژنی جۆگەلەیەک خانووەکان، ساباتەکان ریز بوون و دامەزراون. سەدان قەدی ئەستووری دارگوێز، بۆ سمۆرە و بۆ تام و چەوری گوێز، بەشکۆوە تێدا ڕوواوە. لەناو دارگوێزەکان، سمۆرە و گوێزەکان زۆر برادەرن. (مندالّە چاو جوانەکان). ژنان کە لە کانی دەگەڕێنەوە، پیاوەکانی بار بار داری وشک، بۆ ئاگری زستان، دەهێنەوە، بە گەمەی گوێز و سمۆرەکان دەزانن، کە چۆن بەسۆزەوە یەکتری دەشارنەوە، جارجاریش کلکی سمۆرەیەک، یان لقێکی زراقی دار گوێزە لەریووەکە، ئەگەرنا نازانن، کێ گەمەکە دەباتەوە، کێ! کێ فڕی دەداتە خوارەوە.

بەر لەوەی ڕێگاکە بگرێتەبەر، پێی دەڵێن:

لەوێ لە گوندەکە، مەپرسە، پیاوەکە و شەش حەوت پێشمەرگە، شەو و ڕۆژ بەیەکەوەن و زۆریش برادەرن، ئیش دەکەن، کارەکانیان قوورس و نهێنییە. خەڵکی گوندەکەش، موختارەکە، ئەوانەی لە شەڕەکانی دۆڵی بێشە و گەرووی عومەر ئاغا و سەرتیزیش دەگەڕێنەوە نازانن، هیچ نازانن ئەوانە لەو دوو ژوورە لاچەپە خاوێنەی هەیوانێکی ڕووناک، ڕووبەرێکی باریکی لاکێشەیی، دەرگاکانی لە زریان و میوان و هەواڵ و نیگاکانیش گرتبوو، چ دەکەن. کەس سەریان لێ نادات، نازانن بۆ ئەو

پیاوە نەرمە وردە شیرینە! ئەو و پێشمەرگەکان، زۆریان خوێندەواریش بوون، کەم دەچنە خوارەوە:

ئەوانە ناچنە ناو چۆمان. بۆ جگەرەش ناچنە فرۆشگاکە. بۆ حەمام و (خۆشووشتن) ناڕۆن. نەخۆشیش ناکەون بچنە کەورەتێ، پێویستیان بە یارمەتی و ئەرزاق نییە و ناچنە مەکتەبی عەسکەری! ماڵی دوو سێیەکیان لە ئوردوگاکانی ئەودیویشە، ژن و منداڵ و پیرەدایکیشیان هەیە، ئەوانە مۆڵەت وەرناگرن و ناچنە ناو خیوەتەکانی (شێر و خورشید)، سەرێکیان لێ نادەن. لەبەر پیاوە سپییە نەرمەکە، بوونەتە گوڵ و هەنگ، بەیەکەوە هەنگوێن ساز دەکەن، هەنگوێنێکی سپی گرانبەهای کێوی. رۆژانەش، بابەتەکەیان لەسەر خوانێکی شایستە پێشکەش دەکەن!

خەڵکی گوندەکە، گوندەکانی نزیک چاڵە بەفرەکان، کونەپیستەکانی بنەوەیان ئاوێکی ساردی پێدا دەڕوات. لەبەر قووڵی کونەکە، کەس گوێ لە هاژەی ئاوەکە نابێت. تا لەبن (رەوەزە بەردێک) دێنە دەرەوە. ئەوان. سوێندیشیان خواردبوو، بڕواناکەن، ئەوان، پیاوە بەرپرسەکەیان و پێشمەرگەکان نانیش بخۆن، ئاگرێک ناکەنەوە، دەنگ بەرزناکەنەوە، لەسەر سەربانەکە پیاسەیەکیش ناکەن، کامیرایەکیشیان پێ نییە، هەر بۆ یادگار وێنەی یەکتری و گوندەکە و ژوورەکانیشیان بگرن. خۆیان نادەنە بەر تیشکی گەرمی هەتاو، کە دەست بەسەر گردمەندیل و سەکران دادەهێنێت، چاویش لە هەڵگورد زەق دەکاتەوە، شانی دار ئەسپیندار و کرۆسک و گێوەژەکانی (مێرگان و ناوەرد و دێمان و زەوییە تەختەکانی بەر کانی بنەوانێ) لە گوندی وەردێ، دادەهێنێت.

سەیرە، زۆریش سەیرە، کەسیش سەرێکیان لێ نادات، لەناو گوندەکە هێڵکەیەک، سابوونێک، جەمەدانییەک لە بەقاڵەکەش ناکڕن. هێشتا کەسیان لەسەر کانی و لەناو مزگەوت، لەبەر دەرگای عەتارەکە، لەکن

ماڵەکەی دوو سێ وڵاخی بۆ کرێ هەیە، نەدیوە! دەستەیەکن، وەک عاشق، بەو چیا و هەردانە گیرساونەتەوە، دەڵێن هەمووشیان لە شارەکانەوە هاتوون!

پیاوەکەی لەبن خیوەتەکە کتێبێکی لەناو دەستی بوو، دەیخوێندەوە، پێی وتبوو، مەپرسە چونکە کەس پێت ناڵێت:

خۆت لەگەڵ بۆنەکە برۆ، زوو هەست بە بۆنی گوڵ دەکەیت، بۆنەکە رێگات پێ نیشان دەدات:

خانووێکی دوو چاوەی سپیکراوە بە خۆڵی سپی. سەکۆیەکی جوانیان بۆ دامەزراندبوو. پاردەیەکی لەبەردەم بوو. کەژەکە وابوو هێشتا بەفر نەبارییبوو، هێشتا شەختە هێرشی بۆ لەناوبردنی گوڵ و خونچەکان نەکردبوو. ئەوان لەناو ئەو خانووە هەموویان پێدەکەنن، رۆژانە و بەیانییان (گوڵەکان) سڵاو لە مامۆستاکە دەکەن، بەیانی باشی لێ دەکەن، لێ نزیک دەبنەوە و بەسۆزەوە بۆ قەدی دەچەمێنەوە، رێزی جەمەدانییە نەرمەکەی، سمێڵە باریکە ناسکەکەی دەگرن! گوڵ هەرگیز بۆ پیاو، بەتایبەتی پیاوی چەکدار و دەست بەتفەنگ نەچەماوەتەوە، بەڵام بۆ یەخەی سینگ، بۆ چاوی رەش بۆ مەستی بولبول، بۆ بەیانی پاکیزە، بەسۆزەوە دەچەمێنەوە. بەخۆڕاییش بۆن بە ژن دەدەن، چونکە دەزانن، ژنەکانیش بۆن بۆ پیاو، بۆ کوژاندنەوەی گڕی سووتان لە گەردەن و بن گوێیەکانیان دەدەن!

گوڵ فێربووە بۆ ژنان بنوزێتەوە، بپارێتەوە، تا بیقرتێنێت، بە دوو پەنجە، ئەگەر بەناو لەپیشی بێت، بە مقەسێکی دەمتیژی، کۆنیش بیقرتێنێت، هەر ئارەزوو دەکات بە دەستی ژنێکی عاشق بێت، ژنێک بزانێت بۆ گوڵەکە لێ دەکاتەوە، کەی گوڵەکە دەقرتێنێت و گوڵەکەی بۆ چییە!؟

...

گوڵەبەڕۆژە ئاراستەی کردم

بەڵام وا لەو گوندە و زووتریش، لە شاریش، لە باخچە گەورەکەی ماڵی خۆشیان، بۆ حەزرەتی ئیسماعیل سەرهەنگ گوڵ، گوڵی ناوچەکە، گوڵەکانی تۆی لەدەرەوە دەهاتن، کرنۆش دەبەن. چونکە ئەو دروستی کردوون، ئەو خزمەتیان دەکات و دەستی نازیان بەسەردا دەهێنێت، ئەو دەزانی کەی ژووان بکەن!؟

ئەو دەڕۆیشت، ملی ڕێگایەکی بێ ناونیشانی گرتبووەبەر، تا لەوێ بە مامۆستا بڵێت:

لەودەمەی تۆ لەو دوو ژوورە، لەو گوندە لاچەپە دەژیت و کاردەکەیت، سەدان ڕۆژنامەنووسی بیانی پیاو و ژن، بە جلی کوردی و کامیرا بەدەست و جەمەدانی لەمل و لاوازی جانتا لەکۆڵ، هاتوونەتە لات. وا من ئیمڕۆ پێشمەرگەیەکی تەیارەشکێن، ئەوەی بەفشە بەگەڵ شۆرش کەوتووە. لەوەتی هاتووە شەوانە نەخەوتووە. لەجیاتی هەموو هاوڕێیەکانی شەوانە پاسەوانە. ئەگەر هەموو شەوەکانیش وریا و ئاگادار نەبێت، ئەوە زوو زوو، پێش یەکەم تیشکی خۆر، هەڵساوە. چونکە ئەو کوڕە کورەچییەکی هەولێرە، باوکی، زووتر باپیریشی هەر کورەچی بوون، شەوانە کەم خەویان لێکەوتووە، بەیانییان زوو هەڵساون. بەپەلە چوونەتە سەر کورەکانیان، قووڕە خوساوە سەر بەکا و بەزەبڵەکە هەڵگێڕنەوە، زوو و بە فێنکی ڕۆیشتوون!

ئەو لە گوڵێکی سووری دەم بچکۆلانەی شەرمنی بن دیوارەکە دەپرسێت:

زەحمەت نەبێ، دەتوانم مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ ببینم!؟

خونچەیەکی بزێو، خۆی لە سێبەری هەیوانی ژوورەکە دوورگرتبوو، لەجیاتی گوڵەکە، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکە، دەمی دەکاتەوە و دەڵێت:

سوپاست دەکەم، تۆ پرسیارت کرد، منیش لەگەڵ دەنگ و هاتن و رازکەت دەمم کرایەوە. بە سایەی تۆ هاتمە سەر ژیان. بەر لەوەی زەبری بەفر دەربکەوێت، بەر لەوەی شاخیش، لەبەر شانی گەورە و گرانی بەفر و سەرما نەوی بێت، من دەمم کردەوە، چاوم کردەوە. چەند رۆژە فڕۆکە هەراسانی ناوچەکەی کردووە، من دەمم نەدەکردەوە. هەفتەیەک لەبەر پرسەی بۆردومانەکەی فرۆشگاکەی چۆمان، نەمویست رەنگە سوور و پەمبەکەم دەربخەم و دەمم نەکردەوە. لە (خەفەتی شەڕەکان)ی سەرتیز و گەرووی عومەرە ئاغا تاقەتم نەبووە، دەمم بکەمەوە. چۆن رووە سوورەکەم بکەمەوە، وا خەریکە زۆزک درزی تێدەکەوێت، هێرشەکانی حکومەت ئەوەندە چڕ و ئاگرینە، خوێنیش بەرگەی ناگرێت، ئەو هەموو گەنجە، پێشمەرگەکانی باڵەکایەتی، زۆزک، هێزەکانی لە ناوچەکانی شاربازێرەوە، مانگ مانگ لەو شاخانە بەرگری دەکەن، هەر دوژمن پێشڕەوی دەکات. من چۆن دەمم بکەمەوە، بۆنم پەخشان بکەم، تۆ پرسیارت کرد من گەشامەوە، من دەمم کرایەوە!

فڕۆکەیەکی باجەر لە ئاسمان، وەک دندووکە بەفر دیار بوو، بەرز زۆر بەرز بەئاسمانەوە گیرسابووە، ئەوەندە بڵند بوو، وادەتزانی راوەستاوە و ناڕوات. گوڵەکە شەرمەزار دەکات، کە بە رەنگی سوورەوە دەرکەوت، شەرم دەکات، شەرمەزارە، رەنگە باجەرەکەی ببووە پەڵە هەورێکی تۆراو، ببووە گۆزە ئاوێکی هەڵم و تەم، رەنگی ئەوی دیبێت، بۆیە پێچێک بە تەنە گەورەکەی، بە ناپاڵم گەورەکانی ناوەوەی دەکاتەوە و دەگەڕێتەوە. دەیەوێ دوو سێ ناپاڵمەکەی ناوەوەی بەتاڵ بکات!

باجەرەکە، پیلۆتە دڵڕەقە عەرەبەکە، کە ناپاڵم فڕێ دەداتە خوارەوە وادەزانێت:

کارگەی گەورە و بەنداوی پان و کەشتی زۆری بارکراو و سوپا و جبەخانەی پانوبەرینی ناوچەکە خاپوور دەکات. نازانێت بۆ رەنگی سووری گوڵاڵەیەک تازە دەمی، لێوەکانی، برژانگی، لاسکی، کاسەی، دەزوولەکەی، جوومگەکەی بۆ دەنگێکی نوێ و هەستی پیاوێک کردیتەوە، هاتووە، دیمانەیەک لەگەڵ شوفرەزانی شۆرشەکە، هاتووە بۆنی و هەناسەی گوڵەکانیشی بکات!

...

بەیەکەوە سەیری دەفتەرەکە دەکەن، مامۆستا لاپەڕەکان هەڵدەداتەوە، چەند دێری لاپەڕەکان دەخوێنێتەوە، قەناعەت دەکات قسەی بۆ بکات. دەزانێت پەرۆشە و مەبەستێکی جوانی هەیە. ئەویش گوڵ شەیدای کردووە. گوڵ لە نووسینی راهێناوە، گوڵە، کە قەڵەمی گەرم کردووە و دەنووسێت:

من یەکەم فەرمانبەربوم، بومەتە پێشمەرگە، هاتوومەتە ناو شۆرش، لەجیاتی بڕنۆیەکی درێژ و فیشەکی زەرد، رۆژانە خەریکی گوڵ بووم. کە بەو کێوانە دەمامەوە، لە قەراخ ئاوەکان، مەست بە دیار گوڵاڵەکان حەیران دەبووم.

لە هەموو گوندێک گوڵێکی نوێم دۆزیوەتەوە، گوندەکەم بەو ناوە ناسیوەتەوە. شوانێک گوڵێکی بۆم دەدۆزیەوە، ناوی شوانەکەم بەناوی گوڵەکە گۆڕیوە. گوڵم چاندووە، لەبەر دەرگای بارەگای بەتالیۆن، لەنزیک جبەخانەکەی ناو ئەشکەوتەکە، بەرامبەر فڕنەکەی رۆژانە دووجار (نانی

بۆ پێشمەرگەکان دەکرد). ناردم لە شار بەرگێک بۆ رادیۆکەم بکەن، داوام کردبوو پێشەوەی بە گوڵ بنەخشێنن!

بەردەوام، لە بارەگەمان، لەناو بوخچە و کەلوپەلە شڕەکانی پێشمەرگەکان، لەتەنیشت خەریتەکانی فیشەک، سەندوقەکانی نارنجۆک، لەگەڵ بۆنی سابۆن و بۆنی تۆی وشکی سەر شەڕواڵی پیاوەکان، لەو ژووره تاریکە دەم بەدڵۆپەیە، چاو بە شێیە، بسکی کاریتە شکاوەکە. لەوێ لەو ژوورەی چەند هەگبە گوڵی وشکراوەم هەبوو، گوڵی سوور وەک خوێن. زەرد وەک لێوی لقی شکاوی پێشمەرگە لە ئەنجامی شەڕێکی سەخت لەگەڵ دەبابە و تەیارە و تۆپخانە. من هەموو رەنگەکانی گوڵم هەبوو. کە (ساوەرە) سپییەکەیان بۆمان تێدەکرد، بەر لەوەی ساوەرەکە بگاتە دەمە برسییە ماندووەکان، من ساوەرەکەم، قاپەکانم بە گوڵە وشککراوەکە، بە رەنگەکان، بە بۆنەکان دەرەشاند!

من هەموو بەیانییان، پەڵکە گوڵ و خونچە گوڵم لەناو کترییە رەشە دەمشکاوەکەی چا دەکرد، بەوەش رەنگ و تامی سازگار دەبوو. گوڵم لەناو بالیفەکەم کردووە، بۆیەش ئەوانی تر پاڕاونەتەوە گوڵ و خونچەیان لەناو بالیفەکانیان بکەن. ئامێر هێزەکەمان، سەرلقەکان، هەموویان بالیفیان بۆنی گوڵی لێ هاتووە، تا رۆژێکیان پێشنیار دەکەن، ناوی لق و پەل و دەستە و ناوچەکان بەناوی گوڵەوە بکەن! ئەوەندە سەیری گوڵم کردبوو، گوڵاڵەکانیش فێربوون، کە منیان دەبینی (لاسک) و مل و گەردەنیان درێژتر دەکرد، بۆنیان دەنارد، رەنگیان دەبەخشی!

لە جوانی گوڵ و رەنگی گوڵ و چاندن و چەمانەوە بۆ لقی گوڵەکان، ئیلهامێکم بۆ دروست بوو. بەهەرەیەک، هەرگیز بیرم لێی نەکردبووە، هاتە ناو هزرم، شارەزای مۆرس بووم، بوومە (ساموئیل مۆرس)، پیاوە ئەمریکییەکەی لە نیگارکێشان، لەبەر برسیەتی و شەیداییەوە داهێنان

بۆ هەموو دونیا پەیدا دەکات. تەلگراف درێژتر دەکاتەوە، تا بگاتە هەموو جیهان، لە ئەوروپاش بپەڕێتەوە.

من لە گوڵی بەیبوون فێربووم نهێنی چییە! لە گوڵەبەرۆژە ئاراستەکردنی دروست و راست فێربووم. لە (بسکۆڵە)، گوڵ هەیە ناوی بسکۆڵەیە سووڕانەوە فێربووم. لە گوڵی بەرکەمەر، پیتە بازنەیەکانی ناو بروسکەکان فێربووم. پشتیوانی لە بووکی پشت پەردە، گوڵەکەی ببووە بووکێک و لەپشت پەردەوە نازی دەکرد، ئەو گوڵە منی هەژاند.

لەبەر بۆنی گوڵ و رەنگی گوڵ، هەستم دەکرد، خەیاڵ ببووم، لەناکاو وەک جریوەی کانی، زیوین، سازگار بەهرەیەکم تێدا خولْقاوە، بەڵام نەمدەزانی چییە، نەمدەزانی ژیانم لەگەڵ گوڵ، پەنجەم لەگەڵ قامک و باسکی گوڵ چی فێرکردووم!

نەمدەزانی، من نەمدەزانی گوڵ، تا رۆژێکیان، لە گەرمەی گەڕانەوەی مەفرەزەیەکی ماندوو، هەڵخستنی دوو سێ جەمەدانی پڕ نهێنی، لەبەر چاوی گەشی هەتاوەکە، کردنەوەی پشدێنی لوولدراو و توندکراو، بە خەریتەی فیشەک. لەوێ لە ریزی نانخواردن، لەگەڵ برسیەتی، تینوویەتی، پەرۆشی هەواڵ و شەیدایی سەرکەوتن. لەوێ لەنزیک (وەلی لاسلکی)، پیاوە باڵابەرزە خوێندەوارەکەی، لاسلکییەکەی، بەقەد چاوەکانی خۆش دەویست، دەیووت:

لەوەتی ئەو لاسلکییە رەقم نۆیەمان بۆ هاتووە، هەست دەکەم، من لە جاران پیاوترم، ئازاترم. هەواڵەکانی بۆمان دێت، قسەکانی بۆمان دەکرێت، بەو جیهازە خۆشترە. مۆرس و دەنگی لە جیهازەکانی، رەقم دوازدە و رەقم نۆزدە و رەقم بیست و یەکەکە، خۆشترە. من ئەوەم نەدەزانی مامۆستاکەی لە دەورەکەی گەلاڵە، ئەوەی ناوی لە خۆی نابوو، مامۆستا هوشیار ئەو دەیووت:

کەی جیهازی ئەمریکی رەقم نۆمان بەدەست گەیشت، کەرەستەکانی شۆرشەکەمان تەواو دەبێت. بڕوابکەن، رێکەوتنی یازدەی ئازار بەرهەمی هاتنی ئەو جیهازە رەقم نۆیە بوو. وەلی لاسلکی دەیووت:

(ئەو یەکێک بوو لەوانەی لە گەڕەکی تەیراوەی هەولێر، شەوانە راوەراو و کۆبونەوەی زۆری کردبوو، بۆیە لەو نۆ کەسەی بەنهێنی، یەکێک لەوانەی بڕوایان پێیکردبوو، دڵ و هەناسە و قووڕگی شۆرشیان لەبن دەستی دانابوو. دەمارەکانی نێوان دڵ و ئەندامەکانی هەموو چیا و سەنگەرەکانی لەبن دەست بوو. جیهازێکی راکالی رەنگ پێستی مار، پشت وەک کیسەڵیان بۆ ناردبوو) من شادمانم کە هەواڵی سەرکەوتن و دەسکەوت دەنێرم! نازانم چۆن کوێر نابم، کە وردەکاری شکانێک، شەهیدبوونی پشدێنێک، کەوتنی جەمەدانییەک، کردنەوەی خەریتەیەکی فیشەکی پشتی هاوڕێیەکم، کە زۆرجار بۆ رێکخستنی سەروقژم، موسێکی لە پشتی ملم دەدا، زۆریش من ئاوێنەم بۆ رادەگرت، کە جەمەدانییەکەی دەبەستا، زۆر دوودڵ بوو لە بەستانی جەمەدانی، دوو سێ جار ئەگەر بەپەلەش بوایە، جەمەدانییەکەی لێدەنایەوە هەتا دڵی دادەکەت، هەواڵی شەهیدبوونی ئەو دەنێرم.

شەوانە، وەلی لاسلکی کە لەدیار جیهازەکە، لەبەر بەژنی دوو دار و تێلەکە بەر بارەگەکە قیت راگیرابوو، دەخەوت:

ددان و شان و پیل و پەنجەکانی، وەک مۆرسی لاسلکییەکەی شانازی پێوە دەهات.

کە جیهازەکە سووک و گران نەدەبوو. کە هەواڵی شکان، یان شکانی قاچ و دەستی پێشمەرگەیەکی دەگەیاند! شەوەکە، رۆژەکە نانی نەدەخوارد، تووڕە دەبوو! بەڵام جیهازەکەی خۆشدەویست، کە هەواڵی گەیشتنی چەند پارچە چەکی نوێی دەگەیاند. کە لە بروسکەکە دەنووسرا، لەورۆژانە دوو

ڕۆژنامەنووسی بێگانە، پیاوێکی قەڵەو و (ژنێکی زراف)، لەگەڵ چوار پێشمەرگە بەڕێوەن و ماوەیەک لەلاتان دەمینێنەوە! بەیانییەکەی دڵشاد و زوو هەڵدەستا و پاک ریشی دەتاشی، بەستانی جەمەدانییەکەی توندتر دەبەستا!

دڵی خۆش بوو، کە پاتری جیهازەکەی پڕ دەبوو، سەرە سەعاتەکان دەهات و جیهازەکەی دەکردەوە، بروسکەکەی دەنووسیەوە و شوفرەکەی حەل دەکرد.

دڵی خۆش بوو، کە لە هەولێرەوە برادەرێکی بەیەکەوە لە قوتابیان بوون، دەردەچێت و گەیشت و داوای کردبوو، بینێرە لای وەلی لاسلکی. کوڕەکەی بەیەکەوە لە کۆڵانەکانی تەیراوە، شەوانە کۆبونەوەیان کردبوو، هەردووکیان نەدەترسان و ئەرکەکانیان بەیەکەوە رادەپەڕاند.

...

من لە گوڵەکان دوورکەوتبوومەوە، لەکن وەلی دانیشتبووم، جیهازە راکالە رەقم نۆیەکە چەکەچکی نەمابوو، سەرە سەعات و نیوە سەعاتیش نەبوو. ئەو قاپە ساوارەکەی لەسەر رانێکی دانابوو، لەسەر رانەکەی تری بروسکەیەکی لەسەر پانکردبووەوە، سەیری دەکرد.

لەناکاو و بەبێ ئەوەی بیری لێ بکەمەوە پیتەکان، ژمارەکان لەسەر پارچە کاغەزە ئەسمەرەکە بۆم هەڵدەپەڕین، سەیریان دەکردم، ژمارەکان، ریزە پیتەکان دەجولان، ئەو دوو پەنجەی بۆ تۆپەڵە ساوارەکەی ناو قاپەکە دەبرد، من هزرم بۆ مشتێک پیت و ژمارەی مۆرسەکان دەبرد. مۆرسەکە بۆم کرانەوە. مۆرسەکان هاتنە قسە، گوێم لێ بوو، وتیان، زانیم نووسراوە، رەبیەکە لە گوندەکە بگوازنەوە، شەو خۆتان بپێچنەوە، بەیانی زوو زیلێک دەنێرین بتانگۆازنەوە.

پیتەکان، مۆرسەکان بۆ من، لەبەر چاوی من، بوونە ئەو دوو سێ وشەیە! قسەکانم بە وەلی گووت، ئەویش قاپەکەی لەسەر چۆکی هەڵگرت، پارچە کاغەزەکەی پێچایەوە و رۆیشت!

بەیانی زوو زیلێک، وەک (فیل)ێکی گەورە، لە رەبیەکە نزیک کەوتەوە، سەرباز و کەلوپەلەکانیان بارکرد، لە ئێمە دیار بوون، بە دووربینیش هەمووومان وردەکارییەکەمان بینی.

پەیوەندی مامۆستا و وەلی لاسلکی بەردەوام دەبێت، چەندین جار شوفرەکانی ئەو لە جیهازەکانی سوپا و حکومەت دەینووسینەوە، ئەو بە چاو و بۆنی گوڵ دەیانکاتەوە و دەبێتە جێگای بڕوا و زانین.

هەواڵەکە دەگاتە سەرکردایەتی، دەچێتە ناو مەکتەبی عەسکەری. بۆیەش ئێستا، من لەو گوندە و لەبەر رۆشنایی کاک ئیدریس! ئیش دەکات. هەموو شوفرەکان دەکەمەوە.

...

پیاوەکەی دەفتەرە گچکەکەی دەرهێنابوو، سەرەدێری لە قسەکانی ئەو دەنووسیەوە دەڵێت:

_کام ئیدریس!

ئەویش بەنەرمییەوە پێی دەڵێت:

_ئیدریس بارزانی، کوڕی گەورەی جەنابی مەلا مەستەفا.

باشە تۆ چۆن لە گوڵ، فێرە مۆرس و شوفرەکردنەوە بوویت!

گوڵ دەبێتە دەرمان و دیاری و هەموو چالاکییەکانی هزریش. من لە هێمنی گوڵەوە فێربووم، نهێنییە دوورەکان ئاشکرابکەم. لە گوڵەوە ناو و ئارەزووم گەیشتە بارەگای بارزانی، (باوەشینە گیا) منی هەژان،

(بسکۆلـه) ناسکەکە پیتـە درێژەکانی ناو مۆرسی بروسکەکانی بۆم هێنایە قسە. (بەڵاڵۆک) ،(بەیبوون)، (بن بەردۆک)، (بەرکەمەر) خەیاڵی منیان هەژاند. هەستم کرد بەهرەیەکم تێدا تەقیوەتەوە.

قسەکانی دەکرد و ئازاد دەینووسی، وەک رۆژنامەنووسێکی بەئەزموون فێرببوو، سەرەدێر و ناو و رۆژ و رازەکانی دەنووسی. پرسیاری نەدەکرد، چونکە مامۆستا لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو، سەربردەکەی دوورودرێژ و سیحراوی بوون.

سەری بەرزدەکاتەوە و گوێ لە قسەکانی مامۆستا رادەگرێت:

من هەرگیز بیرم لەوە نەکردبووەوە، رۆژێک من بەدیار چوار پێنج جیهازی لاسلکی و چکەچکەکانی دابنیشم. بروسکەکان شرۆڤە بکەم، وەک خۆی، وەک چۆن: ئەفسەرە عەرەبەکە، ئامیر لیواکە، قائید فرقەکە، سەرۆک جاشەکە، موتەسرەفەکە، (قائیمقام)ەکە. نووسیویانە. بووە بە بروسکە، منیش رەمز و پیتە مۆرسەکانم کردوتەوە نووسین، بەڵام بە کوردی، ئەوان نووسیویانە، من نووسیومەتەوە و بۆ ئیدریس بارزانی دەنێرمەوە، لەوێش:

هەواڵەکە، پەیامەکە. دەگاتە:

مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی عەسکەری و هێزەکان، عەلی شەعبان، فارس باوە، عەبدوڵا ئاغا، فەتاح ئاغا، (مولازم بێستون)، حەسەن بارزانی. بروسک و نهێنییەکە دەگاتە:

لقەکان، خورشید شێرە، فەرەنسۆ هەریری، شاخەوانی کۆمەڵایەتی و ... دارا تۆفیق و راگەیاندن و هەموو ئەمانەتەکان، کشتوکاڵ، پەروەردە، تەندروستی، کەمپی ئاوارەکان لە (نەلیوان)، رەبەت و ... زوو زووش و ماوەماوە مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ دەیووت:

من لە گوڵ فێربووم.

ئازاد فێرببوو، لە نووسینەکانەوە راهاتبوو، بۆیە دەپرسێت:

لە گوڵەوە فێربووی شوفرەکانی سوپای عیراقی بخوێنێتەوە و بزانیت چ نووسراوە!؟

بەڵێ من وادەزانم (مینا)، حاجیلەکەی خۆمان سەمام بۆ دەکات، (پەنجۆلەژەن) بۆ من پیت و ژمارەکانی سەر بروسکەکەی دەجولاند. لەبەرچاوانم دەبونەوە وشەکەی لەوێ چۆن نووسرابوو، من بەهرەیەکم بۆ خولْقابوو، (هاز) و (هەڵز) و (شەشپەڕ)، تۆ کەلیمات موتەقاتیعەی دوا لاپەڕەی رۆژنامە و گۆڤارەکان دیوە!

نازانم، هەرگیز رۆژنامەیەکم نەکڕیبوو، نازانم کەلیمات موتەقاتیعە چییە.

من وەک وشەکانی ناو کەلیمات موتەقاتیعە دەنووسمەوە، یەکێک دەدۆزمەوە، ئەوەی بەرامبەری، ژێرەوەی، سەرەوەی ئەوانیش دەکرێنەوە، وشەکان دەبنە رستەیەک، رستەیەکە دەبێتە هەواڵ، شۆرش سەرکەوتوو و حکومەتیش دەبەزێنێت. بۆیە لە فرقە و لیوا، لە شارەکان گومان لەسەر زۆر لە خەڵکە باوەڕدارەکانیان دەکەن. بلەز دەپرسن و کۆبونەوە دەکەن، لێکۆڵینەوەی زۆر دەکەن. ناوێک دوو سێ ناو، پلەیەک، بەرپرسی زۆریش، چاودێری وردیان دەخەنە سەر. کە دەچنەوە ماڵەوە، کە دەگەڕێنەوە سەر کارەکانیان. دەیانەوێ بزانن، چۆن نهێنییەکانیان ئاشکرا دەبێت! چۆن دەزانن، کەی فەوجێک دەڕوات و یەکێکی تر دێت. چۆن دەزانن، چ لە وقوعاتەکانمان دەنووسین! بە کردنەوەی شوفرەی بروسکەکان، جۆری چەکەکان، (کاتی هیرشەکان)، ژمارەی سەرباز و جاشەکان، دەزاندرێت! ئەوانیش، چەند کەس، لەسەر ئەو دەگرن و سزای قورسیان دەدەن!

چونکە نازانن، لەناو شۆرش، شوفرەکانیان بە رەنگی گوڵ و دەستی نەرم گوڵزارێک دەخوێندرێتەوە. پیاوێکی ورد و نەرم، هەموو مۆرسەکان وەک پیتی نووسینەکان دەخوێنێتەوە و سەرووی خۆی لێ ئاگادار دەکاتەوە!

....

گۆمە فێلاوییەکە

بەر لەوەی بیر لەوە بکاتەوە بگەڕێتەوە و بچێتەوە ناو رەبیەکەی، دەیەوێ چەند دێرێک بنووسێت. بەڵام لەوێ هیچی پێ نانووسرێت، گوڵ و نەرمی پیاوەکە سەرسامی کردبوو. (دیسپلین) و جوولەی بێتەل و مۆرسنووس و عەدەد جیهازەکان، هەڵوەستەیەکی جوانی پێ دەکات. یەکەمجارە هەست دەکات، لەناو شۆرشیش، لەگەرمەی شەڕەکانیش، دیمەنی جوان و ناسکیش هەیە. هەموو چالاکی و هەڵسوکەوت و زانیارییەکانی، گرووپەکەی شوفرەکانیان دەخوێندەوە، بە شاناز دەزانێت. پاش گەڕانەوەی بەرهەمی گەشتەکەی ئەو چەند دێرە بوو، کە باس لەو گرووپە ناکات، چونکە مامۆستا سەرهەنگ پێی دەڵێت:

گرووپ و کار و چالاکییەکانمان نهێنییە، زۆریش تایبەتە! ناکرێ، کەس قسەیان لەسەر بنووسێت، یان بیگێڕێتەوە! باشە کوڕە کورەچییەکە. منیش زۆر لە کورەچییەکان دەناسم، زۆریان لە قوتابخانەی بۆتان و هەڵگوردی سەرەتایی قوتابی من بوون و چوونەتە زانکۆش! بەڵام تۆ، ئازادی و دەتوانی باسی گوڵزارەکانم بکەیت، دەتوانیت بە ئارەزووی خۆت، گوڵاڵەکانم بۆن بکەیت. دەتوانیت دڵت بە چاوی گوڵەکانم بکەیتەوە، بەڵام باسی مۆرس و شوفرەکان، لەناو لاپەڕەیەکی نهێنی

ناوەوەت بنووسەوە و هەڵیانبگرە و دیار نەبێت! ئازاد ئەو رازە، بۆ یەکەمجار، بەڵام هێشتا سامی ئامۆژگارییەکەی ئیسماعیل سەرهەنگ و ترسی نهێنییەکە، (رایدەچڵەکێنێت)، لە کۆڕەکەی باخی شار و بەرامبەر کۆترەکان دەگێڕێتەوە.

ئازاد لەجیاتی نهێنی و کار و پێویستییەکای مۆرس و شوفرەکان، ئەوە لەناو دەفتەرەکەی دەنووسێت:

هەتا ئەو چەند سەعاتەی لەوێ بووم، لەو شوێنەی شاخەکان بەرزن، دارگوێزەکان قەدیان بۆ رووبارەکە چەماوەتەوە. لە سەربانێک دوور و بڵند، دوو سێ ژن دووربەدووری دەبینێت، کە ئەوان دەبینێت، سەیرێکی گوڵەکانی بەر هەیوانەکە دەکات، گوڵاڵەکان زۆرتر دەگەشێنەوە. یەکێکی تری لێوە دیارە، کراسە تەنکە شینەکەی، بە دڕکی پەرژینی باخچەیەک وەنووسابوو، رادەوەستێت، کراسەکەی، رەنگەکەی، گوڵەکەی، چاوەکەی تا نەدڕێت لێدەکاتەوە.

...

لێرە، زۆر نزیک لە گۆمە فێڵاوییەکەی بناری (سێ کێل). گۆمە شینەکە، کۆدۆ زوو بەفری سەری خۆی تێدا دەبێنێت، دەیەوێ هەڵبستێتەوە، بەژنی قیت بکاتەوە و بگاتە ئەو فڕۆکانەی رۆژانە، ئەگەر هەور نەیانگێڕێتەوە، ئەگەر لە ترسی باران نەبێت، گوند بە گوند، بارەگا بە بارەگا، لوولەی باریکی شینی دووکەڵی ئاگردان و چای شوان و قژ شووشتنی بووکانیش بۆردومان دەکەن!

...

مۆرس

چەند سەعاتێک، هەستکردن لە نهێنی مۆرس رایدەگرێت، گەڕانەوە بۆ ساڵانی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم، ریشی درێژی ساموئیل مۆرس، ئەو ناوەی ئیسلامەکانی پێی دەڵێن ئیسماعیل. مۆرس بە داهێنانەکانی ئێستاش ریشە پانەکەی ماوە و دەبریسکێتەوە.

بەڵام لێرە و لەو شۆرشە، لەو گوندەی گۆمە فێڵاوییەکە چەقاندویەتی، ریشە درێژەکەی تەسلیمی ئیسماعیلێکی تر دەکات، (بەڵام لێرە بە ئیسماعیل دەڵێن، سمکۆ)، وا گەمە بە مۆرسەکانی ئەو دەکات، مۆرسەکانی ئەو، بۆ جەنگێکی تر بەکاردەهێنێت، ئیسماعیل سەرهەنگ بە ساموئیلەکەی، لەنێوان ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا زانستەکەی ماندووی کردبوو، دەڵێت:

من بەو مۆرسانەی تۆوە، کە کلیلەکانم لە بۆن و جوانی گوڵ دۆزیەوە! خزمەتی میللەتەکەم دەکەم!

(ئەویش دەکرێ بەو رازەی خۆی وەڵامی بداتەوە) بە برسیەتی و پەڕینەوە لە دەریا و ئوقیانووسەکە ئەوەم دۆزیوە! تۆش پیاوە عاشقەکەی گوڵ، بەوانە، بە مۆرسەکانم بوویت بە چ!؟

من گوندێکم لەبەردەستە! دوو ژووری خاوێن و چەند جیهازێکی راکال و ئاسمانێک و رووبەرێکی بەپیت، بۆ (گوڵچاندن) و کۆکردنەوەی رەنگی چاوی گوڵەکان!

ساموئیل مۆرس، پێی دەڵێت:

_چیتر، چونکە من زۆر ماندوو بووم، زۆریش ئازارم کێشا کە لە ئەمریکاوە پەڕیمەوە! تا ئەو مۆرسانەم دۆزیەوە، تەلەگرافم کردە راستی و هەردوو جیهانم گەیاندەوە یەکتری.

_به مۆرسەکانی تۆ، خوێنی رژاوی میللەتە داماوەکەم کەم کردیتەوە. نەوەکانی تۆ، دەزانن، چەند خوێنمان رشتووە و چەند ماندووین، چەندیش، فێڵیان لێ کردوین!

...

ئیسماعیل سەرهەنگ، لەبەر بارەگاکەیان وەستابوو، چاوەڕوانی پێشمەرگەیەک بوو، وتبووی دەچمە ناو چۆمان بزانم کەس نادۆزمەوە، تازە لە هەولێر هاتبێت، هەواڵێکی گەڕەک و کۆڵان و ماڵەوەمانی پێ بێت، یەکێکیش پێی دەڵێت:

بڕۆ لەوێ لەجیاتی ئێمە، کە لە حەمام هاتیتە دەرەوە، کێک و کاسترێک لە دووکانەکەی نزیک پردەکە بخۆ، من پارەکەی دەدەم.

ئەو دەترسا، نەدەیویست پێشمەرگەکانی زۆر دابەزن، خۆی دانەدەبەزی تا ئەوان تێکەڵ نەبن! تا ئەوان خزمێک، ناسیارێک، کۆنە برادەرێک نەبینن و لێیان نەپرسن لەکوێ دەوام دەکەن. تا پێیان نەڵێن، شەو جێگەی نووستنمان نییە، ئەسپێ و بۆنی نووستنی ناو مزگەوتەکان هەراسانی کردین، خوێنی شەڕەکان، کاسبوونی دەنگی تۆپ و (راجیمە)کان، تەقینەوەی لوغمەکان، زرمەی تانک و سووتان و یادی ئەزیزان! هەراسانی کردوین، دەمانەوێ شەوێک، دوو شەو، دوور لەو گۆبەندە بخۆین و بخەوین و خەونیش ببینین.

...

_من شانازم! (پیاوەکەی شوفرەکانی دەکردوە بە ساموئیل مۆرس دەڵێت).

_بە چ؟ (ئەویش دیارە شانازە، بۆیە دەڵێت).

بەوەی بە مۆرسەکانی تۆ، بەئاسانی و بەبێ ئەوەی گیانی کەس بکەوێتە مەترسی، کەس رەوانە بکەین، کەس راسپێرین، هەموو نهێنییەکانی دوژمن دەزانین.

هەردووکیان ئیسماعیل بوون، بووبوونە قوربانی خۆپەرستی ئیبراهیمێک، لەوێ ئەوەی ناوی ئابراهام بوو، (ئابراهام لینکۆلن) ریزی ناگرێت و دەربەدەری ئەوروپا دەبێت. دووبارە خوێن و ناو و رەچەڵەکەی دەگێڕێتەوە ئەوروپا. لینکۆلن گوێی لە مۆرسەکانی نەگرت، بەناچاری ئاوە بەرینەکەی ئوقیونانووسەکە دەبڕێت و دەگەڕێتەوە ئەوروپا.

تۆش، سەرۆکی وڵاتەکەتان، گوێی لە مۆرس و داوای ئێوە نەگرت و هاتونەتە بەر سام و ترسی گۆمە فێڵاوییەکەی ئەو گوندە. کەوتوونەتە ناو فێڵی ئیرانییەکان، کەرەج و جیهانی دەرەوە، بەڵێنەکانی کەس نازانێت چۆنە و ماوەکەی چەندە و بەندەکانی چییە**!؟**

...

حکومەت نازانێت

لەودەمانەی ئەو لاپەڕەیە لەبەردەم خەڵکەکە، لەناو پارکی شار نمایش دەکرا، هەموو دەپرسن:

_بەڕاستی ئەو پیاوە، ئەو مامۆستایە هەموو شوفرەکانی دەکردەوە؟! (زۆرتر لە چاوێک گەش دەبێتەوە، چەند کەسێکیش بەسەرسامییەوە دەپرسن).

ـبەڵێ وەک چۆن بۆی گێڕامەوە، هەموو نهێنییەکانی حکومەت و شەڕەکانی دەزانی. (ئازاد زۆر سەربەرزانە دەڵێت).

بەڵام لەوێ ئازاد نەیووت:

لەورۆژانە، نەدەکرا ئاسمانی ناوچە ئازادکراوەکە، حکومەتەکە، لە هاتنی فڕۆکە و بۆردومانەکان بپارێزن. نەدەکرا، بەرنامەی زانکۆی قەڵادزە سەربگرێت، چونکە هەر زوو کۆمەڵکوژییەکە هەڵیوەشاندەوە. لەو چەند مانگەی شەڕەکان گەرم و خوێناوی بوو، هەزارەها خێزان ئاوارە بوون، بەنامورادی و نائومێدییەوە کەوتنە ناو خیوەتگاکانی ناو ئیران. چەند شارۆچکە و شاخ و گرد و گوندیش گیرا. ئەوەی لەو شۆرشە سەرکەوتنی مسۆگەر و سەرفرازی بوو، کردنەوەی شوفرە و مۆرسەکان و نهێنیپارێزی ئەو گرووپە بوو.

...

ئەگەر مامۆستا، وردەکارییەکانی زۆر بۆ باس نەکردبوو، بەڵام ئازاد ئەوەندەی لێ دەزانێت، ئەو چۆن کاردەکات:

پاش ئەوەی بروسکەکانم بۆ دادەنێن. بەرۆژ هەمووم بۆ وەردەگرن، لە هێزەکان، لە لقەکان، لە بارەگای بارزانی، هەمووم بۆ کۆدەکەنەوە. شەوانە، پاش ئەوەی هەواڵەکان تەواو دەبێت، شرۆڤەکانی ئیسرائیل و هەڵوێستی عەرەبە شۆڤینیەکانی قاهیرە و (شام) گوێ دەگرم. من لە بێدەنگی رادیۆکان، لە گەڕانەوەی فڕۆکەکان، ماوەماوە سەرێک لە دیمەنی بروسک و رووناکی تۆپبارانەکان دەدەم. چەند هەنگاوێک لە گۆمەکە نزیک دەبمەوە، نەوەک منیش وەک شوانەکە ئاوەکەی بمخنکێنێت و ونم بکات. دەگەڕێمەوە ناو ژوورەکەم. ژوورەکەم چرایەکی کزی شەرمنی تێدا دەسوتێت. دەلاقەکانی چەند کتێبێک و دوو دیوانە شیعر، سێ رۆمانی عەرەبی و چەند رۆژنامەیەکی فارسی هەر بۆ

سەیرکردنی وێنەکانی تێدایە. ژوورەکەم لەوەتی من وەرمگرتووە و پاکم کردیتەوە جگەرەی تێدا دانەگیرساوە، دووکەڵی سۆباکەم بەسە! یەک بە یەک سەیری بروسکەکانی، لەسەر کاغەزە تەنکەکە، وەک رەمز و پیت و نیشانەکان نووسرابوو، دەکرد:

دەمزانی، دەمخوێندەوە، دڵنیادەبووم، بەڵام هەواڵەکە، رووداوەکەم بەدەنگ نەدەخوێندەوە، لەگەڵ خۆشم باسم نەدەکرد، بە دیواریشم نەدەووت. هەواڵەکان، وردەکارییەکان، ناوەکان، کات و شوێنەکانم بە چرا کزە یەک چاوەکەشم نەدەووت. زۆریش لە گۆمە فێڵاوییەکەش دووردەکەوتمەوە. دەترسام ئاوی ئەو گۆمەشم نەدەخواردەوە، چونکە من نهێنییەکانم هەڵگرتبوو، زۆر شتم دەزانی، زۆرم دیبوو!

دەترسام دەستم لە ئاوەکە بدەم، نەوەک نهێنییەکەم ئاشکرا بێت، دەترسام ئەگەر وێنەم لەسەر ئاوێنەی گۆمەکە دەربکەوێت، بناسرێم، زۆر نزیک نەدەبوومەوە، شەوانە و پاش سەیرکردنی (بروسکەکانی حکومەت)، باش دەمزانی:

لە شارباژێر چەند مەفرەزە چوونەتە ناو شار، لەوێ تەقەیان لەکام بارەگا و سەیتەرە کردووە!

دەمزانی و بە بارەگای بارزانییم دەوت:

حکومەت هێرشەکانی زۆرتر بۆ سەرکردایەتییە، دەیەوێ دەزگاکانی شۆرش بگرێت و دائیرەکان نەهێڵێت!

من دەمزانی حکومەت زۆر پەرۆشە و نازانێت، بۆچی و چۆن ئەو میللەتە لەو شاخانە بەرگری دەکات. بە ژمارە بە مەکتەبی عەسکەرییم دەووت:

لە ماوەی شەو و رۆژێک لە چەند گوند لەو کوردستان فڕۆکە مێکەکان، سۆخۆیەکان، باجەرە بارگرانەکان بنکە و بارەگایان بۆردومانکردووە، لە بروسکەکان دەمزانی:

شەڕەکان چەند گران و خوێناوییە! هەموو شتەکانم دەزانی و بۆم دەناردن.

لەوەتی زانیبووم لەو گوندە گۆمێکی فێڵاوی هەیە، گومانم لە فێڵەکانی ئیران و دۆستەکان و تۆپ و هۆکەکانی سەر چۆمان کردبوو! بەڵام قسەم نەکرد، چونکە دەمزانی بڕوام پێ ناکەن، دەمزانی دەڵێن:

حیکایەتێکی پیرەژنانە لەو باڵەکایەتییە هەیە:

گوایە شوانێکی زیتی چاو وەک چاوی گورگ، نازانن لەکام گوندەوە، لە کام هەوار هاتووە، ماوەیەک بوو، بەشمشاڵەوە، لەگەڵ رانە مەڕەکەی، لەگەڵ جوولەی و بزێوی بزنە ردێن درێژەکان، لەسەر ئەو گۆمە دەمایەوە، شەوانە دەڕۆیشت. بەڵام هەتاو، بەیانییان زوو دەیهێنایەوە، هەوریش لە ئاسمان بووایە هەر دەهات، عاشقی چاوی شینی (گۆم)ەکە لە کەللەی دابوو، جارێک دەیووت:

ئەو گۆمە رووی زیوینی ئاوێنەیەکە و من جوان دەنوێنێت، بۆیە ناڕۆم.

...

زۆر لاپەڕەی دەفتەرەکە ئازاد شاناز کردبوو، ئەوەی باسی گوڵی تێدا بوو، لەوەش بەختیار بوو، بەو دەفتەرە ژنێک بەناوی سەرگوڵ دەدۆزێتەوە، بۆنی هەردوو گوڵەکە، ئازاد شاناز دەکات بە فشە بەگەڵ شۆرش کەوتبوو، چونکە بەرهەمی ئەو دەفتەرێکی وایە، ئیمڕۆ لەناو پارکی شار و لە پشوودانی نافوورەکان، نیشتنەوەی کۆترەکان، دەفتەرەکە نمایش

دەکات و ملپێچە سوورەکەشی دەبێتە مایەی جوانی و سەرەنج، هەندێکیش بە (لاساییەکی سەقەت) ناوی دەبەن!

...

ونبوونی شوانەکە

کە زۆریش سەیری چاوە کەیلەکەی کردبوو، وتبووی:

من وادەزانم لەو گۆمە جارێکیان مەرازێکم بۆ جێبەجێ دەکات، بەڵام دەترسم داوای مەڕ و بزن و شیر و خورییەکانم لێ بکات.

خەڵکی گوندەکە، شوانەکانی تری کوێستانەکە، لێی دەپرسن:

نەدەترسای داوای (گۆپاڵ)ی دەست و شمشاڵە زێرینەکەت لێ بکات؟

شوانەکە لە وەڵامدا وتبووی:

با دەترسام، لەو فێڵە، لەو سەرابە شینە، دەترسام، دەترسام داواکانی زۆر بێت.

شوانەکە، بە قسەی دیوەخانێکی کاریتە ئەستووری پاردە بەرز دەکات، دوودڵ و ناڕەحەت لەنزیک گۆمەکە نامینێتەوە. شوانەکە، سەرما و بەفر تەنگاوی دەکەن و دەڕوات. دیوەخانە دیوار ئەستوورەکەی ناوەندی گوندەکە، دەگێڕێتەوە، هەموو خەڵکی گوندەکانی بەرامبەر هەڵگورد و بناری سەکران، لە سەربانەکان سەیری ئاودیوبوون و تۆزی رانەمەڕەکەی شوانەکە دەکەن، گوێیان لێ بووە، چۆن شمشاڵەکەی نوزاوەتەوە، گۆپاڵەکەی بۆ ئەو کۆچە چەماوەتەوە.

بەڵام شوانەکە، بەهاری داهاتوو، کە بەفر بواری دابوو، دەگەڕێتەوە نزیک (چاوی جوانی) گۆمە فێڵاوییەکە. هەموویان، گوندەکە، خزمەکان، ئەوەی دەیناسێت، ئەوەی چەند جار شەکری لێ بڕابوو، قەندی نەمابوو، بۆی بردبوو، دیسان پێیان وت:

ئەو گۆمە فێڵزانە، ئەو ئاوە دەتخنکێنێت، نزیک مەبەرەوە، بڕۆ و دووربکەوە، لێمان دیوە، فێڵی شین و سوور و شیرینی هەیە، بڕۆ مەڕەکانت سەرمایەی خێزانەکە و خۆتە. ئەو فێڵاوە چەند ساڵە خەڵکمان قووت دەدات، بە جوانییەکەی، بە ڕەنگە شینەکەی هەڵمەخەڵتێ، بڕوا مەکە! بڕۆ، چیت دەوێ لەو گوندە، لەو لووتکە بەرزە، کونەپێستەکە هەموو بۆ خۆت، بەڵام وریای فێڵی سەراب بە، دەتفەوتێنێت. کوڕەکە لاسارانە، شمشاڵەکەی لەبەر پشدێنە قەیتانییە باریکەکەی رادەکات و دەڵێت:

پار، کە گەڕامەوە، گۆپاڵەکەم، چاوەکانم هەراسانیان کردم، پەشیمانم بە قسەی ئێوەم کرد و ڕۆیشتم، لەو شاخە وشکە، لەو هەورازە رەکە، زۆر نەمابوو بفەوتێین!

جریوەی ئاوی کانی گوندەکە، شەوقێک لە چاوی دەدات، تا چاوی بشکێنێت، ئەو بە رووقایمییەوە دەڵێت:

خەمی منتان نەبێت!

هەتا (زەردپەڕ)یش خەڵکەکە دڵیان قبووڵ ناکات، کوڕە شوانەکە جێبهێڵن، ئەو ئاگرێک دەکاتەوە، مەڕەکانی کۆدەکاتەوە، سەگەکانی نان دەدات، بڕیار دەدات لە دیار گۆمەکە بمینێتەوە! خەوی دێ، لەسەر گۆمە فێڵاوییەکە، سەری بە بەردێکی رەق دەکات و دەیەوێ بخەوێت!

...

هێشتا نیوەڕۆ بوو، لە سەربانەکانی گوندەکە، لەبەر زانیاری مامۆستاکەی گوڵ فێری کردبوو، شوفرەکانی مۆرسی حکومەت بکاتەوە. دەبینن شوانەکە، شەو کیژێکی ناو گوندەکەیان، یان ژنێکی قەرەجی چاورەش، یان نازی سووتانی ناو وێنەیەک، یان چاو و ناوقەدی سترانبێژێکی سۆزداری بەسۆز و خۆشییەوە دەگەوزێنێت.

شەو، چاوێکی هەر نەخەوتبوو، ژنەکە لەو خەوەدا خۆی بۆ رووت دەکاتەوە، رووت وەک بەفر. کە کەفەڵە سپییەکەی، سمتە دەستاڕییەکەی بەڕووتی دەبینێت، چاوەکەی تریش لە خۆشیان دادەخات، دەستی ژنەکە لەناو تاریکی دەگرێت، هەردووکیان تینوو، هەردووکیان لەمێژبوو چاوەڕوانی شەو بوون. شوانەکە لەو ساتانە، بە پاسەوانی دوو سەگە زەردە وریاکەی دەخەوێت، خەونەکە دووری دەبات، دەگاتە سەر خوانێکی (ترش و شیرین)، نەرم و گەرم، دەتاوێتەوە، ژنەکە بەئاسانی بۆی رووت دەبێتەوە، بۆن و نازەکەی مەستی دەکات. شەوەکە زوو تەواو دەبێت، سەرماکە، ئەستێرەکان لەوێ نەبوون، دز و گورگ و برسیەتی و شەرم لەوێ نەبوون، دەستیان بۆ یەک ئازاد، دەست لە مل دەکەن، دەگەوزن، دەبورێنەوە، هەڵدەستنەوە. شوانەکە زۆر بەنادڵییەوە رۆژباش لە بەیانییەکە دەکات، سەیری خۆی دەکات، شەو چوویتە هەوارێکی گەرم، بۆیە ئارەقەی کردووە، خوناوی لێ دەتکێت، تەڕ بووبوو، بۆیە بێ ئەوەی بیربکاتەوە، هوشدارییەکەی لەبیرمابێت، دەچێتە ناو ئاوی گۆمە فێڵاوییەکە.

شوانەکە، تا خۆی لەو گوناحە پاک بکاتەوە، گوێ ناداتە هاواری خەڵکەکە، سامی ئاوەکە، ترسی رەنگە شینییەکە، ساردییەکە، سەرکەشانە دەچێتە ناو ئاوەکە و ون دەبێت. هەموو دەیبینن چۆن ئاوەکە، گۆمەکە، ساردییەکە نقوومی دەکات و مێگەڵەکەشی پەرتەوازە دەبێت. زۆریان چونکە مەڕ بوون، (تاقەتی هەورازیان نەبوو)، بەستەزمانانە،

بەڵام ترساو دێنەخوارەوە. هەندێکیان بەڵام بە ژمارەی کەمەوە، بەرێنمایی چەند تەگە و بزنی بەئەزموون و شارەزای بەرد و ئەشکەوت، بۆ سەرەوە هەڵدەکێشن. شوانەکەش، لەناو ئاوەکە ون دەبێت و کەس نەیدۆزیەوە!

## بەشی حەوتەم

### سەیرانی سوتماکی فڕۆکەکە

بەیانی لە خەو هەڵدەستێت، ئەو نازانێت خەوی لێ کەوتبوو، یان لەگەڵ ئاوەکەی چۆمان، هاژەی رووبارەکە دوور رۆیشتبوو، سواری پشتی کاریتەیەک، (قەدی دارچنار)ێک بووبوو. بەڵام هەر ئەو رۆژە بە جێبێک دوور دەڕوات! شەوەکەی لەناو دووکانەکە بە سێ درهەم خەوتبوو، دەیتوانی بچێتەوە ناو خیوەتەکەی خۆی، چونکە دوور نەبوو، لە پردەکە دەسوڕایەوە، لەبن دیواری ماڵەکان سەردەکەوت و بە نیو سەعاتێک دەگەیشتەوە ناو خیوەتەکە. لەوێ چوار تەنکەی پڕ وردە بەرد و خۆڵ کردبوو و تەختەداری کردبووە شوێنی نووستن. ئەگەر جیرە و تەقەشی هەبوایە، ئەوەندە سەعاتی پاسەوان  و هوشیار و ئاگادار نەبوایە، دەخەوت!

بەڵام لەگەڵ کابرای دووکانەکەی کەباب و تەشریب و هێڵکەوروون و پەتاتە و پاقڵەی کوڵاو و نان و ماست و دۆشاوی هەبوو، لەوێش شوێنی (خۆشووشتن) و خۆبسمیلکردن و ریشتاشین و خۆگۆڕین و نامەنووسین و دیمانەشی هەبوو. ئەو بۆ هەواڵ و دونیایەکی جیاواز و شەوێکی نوێ و گۆڕینێکی بەهیوا دەمینێتەوە. بیر لەوەش دەکاتەوە رەنگە سەربردەیەکی نوێ لەوێ ببیستێت، بە نووسینەوەی لەناو دەفتەرەکە بشێت و بگونجێت.

چونکە هەموو شتەکانی گوێی لێ دەبوو، نەک بۆ ئەو، بۆ هەموو خەڵکەکە نوێ بوو. سەربردەکان زۆر بوون، هەر کەسە یەکێکی بەردەکەوت!

...

لەو شۆرشە و لەو کوردستانە پانوبەرینە، هەر لە (عەرەبەت)ەوە هەتا دینارتا و گەڵی زەنەتەش، یەک کەس هەبوو، شەوەکەی یازدەی ئازار، بە سەرخۆشی بەگەڵ شۆرش کەوتبوو.

لەو هەموو لڤین و چالاکییانەکان، یەک کەس پەیامنێری ئێستگەکە بوو، بە تەسجیلێکی بچووکەوە، کوڕە گەنجە لاوازە شاعیرەکەی، ئەویش زولفێکی درێژی رەشی ئەستووری بەلارووماتییەوە هێنابووە خوارەوە، دیمانەی دەکرد! ئازادیش بۆ خۆی دیمانەی دووردرێژی دەکرد، بۆ هەواڵ و (سەربردە)یەک دووریش دەڕۆیشت! بەڵام! لە پەیامنێری ئێستگەکە چالاکتر و بە بەرهەمتر بوو، چونکە ئەو زۆرتر کاری رەسمی و هەواڵسازی وشک و دووبارەکردنەوەی ئەنجام دەدا. ئیشەکەی ئەو وابوو. بەڵام دەفتەر و نووسینەکانی ئازاد، مەیدانی و جڤاتی و رۆحی بوون. نەیدەزانی قسە و ئاخاوتنی کێ دەنووسێتەوە! بەیانی ناوی کێ

دەکەوێتە ناو دەفتەرەکەی، ئەوان رازی چییان لە هزرە. نەیدەزانی، بۆیە پەرۆش بوو، دەفتەرەکەشی زۆر خۆشدەویست، بەرامبەر یارمەتی و موچە و پارەش ئەوەی نەدەکرد!

پێش ئەوەی فڕۆکە بێتە سەر چۆمان، (رۆژانە دەهات، جەولەی فڕۆکەکانی سەر چۆمان، بەقەد هەموو جەولە و بوردومانی بەرەکانی شەڕ و ناوچەکانی پێشمەرگە بوو) ئازاد نیسکەکەش لە دووکانەکەی چۆمان دەخوات، بۆ تەواوکردنی دیمانەکانی بەرەو گەلاڵە، یان سەر پردەکەی گەلاڵە بەڕێدەکەوێت. دەیەوێ لەوێ بچێتە دۆڵی بێشە و گوندەکانی بنار چیای زۆزک و گەرووی عومەر ئاغا.

ئەو ناوچەیەی شەڕی تێدا گەرمە، کوشتاری تێدا زۆرە، هەردوولا:

حکومەت بە هەموو چەک و جبەخانە و تۆپ و فڕۆکە و سەربازی پیادەیی، دەیەوێ فشار بخاتە سەر پایتەختی شۆرشەکە. دەیەوێ بگاتە سەر بەرزاییەکان گەلاڵە و (دیلمان) و قەسرێ و چۆمانیش بخاتە بەر هەڕەشە.

سەرکردایەتی شۆرشیش، کەمێک بە پشتیوانی (تۆپخانەی ئیرانی)، بەڵام بە ورە و خوێن و ئاگر و بەرنامەی سەربازی بەرگری دەکرد، دەکشێنەوە، بەڵام زوو لە بناری رەوەزە شاخێک، توند خۆیان دەگرنەوە و دەچنەوە پێش. سەنگەرەکان بە خوێن دەگرنەوە، هەموو هێزەکان، بەنۆرە بەشداری دەکەن!

بەتالیۆنێکی هێزی (خەبات) دەڕوات، یەکێکی (باڵەک) شوێنیان دەگرنەوە. ئەوان دوو هەفتەکە تەواو دەکەن و بەرەو شارەزوور، یان بۆ شاربازێر دەگەڕێنەوە. ئەو رێگایە دوورە دەبڕن، دەچنەوە ناو ئیرانیش، لە فرۆشگاکەی پێنجوین، ئەوەی جگەرەکێش بوایە، پاکێتی جگەرەی هەرزانی دەکڕی، هەتا ئوتومبێل دەڕۆیشت و رێگا هەبوایە سوار دەبون،

ئەگەرنا کۆمەڵ کۆمەڵ و شان بەتفەنگ، بە بارگە و رادیۆ و کەمێک فیشەکیش ڕێگاکە دەبڕن. سەرکەوتن و بریندار و شەهید و دیمەنی نوێ و شەڕی گەرم و پشتی زۆزک و شانی سەرتیز و چاوی گوندی هەسنان و گزرێیان دەبردەوە.

ئەوان دەڕۆیشتن لقێکی تری هێزەکەی (عەلی شەعبان)، بێتواتە، چەند شاخ و رووبار و گوند و مێرگیان دەبڕی و دەهاتن! سەردەکەوتن و رەبیەکانیان وەردەگرت و دەمانەوە.

هەر لەسەر شەقامەکە و لەبەر دووکانەکە، چالاکانە و دەستوبرد، خۆی بە جێبێک وەدەکات. جێبێکە زۆرتر لە باری خۆی نەفەری هەڵگرتبوو، ئەگەر لەپێشەوە لەگەڵ شوفێرەکەی سوار دەبوو، ئەویش بەپەلە نەبوایە و ڕێگاکەش وا کورت نەبوایە، لەگەڵ شوفێرەکە سوار دەبوو و لەتەنیشتی دادەنیشیت. شوان چکچکە، کەم کەسیش دەزانێت بۆ کە لە هەولێرەوە هاتووە ئەو ناوەی هەبووە، ماوەیەکیش بوو بووبووە شوفێری ئەو ماڵەی جێبی رەقم ٨٦٨ هەولێری سوور کرێی پێوە بوو. ئەوان جێبەکەیان وەک باخێکی گوندەکەیان خۆشدەویست. شوفێرەکەش قبوڵی نەبووە پێیان بڵێت، بۆ ئەو ناوەی لێنراوە! بۆ لەوەتی لە چۆمان دەژیت ناوی چکچکەیە، بەوە ناوەش تووڕە نەدەبوو. بەڵام بە کەسی نەگووتبوو، بۆ ئەو ناوەیان لێناوە، ئەوانیش پێیان نەدەووت، کێ پێی وتوون لە هەولێر ئەو ناوەی هەبووە!

شوفێرەکە هەر چەند هاواریش دەکات:

کاکە بارمان گرانە، جێگەت نییە!

ئەو منگەیەک دەکات، دەچێتەوە ناو جێبەکە. ئەو دەڕوات و لە بۆنی کەبابی پیاوەکەی تفەنگەکەی فرۆشتبوو، نیوەی پارەکەی بە کەبابخانەیەک دابوو، دووردەکەوێتەوە.

لەبەر ئەوەی بۆ نووستنەکە پارەی دابوو، ئەگەرنا لەدڵەوە هەستی بەوە کردبوو، شەوێکی شاهانە هەبووە، وایدەزای لە هوتێلێکی نازداری سەر رووباری (دیجلە)ی بەغدا نووستوە. لەوەتی هاتووتە دەرەوە، یەکەم شەوە، لە ژوور و ساباتێک بخەوێت، تەنها یەک کەسی تری لەگەڵ بێت. بەیانی لەکن کەبابچییەکە نەیوتبوو، نووستنەکە پاشایانە بوو! چونکە رووبارێک، لەبن سەری هاژەی دەهات، ئەسپیندارەکان، دار چنارەکان، ورشە ورشەیان بوو. ژوورەکە بۆن گۆشت و نان و ماست و سەوزە و خوێی لێ دەهات!

...

ئەگەرچی رێگاکەی نێوان چۆمان و گەلاڵە (بە پیوان و بە چاو) دوور نەبوو، بەڵام دەستێکی بە بۆڕی چادری جێبێکەوە دەگرێت، دەستەکەی تری توندتر بە جەمەدانییەکەی دەگرێت و دەڕوات.

لەبەر ئەوەی وەرزەکە سارد و بەیانییش بوو، فڕۆکەش بەئاسمانەوە نەبوو، جێبەکە تیژ دەڕۆیشت، بۆیە وەستان و خۆگرتنەکەی لەپشتەوەی جێبەکە لە (ئازاری خاچی حەزرەتی عیسا)، بۆ ئەو کەمتر نەبوو.

ئەو بەو رێگا کورتەوە و لەپشتی جیبەکە شەلالی ئاو بووبوو، هەموو گیانی قووڕ و لیتە بوو، بەڵام زۆر دڵنیابوو، کە دەفتەرەکەی وشکە و تەڕ نەبووە، دێرەکانی تەڕ نەبوون.

ئەو هەموو لاپەڕەکانی بە قەڵەم جاف دەنووسی، کە دێرێکی دەنووسی، لەبەرخۆییەوە دەیووت:

بزانە بزانە! قەڵەم جافی ئیرانی چەند جوان دەنووسێت. وشک نابێت، حوبر، لەسەر کاغەز پەرت ناکات و گیرفانیشمان لێ پیس ناکات!

باشە ئەدی نازانم بۆ (هۆک)ەکانی، ساروخەکانی لەسەر ئێستگەکە، لەسەر بەرزاییەکانی چۆمان، بەرامبەر خیوەت و تەیارەشکێنەکەی ئێمە دانراون! بۆ ناتەقن، چادرەکەیان لەسەر هەڵنادەنەوە، بەس بزانم ئەوانەیان بۆ چی هێناوە.

موحسین، کوڕە لاوازە تیرەمارەکەی لە شارۆچکەی گوێر هەڵاتبوو، ئەوەی ئەمنەکانی مەخفەرەکەی گوێری هەراسان کردبوو، دەمانچەیەک و پێنج شەش فیشەکی پێ دەبێت، وادەزانێت نەک گوێر، ئەوبەری ئاوەکەش دەگرێت. بەتەنها ئەوبەر و ئەوبەری زێیەکە و ناو گوێری دەکرد. کوردەکان و ماڵە عەرەبەکان هەموویان دەیانزانی پارتییە، زۆریش دەچێتە مەخموور و دەچێتە هەولێریش، هەر بە کاروباری حزبەوە خەریکە و کەمیش لە دواناوەندییەکە دەوام دەکات، دەیووت:

جەماعەت، ئازاد کورەچی، بزانن! گوێتان لێ بێت، من چەند جار سەربازە ئێرانییەکانی سەر هۆکەکەم دوور بەدووری دیوە، نمودیان نییە، (شانوشەوکەت)یان لەوە ناوەشێتەوە، بۆ یارمەتی و شەڕ هاتبن. ئەوانە لووسکە و سارد و ترساوی خەمگین دیارن! سەریان کۆت و نەعلییان لەپێیە، وەک ئەوەی هاتبن چا و دیشلەمە بخۆنەوە! سەربازی شاهەنشا چۆن دەبێ سەریان کۆت بێت، پشتیان کرابێتەوە، بە رۆژ بخەون!

بۆ وەڵامی ئەو رازەی کوڕە تیرەمارە لاوازەکەی گوێر، ئەوەی کە لە گوێر رادەکات و دەگاتە هەولێر، هەر لە لقی هەولێری قوتابییان دەمینێتەوە. یەکێک لە پێشمەرگەکانی سەر تەیارەشکێنە کۆنەکەی لەسەر بەرزاییەکانی چۆمان دانرابوو، بە پارچە پەرۆیەکی چەور، لوولە و سەباتانە، هەتا بنەوەشی پاک دەکردەوە، کوڕێکی سوور و سپی بوو، لە چۆمانیش بوو، پێشمەرگەش بوو، بەڵام هێشتا لەناو هەولێر مابووەوە، دوورنەکەوتبووە، سەروزولفی وەک گەنجانی شاری دادەهێنا. شەوانە، ئێوارەکان یەک سەعاتیش لەجیاتی هەواڵ و شرۆڤەکان لە رادیۆکەی

ئیسرائیل بەسۆز و بەسووتانەوە، گوێی لە گۆرانییەکی ئوم کلسوم رادەگرت. کوڕەکە پۆلی یەکی کۆلیژی ئادابی بەغدا بوو، لە بەغداوە بەبێ ئەوەی بچێتەوە ماڵەوە، سەرێک لە ماڵەکەیان لە گەڕەکی ئیسکان بدات، یەکسەر دەگاتە ناو شۆرش، ناچێتەوە ماڵەوە دیارە زۆر بەپەلە بوو (برادەرەکانی بەگاڵتەیان پێیان دەووت)، ماوەماوە دەیووت:

پیاوێک لە گوندەکە، شەوەکەی لە هەولێر دەرچووین چووینە ماڵیان، جەمەدانییەکی دامێ و وتی لە ملت بئاڵێنە با سەرمات نەبێت. هەرگیز چاکەی لەبیرناکەم! بەوە تێگەیشتم خەبات بۆ ئەو میللەتە بەفیرۆناچێت و لە سەرشانی هەموومانە.

لەناو جانتاکەی کتێبێکی گەورەی بیرەوەرییەکانی پاولو نیرۆدا و نامیلکە شیعری عەرەبی و بەرگێکی گۆڤاری روانگەی هەڵگرتبوو. لە شارەوە هێنابووی، یان راستر بڵێن لە بەغداوە لەگەڵ خۆی هێنابووی.

ئەگەر پاولو نیرۆدا! یەکجار نۆبلی ئەدەبی وەرگرتبوو، یەکجار ببووە شیوعی و ئەندامی (جڤاتی پیرانی وڵات)ەکە. بەڵام ئەو، دە جار زیاتر کتێبەکەی خوێندبووەوە. ئەو بە خۆشی شیعری دەنووسی، کتێبی زۆر دەخوێندەوە، زۆریش باسی کیژ و دڵداری و نامە نووسینی دەکرد، ئەو لە موحسین دێتە دەنگ:

من وابزانم ئەوانە، ئەو لووسکە ئیرانییانەی لەسەر هۆکەکە دانراون، فەرمانیان لە دەست نییە، ئەگەرنا چەکی ئەوانە ئەمریکییە، فرۆکەی رووسی خۆی لەبەر ئەو هۆکانە راناگرێت، سەروسەر دەیانخەنە خوارەوە، بەڵام فەرمانیان بە دەست نییە! ئەو دونیایە، سەردەمەکە، سیاسەتەکە وەک شیعرەکانی ئێمە وایە، کێش و سەروای نییە، ئاڵۆزە کەس نازانێت دڵی شاهەنشای ئیران و شاعیرەکەش چی تێدایە!

یەکێکیان، خەریکی شووشتنی مەنجەڵێک بوو، بەردەوام لەسەر ئاگر بوو، بەیانییان هێڵکەیان لەناو دەکوڵاند، نیوەڕۆیان برنج، یان ساوەر و شلەیان تێدا لێدەنا، شەوانیش (شۆربا)یەک، یان تەماتەوروونێکیان لەناو هەڵدەکورزاند. لەگەڵ تەقەتەقی مەنجەڵەکەش گوێی لە قسەکانی ناو خیوەتەکەش راگرتبوو، بۆیە دەڵێت:

قسەکانت راستە! هۆکی ئەمریکی نیشانەی یەکاویەکە، خۆ وەک تۆپەکەی ئێمە نییە، ناوی هیچ وڵاتێکی بەسەرەوە نییە!

ئەوەی تریان، (کە پاش نسکۆکە دەگەرێتەوە، دایکی نایناسێتەوە، کە دەیناسێتەوە، نەخۆش دەکەوێت و بەو نەخۆشییەش دەمرێت) دەڵێت:

دیارە ئەو قسانە لەو کتێبانە فێربوویت!

موحسینیش شارەزایەکی باش لەسەر ئەدەب و جیهانی کتێب هەبوو، بە قسەکانی ئەو، وەک چۆن بە شیعرەکانی کە دەینووسین و دەیخوێندەوە تووڕە دەبوو، زۆر بەپەلە و تەنگاوییەوە وەڵامی دەداتەوە دەڵێت:

ئەدی مادام دەزانیت چەکی ئەمریکی وا کاریگەری هەیە، خێرە کتێبەکانت هەموو بۆنی سۆڤیەت و شیوعیەتییان پێوەیە! بە فەرموودە و بیرەوەرییەکانی سەر رووتێکی وەک نیرۆدا کاست کردین.

...

فرۆکەیەک لە مامەرووتەوە دەردەکەوێت، بەڵام بڵند! هەموویان دەچنە سەر تۆپەکەیان. لەودەمانە چواریان لەوێ بوون، دوو لە گەنجە تەیارەشکێنەکانی سێ هەفتە، یان زۆرتر مەشقیان لەسەر تۆپەکە کردبوو، دەچنە سەر تۆپەکە، دەبوایە ئەوانی تریش بچنە ناو کونەتاریکەکەی، بەپێی فەرمانی ئەفسەرە لاوازە، کوڕە دەوڵەمەندەکەی شار، لێیان دابوو، ئەو پێیان دەڵێت:

بۆ سەلامەتی خۆتان، فەرمانیشە دەبێ لەتەنیشت خۆتان لەسەر شێوەی پیتی ئیلی ئینگلیزی، وەک هەموو دائیرەکان، ئەمانە عامەکان، خەستەخانەکان، (کارەبای چۆمان)، تۆپەکانی دەوروبەری ئێستگەکە و بەردەرم فرۆشگاکە، هەر چواردەورەی مەکتەبی سیاسی. بێجگە لە ئەشکەوت، چەندین کونەتەیارەیان لێداوە، بەدار و چینکۆش سەریان گرتووە. دەبێ ئێوەش کونەتەیارەی باش لێ بدەن، باریک! بەڵام قووڵ، خۆڵەکەش دوورمەخەنەوە، با لەسەر هەردوو تەنیشتی چاڵەکەوە بێت. پاش هەر (فیکە)یەکی ئاگادارکردنەوەی ناو چۆمان، بێجگە لە دوو کەسی سەر تۆپەکە، هەمووتان دەچنە ناوی و خۆتان لەوێ نەوی دەکەن. شەرم مەکەن، با جلەکانت پیس بێت، با زۆریش لەناو کونەکە بمینێنەوە، دڵنیابن سەلامەت دەبن. ناڵێم ئەگەر ناپاڵمێکی بەربکەوێت، ئەگەرنا لە ساچمە دەتانپارێزێت!

...

هەموو قەڵبم بووزە بووز!

ئازاد، لەکن دووکانی فیتەرەکەی سەر پردەکەی گەلاڵە هەڵوەستەیەک دەکات. خوێنی بۆ فیتەرە رەشتاڵەکە دەجولێت. ئەو لە سەرمانا و لەناو جلە تەڕەکانی هەڵدەلەرزی، زۆری نەمابوو خوێنی ببەستێت:

لە فیتەرەکە، لە ئاگرەکەی لەناو تەنکەیەک کردبووەوە، نزیک دەبێتەوە، کابرا پێی دەڵێت:

وەرە پێشەوە، هەموو قەڵبت ئاوە!

ئازاد (هێشتا باش هەستی بەوە نەکردبوو، زۆر تەڕ بووە، بواری ئەوەی نەبوو سەیرێکی بەرسینگ و شەڕواڵەکەی بکات، تازە لە پشتەوەی جێبەکە، وەک ئەوەی لە کونە ژووژکێک بێتە دەرەوە، هاتبووە خوارەوە)، دەڵێت:

هەر ئاو، بووزە بووز! تازە هەستی پێدەکەم!

کابرای فیتەر پێی دەڵێت:

بەو بووزە، دەزانم خەڵکی هەولێری!

ئازاد لە وەڵامەکەی دواناکەوێت، چونکە باش دەزانێت ئەویش خەڵکی هەولێرە. لە شەقامەکەی شێخەڵا و لەنزیک حەمامەکە و دارفرۆشەکانی ناو دارفرۆشەکانی نزیک مزگەوتەکە دووکانی هەبووە. پێی دەڵێت:

_من کورەچییم.

کە دەڵێت من کورەچییم ئاساییە. چونکە هەموو تیرە و پیشە و شەهادە و شارەکان لەو شۆرشە بەشداربوون. شۆرشی وا خوێناوی گەورە لە مێژوو وێنەی کەم بوو، هەموو خەڵکی تێدا بەشداربێت.

جووتیارەکانی دەشتی هەولێر و شارەزوور، دەشتی هەریر، (گۆران)ەکانی بەردەرەش، خەڵکی سمێڵ تۆیان کردووە و بارانیش باریوە و هاتوون.

قوتابییەکان، نیوەی ساڵیان تەواو کردووە و خوێندنیان جێهێشتووە و هاتوون. کرێکارەکانی دەواجن، مریشکیان داناوەتەوە و هاتوون.

پۆلیسەکانی سەرا دەرگای سجنەکە دەکەنەوە و هاتوون. بە چەکەوە و نیوەیان بەجلی پۆلیسییەوە دەردەچن. سەربازە کوردەکانی بۆ فیرارکردن مۆلەت لە ئەفسەرەکانیان وەردەگرن!

هونەرمەندان، بەشداریان لە فیستیڤاڵی هونەری کوردی لە هۆڵی خولدی بەغدا کردووە و هاتوون! تێدا هونەرێکی نایاب و نمایشی ناسکیان نواندبوو. سێ رۆژ، بەجلی کوردی، بە سۆزی هونەری رەسەن، گۆرانی دەڵێن، دەهۆڵ و زورنا دەکوتن و شایی دەکەن، ئینجا دێنە ناو شۆرش و دەبنە پێشمەرگە! دەست دەدەنە ئامێرەکانیان، لە بەغداوە بەرەو چۆمان و هەڵەبجە و پێنجوین دەردەچن.

ژنان، بوخچەیان پێچاوەتەوە و لەگەڵ مێردەکانیان هاتوون! کیژەکان مەمکیان بەستووە و هاتوون. منداڵەکان دڵشاد و بەزەوقن بۆ دیتنی چۆمان هاتوون. کوڕەکان دەرچوون تا تفەنگ بۆ باوک و مام و خاڵیان هەڵگرن.

کەس نەماوە کورەچی و کەبابچی و جامبازەکان بۆ بەشداری نەکەن!؟

ئەوەی نەهاتووە، پەشیمانە! یان دەڵێن باش بوو نەڕۆیشتم، واماندەزانی شەڕەکە چەند رۆژێکە و تەواو دەبێت!

ئەوەی نەهاتووە برایەکی، دوو و زۆرتری لەوێیە. کوڕی لەوێیە. زاوای لەوێیە، ئامۆزاکانی یەک لقیان لە هێزەکە وەرگرتووە!

ئەوەی نەهاتووە ناسیارێکی، هاوسێیەکی لەوێیە! ئەوەی نەهاتووە، دەستێکی لەوێیە، چاوێکی لەوێیە، هەناسەی لەوێیە و شەوانەش لەوێیە، رادیۆکە نزیکی دەکاتەوە، بڕوا بە هەموو هەواڵەکان دەکەن، بە لێکدانەوە و (شرۆڤە)کان سەرمەست دەبن!

ئەوەی نەهاتووە، شەوانە دەیانویست بە دەنگی تەقە و زرمەی ئارپێچییەکانیان، باش بخەون، زۆرتر و بەزەوقتر شەوەکە بەڕێبکەن، بێ مەزەش بخۆنەوە و خەونی پەمبەش ببینن!

...

ئازاد شەڕواڵ و بلووز و گۆرییە و جەمەدانی و پشدێنەکەی وشک دەکاتەوە دەپرسێت:

_مادام بووینە خزم، دەمەوێ لەگەڵ جێبێک بمنێریتە دۆڵی بێشە!

فیتەرەکە بەسەرسامییەوە دەڵێت:

_کێندەرێ!

ئەویش لەسەرخۆ و بەدڵنیاییەوە دەڵێت:

_دۆڵی بێشە، گەرووی عومەرئاغا، شێرکاوە، گوندەکانی ئاشی خدرئاغا، سەری حەسەن بگ، گوێزان، گزرێ، ئەو گوندانە!

فیتەرەکە لەناو تەشتێکی شڕی رۆخ شکاو، دوو پارچە ئاسنی بە بەنزین دەشووشت، بەگاڵتەکردن بە ئازاد دەڵێت:

_کورەچی دەتەوێ بچیتە ناو کورەی ئاگر، لەوێ بەس ئاگر دەبارێت، رۆژانە چەند پێشمەرگەی نازداری گەنج، بە تۆپ و تەیارە پارچە پارچە دەبن، هەموویان بێرەیان دادەهێنەوە، شەڕە شەڕ!

ئازاد دەست لە لچکی جەمەدانییەکەی و شەرواڵەکەی دەدات، تا بزانێت باش وشک بوویتەوە، هیچ شوێنێکی نەسووتاوە، بە کابرای فیتەر دەڵێت:

_دەزانم! بەڵام من دەچمە ناو شەڕەکە!

فیتەرەکە سڵاوی رێبوارێک، بۆ گەلاڵە بەسەردەکەوت وەردەگرێتەوە و دەڵێت:

دیارە ئێوەی کورەچی، فێرن لە کورە نزیک بن، لەناو دووکەڵ و قووڕی گیراوە نزیک بن!

ئازاد هەناویشی گەرم بوویتەوە، چاو دەگێڕێت، سەیری دووریش دەکات، جێبێک، دەستە پێشمەرگەیەکی لێ هەڵکەوێت و بڕوات، بەدڵنیاییەوە وەڵامی فیتەرەکەش دەداتەوە:

_دەچم بزانم کە فڕۆکەکە لەو ناوچەیە کەوتووتە خوارەوە، چی لە دار و باخ و (مێرگە)کان کردووە!

چەند ناوچەی داگیرکردووە، کەلوپەل و پارچەکانی فڕۆکەکە چۆن بڵاوبونەتەوە! دەمەوێ فڕۆکەی شکاو و باڵی شکاو، لمووزی شکاو ببینم.

کە هاتم فڕۆکەوانەکەم بینی (سەفا شەلال)، سیس و پەشیمان، دەمەوێ فڕۆکەکەش بەشکاوی ببینم.

لەوەتی لێرەم، من و هاوڕێیەکانم، ئێمە و تۆپە تەیارەشکێنەمان (ئەوان نەیاندەزانی تۆپەکەیان زۆر کۆنە، باوی ئەو چەکە نەماوە) چەندین، تۆ بڵێ هەزار، من دەڵێم دوو هەزار، شەریتە گوللەمان بەو ئاسمانەوە وەناوە، یەک گوللەش، یەک پروشکە ئاگری ئێمە نەگەیشتووتە کلکی فڕۆکە بەرزەکان، دەمەوێ فڕۆکەی شکاو، پارچەکانی بە چاوی خۆم ببینم.

...

فیتەرەکە زۆر بە ئازاد دەڵێ وەرە بگەڕێوە، دەچینەوە لەناو خانووێکی جوان، خاوەنەکەی خانووێکی گەورەی دوو ژوور و هەیوانەکەی بەئەمانەت تەسلیمی منی کردووە. دوو ژووی سپی، (هەیوان)ێک دەڕوانێتە ناو چەمێکی چڕ، دارگوێزەکان چەمەکەیان پڕکردیتەوە، وەرە، شەو ئاگرێک دەکەینەوە، ژوورەکە دەکەینە حەمام. وەرە مەڕۆ بابچینەوە. ئیمڕۆ یەک بوتڵم بۆ هاتووە، بەیەکەوە شەو بۆ خۆمان

بەغداش دەگرین. ئیمشەو مەفرەزەیەک دەبەینەوە ناو هەولێر و دائیرەی ئەمن تەخت دەکەین، تۆڵەی ئەوەیان لێ دەکەینەوە، چۆن کتێبخانە و هوتێلەکەی بەرامبەر (چایەخانەی بایز) و سەیتەرەکەی موسڵ و سەر کەندەکەیەنان، کردەوە بە دائیرەی ئەمن و حەپسخانە!

دەچینەوە بن منارە، کن ئاوی کەسکوسوور، لەسەر پردەکەی تەعجیل نزیک ماڵی ئێوە و خزمەکانت (کێشکە)ی کولاوش دەخوێن، من دەبمەوە فیتەرەکەی شێخەلا، تۆش کورەچی!

شەو دەچین، بەیەکەوە دەچینە دۆڵی بێشە و سەری سەرتیز، بابزانین ئەو شاخە وشکە، حکومەت ئەو بەرزاییانەی بۆ چییە! وادەزانیت کوردستان یەک دوو سەد شاخە، تەواو نابێت، هەر ئەو ناوچەیەی شەڕی تێدا، لەو زۆزکە، سەد کەپکە شاخ و رەوەزە شاخ و لووتکە شاخی تێدایە، تەواو نابن. گەمژە، هەتا دەگەنە گەلاڵە زنجیرە شاخی زۆریان لەپێشە! وەرە مەڕۆ، ئیمشەو هەتا دوا دڵۆپەی ناو بوتڵەکە دەخۆینەوە!

ئازاد بە قسەکانی فیتەرەکە نەرم دەبێت، حەزی دەچێتە بەزمەکە، شەوەکەی برادەرەکانی نەهاتبوونە یانەی فەرمانبەران، شەوەکەی ئەحمەد حەسەن بەکر بەیانی حکومی زاتی خوێندبووەوە، لێیان تووڕە بووبوو، پاش ئەو شەوە یەکەمجارە هەست دەکات، لە برادەریش دابڕێت، وا ئیمڕۆ لەسەر پردەکەی گەلاڵە برادەری تر پەیدا دەکات، دڵی بەو داوایە خۆش دەبێت. لەدڵەوە بە برادەرەکانی شەوەکەی ئەو دەردەچێت و ئەوانە لەماڵەوە دەرناچن، بەتەنها لەسەر مێزەکە و لەبەرامبەر حنای بۆی جێیدەهێڵن، دەڵێت:

شەرت بێ! بشگەڕێمەوە لەگەڵتان دانانیشمەوە! نەک عەرەق چاشتان لەگەڵ ناخۆمەوە! نەک (چاخواردنەوە)، سڵاوێکتان لێ وەرنەگرمەوە! بێ سیفەت، پیاوی مەشروبخۆر، چۆن برادەری سەرمێزی خۆی جێدەهێڵێت!

(لەسەر پردەکە، چاوەڕوانی جێبێک دەکات، بچێتە دۆڵی بێشە، ئەو وردە راز و گلەییانەی بەبیردێتەوە)، بەڵام بە قسە شیرینەکانی فیتەرەکەی سەر پردی گەلاڵە، ئیقناع نابێت، بەسۆز و سوپاسەوە بە کابرای فیتەر، ئەوەی لەسەر پانی باسکی، بە کوتران نووسراوە، ئاخ زەمان دەڵێت:

دەڕۆم، بەڵام هەتا دەگەڕێمەوە بوتڵەکە تەواو مەکە، باشە. (ئازاد ئەگەرچی هەر دوو شەو، مۆلەتی لە ئامیر مەفرەزەکەیان وەرگرتبوو، بەڵام دەیتوانی شەوێکی تریشی پێوە بنێت و دوابکەوێت، خۆ ئەو نەچووە لە رەزائیە رابوێرێت).

...

فیتەرەکە، میوانەکەی لەگەڵ جێبێک سوار دەکات، بەر لەوەی بڕوات فیتەرەکە پێی دەڵێت:

_ئەگەر پارەت پێ نییە بڵێ شەرم مەکە! (دەستە بە گریز و روون و شەقار شەقارەکەی لە سینگی دەدات).

ئەویش پێی دەڵێت:

ئەو شۆرشە، حکومەتە! هەموو شتی وەک سەعات ئیش دەکات، مانگانە یارمەتییەکانم بەجوانی دەگاتە دەستمان سوپاس. پێویستم بە هیچ نییە. ئەو دەچیتە دۆڵی بێشە، لەوێ ئاگر و شەڕ و کوشتن و هێرش هەیە، پارەی بۆ چییە!؟

فیتەرەکە بە سائیق جێبەکە دەڵێت:

_هەتا کێندەرێ دەڕۆیت!

ئەویش (لەبەر زریانە ساردەکە، درزێکی باریکی لە پەنجەرەکەی لای خۆی کردبوو، فیتەرەکەی دەناسی، ئەگەرنا نەدەوەستا و وەڵامیشی نەدەدایەوە، نەفەر و بارەکەشی تەواو بوو)، پێی دەڵێت:

_من نازانم هەتا ڕێگا هەبێت، هەتا مام جۆرج ڕێگاکەی بردبێت، دەڕۆین. ئێمە لەسەر خەتی مام جۆرج دەڕۆین! نەک من، هەموو هێزەکان، هەموو بازرگانەکان، هەموو (بەرپرسەکان)یش، لەسەر خەتی مام جۆرج دەڕۆن.

...

ئەو، یەکەمجار بوو، بێجگە لەناوی فەرەنسۆ هەریری، ناوی کەسی تری دیانی، لەناو شۆڕشەکە نەبیستبوو. ناوەکە زۆر سەرسامی دەکات، ڕێگا و مام جۆرج و دەسەڵاتەکەی، بەڵام کاتی ئەوەی نابێت پرسیاری لێ بکات، ئەو جۆرجە چییە، دەزانێت ڕێگاکە دوورە و بەتەنها لەناو جێبەکە دەمینێتەوە، بوار زۆر دەبێت پرسیاری خۆی بکات، لەوێ باش دەزانێت ڕێگاکەی جۆرج چییە و مام جۆرج کێیە!

(هەمووتان ناوی ڕێگای هاملتۆنتان بیستووە، دەزانن، ئەندازیارێکی ئینگلیز بەرەچەڵەک نیوزیلەندی، لەگەڵ سوپای بریتانی دێتە کوردستان، بۆ دروستکردنی ڕێگای نێوان هەولێر حاجی ئۆمەران، بەدرێژایی ١٧٥ کیلۆمەتر، ڕێگایەک دەبڕێت. ئەو ئەندازیار بوو، لە هیندیش، لەناو چیاکانی هەمالایاش ڕێگای بردبوو.

بۆ بڕینی ڕێگاکە، سەرەتا بە فڕۆکە سەیری ناوچەکە دەکات، دوایی بەپیادە و بەسواری، ناوچەکە دەپشکنی و نەخشەکانی ساز دەکات.

لەبەر حورمەتی ئەو کارە مەزنە، ئیمڕۆ لەسەر پردۆکەکەی گوندی (کاولۆکان)ی بناری رواندوز، پەیکەرێکی لاوازی زەردیان بەبەرزی، بۆ

هاملتۆن داناوە. پیاوەکە بزەیەک دەکات و خۆشحاڵە ڕێگاکەی ئەو هەر ماوە، لەورۆژانە قەدریان گرتووە، بە بەرد و هونەر لەسەر ئەو ڕێگایە دایانناوەتەوە، کە ئەو دروستی کردبوو، ڕێگاکە لەودەمانە ڕۆژانە چەند ئۆتومبێلی پێدا دەڕۆیشت، ئێستاش بوویتە ڕێگایەکی دەوڵی و بە هیچ جۆرێ پشوودانی نییە و پشتی چەماوەتەوە و کاس بووە.

بەڵام جۆرج، لە ترسی فڕۆکەی ئاسمان، لە ترسی لوغمەکانی سەر ڕێگاکە، ئازایانە، بە پرۆسەیەکی ئەفسوناوی ناوازە، بە هونەر و ئەزموونی ئەندازەی ڕێگاوبان و مەکینە و نەخشە و پرۆفایل دەتوانێت، بە شەو! نەک وەک هاملتۆن بە ڕۆژ! هاملتۆن لەگەڵ حکومەت و بە پشتیوانی هەموو ئاغاکانی ناوچەکە، نەک بەتەنها و لە چۆڵەوانی! بەڵام ئەو بێ نەخشە، بێ مەساح، بێ گرێدەر، بێ شوفڵی دەم گەورە، بێ بەرمیلی گەورەی گاز، بێ خیوەت و ئۆفیسی جێگیر، جۆرج ڕێگاکان دەبات و پەیوەندی ناوچە دوورەکان، بۆ شۆرش توند مسۆگەر دەکات).

...

جێبەکە دەڕوات

سواری جێبەکە دەبێت، (ئۆتومبێلە بەهێزەکەی لە سەرەتای چلەکان، بۆ سەرکەوتن و باری سووک، بریتانییەکان دروستی دەکەن) شەوە و جێبکە بێ لایت، بێ چرا و ڕووناکی، شەوێکی سامناک و بێ ڕێنمایی ئەستێرە، وەک ئاسکێکی دابڕاو، وەک بزنێکی لاساری پیرەژنێکی چاو گەورەی گوندێکی شاخاوی، دەڕۆن.

لە ڕێگا کپ و خامۆشەکە، ماوەماوە پێشمەرگەیەک جەمەدانییەکەی بەدیوە سپییەکەی بەستابوو، تا زوو و باش ڕێگاکە ببینن دەڕوات و نامەیەکی پێ بوو، لەو دوو هەفتەیەی مۆڵەت دەبێت، دەیەوێ (تەتەر)ێ، خزمێ بدۆزێتەوە، دەستێکی ئەمینی ناسیارێک بدۆزێتەوە و نامەکە بنێرێت. ئەو و دوو دوو، سێ چوارێکی تر بەیەکەوە دەبینن دەڕۆن، تفەنگەکانیان، مەتارەکانیان، قاچەکانیان هەڵگرتووە. دەگەڕێنەوە و نازانن کە دەگەنەوە لقەکەیان، بارەگەکەی لە شوێنی خۆیەتی، یان چەند هەنگاوێک، دوو گرد و کانییەک هاتووتە پێش، نازانێت لەکوێیە!؟ بەردەکانی کردویانە بە سەنگەر، بەردی تریان لەسەردناناوە، یان جێماوە و کشاونەتەوە، حکومەت هاتووتە پێش، یان پێشمەرگە چەقیون و نەجولاون.

شوفێرەکە، بانگی پێشمەرگەکەی جەمەدانییەکەی بۆ ڕێگانیشانکردن هەڵگێڕاوەتەوە دەکات:

_کاکە، ئەگەر زۆر سەرمات بوو قسە بکە. قسە بکە، دەتگۆڕین!

ئەو گوێی لە منگە منگێک دەبێت، دەزانێت چ دەڵێن، سەری بادەدات، دەستی بۆیان رادەوەشێنێت وەک ئەوەی بڵێت:

وەرن، من کە نەمتوانی یەکێک بدۆزمەوە نامەکەم بۆ ببات، ناسیارێکم نەبینی، بۆ ئەوە باشم! وەرن...

دەنگی جێبەکە لەبەر هاژەی ئاوەکەی بن ڕێگایە قیرتاوە شکاوەکە، یەک بستیش نەدەڕۆیشت، بەڵام تیرێژی ڕووناکی چاوێک، چرایەک، یەک لایتی شەرمن، ئاگرکردنەوەی دوو چا و دیشلەمەیەکی دەستکردی بۆر، خۆڵەمیشی کولانی دوو هێلکە، جگەرەداگیرسانێک، لەسەر هەردوو چیاکەی سەر ڕێگاکە، زۆر لەدوورەوە و بە چاوی دوژمن نەدەبینرا!

جێبەکە وەک هەڵۆ سەردەکەوت، دەڕۆیشت وەک گامێش نەدەچەقی، سمۆرە بوو بە سەر دارەکان دەکەوت.

دانە دانە پێشمەرگەی هێزی (رزگاری)یان دەبینی هەورازیان دەبڕی، نەرم نەرم تا ماندوو نەبن دەڕۆیشتن، بەڵام جێبەکە شوێنی نەبوو یەک کەسیان، یەک چەکیان، یەک مەخزەنیشیان بۆ هەڵگرێت، جێبەکە دەڕۆیشت و دەسوڕایەوە.

پاش ئەوەی شەو، خەوی خۆی بکات، ئەوان لەسەر رێگا قیرە شکاوەکە، پردە ترساوەکە، چۆمە وشک و نووستوەکە لادەدەن، جێبەکە دەچێتە ناو زۆزک، دەچێتە ناو تاریکییەکی زۆر تاریک. لەویَ، لەو فیلمە نوێیە تەماوییە (رەشوسپی)یە، سپی تێدا نەبوو، تەنها رەش! وەک چاوی یارێک، نازدارێکی شەرمن، وەک پرسەی جوانەمەرگێک. دەنگی تۆپەکان نزیکتر دەبونەوە، شەوقیان لە جامی جێبە بە قووڕسواخدراوەکەی دەدا، بەڵام تێشکدانەوەیان نەبوو.

ئازاد و بار و هەوراز و نشێوە لووسە ترسناکەکە دەڕوات، گەرووێک، دوو سێ، زۆرتریش دەبڕن. لە ئاوەدانییەک کێڵدەبێتەوە، بەڵام چۆن دەزانن ئاوەدانییە، چرایەک، هەناسەیەک، جوولەیەک بەدی ناکەن، هەموو خۆیان سڕکردووە، ترس سڕیکردوون، گوندێک هەموو بەیەکەوە سڕ دەبن، دەزانن ئاوەدانییەکیان دەرباز کرد و ئاودیوو بوون، شوفێرەکە دەڵێت:

ـمن زۆر هاتووم، دەزانم ئەگەرنا منیش هیچ بەدی ناکەم، گوندی مردوو، وەڵساتی مردوو چۆن دەجولێن، چۆن ئاگر دەکەنەوە، لە ترسانا شەوانە، رۆژانە خەڵکەکە دەمردن.

دوور! بەڵام زۆر دوور نەبوو، چونکە مام جۆرج حیسابی هەموو ئاوەدانییەکانی کردبوو، کانییەکانی دیبوو، هەوارەکانیشی بەسەرکردبووەوە. (گوندێکی دابڕاو) دەبینێت، گوندەکە هەور داپۆشیبوو،

ترس! ترسی نەفرەت، لە ترس کوشندەتر نییە بۆ مرۆڤ! ترس عەبایەکی رەشی وەک مردنی بەسەر هەردوو چاوەکانی گوندەکەی دادابوو. گوند دوو چاوی هەیە، یان سەد چرا، لەو شەوە یەک چاو و نیو چراشی نەبوو!

....

گوندی گزرێ

نیوەی شەو تێپەڕیبوو، ئەستێرەکان، رێگاکە، لێزانی شوفێرەکە دەزانێت، نەفەرەکە کێندەرێی دەوێ، لەوێ نە هەوراز بوو، نە نشێو! چونکە لەو شوێنانە جێبەکە حەزی بەوەستان نەدەکرد.

ئەو لە هەر شوێنێک بوەستێت ئاساییە، خۆ نەفەرەکە بەو شەوە هیچ ئیشێکی نییە. لەوێ شوفێرەکە، ئازاد و دەفتەرەکەی بەر باخەڵی دادەنێت  و دەڕوات. یەک شەقاو دەڕوات، لەناو تاریکی لەبەر چاوی ون دەبێت، بەڵام بە دەنگی مەکینەکەی دەزانێت جێبێک لەنزیک ئەو، بەرەو دوورتر و زۆر دوور و ترسناکی دەڕوات.

هەتاوی کازیوەکە، بەزەیی بە ئازاد دێتەوە، لەبەر دار و درەخت و کار و بەرخەکان نەبوو، دەردەکەوێت. هەتاوەکە لەبەر ئەو بێبەختە بوو، بەتەنها هاتووە و دەیەوێ چەند دێرێک لەسەر فرۆکە شکاوەکەی گوندی گزرێ بنووسێت، هەتاوەکە شەرمن و بەگومانەوە چاوێکی دەکاتەوە. رۆژەکە گەرم دەبێت، ئەویش لەبن بەردەکە، لەناو مردنەکە دەردەپەڕێت، دەچێتە ناو کەلاوە و چۆڵەوانییەکە.

گوندەکە، (ئازاد ناوەکەی نەدەزانی، نەیپرسی، لەکوێ بپرسێت، شوفێرەکە لەبەر هەوراز و ترسی ڕێگاکە سەد کفری جەهەنەمی دەکرد)، لە حەزووری سێ پیاو و دوو ژنی پاسەوانی دۆ چرۆکان. سێ منداڵ، لەوێ لەگەڵ باوکی و دایکیان مابونەوە، تا سمۆرەکان هەست بەتەنیایی نەکەن. گوندەکە، دیوارە بەرینەکەی مزگەوتەکە، بۆ سێ پیاو و دوو ژن و سێ منداڵەکەی نازانن بۆ مابوونەوە کرنۆشی دەبرد.

بەیانییە، ئەو لەناو گوندەکەیە، ئازاد بە نووسین و بە بیرەوەری شەوی رابردوو، هاتنی بە جێبەکە تۆمار دەکات:

جێبێکی ماندووی بارکراو، شوفێرێکی جەبەزەی وریا سەردەکەوێت. تۆپەکان، تەقینەوەکان نایگێڕنەوە. ئەو ناگەڕێتەوە، خۆی ئەو کاروانەی هەڵبژاردووە شەوانە بارێک ببات، شەوی دوایی بگەڕێتەوە. لەکێ بارەکەی پێ داگرن، ئەو دەگەڕێتەوە و کەس ناناسێنێت، وەسلی دانان و وەرگرتنی پێ نییە و نایەوێت، کرێ و سەودای نییە، کە وتیان راوەستە و دەرگای پشتەوە بکەوە، ئەو رادەوەستێت و دەرگاکە دەکاتەوە و بارەکەیان لەگەڵ دادەگرێت:

دوو سەندوقە فیشەکی ورد، دوو سەندوقە نارنجۆک، پێنج شەش جووتە پێڵاو، پێنج بەتانی، دوو ئار پی جی رەقم ٧، دوو فەردە ئارد و تەنکەیەک روون و نیسک و نۆک و قوودی تەماتە و فاسولیا و بیست کیلۆ برنج و دوو برینداری تیمارکراو و فەردەیەک جگەرە ئیرانی زڕی پێچکراوی ناو کاغەزی تەنکی (سیمدار). هەموویان بۆ دەهێنتە خوارەوە، سێ بریندار و ئەگەر جەستەی شەهیدێکیان بۆ پیرۆزی و خەم هەڵگرتبێت، ئەوانە سوار دەکات و بە شەو دەگەڕێتەوە.

بەڵام ئازاد، خۆی و دەفتەرەکەی بەرباخەڵی و شانەیەک و قەڵەمێکی جاف و فلْچە و مەعجوونێکی ددان شووشتن و وێنەیەکی بچووکی

رەشوسپی، زوو زوو دایکی لە (ستۆدیۆی پاشا)ی بن قەڵات بۆی گرتبووی، پێ بوو. ئازاد بە پشدێنێکی گەورەوە، زوو فێری ئەوە بووبوو، پشدێنی گەورە، بۆ پیاوان (ناو چیا و رێبوار و شەوبەکێو و رۆژماندوو)، هاوڕێ و دەرمان و پەتووە! دەگاتە ناو گوندەکە.

لەناو خانووێکی نزیک رێگاکەی تازە، هەر مانگێک دەبوو، بلدۆزەرە کۆنەکەی، دەم ئەلماسەکە بڕیبووی، ئارەزوومەندانە و بۆ نووسین و پرسیار و ئافەرینی دەمینێتەوە:

پێشمەرگەیەک شانی بە فەردەیەک دابوو. یەکێکیان وا نووستبوو، وادەتزانی شەو ژنێک، بەڵام چۆن ژنێک، ژنێکی گەرم و ئەسمەر، هەتا درەنگ شێلاویەتی، ژنێک ئەوەندە نازی بۆ کردووە، بوویتە منداڵێکی دەم بەشیر، ئەوەندە مەمکی لەدەمی ناوە، بوویتەوە شیرەخۆرە، وا خەوتبوو، کە دەجولایەوە بێدار نەدەبوو، وایدەزانی ژنێک دەیگەوزێنێ، تا باش نەیخوات و تێر نەبێت، نایەوێ ژنەکە بڕوات.

پێشمەرگەکە خۆش و باش خەوتبوو، بەڵام لەو شەوەی شەڕ بەرامبەر ئەوان گەرم بوو، مۆلەتی لە تفەنگ و گوللە وەرگرتبوو. لەو خەوەدا، دەیزانی کێندەرێ بۆ ماچ خۆشترە، ژنێک زمانی دزیوە و دەیەوێ بە زمانی، لەناو دەمی زمانە دزراوەکەی شیرین بووە، بدۆزێتەوە، بە زمانی، زمانەکەی خۆی لەناو دەمی ژنێک بدۆزێتەوە، کە نەیدەناسی، زووتر نەیدیبوو.

ئای لەو ژنە چەند دلۆڤانە، بەو شەوە هاتووتە ناو خەو و چاو و باوەشی پێشمەرگەیەک. ئەو لە گوندێکی بەردەڵان و نەوتاویی ناحیەی قادرکەرەمەوە هاتووتە ناو زۆزک. ئەو ژنە ئیمانداره و دەچێتە بەهەشت! ئیمانداره، یان ئەویش زۆر تینووە، هاتووە بەیەک شەو، بەیەک نووستن بەشی چەند مانگێک، بەشی یەک ساڵ خۆشی و ئارەزووی پیاوێک ببات.

ژنەکە زۆر گەڕاوە و بیری کردیتەوە، کێ بدۆزمەوە، زۆر پەریشانی ژن بێت، کێ هەیە لەو گەردوونە زۆر برسی ران و بەرمەمک و هەناوی ژن بێت. باش دەزانێت لە پێشمەرگەیەکی گەرووی عومەر ئاغا کەسی تر نییە، کەسی تری پێ نادۆزرێتەوە، لەو موستەحەقتر بێت. ئیمشەو شێتانە دێتە ناو باوەشی خەونی پێشمەرگەیەک، هەفتەیەکە، دە رۆژە، بەشەو نەخەوتووە، ئیمشەو بۆ گەیاندنی (بریندار)ێک هاتووتە خوارەوە، لەبن ئەو بەردە سەرەڕێیە خەوی لێکەوتووە. ژنەکە نەرم نەرم دەچێتە ناو باخەڵی و ناهێڵێت بێدار بێتەوە، نەرم نەرم دەچێتە ناو جەستەی. جەستەی ئەویش، دەخاتە ناو هەناوی خۆی و پێشمەرگە خەوتووە ماندووەکەش بێدار ناکاتەوە. پیاو هەیە نازی ژنێک بیهەژێنێت، چاوی بکاتەوە و خۆشی ببەستێتەوە، هەر بێدار نابێت!

یەکێکی پێچراوی گەرم لەبەر سەرما، دەگاتە سەری و بانگی دەکات:

لەناو باوەشی ژنەکە دەریدەهێنێت، لەسەر (شانە هەنگوێن)ەکەی سینگی هەڵیدەفڕێنێت، و پێی دەڵێت:

لە قادرکەرەمەوە هاتوویت بخەویت، هەستە نۆرەی تۆیە، سەعات چوارە هەستە! نایەوێ گوێی لە دەنگەکە بێت، نایەوێ لە خەوەکە رابێت. بەڵام ئەو کە گوێی لە ناوی قادر کەرەم دەبێت، یەکسەر خەوەکە و هەردوو دەستی ژنەکە، لێوی ژنەکە، بەردەدات هەڵدەستێتەوە. بەڵام نەیبینی چۆن ژنەکە خۆی کۆکردەوە، چۆن وا بەپەلە هەموو پارچەکانی جلەکانی هەڵگرتووە و رۆیشت! رۆیشت و نەیپرسی ناوت چییە، کەی دێیتەوە، لەکێ دەژیت، من دێم، نەک یەکجار سەد جار من دێمەوە!

...

بەدرێژایی شەوەکە، بەیانییەکەش دەنگی تۆپان هەر دەهات. ئازاد لەگەڵ پێشمەرگەکان نانی بەیانی چا و نان و پەنیر دەخۆات.

ئەو دەچێتە ناو گوندەکە، لەوێ بەر لەوەی بچێتە سەر کەلوپەلی فرۆکەکە دەزانێت:

ئەو گوندە، تەنها دوو ماڵی تێدا ماوە، کوڕ و باوک و دایکێک. ژن و پیاوێک و دوو منداڵ. هەرچی مەڕ و بزن و مانگای گوندەکە ماوە، ئەوان (دەیدۆشن)، دەیکەنە ماست و پەنیر و بۆ پێشمەرگەی دەنێرن!

لەو گوندە، هەرچی دەرگا هەیە ئەوان دایدەخەن، پەنجەرەکان سواخ دەدەن، مریشکەکان کۆدەکەوە و هێڵکەکانیش (ناخۆن) و بۆ پێشمەرگەی دەنێرن.

لەو گوندە، هەرچی بەرگ و بالیف و لێف و جاجمی تێدا ماوە، بە پشتی پێشمەرگەی دادەدەن، تا گەرم بخەون و سەرمایان نەبێت.

ئەو دوو خێزانە، لەو گوندە ماونەتەوە تا تۆپباران، جەولەی سۆخۆکان بژمێرن و دوایی بۆ خەڵکەکەی بگێڕنەوە. ئەوانە ماون تا پشتی پێشمەرگە بگرن و (نەشکێن) و چیای زۆزکیش نەگیرێت!

...

## کوڕێک دەستی دەگرێت

خۆر گەرم دەبێت، شەوە درێژەکەی لەبیردەچێتەوە. لەگەڵ کوڕە تەمەن دە دوازدە ساڵییەکە، بۆ دیتنی پاشماوەی شکاوی فڕۆکەکە سەردەکەون. دەچنە خوارەوە، کوڕەکە شارەزاش نەبوایە، رێگاکان ئەویان دەناسی، بۆی کورت دەبنەوە. زوو دەگەنە سەر باڵە شکاوەکە، سەر مەکینەی ساروخەکانی بەسەر هەموو چیاکان گێڕاوە، بە سەر ئەزمەر، هندرێن،

شیشار، گارا. فڕۆکەکە نەخۆش، مردوو، (دیل) بۆ دەفتەرەکەی ئازاد دەنوزایەوە. ئەویش ژانی باڵ و پشت و ئاوێنەکانی چاو و سینگی بە دوگمە و مورووەکانی دەنووسیەوە:

من لە فڕۆکەخانەیەکی سەربازی دەرەوەی شاری موسڵ هەڵسام، دوو ئەفسەر منیان هەڵفراند. بەرزبومەوە، زۆر نەفڕیم، بە سەر هەولێر داهاتم، لەوێ شارەکەم بەکەساسی بینی. زانیم شارێکە و پیاوەکانی سەفەریان کردووە. کوڕەکانی لە سەفەرێکی دوورن، جووتیاری گوندەکان سەفەریان کردبوو. دەمزانی حەز ناکەن بەسەر شارەکە و ئاسمانەکەیان بفڕم، هاتم بەپێی نەخشەکان هاتم:

هەندێ لە پیاوەکانی شارەکەم لەسەر سەفین بینی تووڕە، ماندوو تینوو. ڕۆژ بوو، من بەس بەڕۆژ دەزانم بفڕم. هەموو ببوونە بەرد و لەگەڵ هەر جوولەیەک، خشپەیەک دەنگێکی نەشاز هەڵدەستانەوە و دەبوونە بورکان.

من لە ئاسمانەوە، بە هەموو نوێکارییەکانی فڕین و ئەندازیاییەکانی، هەموو شتم دەبینی. هەندێکم لە کوڕەکانی شارەکە بینی:

لەنزیک سێ چوار خیوەت کۆببوونەوە، دانیشتبوون بازنەیان بەستابوو. بەدیار مامۆستایەکی بالابەرزی (چاو ئەستێرە)، قسەکانی ئەویان لەناو دەفتەری سەر کۆشیان دەنووسیەوە. دیارە فێریان دەکردن موشەک بهاوێژن، فێری گۆشە و بەرزایی بۆشاییەکانیان دەکردن.

ڕۆژێک منیان نارد، مزگەوتەکەی وەرتێ، (ئەوەی کرابووە میوانخانە، میوانخانەیەک بۆ برسییە ماندووەکان سازکرابوو. شەوانە هەموو ڕێبوارەکانی ئاودیو دەبوون، ئەوانەی دەگەڕانەوە. ئەوانەی شاخی هەورێ، کاروخ هیلاکی کردبوون، ئەوانەی برینداریێکیان لەسەر پشتی وڵاخێک هەڵبەستابوو. یەکێک تەنگاو پێیان وتبوو ژن و کوڕ و کیژە

بچووکەکانت لەودیو چاوەڕوانت دەکەن! ئەوانە هەموو لەو میوانخانە نان دەخۆن، ناویان دەنووسن و دەخەون. خۆیان دەنانسێنن و قاپە برنجێک و شلەیەکی سووری رووت و نانێکی فڕنی وەردەگرن. لەگەڵ ئەسپێ و هەواڵی هەموو گوند و رەبیە و باسی رەفتاری ئامیر هێزەکان، کادیرەکان دەخەون)، منیان نارد ئەو میوانخانەیە بدۆزمەوە:

سێبەرەکەی بە سێبەری خوا دەچوو، بەرین و پان، دارەکانی لە بەهەشتەوە بەنەمامی هێنرابوون. قەدەکانیان، لە بەردەکانەوە بەژن و قەدیان گرتبوو. گوندەکەیان لە من دەشاردەوە. نەبوونی چرە دووکەڵێک، نەبوونی تروسکایی چاوی ئاوێنەیەکی (ریشتاشین)، سمێڵ قنجکردن. نەبوونی دەستێکی بەکرێگیراو. بۆیە نە من! نە فڕۆکەکانی پێش منیش! میوانخانەکەیان، لەناو بێشەلانەکەی وەرتێ نەدۆزیەوە و بوردومانم نەکرد!

...

جەستەیەکی گەورەی کەوتووی ناو دۆڵی بێشە، ناوچەیەکی گەورە و پانی پیسکردبوو، کە لە ئاسمانیش بوو، رووبەری گەورەی دارستان و هەنار و منداڵانی ناو کونەتەیارەکان دەترساند.

ئێستاش فڕۆکەوانەکەی لە مەخفەرەکەی چۆمان بەجلی سەربازییەوە دەخەوێت، دەخوات و خۆی دەداتە بەر هەتاو، فڕۆکەکەش پارچەیەکانی لەو بنارە، لەسە ئەو لووتکە بەرزانە، لەنزیک ئاوەدانییەکە پەخشان بوون!

لەناو کەلوپەلەکان، لەناو هەزارەها وایەری پچڕاو و (قرتاو) و کەرەستەکان، بۆ یادگار چەند پارچە و کەلوپەل و دووگمەیەکی رەشی بەردەستی فرۆکەوانە لێدەکاتەوە و لە گیرفانی دەنێت.

لەودەمانەی ئازاد بەپێوە وەستابوو، نمایشی ئەو لاپەڕەیەش دەکات، لە پارکی شار و لەبەردەم ئامادەبووان، لەناو جانتا رەشە بچووکەکەی کە چەند وردەواڵەی پێویستی تێدا دادەنا، سەرە دوگمە رەشە لووسەکە دەردەهێنێت و بە ئامادەبووانی نیشان دەدات.

...

کوڕەکە دەیتوانی زۆریش پێش ئازاد بگەڕێتەوە، بگاتەوە ناو گوندی، بەڵام نەیدەویست لە میوانەکەیان دووربکەوێتەوە، پێی وتبوو باسی هەولێرم بۆ بکە:

دوورنەدەکەوتەوە، تا باش و ورد قسەکانی گوێ لێ بێت:

هەولێر پشتی چیایە و ناوەڕاستی قەڵایە!

بەڵام دێرەکە تەواو ناکات کە دەڵێت (بۆیە قەڵام خۆشدەوێ، چونکە لەیلای تێدایە). دەیزانی کوڕەکە کاری بە خۆشەویستی و لەیلا نییە! بەڵام بەخۆی، مەجنوونی راستی لەیلایەک بوو، لەکن خۆشی ناوەکەی نەدرکاندبوو، لەناو دڵی خۆی و بەس!

تۆ هەولێرت نەدیوە!؟ (ئازاد لەسەرخۆ و بەنەرمی بە کوڕەکە دەڵێت).

ئازاد هاتنەخوارەوەی پێ خۆش بوو، بەڵام لە سەرکەوتنەکان ماندوو دەبوو، باشیش بەپێی کوڕەکە رادەگەیشت، زۆر بەجێنەدەما.

_نەخێر یەکجار، پار، نەورۆز بوو، چوینە رواندوز. لەوێش نفووسیان بۆم دەرهێناوە. (کوڕەکەی چاوی وەک ئەستیرە دەبریسکایەوە، ئەگەرچی مەترسییەکی زۆری لەسەر بوو، نەک ئەو، ئەو چەند کەسەی لە گوندەکە مابوونەوە، بەڵام نەدەترسا. منداڵێکی نەفام بوو، دەستی ترسی نەدیبوو، یان دەیزانی لە پێش ئەوان، خەڵک هەیە و بەرگری دەکات و دەکوژرێن و برینداریش دەبن، برسی و ماندووش و ناترسێن). هەروەها بە ئازاد دەڵێت: بەڵام دەڵێن هەولێر زۆر گەورەیە.

...

خوداکانی هەولێر

ئازاد، دەستی بە لقی دارسماقێکەوە بوو، لقەکە بەرەڵا دەکات، تا وەڵامی کوڕەکە بداتەوە، دەڵێت:

_هەولێر گەورەیە، بەڵام گوندەکەی ئێوەش گەورەیە! (ئازاد تا کوڕەکە کامەران و خەمباریش بکات).

ئازاد دەیزانی کاتی دەرکەوتن و سەرکەوتنی سمۆرە نەبوو، ئەگەرنا بە کوڕەکەی دەووت، (سمۆرەی، بەڵام لەسەر بەرد و سەر جۆگە و هەورازەکان، نەک لەناو داران، دەردەکەویت و دەردەپەڕیت).

کوڕەکەی پاش نزیکەی چل ساڵ، ناو خۆی، تەنها ناوەکەی، هەر ناوەکەی دەزانی، لەگەڵ ناوی گەڕەکەکەیان، پێیان دەڵێت، من ئەودەمانە نەمدەزانی کورەچی چییە؟ بەڵام ئەو وتی ئێمە کورەچیین! دەداتە دوو راسپێردراوەکانی بارەگای بارزانی. بە ئازاد دەڵێت:

_گوندی ئێمە، گەورەی چییە!؟

ئازاد، کە دەگەنە نزیک فڕۆکە شکاوەکە، بە کوڕەکە دەڵێت:

_ئەدی ئەوە نییە تەیارەی تێدایە!؟

(دایک و باوکت،ماڵەکەی تر ژن و پیاوەکە، ئەوانە ئەوەندە گەورەن، باسی ئەوانە بە سەد دەفتەر تەواو نابێت. بەو سەفەرە من سەرەدێرێکی دەنووسم و بەس، بەڵام دوایی بەسەرهاتی ئەوان دەگێڕمەوە و کەسیش باوەڕ ناکات! بچمەوە ناو شار، ببمە رۆژنامەنووس، بچمەوە چۆمان دەزانم چ دەگێڕمەوە).

بەرووێکی سادەی بەستەزمانانە کوڕەکە دەڵێت:

_تۆ باسی هەولێرم بۆ بکە (کوڕەکە هەڵوەستەیەک دەکات و رادەوەستێت تا ئازاد بەو رابگات).

ئازاد یەکسەر ئەوەی بەخەیاڵدا دێت و تا رێبەرەکەی بخافڵێنێت دەڵێت:

_یاشە! لەو شارە چوار خودا هەبووە! یەک، دوو، سێ، چوار خودامان هەبووە، بەڵام ئێستا یەک خودامان هەیە، کاتی خۆی بابوباپیرانی خەڵکەکە، چوار خودایان هەبووە! پشتیان ئەستوور بووە، یەک خودا بۆ شارێک زۆرە، ئینجا شارێک چواری هەبێت، چەند شاناز دەبن!

(بەدرێژایی تەمەنێکی زۆر و دەسەڵاتی بەندەکانی) چوار نەک یەک، چەند خودا زۆرتر بن، ململانێی و یاسا و چاکسازییەکان ئەگەری زۆرترە بکرێن! خوداکان هەموویان ماڵ و پەرستگا و کتێبەکانیان لەسەر قەڵاتەکەمان هەبووە.

خودای یەکەم: کە رێسا و دەسەڵاتی نامینێت، لەبیر دەکرێت، مەملەکەت و ئاوەدانی و پەرستگاکانی دەڕمێن. هەر چەند ئیماندارەکانی کۆشش

دەکەن، لاملی دەکەن، بەڵام لەگەڵ زەمەن و پەیدابوونی خودایەکی تر، لەبیردەکرێت و ئێستا پێی دەڵێن دەبێتە مێژوو.

لەسەر کەلاوەکە خودایەکی تر، مەملەکەتێکی تر، پەرستگای نوێ بەڵام گەورەتر، بڵندتر دروست دەکات. یاسا بۆ کشتوکاڵ و (ئاودێری) و هەندێک لایەنی ژیان دادەنێت. سنوورەکەی فراوانتر دەکات و تەمەنی پەرستگا و دەسەڵات و ئاینەکەی درێژتر و زۆرتر و روونتر دەبێت.

خودای سێیەم، رووی لە رۆژ بووە، نەرم و نیان و سەلامەت بووە، ئاگری بۆ میللەت پیرۆز کردووە، فێڵ و درۆی نەزانیوە، سوپای نەبووە، چەکی لە کارخانە دەرنەهێناوە، کەنیزە و کوڕی چاورەشی رانەگرتووە، زووش بە ئاگرەکەی خۆی، ماڵ و پەرستگاکە دەسوتێت و کەلاوەکان دەبنەوە بناخە و کەرەستەی قەڵاتی خودای چوارەم!

بەڵام خودای چوارەم قەڵاتەکە بڵندتر دەکات، شوورەکەی پتەوتر دەکات، فەرمان دەدات سوپا بنێرێتە دەرەوە، فەرمان دەدات ئاو لە دوورەوە بێت، (کارێز) لێبدەن، باخچە و شوورە دروست بکەن. خودای چوارەم بوار نادات هیچ خودای تر بێتە ئەو شارە. بۆیە ناوی شارەکە بە شاری چوار خودا دەناسرێت، بەس چوار خودا، ئەگەرنا خودا زۆر دەبوو، هەمووومان خزمی خودامان دەبوو، ئامۆزای خودامان دەبوو! دەبووینە کوڕ و کیژی خودا!

...

کوڕەکە بەو قسانە هەڵوەستەیەک دەکات، وادەزانێت قسەکانی وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی ئەو نییە، بۆیە دەڵێت:

مامۆستا دەڵێن لە هەولێر ئامانە هەیە، رەنگی سوورە و لەناو گەڕەکان دەسوڕێتەوە. گەڕەک بە گەڕەک خەڵک کۆدەکاتەوە. پیاوەکان دەبەنە مەیدانی کرێکاران، سەر دووکان و کار و ئیشەکانیان. منداڵەکان، یەکە

یەکە دەبنە بەر دەرگای قوتابخانەکان، ژنان دەبەنە حەمام، دەڵێن لەو شارە ...

کوڕەکە قسەکانی تەواو ناکات دەنگی فڕۆکەیەک دێت، نەوی، خێرا، رەش، تووڕە. دەنگەکە چیاکان دەباتەوە نزیک یەکتری، وەک ئەوەی خۆیان توند بکەن، وەک شان بدەنە بەر شانی یەکتر.

(ئەشکەوت)ەکان دەمیان گەورەتر و ناوەوەیان قووڵتر دەکەنەوە، هاوارێکی کپ و نوزەیەک دەکەن، وەک ئەوەی بڵێن:

وەرەن دڵم گەورەیە، باوەشم گەورەیە، من زۆر زۆر، شوان و گاوان و رێواسکەر و رێبوارم حەواندیتەوە! وەرەن فڕۆکەکە دەرەقەتی گوند و خانوو و مزگەوت و (سابات)ەکان دێ، بەڵام حەدی نەبێت، من ماڵی یەکەمی مرۆڤم، ناتوانێت هیچ لە من بکات. من لانکەی مرۆڤایەتییم، من هەناسەی شاخم!

تەیارەکە وەک باشوکە، گوناحە ئەو نەفرەتییە رووسییە، بە باڵندەیەک پێناسە بکرێت، دێت و دەڕوات و ساروخێک، ریزە شێستیرێک لە زۆزک ناگرێت، بەڵام بواری ئەوە نادات کوڕەکە پرسیارەکەی لە ئازاد بکاتەوە، چونکە تەیارەکە دیسان، ئەو جارەش تووڕەتر دەگاتە سەر ناوچەکە. هەموو ئەشکەوت و سەنگەر و سەربان و کانی و بارەگاکان وادەزانن فڕۆکەکە، بارە ساروخەکە، گوللە ئاگرینەکان تەنها لەسەر سەری ئەوانە، هەندێک سەریان نەوی دەکەن و دەچنە بن بەردەکان، هەندێک لەسەر سەربانەکە دادەدەبەزن و لەپەنا (دیوارێکی درزبردوو) دەوەستن. بەڵام هەندێک، کە فڕۆکەکە جاری دووەم دەگەڕێتەوە دەچنە سەر دۆشکەکەیان، دەست دەدەنە بڕنۆکەیان، چونکە گوللەی بڕنۆ زۆرتر دەڕوات، بەپێوە بە رەشاشەکانیان تەقەی لێ دەکەن!

فڕۆکەکە دەڕوات و ئاگرێکی گەورە لە شوێنێک بەردەدات، دووکەڵێکی گەورە و ئەستوور بەرزدەبێتەوە، بەڵام لەوان دوور بوو، ناوچەیەک دەسوتنێت، ئەوان بەس دووکەڵ و هەژان و لەرزینەکەی هەست پێ دەکەن، فڕۆکەکە هاتبوو یارمەتی هێرشی پیادەیی سەرتیز بدات!

...

ئازاد، کە فڕۆکەکە دەڕوات، ئەو دەچێتەوە ناو گوندەکە، بە یەکێکیان دەڵێت:

_من ئیمڕۆ گەورەیی و ئازایەتی ئێوە و فڕۆکە شکاوەکەم بینی، تەواو! بەڵام دەمەوێ جۆرج بلدۆزەر ببینم.

پیاوەکە، منداڵەکە، دیوارەکە، ئەوانەی لەناو گوندەکە مابوونەوە دەڵێن:

_مام جۆرج لەو گەرووەیە، ئاودیو بە، دەیبینیت! زۆر دوور نییە!

دیارە بەردە گەورەکان، هەورازەکە، شەڕەکە، تۆپبارانەکە کۆسپ بۆ: دەست و دەمی بلدۆزەر و شەو و ڕێگاکەی دروست دەکەن، بەڵام ڕایناگرن! چونکە ئەو گفتی بە مەلا مەستەفا داوە، لەگەڵ پێشمەرگە بڕوات و بمینێتەوە، ڕێگا ببڕێت و بخواتەوە!

## بەشی هەشتەم

جۆرج بلدۆزەر

لەو گوندەی بە شەو، جێبەکە لەناو تاریکی ئەو دایدەنێت و بەرۆژ تێدا دەمینێتەوە، کە دادەبەزێت، هیچ شوێنەواری مام جۆرجی (فەلە) لەبەر سێبەرەکان، لەبن دیواری خانووەکان و لەسەر کانییش نابینێت. بەڵام! لە رۆحەوە هەست، هەست بە بوون و بۆن و دەنگ و هەناسەکەی دەکات! گوێی لە چرپەی هەستێک دەبێت دەڵێت:

جۆرج لە بەرزاییەکانە و دیار نییە! ئەو هەموویان دەبینێت. ئەوان، دۆست و دوژمنەکان نایبینن.

بەڵام! بۆ ئازاد، بۆ میوانەکەی هاتووە قسەی لەگەڵ بکات و ئەفسانەکانی بە چاوەکانی ببینێت، ناوی ئەو بەگەورەیی، بەسەر بەردە شکاوەکانی رۆخ رێگاکە (دەبریسکایەوە)، بنووسێتەوە. بۆنی ئەو، لە خۆڵە هەڵدراوەکانی تەنیشت رێگا نوێیەکەی پشت گوندەکە، گوندەکەی تەنیشتیان دەهات. بۆنێک، ئاوێتە لە بەرد و ئارەقە و وێسکی و گاز و سوتوو و خۆڵەمێش و وەنەوز و سیر و ماست! بۆنێک ناوازە لەو دەڤەرە!

ئەگەرچی دەست و بلدۆزەرەکەی دیار نەبوو، بەڵام شەوانە نەڕەی مەکینەکەی، شکاندنی بەرد و هەڵتەکاندی کەندەڵانەکان، دەگەیشتە گوێی دۆست و دوژمنەکان، ناوچەکەی (دەهەژاند)، باخەکانی دەلەراندەوە، لە زۆر کەسی بیستبوو، دەیانووت:

سەرەتا سوپای حکومەت، خۆیان سەدان دەبابەیان لەو دەڤەرە بڵاوکردبووەوە، دەترسن، وادەزانن پێشمەرگەش دەبابەی بەزنجیری

هەیە! چونکە بلدۆزەرەکەی مام جۆرج، دەمار و پشتی گاکەی زەوی، بە ئاو و چیا و مشک و مار و سەوسەن و (میزی حوشتر)یش لەسەری خەوتووە، دەگەزی! دەنگەکە ئاوازێکی خۆشی هەبوو، نەیدەزانی بۆ!؟ هەستیان دەکرد. دەنگی ئەو مەکینەیە، جیاواز بوو، زۆریش بە گوێچکەی ئەو و خەڵکی ناوچەکە، هەموو هێزەکان و خەڵکێکی زۆری دەڤەری سەر رووبارەکەی رێزان و ناوپردانیش خۆش بوو.

ئەوی نەدەبینی! رۆژ بوو، نەدەیزانی بە رۆژ بلدۆزەرەکە، مەکینەکە، نەک خۆی، زنجیرەکانی پشوودەدەن، ئاسنیش دەخەوێت، بلدۆزەریش پاڵدەداتەوە، شانە گەورەکانی، دەمە پۆلاینەکەی، پشتە عاموودەکەی، چاوەکانی بەدرێژایی شەوەکان بەرەو پێشەوە دەڕون و ناوەستن، بە شەویش پشوو دەدەن، ئاسنیش پشوو دەدات، پۆلا و گاز و زنجیر و گریز و چەقۆ و کەڵبە باریکە زیوینەکانی، پشوو دەدەن.

لەو شاخانە، بلدۆزەرەکە لە بڕینی رێگای پێشمەرگە، لەوەتی شەڕ هەڵگیرساوەتەوە، بلدۆزەرەکە (شەوکوێرە)، ئەو چاوەکانی بە دەستی خۆی دەرهێنابوو، هەردوو چاوە گەورە بەشەوقەکانی لێ کردبووەوە!

لایتێکی بە دار سماقێکی لەرین و ناسک. چاوەکەی تری، بە داوێک بە دار باوییەکی پەخشان و شیرین وەکردبوو! چاوەکانی بلدۆزەرەکەی دەرهێنابوو، بەدەستی خۆی، نەوەک:

شەوێکیان، چاوەکان زۆر بخۆنەوە و مەست بن، ئەگەر هەردووکیانیش مەست نەبن، یەکێکیان زۆرتری خواردبێتەوە، لەسەر ورگی بەتاڵی خواردبێتەوە! یەکێکیان لەگەڵ ئیشکردنا، لەگەڵ خەیاڵێکی رووناک، (خۆی داگیرسێنێت)، بەو شەوە خۆی و رێگاکەش ببێتە رەسەدی تۆپەکان، ببێتە نێچیری کەمینەکان.

بلدۆزەرەکە، بەرۆژ دەداتە بەر کەڤرێکی رەنگ کەسکی بەقەوزە. بەردێکی ئەمینی ناسراوی ناوچەکە. ئەو زۆرزان و وریا بوو، بلدۆزەرەکەی لەکن هەموو بەرد و تەلان و سەرکانی و باخێک جێنەدەهێشت! (دڵی نەدەهات)، دەترسا، بەردەوام دەیووت:

دیاری مەلا مەستەفایە ئەو بلدۆزەرە!

بەڵام پیاوەکە، نە بە شەو و نە بە رۆژیش پشووی نەدەدا، نەدەخەوت، خەونی نەدەبینی، ئەو وتبووی:

ناخەوم تا خەون نەبینم، تا رێگاکان تەواو نەکەم، بڕوام بە خەون نەبوو، دەمەوێ خەونەکان بکەمە راستی. خەون و خەوەکان بۆ ناو گۆڕەکە هەڵدەگرم، لەگەڵ مەسیح دەخەوم، ئەویش لەو دونیایە (پشووی نەدا)، نەخەوت، تەنها ئازار بەشی ئەو بوو! من ئیسراحەتم نییە، تا نەبینە مەسیح ناتوانین ئیش بکەین! فێرنابین ئازار و ماندووبوون لەبەر بپۆشین.

...

رێگایەکی پێشمەرگە

رێگای نوێ بەسەر بەرزاییەکانەوە دیار بوو، خۆڵ و بەردی شکاو و کانی تەقیوو دەبینرا. بەڵام! پیاوەکە، بلدۆزەرەکە دیار نەبوو! بەڵام دەزانرا بلدۆزەرێکی پێشمەرگە، پێشمەرگەیەکی فەلەی هاودیان، رێگاکە درێژتر دەکاتەوە. ئەو مەستی درێژکردنەوەی بسکی ئالۆزی کۆرەرێیەکان بوو. ئەو، بە پیرۆزی دەزانی ئاسۆی چاوەکانی بکاتە رێگاوبان. دەیویست

بەڵێنەکەی بۆ مەلا مەستەفا، کە (دەستی لە شانی دابوو)، بۆ بێنێتەدی، خۆی لەبەرامبەر ئەو پیاوە گەورەیە، شەرمەزار نەکات:

سەرۆک، ئەزبەنی، هەتا پێویستان بە رێگا هەبێت، من بلدۆزەرەکەم راناگرم. بەرۆژ دەیشارمەوە، دەیکە مشکێک، گوێزێکی خڕی لووسی وردی ناودەمی سمۆریەکی بزێو. بلدۆزەرەکەم لەناو شارەمیروستانێکی سەر بەپووش و وردە زیوان دەشارمەوە. دەیکەمە، کەلاشووشەیەکی لەناو گیرفانی شەروالّی منداڵێک، دەیشارمەوە.

ئەو بە سەرۆکی وتبوو:

بەڵام! بە برادەران بڵێ، بێ زەخیرەم نەکەن. زەخیرەی من دیارە، دەزانن هەموو دەزانن، کاک ئیدریس و کاک مەسعود و عەوڵا ئاغا و فەرەنسۆش، هەموویان دەزانن زەخیرەی من چییە:

گاز و نان و وێسکی و سەربەستبوونە لە نەخشەکانم! دەبێ! کەس دەست لە کار و رێگا و دەمی بلدۆزەرەکەم نەدات:

موختارێک. رێگام پێ نەگرێت، خۆی بکاتە ردێن سپی گوندەکە و پێشنیارم بۆ بکات!

شوانێکی رووتەی باریکە، دەست بەگۆپاڵ و کڵاشخوار پێشم نەگرێت. شێخێکی دەستەراستی تۆ، ریش (نوورانی) باڵابەرزی چاو گەورە. ئامیر هێزێکی کۆنە هاوڕێتان بوارم پێ نەگۆڕن. ئەوانە بەردەمم بگرن و لێم بەسەربکەون و بڵێن:

دەمانەوێ رێگاکە دووری کانی ژنان بێت! نزیکی مزگەوتی گوندەکەمان بێت.

یان ڕۆژێکیان دوا وەستانی تۆپ و سامی شەوێکی فێڵباز، جووتیارێکی دەست بەداس، داسەکەی، وەک زیو ببریسکێتەوە، داسەکەی وەک (نیوەمانگ) لەدوورەوە لێم هەڵشەقێنێت و لێم بێتە پێش و بڵێت:

نامەوێ! دەمەوێ ڕێگاکە، دەمی مەکینەکەت لە پەرژینی باخەکەم دووربکەوێتەوە، بڵێت: نەک دارێکم، نابێ سێبەری لقەدارێکیشم بەرتەسک بکەویتەوە!

ئەو، نەک جارێک، سەد جار وتبووی:

من ئیش دەکەم، نامەوێ شوانێک، مێگەڵە مەڕەکەی بەرەڵا بکات، بەپەلە و شێتانە، بێتە بەردەمم و چاوم لێ سووربکاتەوە، بڵێت:

تۆ مێگەڵە مەڕی منت هەڵەتەکردووە! شێتی سەرگەردان!

نامەوێ مەلایەک، نوورانی، بەڵام بەجلی کوردی و مەندیلی سپی و سیواکی لەجیاتی قەڵەم، لەسەر گیرفانی بلەنگێتەوە و بەتووڕەیی پەنجەی هەڵشەقێنێت و بڵێت:

تۆ فەلەیت و دەخۆیتەوە، ڕێگاکەت موستەقیم نییە!

...

بە شەو، من لەناو ئاگر، پێشمەرگەی تۆم، بە چەکێکی قوورسی پەنجا تۆنی! من دڵسۆزی شۆڕشم، بە مەکینەیەکی کۆنی ژەنگاوی و (سەردەمی پاشایەتی)! ڕێگا بۆ گوندەکان، بارەگاکان، سەنگەرەکان دەکەمەوە. بەرد و دووری و تەنیایی و ترس، ناتوانن سەری ڕێگاکەم کورت بکەنەوە، ببڕن، لوولی بدەن، بیسوڕێنن، بیبەزێنن! ئەو نەیدەزانی ئەگەرنا، وەک هێمن دەیووت:

من عاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن!

پیاوێکی بیرمەند بوو، بیانوو و قسەشی هەبوو، ئەگەر کارەکەی بوەستیت، دەیووت:

من دەسەڵاتم نییە، ئەگەر ڕۆژێکیان، شەوێکی درەنگ، باران و بەفر و لیتە و ڕەنوی بەفر بلدۆزەرەکەم بچەقێنێت. ڕێگاکە بۆ ماوەیەک (دوابخەم)، یان رابگرم، یان بگرم! من دەسەڵاتم نابێت، ئەگەر کەمتەرخەمی بکەن و گازم بۆ نەهێنن.

زۆرجاریش بەپشتی خۆم، بەشانی خۆم، تەنکە گاز، گالۆنم هێناوە، دوو گوندم بڕیوە (شان بەتەنکە) گازەوە هاتومەتەوە، چوومەتە سەر بلدۆزەرەکەم و ئیشم پێیکردوتەوە و هەتا گازی تێدا بووبێت، ئیشم کردووە، منی رانەگرتووە:

بە تۆپ و شەڕی گەرم و جەولەی فڕۆکە و هەڕەشەی خەڵک. من رانەوەستام، کە باران باریوە، کە بەردێکی ڕەسمی سپی، ڕەگی زۆر ڕۆیشتبێت، منەتم نەبووە، خواردنم درەنگ دەست بکەوێت، ئاوم نەبێت، جەژنی مەسیحم! لەسەر پشتی ڕەق و گەرمی بلدۆزەرەکەم کردەوە و خاچێکم لەوێ لەسەر سینگم، بۆ بەستەزمانی و زوڵمە گەورەکەی مەسیح کردووە! کوڕێکم بووە ئاگام لێ نەبوو، دووەمیان من لەوێ نەبووم ناوێکی بەدڵی خۆمی لێ بنێم.

...

دووکەڵە ڕێگا

دووکەڵەکە، فرۆکەکە تەواو دەبێت، کات بەرەو رۆژئاوابوون و عەسرێکی درەنگ دەچوو. دووکەڵێکی تر، لە گوندەکە بەپانی و بەدرێژی، دووکەڵێکی شین، لەدوورەوە دیار بوو، بەڵام زرمەی تۆپی لەگەڵ نەبوو. دووکەڵێک دیار بوو، بەڵام هەناسەی سوار نەدەکرد، هیچ دەنگیشی نەبوو، دووکەڵ نیشانەی سووتان بوو، دەنگی تەقەشی لەگەڵ نەبوو. پێش خوێن و دووکەڵ و شکان و رووخان تەقە و هەژان. دووکەڵێکی شین نەرم نەرم بۆنی دەهات. بەدزی، هەرگیز دووکەڵ بەدزی هەڵنەستاوە، پەرت نەبووە:

ئازاد لەناو گوندەکە، باسی شاری هەولێری بۆ کوڕەکەی بەپێشی کەوتبوو، دەکرد.

بەڵام! دووکەڵەکە بەو عەسرە درەنگە، ئەو لە قسەکانی رادەگرێت، قسەکانی دەپچڕێنێت، (کوران) و باخچەکەی خانزادی لەبیردەباتەوە. ئەگەر کوڕەکە بەتەمەن بچووک نەبوایە، باسی بەزم و شیعرەکانی بورهان جاهید و مەلا بێ بەشی بۆ دەکرد.

پێی دەووت:

لە شارەکەمان پیاوێک، مامۆستایەکی باڵابەرزی چاوجوانی خوێن شیرین و ئازا هەیە، بە سروودەکانی پێشمەرگە هاندەدات، فوئاد ئەحمەد، مامۆستاکەی موزیک و سروودی زۆربەی قوتابخانەکانی ناو شارە. ئەوەی باوکی نەخۆشی هەموو گوندەکانی ناوچەکە، بە دەرمانی خۆماڵی و گیا و گوڵی خاکە سوورەکە  چارەسەر دەکرد. دەرمانی هەموو برینەکانی لە ماڵەکەی، لە گەڕەکی سەعدوناوە دەگرتەوە. ئەویش دەنگی، شەوانە، لە ئێستگەی دەنگی کوردستان، (ئێمە کوردین هەتا ماوین لە ژین)ی مەدحت بێخەو دەڵێتەوە. گۆرانی ئەمیرەکەم، (گۆرانییەکی پیرە)، ستران و ئاواز و سوتانەکەشی پیرە، لە ساڵی ١٩٦٠ەوە ساز بووە، گۆرانییەکە رازی دڵی

مامۆستا باکووری و شەیدابوونی بە کیژە فەلەیەکی ناو کەرکووکە، کە لەلایەن (مەجید ئاسنگەر) دەبێتە شیعر، دوایی کە دەبێتە گۆرانی ئەمیرەکەم، هەموو گەنجەکان لەگەڵ وتنەوەی گۆرانییەکە، هەستیان بە سووتانی دڵی باکووری کردبوو، ببوونە ئەمیر و پەریشان شازادەیان ویستووە! کوڕەکە پێی دەڵێت:

ئەو دووکەڵە، هیچ نییە، ئەوە ئیشی مام جۆرجی بلدۆزەرە!

دیسان، ئەوە دووەم جارە، ناوی جۆرجی گوێ لێ دەبێتەوە، لێی دەبێتە پرسیار و رامانێکی زۆر وروژێنەر! لەوێ وتیان ئەو ڕێگاکە دەبات، لێرەش ئەو کوڕە دەڵێت دووکەڵی مام جۆرجە! ڕێگابردن و بلدۆزەر و دووکەڵ، چ ئەفسانەیەکە، چ (لوغز)ێکی پێشمەرگانەیە! خۆ ئەو بۆ کردنەوەی لوغزەکان دەستی داوەتەوە ئەو دەفتەرە، هەر بۆ زانینی لوغزی شەوەکەی یازدەی ئازار، بەگەڵ عامێ کەوتووە، بووە بە پێشمەرگە، هاتووتە سەر تەیارەشکێنێکی کۆنی ژەنگاوی، بەرامبەر فرۆشگاکەی شۆرش لە چۆمان. ئەوەی کەرەستەی ئیرانی هەرزانتر دەفرۆشتە پێشمەرگەی نەخۆش و بریندار و ماندوو و بێ ژن و شەیدای ناو چۆمان. ئەوانەی لەوێ، لە مزگەوت و دووکانە شڕەکان دەمانەوە، ئەوانەی ئاودیو دەبوون!

...

ئەو دەیتوانی بەڵام داوای نەدەکرد

ئەو پیاوە سەرخڕە فەلەیە، بە پانتۆڵە فشە گەورەکەی، زۆر کەمیش بە چاکێت و پاڵتۆی گەورە بینراوە، سەرما و بەفر کاریان لە جەستەی ئەو

نەدەکرد! سەرمای نەدەبوو، دەگەیشتە بارەگای بارزانی، دەچووە مەکتەبی سیاسی، قسەی دەڕۆیشت، ئەو:

خەڵکی لە دەورەی کادیرانی ناو گوندی خۆشکانی بەرامبەر بەفری سەری سەکران، کە ماوەماوە لەو گوندە بۆ (خوێندەوارەکان) دەکرایەوە، پێی وەردەگیرا.

ئەو بەئاسانی سەرلقی دەکردە ئامیر بەتالیۆن، ئامیر بەتالۆنیشی پێ دەکرایە ئامێر هێز.

ئەو دەیتوانی:

بڕنۆی (دارشووشە) بۆ یەکێک وەرگرێت، ئەگەر قسەی کردبوایە. داوای کردبوایە نەخۆشی دەناردە تاران، ئەگەر داوای کردبوایە...!

بەڵام! ئەو رۆژانە وەک شوانێک، مازوکەرێک، باخەوانێک، جووتیار و راوکەر و ئاودێرێک، دارکەرێک، وەک پیاوێک نوێژی بەیانی کردبێت بەدوای شانەی هەنگ لەناو داران، لەناو بەردان بگەرێت. ئەو پێش شەڕەکان، لەو هەورازانە، لەو شاخانە دەمایەوە، دەمایەوە و دەچووە پێش و نەدەبەزی، هەر دەڕۆیشت و (نەدەگەڕایەوە)، دەچووە پێشەوە و نەدەگەڕایەوە دواوە. ئەو سەرباز و پێشمەرگە نەبوو، بەڵام لەناو ئاگر بوو، لە پێشەوەی بەرەکان بوو، لەسەر سەنگەرەکان، بە رۆژ و بە شەویش لەناو شەڕەکان بوو.

جێبێکی لاندرۆڤری لە مەلا مەستەفا بەدیاری وەرگرتبوو، بەڵام سواری جێبەکە نەبووبوو، هەتا گوندی دیلمان و قەسرێش پێی نەڕۆیشتبوو، هەر لە شوێنەکەی خۆی چادرێکی خاکی پێدەدات و بە سەرۆک دەڵێت:

گەورەم، دیاری تۆ، بۆ من، شانازییە. من دەڕۆم خەریکی رێگاکە دەبم. کە رێگاکەم هەموو تەواو کرد. کە شاخەکانم ورد ورد شانە کرد. کە

گوندەکانم دۆڵی بێشە و بنارەکانی زۆزکم بەو ڕێگاوبانە خەنی کرد. کە باخچەکانم لە شار و ئاوەدانی و هاتوچۆ نزیک کردەوە. با ماندووش بم، با چاوێکیشم لەدەست بدەم، با قاچێکم، دەستێک و (لاگونێک)یشم بپەڕێت، من ئیش دەکەم و فەرمانەکانی تۆ جێبەجێ دەکەم. ئینجا دەگەڕێمەوە و بە سواری جێبەکە، بە دیارییە جوانەکەی جەنابت، گەشتێک بەسەر ڕێگاکە دەکەم، ئینجا نۆرەی منە بەسەر ڕێگاکەدا بڕۆم، دەڕۆم:

دەڕۆم و قۆڵم لە پەنجەرەی جێب لاندرۆڤەرە کەسکە سەر بەچادرە نوێیەکە دەردەهێنم، گۆرانییەکی حەسەن جەزراوی لەسەر تەسجیلەکە دادەنێم، من سۆزم بۆ ئەو گۆرانییە هەڵدەستێ، رەنگە ئەوانە، سترانبێژەکانی لە (بۆتان)، لە جەزیرە، لە ماردینەوە هاتوون، هەموو ئەرمەن و جوولەکە و فەلە بووبن. دەڕۆم و سڵاو لە خۆڵە سوورەکەی لەبەر جوانی گوڵ، دەمی بەرخۆڵەکان لەناو شاخ و بەردەلانەکان پان ببونەوە، دەکەم. خۆڵەکە، گردەکانی وەک لۆکە بۆم نەرم نەرم دەبوونەوە، کە شەوانە دەمبڕین، دڵم خۆش دەبوو، هەستم بە سەرکەوتن دەکرد و نەفرەتم لە بەردە رەقەکان دەکرد.

بەڵام! کە دەچمەوە کرنۆش بۆ بەردەکانیش دەبەم، نەک بەردە رەشەکەی موسڵمانەکان، لە کەعبە لەدەوری دەسووڕێنەوە، ئەو بەردانەی لەو شەوانەی من ڕێگام دەبڕی، بەردەکان دەبونە (لوقم) و گەزۆ، لەبەردەمی بلدۆزەرەکەم دەخشین و دەجولان، بە دوو پەنجە، بە فووێکی سووک و سروەکەی هەڵدەتەکان، دەجوولان و لە من دووردەکەوتنەوە.

شوێنەکە هەر شوێنێک بوایە. نزیک گوندی (گوێزلینگ)، هەسنان، بێشە، گرینگ نییە، من لە جێبەکە دێمە خوارەوە بەردەکانی لەسەر ڕێگاکە، شانیان، بە ڕێگاکە داوە و چاویان بڕیوەتە ڕێبوارەکان، سەیری:

سووڕانەوەی تایەکانی جێبەکەم دەکەن، دەیانەوێ لاسایی بکەنەوە، بەڵام بەردەکان ناتوانن! وەک تایەی ئوتومبێلەکان بسوڕێنەوە و دوور بڕۆن، بچنە ناو گوندەکان، نزیک هاژەی ئاو، ببنە دیوارێکی پانی ژووری نووستن، سەرشۆرێک، چاو و هەست و گوێیان لە هەست و رازی مرۆڤەکان بێت، چ بکەن ئەوانە بەردن، بەرد! ئەگەرچی مام جۆرج شانیان دەجولێنێت، دەمیان دەکاتەوە، پشتیان شل دەکاتەوە، سەریان (دەتاشێت)، بەڵام ناتوانن، ببنە شتێک تەنها بەرد نەبێت!

من سواری جێبەکە نابم هەتا بەسەر رێگاکەدا نەڕۆم لە گەلاڵەوە پێدادێم، یادگاری جوانم لەو گەلاڵەیە هەیە، بڕوا ناکەم لەوێ ماوەیەک بەسەر قیر دادەڕۆم، جێب حەیفە بەسەر قیردا بڕوات، هەر بەردەڵان و کەند و پەڕینەوەی لەسەر جۆگەی پێ خۆشە، (مامزە جێب)، هەڵدەپەڕی و گیرانی نییە، نە بە تفەنگ و بە ساردی بەفر ناگیرێت!

...

کوڕەکە بە ئازاد دەڵێت:

_هیچ نییە دووکەڵەکە ئیشی مام جۆرجە!

ئەویش بە کوڕەکە دەڵێت:

_جۆرج ئەوەی مەلا مەستەفاش خۆشی دەوێت!

منداڵەکە دوو سێ هەنگاو لەپێش ئازاد دەڕۆیشت، بەناوی مەلا مەستەفا هەڵوەستەیەک دەکات:

_چۆن مەلا مەستەفا ئەو پیاوە فەلەیە دەناسێت!

مام جۆرج، ئەوەی رۆژانە لەناو بەردەکانە، لەسەر چۆمەکانە، لەبن دارەکانە، لەتەنیشت زنارەکانە. رۆژانە کەمێک دیارە و چەند سەعاتێک،

نا! هیچ کەس نایبینێت، دەڕوات و خشەی نییە، دەخوات و داوا ناکات، دەخەوێت و شەوانە روو لە مزگەوت و ماڵەکان ناکات. پیاوێکە نازانێت ریشی بتاشێت، خۆی ناشوات، برسی نابێت، بە شەو ناخەوێت، بە رۆژ دانانیشێت، قسەیەک ناکات، ناڵێت ئامێر هێزەکە، چەند خزم و کەسی لەگەڵ ماڵ و منداڵەکانی ئاودیوکردووە. گلەیی نییە پارەی کەمە! فزەیەک ناکات، کە دەبینێت تۆپەکانی حکومەت سەد گوللە تۆپ، بەو چیا و باخ و گوندەکانەوە وەدەنێن! تۆپە ئیرانییەکانی هاتوون، پشتیوانی پێشمەرگە بکەن، تۆپێک لە ریزە دەبابەیەک ناگرن، بەرۆژ و سەربەستانە سەردەکەون. تۆپێک لە بارەگایەکی لیوا ناگرن، کە ژوورەکانی بە چینکۆ و (فۆرمیکا) گیراوە. تۆپەکان، زرمەیەک لە دەستەیەک کلاشینکۆف و دۆشکە ناهێنن. دوو مەفرەزەی جاش ناترسێنن! ئەوانە دەبینێت و قسەیەک ناکات، مام جۆرج!

خەڵک هەیە، زۆریش لەو خەڵکە، لەو شۆرشە بە بڕنۆیەک، بە دەمانچەیەک، بە دوو کۆبونەوەش بەشدار نییە، ناوی لەودیوەیە و خۆی لەودیو!

خەڵک هەیە، گوناحە، لەگەڵ یەکەم بوردومانی ناو چۆمان، چوونە ئیران و ون بوون، لە شارەکان، لە گوندەکان، لەناو ... ون بوون!

شاعیر هەبوو بە نووسین. پارە هەبوو بە رەقم. دڵ هەبوو بە خوێن. ژن هەبوو بە مەکر. سمێڵ هەبوو بە سوبغ. راپۆرت هەبوو بە درێژی. نامە بە سۆز. ناو هەبوو بە ئاگر. دەست هەبوو بە ئاسن. لق هەبوو بە ئەندام. سەر هەبوو بە جەمەدانی. سوور هەبوو بە جوانی. ئەویش، بەدڵسۆزییەوە لەناو شۆرشە، زۆر لەمێژە بە بلدۆزەرە کاتربیلرە ئەمریکییەکەی، (دەیزانی ئەندازیارێکی میکانیک بەناوی بنیامین هۆلت لە ساڵی ١٩٠٤ بەسادەیی دروستی کردووە)، پەنجا تۆنییەکە، رەنگ زەردەکە، پێشمەرگایەتی دەکات. بلدۆزەرەکەی نوێیە، بۆ ئەو نوێیە، تازە

لە بەکارهێنانی پێیەکان ببووەوە و هیدرۆلیکی بەکارهێناوە. بۆیان باسکردبوو، ژاپۆنییەکان بلدۆزەری کۆماتسۆیان دروستکردووە، گاڵتەی بەوە قسانە دەهات، دەیووت:

ئەوە بلدۆزەر نییە، کێشیان سووکە، تاقەتی نییە، ئەگەر هەر ئەوەندە بێت، من بە شانم ئیش دەکەم، بە دەستم بەردەکان هەڵدەقەنێنم، ئەوەی خۆم نەبێت، پەنجا تۆنە! بەرد و رەوەز شاخ و کەندەڵان هەڵدەگرم، هەژدە تۆن چییە! بلدۆزەر پەنجا تۆن قورسایی و کێشی نەبێت، من هەرگیز ناچمە سەری، ئیش لەسەر بەردی گەورە، کەندەڵانی بڵند، (قەدپاڵی سەرەڕێ) بە بلدۆزەری کاتر دەکرێ!

...

لەو رێگایە، لەو سەفەرە ئازاد بێ چەک، شوفێری جێبەکە، پیاوی ناو گوندەکە، پاسەوانەکەی، شەوی نیوەرۆحی کردبوو. منداڵەکەی هەر پێشی دەکەوت و دەیویست باسی هەولێری بۆ بکات:

لێی دەپرسن:

_چۆنە چەکت پێ نییە! بۆ بێ چەکی!؟

ئەویش بەو شوفێرەی وت، کە جێبەکەی بە تاریکی لێدەخوڕی و رێگا و کۆسپە و جۆگە و تاسە و نەفەر و مامز و سووڕانەوەشی دەبینی. بە منداڵەکەی وت:

ئەوەی خەونی بەوە دەبینی شەڕەکە تەواو بێت، زۆریش دڵنیابوو، شەڕەکە تەواو دەبێت، تا بێتە هەولێر و سینەما ببینێت، پێی دەڵێت:

_من چەکەکەم هەڵناگیرێت، گرانە!

ئەوانیش پێی دەڵێن:

چەکی تۆ چەند گرانە؟! ئێمە کوڕێک دەناسین، کە لەو شەڕ و لەو بەرەیە، لە گەرووی عومەر ئاغا دەگەڕێتەوە، دڵی بە کەس ئاو ناخواتەوە، (برێنە رەشە درێژ و گرانەکەی) بە هەشت مەخزەنەوە جێبهێڵێت. برێنە رەشاشەکەی بەشان دەباتەوە گوندەکەیان، بەچەکەوە دەچێتەوە ناو باخەکەیان، دەچێتەوە یارمەتی باوکە پیرەکەی دەدات، بە برێنەوە بەیەک شەو، بەو بارە گرانە، زۆر بەپەلە و چاوەڕوان ناکات، جێبێک پەیدا بێت، چونکە دەیووت:

کێ دەڵێ ئەو جێبەی ئەگەر هات، سەبری کرد و راوەستا! شوێنی من و برێن و مەخزەنەکانی منی هەیە، بڕۆم باشترە! دەچێتەوە بن شاخی بەڕاستی! هەموو رێگاکان قەدبڕ و بەتەنها و بێ پشوودان دەبڕی _ چونکە مۆڵەت ئەگەر خەوتن و پشوودان و چاوەڕوانی تێکەوت، تەواو دەبێت_ (ئەوە قسەی ئەو پێشمەرگەیە، کە برێنی لە بەرەی زۆزکەوە بەشان دەبردەوە گوندەکەی پشت چۆمان) تۆش دەڵێی گرانە! چەندە، با گران بێت؟!

پێیان دەڵێت:

من لەسەر تۆپە تەیارەشکێنە چواردە و نیوەکەی سەر چۆمانم، چەکەکە بەناوی هەموومانە، هەموومان لە باوەشی دەکەین، تەقەی پێدەکەن، پاکی دەکەینەوە، خەمیشی لێ دەخۆین:

تۆپەکە کۆن بووە، ژەنگاوییە، بە نوێ وەرگیراوە و کۆنە! دوورهاوێژ و ئاگری سوورە، بەڵام بە دووکەڵە سیسە شەرمنەکەی دەزانین زۆر ناڕوات. چەکەکەی من، گرانە و هەڵناگرێت! (بەو قسەیە، بەو ناونیشانەی بە شوفێری جێبەکە، بە پیاوەکەی ناو گوندەکە، بە مندااڵەکەی وەک سوسکە لەبەردەمی هەڵدەپەڕی، ئەدرێسەکەی بە مام جۆرجیشی وتبوو، پاش

زۆرتر لە سی و پێنج ساڵ، چل ساڵ دەیدۆزنەوە و وێنەکەی لێ وەردەگرنەوە).

کامیرا

ئازاد، تازە کامیرایەکی بۆ هاتبوو، دوو فیلمی پێ گرتبوو، وێنەی هاوڕێیەکانی لەسەر تۆپە تەیارەشکێنەکە گرتبوو، فێرببوو، لەو سەفەرە و هاتنە سەیرانی تەیارە شکاوەکە و مام جۆرج، کامیراکەی پێ بوو، وێنەیەکی گوندەکە دەگرێت، هەموویان کۆدەکاتەوە و وێنەکیان دەگرێت:

تازە وێنەکەی گرتبوو، نەشورابونەوە دەیویست لەبنەوەی بنووسێت، یان لەسەر پشتی بنووسێت:

ئەو وێنەیەم لە گوندی گزرێ گرتووە، گوندەکەی فرۆکەیەکی لێ کەوتبووە خوارەوە، لەو گوندە ئەوەندە کەس مابوونەوە! هەموو لە ترسی شەڕەکان و ئەو فرۆکەیەی لێرە پارچە پارچە بووبوو، رایانکردبوو، ماڵ و باخ و کانی و خەونەکانیان دابووە دەست ترس! ئای کە ستەمە، پیرۆزییەکانت رادەستی ترس بکەیت! ترس نەخۆشییەکە هیچ شوێنەواری نییە، تەنها دکتۆر و دەرمانەکەی سەرکەوتن و پیاوی ئازایە، بەوانە چارەسەر دەکرێت. نەخۆشییەکە، کادیر دەیگرێت، کە رێبازی شۆرشەکە بە خەڵک دەگەێنێت. (شاعیر) دەیگرێت، کە شیعری ئاگرینی لەدەمی دەردەچێت، ژنی دووگیان، سەرکردەی راکردوو و دوور، ترس باڵندەش دەیگرێت! بەڵام دەرەقەتی خۆراگریی و هەڵوێست نایێت!

لە دووکەڵەکە نزیک دەبێتەوە، دەگاتە نزیک ئاگرەکە، بەڵام ئاگرێکی گەش و گەورە نەبوو، دەستێکی وریا ئەو ئاگرەی کردبووەوە، پەنگر بوو،

خۆڵەمێشێکی زیندوو، گەرمایی سوتان، هەڵقرچانی پووش، رەشایی (سۆتەک) بوو.

ئەو، بە رۆژ، بواری ئیشکردنی بەو (پەنگرە سارد)انە دیار دەکرد. بەو ئاگرە بێ مەشخەڵانە، بەو سووتانە نەرمە رێڕەوەکەی دادەنا. تا شەو دادەهات، دەچووە سەر بلدۆزەرەکەی لەگەڵ تروسکە نەرمەکان، چرا شەرمنەکان، سووتان و بۆنی دووکەڵەکە، بوارەکەی دەستنیشانی دەکرد و دەڕۆیشت. دەمی بلدۆزەرەکەی بەدوای گەرماییەکە دادەڕۆیشت! تاریک بوو، بەڵام هەناسە گەرمەکە، مام جۆرجی لەسەر هێڵەکەی دیاریکردبوو، خۆڵی دەبڕی، بەردی دووردەخستەوە، چۆمی پڕدەکردەوە.

لەگەڵ هەنگاوێکی دوور و بڕینێکی باش، قومێکی لە پێکە ویسکییەکەی دەدا، پارچە پەنیرێکی لەدەمی دەنا، زۆرتر دەمەکە پاڵدەدرا. هەر چەند کاری دەکرد، خۆڵەکە نەرمتر و سووکتر دەبوو. بەردە زەلامەکان ورد دەبوون، دەجولان، دووردەکەوێتەوە و ژێرەوەی بلدۆزەرەکە دەبووە رێگا بۆ:

جێبەکانی دەیانویست دوورتر بڕۆن، چەک ببەن، پێشمەرگە بگۆڕنەوە، فەردە ئارد و تەنکە نەوت و سەندوقە فیشەک ببەن، چونکە فیشەک بەری نەدەگرت، گوللە هاوەن زوو تەواو دەبوو. ئەوانەی دەیانویست بچینە بادینان، لەوێشەوە بچنە ناو (سورچی)یایەتی و بجیل و سەر ئاوی قەندیل، لەوێش هەواڵی خزم و کەسوکارەکانیان بپرسن، بنێرن لە هەولێرەوە، بەبیانووێک، بەپەلە:

دایکێک بێت و چیتر نەنوزێتەوە و بڵێت:

دڵم خەبەری داوە، کوڕەکەی من لە بوردومانەکەی ناو چۆمان فەوتاوە! دەچن و بەپەلەتر دەگەڕێنەوە، چونکە زوو زوو خەڵکی ناوچەکە، باریان پێچابووەوە، خۆیان سووک کردبوو، دەیانووت:

بڕۆن، قوەت هات!

...

ئازاد دەگاتە کن مام جۆرج، پیاوەکە، بە گۆشت و ئێسقان و سینگی رووت و دەستی گەورە، چاوەکانی نە شین و نە کەسکە، دەبینێت:

ئەو لەگەڵ ئاسن و پۆلای ژەنگاوی، شەڕی بەردی رەق و (کەڤر)ی خەوتوو و کەپکی تیژ و رەوەزی پاسەوان و بەردی ئاسنی دەکرد. لەگەڵ شەو، بەردەوام ئیشی رۆژی دەکرد. بەتەنها ئیشی گرووپێکی دەکرد، بە یەک بلدۆزەر، ئیشی کۆمپانیایەک بە (ئەندازیار و فۆرمن و کارمەند و شوفێر و فیتەر)ی زۆرەوە ئیشی دەکرد. هێزێک، دوو هێز، سەرلقێک، هەتا دوو ئامیر هێزیش، چاویان لە بەرهەمی ئەو بوو:

چاوەڕوان بوون، ئەو رێگاکە بکاتەوە، تا ئەوان بڕۆن، تا چەکە قوورسەکان ببەن، تا زوو بریندارە نازدارەکان دووربخەوە و شەهیدەکان بۆ ناو گوڵزار بنێرنەوە!

چەند هەنگاوێک لەگەڵ بلدۆزەرەکە دەڕوات، سەیری تووڕەیی بەرد دەکات، کە دەمی گەورەی گەرمی بلدۆزەرەکە دەیجولێنێت. رەگی داربەڕووێک پەنجەی بۆ درێژ دەکات و هەڕەشەی لێ دەکات و دەڵێت:

من لەوێش دەڕوێمەوە، بەس ئاوێکم لێ بدات، خوناوێک لەسەر روومەتی گەلاکانم بنیشێت، زوو و ئەوندە زوو کەس بڕواش نەکات کەسک دەبمەوە، دەچمە بن بەردێکی سووری تر، دەخزێمەوە نێوان درزی تیشێک و لەدەمی بزنیش دووردەکەومەوە.

هەتا خۆڵ بوو، مام جۆرج زۆر بەئاسانی دەڕوات، بەڵام بەرد و شاخ و تەڵانیشی باش دەبڕی، سوێندی خواردبوو، ئەو شەوە هەموو سنوورە دیارکراوەکە، شوێنی سوتان و دووکەڵ و هەڵقرچانەکە تەواو بکات، هەتا رووناک دەبێت، هەتا فڕۆکە و رەسەدەکانی لە زۆر دوورەوە، بە دووربینی رووسی چاویان لێ بوو، ئیش دەکات. (نەڕە)ی مەکینەکەی، فەوجێکی ترساندبوو. لیوایەک سەربازی خستبووە زەلزەلە، لە ترسانا بروسکە دەکەن:

ئیمشەو وادیارە کوردەکان دەبابەیان بۆ هاتووە. دەنگی زنجیرەی دبابە رەبیەکانمان، چینکۆی سەری دەهەژێنێت. وا هاتن بە دەبابە هاتن، بێ دەبابە بوون، ئێمە دەرەقەتیان نەدەهاتین، چەند رۆژە، چەند شەوە، بە هەموو فڕۆکە و دەبابە تۆپە قوورسەکان، ناتوانین پێشڕەوی بکەین، ئینجا دەبابەشیان هەبێت!

لەگەڵ (کازیوە)، جۆرج دێتەخوارەوە، بلدۆزەرەکە لەبن بەردێکی گەورە، زنارێک، قەدی دار بەڕوویێکی ئەستوور، لەبەر رەشاییەک، رادەگرێت. چادرەکەی پێدادەداتەوە، بە لقی چڕۆ و مازوو و کرۆسک و پووش دایدەپۆشێتەوە، تا ئیسراحەت بکات، تا جۆرج، بەیانی زوو، نیوەڕۆ و عەسرەکەشی، رێگاکە دووبارە بە سوتان و بە (قوچەک و کەلەکە بەرد) و کەستەک، بۆ شەو و دەمی بلدۆزەرەکەی دیار بکات.

ئەو خۆی دادەتەکێنێت، کەرەستەکانی، شووشە ویسکەکەی، لەوێ لەنزیک بلدۆزەرەکە دەشارێتەوە، دوور لە چاوان، نەوەک:

کەوێکی عاشق، داماوانە، لەناو پووش و وردەبەردەکان، شووشە زەرد و سوورە سکۆتلەندەییەکە بدۆزێتەوە، کەوەکە شەیدایانە. بە دەنووکی شووشەکە کون بکات. سەرەتا تامێکی بکات و دوایی چەند قوومێکی لێ بخواتەوە. بخواتەوە و وازنەهێنێت و (سەرخۆش بێت و هەڵبفڕێت). دوور

بڕوات و بکەوێتە ناو ڕەبیەیەکی سەربازی دیوی دیانا، لەسەر سپیایی چیای سپیلک بنیشێتەوە. لەوێ نهێنی بلدۆزەرەکەیان پێ بڵێت، پێیان بڵێت:

من دەزانم مام جۆرج پیاوە فەلەکەی هاودیان، بلدۆزەرەکەی، بوتلە وێسکییەکەی لەکێ شاردوتەوە. بەوەش نەوەستێت، بە دەنووکە باریکە سوورەکەی سۆخۆیەک، فڕۆکەیەکی مێکی بێنێتە سەر بلدۆزەرەکە!

یان بە بۆنی وێسکییەکە، بە شریخەی شکانی شووشەکە، شوێنەکە بدۆزنەوە، بەیانی زوو دوو مێک و فڕۆکەیەکی سۆخوی، بە سارۆخی زۆرەوە بو شوێنی دیاریکراوەکە بنێرن!

ئەو شووشەکە باش دەشارێتەوە، چۆنکە باشی دەزانی، هەر ئەو نا، هەموو ئەوانەی ئەویان دەناسی، دەیانزانی وێسکییەکە، وەک گازەکە پێویستە بۆ ئیشەکە، بەیەکەوە هەفتانە بۆی ڕەوانە دەکەن! بەڵام بەر لەوەی شووشەکە بشارێتەوە بە میوانەکەی دەڵێت:

فەرموو ئەگەر دەخۆیتەوە، دەم پێوەنێ، من بە ئاگاداری بارەگای بارزانی دەخۆمەوە، فەرموو!

...

کەس نازانێت

ئەو پاش شەوەکەی، لە یانەی فەرمانبەران چارەگە عەرەقەکەی دەخواتەوە، بڕیاردەدات لەگەڵ عامێ بەگەڵ شۆرش بکەوێت، چیتر قوومی لێ نەدابوو:

بەڵام، منیش ئێستا کە سەربردەی ئەو پیاوە دەنووسمەوە، نازانم ئەو شەوە، لەو ئاگرباران و ترس و سەرماکە، لە بەش و زەخیرەکەی جۆرج دەخواتەوە یان نا! ئیشی من نییە دەخواتەوە یان ناخواتەوە، بەڵام وادەزانم کەشەکە، داواکە، تەنهاییەکە، پارچە پەنیرە بەلەزەتەکە، دیمەنەکەش بوارساز بووە بەیەکەوە دابنیشین و بخۆنەوە.

شەوەکەی لە یانەی فەرمانبەرانی هەولێر و لەناو باخچە گەورەکە، لەبەر رەوشە سیاسییەکە، لەبەر ئەوەی برادەرەکانی دەڵێن:

دەڕۆین و زوو دەگەڕێینەوە. دڵنیابوون هەموو چەکێکمان هەیە. کەس لە برادەرەکانی ئەو شەوە نەهاتبونە نادی، ئەو بەتەنها بەجێدەهێڵن، دەخواتەوە و بەیانی خۆی لەناو پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی دووی دەشتی هەولێر لە دێگەڵە و (عەلیاوە) دەبینێتەوە.

بۆیە رەنگە لەگەڵ مام جۆرج، پاش ئەوەی وێنەکەی دەگرێت، سەیرانێکی نازداریان کردبێت و دڵی خۆیان نۆژەنکردبێتەوە. ئەو وێنەیەی لەسەر (قەرەوێڵە)ی نەخۆشخانەکەی سان فرانسیسکۆ لە ویلایەتی کالیفۆرنیا، ئەو وەک (ئەسپانەکان) بۆ دۆزینەوەی زێر نەچووبووە ئەو ویلایەتە، ئەو شۆرشەکەی هەرەسی هێنابوو، بەدڵشکاوی، بەنائومێدی، دەستی ژن و هەر سێ کوڕەکەی دەگرێت، لە ژیانی کەرەج و بۆنی ئیسلامییەکان و شۆرشی ئیرانییەکان رادەکات! وێنەکەی بەبیردێتەوە! لەوێ بە کوڕەکانی دەڵێت:

وێنەیەکم گرتبوو، لە دۆڵی بێشە ئەوەم دەوێتەوە! بەڵام ناوی کوڕەکەی وێنەکەی گرتم، شەو و رۆژەکەی شادمان، بەیەکەوەمان رابوارد لەبیرنەماوە!

...

بەڵام! من باش دەزانم، ئازادیش خۆی لە کۆڕەکەی ناو پارکی شار، وتی من بەرۆژ، هەر ئەو رۆژە مام جۆرجم ناردە سەر بلدۆزەرەکە، بەرۆژ و چەند دەقەیەک چادرەکە، پووش و لق و سەرپۆشەکانی سەری فڕیدا تا من وێنەیەکی ئەوەم، لەسەر کورسییەکە و یەکێکیش بەدیار بلدۆزەرە کاتر بیلرەکە گرتبوو. جۆرجیش کە لە (نەخۆشخانەکەی ئەمریکا) دەبێت، لەبیریەتی و داوای ئەو وێنەی کردبوو.

ئازاد وێنەیەکەی دەگرێت، بەدرێژایی رۆژەکەش ناچاربوو، لەکن مام جۆرج بمینێتەوە تا:

زۆرتر قسەی لەگەڵ بکات، سەربردەی هاتنی بنەماڵەکەی لە ئامێدی بۆ گوندی هاودیان بگێڕێتەوە، چۆن دەچێتە ناو شۆرش و دەبێتە شوفێر و میکانیکی مەکینە گەورەکانی بارەگای بارزانی، زۆریش مەلا مەستەفا دەبینێت! بۆی دەگێڕێتەوە باوکی سەربازێکی (لیڤی) بووە، لە موسڵەوە رەوانەی باشووری عیراقی دەکەن، لە (حوبانیە) دەمینێتەوە، لەوێ دایکی دەبینێت و سێوی دڵی دەدزێت و هاوسەرگیری دەکات. شەش حەوت ساڵان بووە، لە حوبانییە دەگوازنەوە کەرکوک، لەوێ گەورە دەبێت و چەند ساڵێک لە قوتابخانەیەک زۆربەیان مناڵە کریستیانی ناو کەرکووک بوون دەخوێنێت. هەر لە کەرکووک چەند پارێزەرێکی کورد دەناسێت، بەر لەوەی ببێتە پارتی، زووتر چەند مانگێک شیوعی بووە، ماڵەکەی دەگوازێتەوە نزیک ماڵە خەزوورەکانی و دەگاتە هاودیان!

ئازاد، لەسەر وشەی لیڤی هەڵوەستەیەک دەکات و دەپرسێت:

_مام جۆرج، زەحمەت نەبێت، لیڤی چییە؟

_من باشیش نازانم، بەڵام ئەوەندە دەزانم، بریتانییەکان بۆ خۆپاراستن هەر لە بەسراوە، دەستەدەستە سوپایان لە خەڵکی ناوچەکان سازکردووە، زوو ئەوانە هاوکاری سوپای بریتانییان کردووە، زۆر لە

شەڕەکانی کپکردنەوەی ئاژاوەکانی باشوور بەکاریان هێناون، سوپایەکی میللی بووە! لە هەندێ شوێن، پێیان وتوون سەربازی جۆرج (دەبێ منیش بەو ناوە کرابم) بەناوی مەلیک جۆرجی بریتانیا! نازانم.

کە عوسمانییەکان دەشکێن، وڵاتەکە سوپای نامینێت، جەندرمە و پاشا و (قەرەقوڵ)ەکان پەرتەی لێ دەکەن، قشڵە و سەراکان چۆڵ دەکەن و دەتاوێنەوە. مێژوو لەو وڵاتە خۆی دووبارە دەکاتەوە. دووبارە بەڵام پاش زۆرتر لە شێست ساڵ، دیسان کە بەعسییەکان بەڕووی ئەمریکییەکان بە شەو و رۆژێک لە بەغدا دەشکێن، وڵاتەکە سوپای نامینێت. بەیەک بڕیار، پێی دەڵێن بڕیاری برێمەر بۆ هەڵوەشاندنەوەی سوپای عیراقی، ئەو سوپایەی بست بست، بەرد بە بەرد بۆ گرتنی سەرکردایەتی شۆرشەکە و بلدۆزەرەکەی مام جۆرج هەڵدەکشا، بودجەیەکی ئەستوور و خوێنێکی زۆر لەو شەڕە سەرف دەکات. کوردیش چل ساڵ چاوەڕوان دەکات، تا سوپاکە بە یەک بڕیاری برێمەر هەڵدەوەشێتەوە.

...

شەوێک دەمینێتەوە

شەڕە تەیارە و شەڕە تۆپ، لەگەڵ خۆرئاوابوونەکە تەواو دەبێت، بەڵام شەڕە دەست و شەڕە تفەنگ و شەڕە پێ، دەست پێدەکات، هەموویان وریا دەبن، کەس ناخەوێت، ناخەون نەوەک بگیرێن، نەوەک بشکێن و ببێتە هەرێ هات!

ئازاد دەیزانی جێبەکانی دەهاتن، دەزانن رێگاکە درێژتر بووە، مام جۆرج زۆرتر بەرەو پێشەوە رۆیشتووە، شەوەکەی ئیشی کردووە، دڵیان خۆشە:

شوفێرەکان، خەڵکی ناوچەکە، پێشمەرگەکان، راوچییەکان، مام جۆرج ئەویش دڵی خۆش بوو. لەگەڵ جێبێک سوار دەبێت و دەگەڕێتەوە، لەگەڵ نووسینی چەند سەرەدێرێک، ئەو لەو سەفەرە ترسناکە:

چەند وێنەیەکی گرتووە، وێنەی گوندەکە، کەلوپەلی فڕۆکە مێکە نۆزدەکەی لە رۆژی ٢٣ی مانگی ئوگستی ساڵی ١٩٧٤ بە ئاگری شەستیرێکی چواردە میلم و نیو خرابووە خوارەوە. وێنەیەکی مام جۆرج یان زۆرتری بۆ دەگرێت.

بەو شەوە سواری پشتەوەی جێبێک دەبێت. ئەو لەگەڵ دوو پێشمەرگەی بریندار دەگەڕێتەوە، بێ لایت، ماوەماوە یەکێک لە نەفەرەکان، دیوی جەمەدانییەکەی وەردەگێڕێت و وەک مەندیلی سپی مەلای گوندێکی کانی ئاوی زۆر بێت، دەردەکەوێ. لەبەردەم جێبەکە دەڕوات تا رێگاکە ون نەکات، تا نەکەوێتە ناو کەندێک، بەرەو هەڵدێرێک (روونەچێت). ئەوانەی سێ هەفتەیە لەو شەڕەدا سەلامەت دەرچوون، ساچمەیەکیان بەرنەکەوت، لە وەرگێڕانی جێبەکە نەفەوتێن.

دەگەڕێتەوە وێنەکان دەشواتەوە، دوو سێ جاریش دەیەوێ یەکێک بدۆزێتەوە بچێتەوە رێگاکەی جۆرج. بچێتە سەر ئاوەکەی (رێزان) و بەسەر رێگاکەدا بڕوات. لەو رێگایەی تەنها بە شەو بۆیان هەبوو پێیدا بڕۆن، چونکە جۆرج رێگاکەی بە شەو بڕیبوو، بە چەندین شەو تەواوی کردبوو. رێگاکە بەناوی ئەو دەناسرا.

رێگاکەی مام جۆرج، هاملتۆنێک بوو لە بەرزایی. رێگایەک بوو لەسەر رووبارەکان و لەنزیک چەمەکانەوە نەبڕابوو. هەموو رێگا شاخاوییەکانی هیند و لوبنان و ئەوروپاش، لەگەڵ ئاوی گەورە، رووباری پان، چەمی قووڵ دەبڕدرێت، چونکە بڕین و پێویستەکان ئەوە دەخوازێت، لەسەر چەمەکان بڕینی رێگا ئاسانە، لەگەڵ هاژەی ئاو ئاوەدانی، لەگەڵ شنەی

شەنگەبی ڕێگا دەڕوات. بەڵام جۆرج لەسەر بەرزاییەکان ڕێگایەک دەبات، لەناو بەرد و نزیک هەتاو و سەنگەرەکان، دوو (لیوا) و دوو شار و دوو زاراوە و دوو جلوبەرگ و ڕەنگی جەمەدانی و دوو دەوڵەتیش، تورکیا و ئیران بەیەکەوە دەبەستێتەوە!

ئازاد سەفەرێکی ترسناکی کردبوو، دەچێتە دەڤەرێک لەمێژە باڵندەشی تێدا نەمابوو، بۆ هێلانە و پووش و بۆنی گیاش نەدەگەڕانەوە. چەند مانگ بوو، شەڕی گەرمی تێدا بوو، دەرخستە و لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخستبوو. شەڕەکە شەری گەورەی دوو وڵاتی بەسامان بوو، شەڕی دوو قوتب، دوو هێز و بازار بوو.

شەڕەکە، لەناو دۆڵی بێشە و گەرووی عومەر ئاغا و بناری زۆزک بوو، بەڵام لەسەر ئاوی (شەت ئەلعەرەب) بوو! سوپای چەکداری عیراق دەشکا، بەڵام بە خوێن! ئاگرەکە زۆر بوو، بەڵام چڕی و زۆری و گەرمییەکەی لەلایەن دوژمنەوە بوو!

لەوێ ئازاد، جۆرج دەدۆزێتەوە، بریندار نەبوو، دیل نەبوو، نەشکابوو، بەڵام دەرنەدەکەوت، کەس لە چۆمان و لە گەڵاڵە و لە ئازادییش نەیاندیبوو. جێبە لاندرۆڤرەکەی هەر داپۆشرابوو، بووک نەبوو تارای بەسەرەوە بێت، مردوو نەبوو کفن کرابێت. جێبەکە وەستابوو، تا جۆرج بە بلدۆزەرەکەی ڕێگا بۆ ناو سەنگەرەکان دەبات، تا دەگاتە سیدەکان، دەگاتە چیای پیرەفاتێ، دەگاتە سەر ئاوەکەی حەیات. دەیویست دوور بڕوات تا ڕێگاکەی دوور و نێوانی درێژ و کیلۆمەترەکانی زۆر بێت!

## بەشی نۆیەم

### پردی گەڵاڵە

جێبەکە لەسەر پردە شکاوەکە، دووکانە خاپوورەکە، دارگوێزە بڕاوەکە، خوێنە رژاوەکەی پردی گەڵاڵە، بەپەلە ئازاد دادەنێت. کارەساتەکە دوێنێ بەرۆژ و لەگەرمەی هاتوچۆی دەڤەرەکە قەومابوو. فڕۆکەیەک، نەک ئەوەی لەناو باخچە و زەوییەکانی گوندی گزرێ بەشکاوی، بەپارچەپارچەیی دیبووی و وێنەی گرتبوو. منداڵێکی گوندەکە. ئەو کوڕە، تاقە منداڵ بوو لە گوندەکە، بۆ شەڕەکە مابووەوە. کوڕێک مابووەوە، تا سەر لە سمۆرەکان بدات. ئاگای لە هێلانە پەڕەسێلکەکانی هەموو ماڵەکانی گوندەکە و مزگەوتەکەش بێت. بەئارەزووی خۆی لە سەربانەکەیان سەیری بنەوەی فڕۆکەکان بکات، چۆن فڕۆکە بنەوەی دەکاتەوە! چۆن بۆمباکە فڕێ دەداتە خوارەوە. ترسی دایکی نییە، هاوار بکات:

خۆت بشارەوە، وەرە ناو باوەشم، وەرە دوورمەکەرەوە.

ئەو کوڕە، لەوێ مابووەوە تا چاوەڕوانی پیاوێکی شاری بکات. هاتبوو، چاوی جۆرج ماچ بکات، رێگاکەی جۆرج بە رێگای حەریر بناسێنێت، بەڵام ئەو ئاوریشمی نەدەگەیاند، رۆژی ئاوریشم نەمابوو، رێگایەک بوو:

ئەگەر دوو رۆژنامەنووس. دوو دکتۆری خاچی سوور. ئەندامێکی حزبێکی سۆسیال دیموکراتی فەرەنسی، ئەڵمانی، یونانییەک بە رێنمایی کوردێکی باکوور لە کوردستانن، هاتوون سەردانی ناو پێشمەرگە و گەرمەی شەڕەکان بکەن. بریندارێکی چیای پێرس، برینەکەی شڕ بێت و هیوای چاکبوونەوەی مابێت. یەکێکی هێزی حەمرین ئاودیو بکەن! شۆرشە و فیشەک و حزب و سەرکردایەتی و میللەت و بەرنامەی دەوێ. (رێگا)شی دەوێ!

کوڕەکە لەوێ بوو، تا نەچێتە ئوردوگاکانی ناو ئێران! منداڵیش بوو، نەیدەزانی لەوێ خەڵکەکە لەناو سیم کراون. دوو خیوەتی تەنیشت یەک، دوو خێزانی جیاوازن، یەکێکیان لەگەڵ یەکەم (هەرێ هات) گەیشتووتە ناو ئێران. ئەوی تریان، دوو پیاویان، یەکێکی بەتەمەن، ئەوی تریان گەنج، کوڕ و باوکێک بەیەک هاون، بەیەک بۆمبا، بەڵام بە دوو ساچمە شەهیدبوون! خێزانەکانیان، براکانی ئاودیو ببوون!

کوڕەکە بە رۆژ، لە سەربانەکانی گوندەکە هاتوچۆی بوو. دەیزانی بێجگە لەوان کەسی تر لە گوندەکە نەماوە. بەڵام! پاڵێکی بە دەرگای ماڵی مامی وەدەنێت و لەدڵەوە دەڵێت:

مامە، ئەمن هاتووم، وا ئاوی بن هەنارەکان لەبەری دەڕوات. تۆ ئاگات لێ نییە!

هاوار دەکات و بزەیەکی شیرین لەسەر ئاکاری جوان دەبینرا، بەڵام مامی دەست ناداتە خاکەناسەکەی، شەرواڵەکەی (هەڵناکەت)، شەکر و چاکەی بن هەیوانەکە، لەناو هەگبەکەی دانانێت، ناچێتە ناو باخەکە، دار هەنارەکان لە خنکان دەرباز ناکات، وەڵامی برازاکەی ناداتەوە، چونکە! لەودەمانە لە ئورودگاکەی خیوەتەکانی لەسەر هەردوو دیوی، بەگەورەیی مۆری (شێر و خورشید)ی ئیرانی لەسەرە، خەریکە سینگەکان

توند دەکاتەوە، نەوەک زریانی شەو، ساتمەی پیاوێکی خەواڵوو هەڵیتەکێنێت. لەوێیە یان نۆرەی گرتووە، زاد و خێر و سەدەقەکانی (شاهبانۆ فەرەح)، بە کیلۆ و قوودی و پاکێت و تۆز و پاوەر و شلە و رەق و کەم و زۆریش وەردەگرێت.

شاهبانۆ پاش ئەوەندە سەدەقەیەش، دوو جار پاش سەرکەوتنی شۆرشی ئێرانی، کەساس و لانەوازە دەبێت. یەکەمیان، کە بەرەو میسر و مەغریب و ئەمریکا رادەکەن، بۆ کوشتنیش، لەناو وڵاتەکەی چەندین پشت تێدا شاهەنشا بوون داوایان دەکەنەوە. دووەمیشیان، کە کیژەکەی لەبەر نەخۆشی (بەدخۆراکی، ئەنۆرۆکسی) و بە مادەی هۆشبەر لەناو هوتێلێکی بریتانی دەمرێت، تەرمەکەی دەدۆزرێتەوە. کۆستی لەیلای کیژی بەو دەردە، وەک لەیلا شەیدا سەرگەردان دەبێت!

کوڕەکە، لە سوچێکی مزگەوتەکە دەسوڕێتەوە. مزگەوتەکە، دەرگا دارەکەی داخراوە، دووگرد و مافوورەکانی ناوەوەشی لە گۆشەیەکی کۆکراوەتەوە. تۆزیان لەسەر کەوتووە و قورئانە پێچراوەکەش بە تاقێکی شڕ بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو، قورئانێک و سێ چوار جزوعەمەی تریش لە سوچێکی میحرابەکە، مشک و مۆرانە قەدێکیان خواردووە و وایانزانیوە پەنیر و چەورییە. ئای زیندەوەری نەگریس چۆن دەتوانن و جورئەت دەکەن، (کەلامی خودا) بجون و بقرتێنن، لە رۆژی حەشر وەڵامتان چ دەبێت!

کوڕەکە نەیدەزانی پاش چل ساڵ، لە جیهانی ئیسلام و بەئاشکرا و بە فتواش، بە دەستی موسڵمانەکان، سەدان مزگەوت، بە نوێژ و ئایەت و مەلا و فەرموودەکانەوە دەتەقێندرێنەوە!

من نارۆم، بەتەنها لێرە دەمینێمەوە، با مامم و هەردوو برازا و مامۆژنەکەشم بڕۆن من نارۆم، با من بەتەنها ئەو گوندە بپارێزم. ئەگەر من لێرە نەدەبووم! کوڕەکە دەپرسێت:

کێ بەگەڵ ئەو پیاوە دەست بەکامیرایە دەکەوت، کێ مام جۆرجی بۆ دەدۆزیەوە، کێ ئاگای لە پاشماوەی فڕۆکە شکاوەکەی سەرووی گوندەکە دەبێت، نەوەک بدزرێت و (نەخشە)کەی بفرۆشنەوە؟!

...

ئاوارەبوون

نسکۆ هات و شۆرش بەردەوام دەبێتەوە، ناو و مەفرەزەکان دەگۆڕین، خەڵکی گوندەکە، زۆریان لە دیانا و هەولێر و (مەلائۆمەر) و لە ئیرانیش دەگیرسێنەوە، کەلوپەلی فڕۆکەکە، مس و فافۆن و سیم و تێل و قورقوشم و ئاسنەکانی هەر مابوونەوە، بەڵام کە راپەرین دەکرێت، کە دەسەڵاتی کوردی سنوورەکان دادەمەزرێنێت، پاش پازدە ساڵ، کەلوپەلی فڕۆکەکەی لەوێ کەوتبوو، بار دەکەن و دەیفرۆشن، بەڵام بۆ نەخشە گرتنەوە نەبوو، بە سیکراب و زۆریش هەرزان دەیفرۆشن، پارەکەی بە ئارد و سێو و تەنکە روونی ئیرانی دەدەن. نەک ئەوەیان، فڕۆکەکەی لەپشت گوندی دەربەند و شۆڕێ کەوتبوو، باجەرە گەورەکەی لە نزیک گۆمە فێڵاوەکەی گوندی ئێنێ و بندایزان کەوتبوو. گۆمەکە فێڵ لەویش دەکات، بە پیلۆتەکە دەڵێت:

بریندارى، شانت شکاوە، وەرە من شووشەیەکی رەقم، من مەرمەرێکی راخراوم، نەرم نەرم بنیشە و باڵە شکاوە زامدارەکەت، سەبر سەبر لەسەر سینگم دابنێ، فڕۆکەوانەکە، بڕوا بە گۆمەکە دەکات و نەوی

دەبێتەوە، بەڵام کە نزیک دەبێتەوە، دەزانێت، فێڵە و لەوێ دووردەکەوێتەوە، جەستە زامدارەکەی، دڵ کونکراوەکەی، چاوە کوێرکراوەکەی بە شانی چیایەک، بە سینگی بەرزاییەک دەکەوێت، لەوێ وردوخاش دەبێت. ئەویش، پارچەکانی ئەویش ئاودیو دەکەن، پارەکەی بە دەبەی بەنزین و کێکی دەماوەند و گۆشتی گیایی بۆ کفتە و کوبە و بلووز و پێڵاوی ستۆک دەدەن.

...

ئەو، لەو گوندە بۆ یادگاری، وردەپارچە و کەرتە شووشە و سەرەدوگمە و لوولەی مس و فافۆن و بورغی و وایەری زەرد و سوور و شینی ورد و ئەستوور و چەنگاڵ و جامی پەنجەرەی بۆ دیاری هێنابووەوە. سەرە دوگمە رەشە پلاستیکییە لووسەکەی لە کۆڕەکەی ناو پارکی شار دەردەهێنێت و دەڵێت:

ئەوەیان یەکێک بوو لەو پارچە وردانەی لە کەلوپەلی فڕۆکەکە هێنابووم.

هەموویان دەبوایە سەیری شتەکەی ناو دەستی بکەن، لەودەمانە و پاش تێپەڕبوونی چل ساڵ، بەسەر هەڵگرتنی پارچەیەک لەو فڕۆکەیەی لەسەر گوندی گزرێ کەوتبووەوە خوارەوە رەنگە بۆ ئەوان:

ژمارەیەک لەوانە، لە هەموو کۆڕ و کۆبونەوەیەک، ئامادەن. ژمارەیەک تا کارتی تایبەتی بەناوی خۆیان بەدەست نەگات، ئامادە نابن و (بیانوو)ی زۆر بۆ نەهاتنیان دەدۆزنەوە. ژمارەیەکیان لە شەرمانا هاتوون. هەندێکیان تەلەفۆنی تایبەتییان بۆ کرابوو، وتبوویان:

مەگەر مردن، ئەگەرنا من لەوێم!

زۆریش ریکلامەکەیان دیبوو، هاتبوون. هەبوو دەیویست ئەو پیاوە ببینێت، چل ساڵە دەفتەرێکی هەڵگرتووە، دەیەوێ پەرجووی ئەوە بزانێت، بزانێت دەفتەرەکە چی تێدایە! چەند کەسێک دووربەدووری وەستابوون، ئەوان بۆ کۆڕەکە نەهاتبوون، لەوێ رەتببوون و ناوەکەیان دیبوو، دەیناسن و دەمینێەوە.

چەند بەرپرسێکی حزبی و حکومی (ئەوەش بە زمان و ئەتەکێتی نووسینی میدیای ئەو رۆژە) وەک ئەرک و شەرم و بۆ ئامادەبوون هاتبوون. لەوانە، ئەوانەی دانیشتبوون، ئەوانەی کورسییان بەرنەکەوتبوو، یەک کەس بەپەرۆشەوە هاتبوو، ژنێک (بەپەرۆشەوە)، دوایی بۆ بەیانییەکەی لەگەڵ ئازاد، دەچنە بن دارباوییەکە و بەیەکەوە دوو باوی شیرینیش بەخێری خاوەنەکەی دەخۆن.

پیاوێک لە گوندی هاودیان، لەناو ماڵە فەلەکان هاتبوو، گوێ لە ئازایەتی مام جۆرج و ئەفسانەکەی بگرێت! شەش حەوت کەسیان خزم بوون و هەرگیز نەهاتبوونە کۆڕ و ئاوەدانی لەو جۆرە، لەبەر (عەیبە) هاتبوون!

کۆڕەکە سێ ژنی تێدا بوو، تەنها سێ ژن، یەکێک لە لەندەن قەڵەو ببوو، بۆ جگەرە و مەشروبی هەرزان گەڕابووەوە. ئەوی تریان، لە ئەمریکا، ئەویش قەڵەو، قژی پەخشان و سینگی وێران و چاوی گریاو هاتبوو.

ئێواران ئەو دەڤەرە دەبێتە شاری پیاوان، گۆڕەپانی گەنجان، دوو دوو سێ سێ، بەتیا خەیاڵیش دەڕۆن باسی ژن دەکەن! ژنەکانیش، لەو بازاڕە لووس و تەڕ و دەست بەپارە، خاوێن و گەرم و بەشەوقەوە، سەرپۆش و ناسک، دوو دوو. یەکێکی خرپن و یەکێکی زراڤی قەد شمشاڵ، سمت پانەکە لەدوای دەڕوات، خەم لەناو (قەد باریکەکەی) دەخوات. کۆڵانە

باریکەکانی قەیسەری، بۆن و ناز و دەست و پارە و دەست و ئایفۆنی ژنانی لێ دەباری!

لە دەرەوەش، یەک هەنگاو دوور، یەک کۆڵان، دوو قەپەنگە دووکان، دوو تۆپە قوماشی رەنگینی چینی، دوو سەبەتە، سێ عارەبانەی ژەنگیانە و مورووو و بازنە و بنیشتفرۆش دوور، بەڵام زۆر نزیک، لە گۆڕەپانەکەی ناویان ناوە پارکی شار، گۆڕەپانی نافوورەکە، گۆڕەپانەکەی عەرەبەکان، ئاوارەکان، کوردەکانی رۆژهەڵات، هاتبوون بزانن خەڵکی هەولێر چەند بە گۆرانییەکانی ماملێ و شاهرۆخی سەرخۆش دەبن. لەوێ جاران ناوی دەلالْخانە و دونیای دوو حاجی لەقلەق بوو، شەپۆلێک پیاو، هەورێک لە (سمێڵ) و رووبارێک لە پشدێن و دووکەڵە جگەرە لەنگەری گرتبوو! لەو جیهانە سیحراوییەدا، کۆڕێکی ئەفسوناوی و دەفتەرێکی کۆن نمایش دەکرێت!

...

فرۆکەیەک دوێنێ ساروخێکی لە مۆسکۆوە بە پارەیەکی زۆریش کڕابوو، دەریای رەشی بڕیبوو، وڵاتەکانی بەزۆر بە سۆڤیەتەوە لکێندرابوون دەبڕێت، لەسەر تورکیاوە دەڕوات، دەگاتە ناو فڕۆکەخانە سەربازییەکەی حەبانیە، لەوێ لەبن چینکۆکان دانانرێن، هەڵناگرێن، چاوەڕوان ناکەن، یەکسەر بار دەکرێن، فڕۆکەیەکی سۆخۆی ئەوەی سەرەتا لە نووسینگە چەکسازییەکەی پاڤیل، سوخۆی دروست دەکرێت، بۆ رووخاندنی پردەکەی گەلالەی دەنێڕن!

لەو بوردمانەدا، فیتەرەکەی بەڵێنی بە ئازاد دابوو، ئەگەر گەڕایەوە، بوتڵەکەی بۆی هاتەوە، شەوێکیان بەدیار چەمەکەی، دارگوێزەکان، هێشتا بۆ بوردمانەکەی سەر پردی گەلاڵە نەگریابوون، چەمەکەی بۆ فیتەرەکەی لە شێخەڵا هاتبوو پرسەی دانەنابوو، لەوێ بەیەکەوە

دەخۆینەوە، بەفر لەبن بەردێک دەهێنین، ئاو لە کانییەکەی بن ماڵەکەمان، گۆشت دەبرژێنین و بەیەکەوە باسی هەولێر دەکەین:

(من و براکەم، بەیەکەوە جلی کوردی و جەمەدانی و پشدێنمان دانابوو، دەمانزانی حکومەت لە بەڵێنەکانی پەشیمان دەبێتەوە، بڕیارمان دابوو، بەیەکەوە بێنە دەرەوە، شەوێک پێش ئەوە، رۆژەکەی کەبابخانەکەی (مام سەید) لەبن قەڵات دەتەقێنەوە، خۆی و کوڕێکی وەک گۆشتەکەی بەیانییان لە قەسابخانە دەیکڕی، ورد و پارچە پارچە دەبن. لەورۆژانە براژنەکەم دەمرێت، منداڵە ساواکانی، ماڵە گەورەکەی بێ کابان دەبێت، بۆیە براکەم دەڵێت:

بڕۆ لەجیاتی منیش لەوێ بە، ئەوەی من دەناسی، ئەوەی منی پرسی، بڵێ من بەشداربوونێک لە شۆرش قەرزاری کوردستان و مەلا مەستەفام! ئەو قەرزە هەر دەدەمەوە، ئەگەر خۆشم قەرزەکەم پێ نەدرایەوە، کوڕێکم، زاوایەکم، چاوێکم، دەستێکم (قەرز)ەکە هەر دەدەنەوە. ئەو قسەیە دەکات و هزری ئەوەی نەبوو، شۆرشەکە تەمەنێکی زۆری بەڕێکردبوو، بەڵام زۆریشی دەمینێت و بەردەوامیش دەبێت!

...

قەمیسی شەهیدەکە

کە دێتەخوارەوە، لە جێبەکە دادەبەزێت، دەبینێت ناوچەکە، خوێنی لێ زۆری لێ رژاوە، بریتییە لە چەند حەسیری سووتاو، دەرگای شکاو، دووکانی رووخاو، هەموو بۆنی خوێنیان لێ دێت. ئەو هیچ ناپرسێت کە لەسەر لقی دارێک، لەنزیک کەلاوەی دووکانەکە، قەمیسی فیتەرەکە،

پارچەیەک لە ڕەنگ و گوڵ و یەخە و پشتەملی قەمیسەکە، بە لقی دارێکەوە دەبینێت، نازانێت دارەکە چ دارێکە، تا بۆ ژنەکەی، بۆ دایکی، بۆ فیتەرەکانی شێخەڵای بگێڕێتەوە، ئەگەر پرسیاریان لێی کرد!

ناپرسێت و دەزانێت فیتەرەکەی لە شێخەڵاوە هاتبوو، جێبەکانی هەموو هێزەکان، مەکتەبی سیاسی و عەسکەری و ئەمانەتەکان چاک بکاتەوە، مەکینەکان بکاتەوە، ژەنگەکان بشواتەوە، (تایەکان) بکاتەوە، فیتەرەکە بەر سارۆخەکە دەکەوێت.

ئەو جێبی زۆری چاکردیتەوە، مەکینەی زۆری نوێکردیتەوە. بەڵام لەودەمانە، کەس نەبوو ئەو چاک بکاتەوە! کەس نەبوو، پارچەکانی ئەو کۆبکاتەوە. فیتەرەکە دەمردێت و پارچەیەک لە قەمیسەکەی دەبێتە نیشانی ئەوەی ناوی بکەوێتە ناو لیستی دوورودرێژی شەهیدان، پاش بیست ساڵ، دوای ڕاپەرین و دامەزراندنی (دەزگای شەهیدان) ژنێکی نەخۆش، پیرەژنێکی چاویلکە لەچاو، سێ چوار کوڕ و کیژی بەتەمەن، شەهیدانەی فیتەرەکەی لەسەر پردی گەڵاڵە پارچە پارچە دەبێت وەردەگرن. پێش ئەو موچەیە، زووتر و چەند ساڵ بوو، بە کرێی دووکان و دەزگاکەی، جوان و باشیش دەژیان، خەمیان نەبوو، دایکیان دەنوزایەوە و دەیووت:

من بەر لەوەی بمرم، نامرم، بشمرم مردوو نیم، چونکە تەرم و برین و کفن و تەلقینەکەی ئەوم نەبینی.

پێویست ناکات ئازاد بپرسێت، فیتەرەکەی ناو دوکانە چی لێهات، لە کێ بپرسێت! شوێنەکە، کەلاوەیەکە لە دار و بەرد و خشت و قەپەنگ و بەردی بەسەریەک کەوتوو و داڕماو. ناوچەکە ئاڵۆز ببوو، شەقام و سەرپردەکە، دوو سێ دووکان و ئاوەدانییەکەش شلۆق بوو. لەکوێ بپرسێت؟! بۆ بپرسێت، وا پارچە قەمیسەکەی لەسەر دارەکەی نیوەی

شکابوو، بەشی زۆری قەدەکەی سڕ ببوو، تاساو بوو، ئەوەی هۆشی لەبەر مابوو وتی، یان جریوە و هەژانی هێڵ و نەخشی سەر قەمیسەکە بوو وتی:

کە فڕۆکەکە هات، کە لەدوورەوە دەرکەوت، وەستاکە، لەگەڵ بورغییەکی ژەنگاوی، چەند جار لە شێخەڵاش هەر ئەو بورغییەی کردبووەوە، قسەی دەکرد، سەری لەسەر مەکینەکە بوو، (واشەر)ێکی گەورەی بە کون و بە دەرزیلەی دەڕنی، چەوری دەکرد، پێی دەووت:

جوان دانیشە، جوولە مەکە، تا بورغییەکان توند دەکەم، تا قەپاغەکە دادەنێمەوە!

پەنجەکانی لەناو گریز و روون بوو، بە بورغییەکەی دەووت:

ئیمانت دەسوتێنم، (گەوادباب)، رەکە لەگەڵ من دەکەیت! یان سەرت دەپەڕێنم یان دەتکەمەوە. وەستاکە لەگەڵ بورغییەکە کەوتبووە رکە و ململانێ، هەموو دیاردە و پێشهاتەکان بە رکە و ململانێ چارەسەر دەبن، رۆژەکە وابوو شەڕەکان، کێشەکان یەکلادەکاتەوە!

فڕۆکەکە هات، ئەو سەری لەسەر مەکینەکە بەرز نەکردەوە، نەیویست لە شەڕەکە بەشدار بێت، چاوەڕوان بوو، کوڕە کورەچییەکە بگەڕێتەوە، شەو بەیەکەوە لەسەر چۆمەکە، خۆیان مەست بکەن، لە پەنجەرەکە سەیری باخی (باخەڵ) و پردەکەی (جالێ) بکەن. پردە دارەکە، دارەکەی ببووە پرد. کەس نەیدەزانی، خەڵکی گەلاڵەش کەم لەوێ مابونەوە، کە فیتەرەکە سەرخۆش دەبێت، میوانەکەی مەست دەبێت:

بپرسێت، ئەو پردە، ئەو دارە، ئەو پشتە، خەڵکەکە بۆ کێندەرێ دەپەڕێنێتەوە. هەردوو هەولێرییەکە، فیتەرەکە یان کوڕە کورەچییەکە، نەرم نەرم قۆریاتی تورکی بۆ یەکتری بڵێن، بە راز و گۆرانییەکانی پیرداودە کۆر خەیاڵ بن!

چەند هەنگاوێک لە کارەساتەکە دووردەکەوێتەوە. دەبێ بڕوات چ بکات، فیتەرێکە و پارچەپارچە بووە، ئاوەدانییەکە کاول بووە، خوێنە و رژاوە و کەسیش دیار نییە پرسەیەکی بۆ دابنێت. کەس ناناسێت ناوی بپرسێت، بیەوێ بزانێت پیاوەکەی لە شێخەڵا و لەنزیک حەمامەکەی سەلاحەدین هاتبوو ناوی چ بوو، ئەگەر گەڕایەوە خێزانەکەیان بدۆزێتەوە و پێیان بڵێت من دوو رۆژ بەر لەوەی قەمیسەکەی بەسەر لقی دارەکەوە ببینم، میوانی بووم، خزمەتی گەورەی کردم:

نانم لەکن ئەو نەخوارد، شەو بەیەکەوە نەمانخواردەوە. دڵمان بۆ یەکتری نەکردووە، رازەکانمان ئاشکرا نەکرد، بەدرێژی باسی هەولێر و سینەمای حەمرا و (پیرداودە کۆر)مان نەکرد، ئەو داماوەی هیچی لە ژیان نەبوو، لەناو کۆڵانەکانی خانەقا بێجگە لە گۆرانییەکان و سووتانی عیشقی بۆ مەقام، لەو شارە گەورەیە، لەو هەموو دوکان و قەیسەری و باخچە و وەزیفەیە، هیچی تری نەبوو. شەو لە ژوورەکەی نەخەوتم، چەند دینارێکی شین و درهەمی لە گیرفانم نەنا، (ساقۆ)یەکی گەرمی نەدامێ، هەردووکمان جگەرەکێش نەبووین و جگەرەیەکی بهمن داگیرسێنین، وێنەیەکمان بەیەکەوە نەگرت!

بەڵام! من هەموو گیانم ئاو بوو، شەختە بوو، سەرمام بوو، دەمردم و نووزەم نەدەهات، کە لەپشتی جێبەکە. لەبەر دووکانەکەی ئەو دابەزیم، ئەو گەرمی کردمەوە. ئاگرەکەی ئەو، دووکەڵەکەی ئەو، (ئەگەر ئاگر نەبێت رەنگە دووکەڵیش گەرم بێت) منی وشک کردەوە، منی ساز کرد بچم گەشتەکەم تەواو بکەم. بچم لەنزیکەوە رۆژێک لەگەڵ جۆرج هاودیانەیی بمینێمەوە، بە کامیراکەم وێنەی بگرم و ئەفسانەی رێگاکەی بۆندار بکەم. لەوێ گوێم لێ بێت کە فەلە جوانەکەی دەیووت:

من دەخۆمەوە، تا لەسەر بلدۆزەرەکەم رەق نەبمەوە، سەرمام نەبێت و لەسەر کارەکەم سارد نەبمەوە.

...

## لە چیای سەکران دەپاڕێتەوە

جۆرج بلدۆزەر کەم شاری هەولێری دیبوو، لەو شارە لەسەر سیاسەت نەگیرابوو، لە ژوورێکی قەڵاتی هەولێر کرێچی نەبووە، لەکن منارە و سەر بەستەکەی کەندەکۆخ نەیخواردبووە، بۆیە ئەو بورهان دۆغرەمەچی نەدەناسی کە دەیووت:

بۆیە من دەخۆمەوە تا مەرد بم، کە ناخۆمەوە، ئەگەر شەوێکیان نەخۆمەوە و پارەم نەبێت، یان حەپس بم، من حیزم! من بە خواردنەوە مەردم!

جێبێکی شەلە، ماندوو سەبر سەبر دەهات، چونکە نەفەری زۆری هەڵگرتبوو، پیاوەکەی بەس پشدێن، دەیتوانی سک و پشتی هەڵبگرێتەوە و خەریتەی لێ ببەستێت لێیدەخوڕی. ئەو بەر لەوەی بێتە دەرەوە و ببێتە پێشمەرگە. زووتر، بەر لەوەی چایەچی بێت، پارتی بووە. لە گەڕەکی تەیراوە شانەی حزبی هەبووە. ئەو بە بارە گرانەکەیەوە بۆی رادەگرێت، چادرەکەی بۆ هەڵدەدەنەوە. لەناو جێبەکە چەند پیاوی ماندوو، چەند چاوی خەواڵوو، چەند سەندوقە فیشەک، چەند پرێسکەی تێدا بوو. جێبەکە لەناو پێشمەرگە، لە بەرە گەرمەکەی شەڕ، لەناو شەڕەکانی هەردوولا دەیانویست بەرزاییەکان بۆ ئەوان بێت، با ساردیش بێت، با سەرکەوتنی زەحمەتیش بێت. بە (بزنە رێیەکان)، بە ئاودڕەکان، بە پنچک و قەوزەی بەردەکان هەڵدەگەڕێن، هەر ئەوانە لەپشتەوەی جێبەکە بوون. لەو قەڕەباڵغییە جێگەی خۆی دەکاتەوە. کەس قسەی

نەدەکرد. کەس تاقەتی نەبوو پێی بڵێت لەکوێ هاتوویت و بۆ چەکت پێ نییە؟!

(بەو شەوە و بە سەردانە، دونیایەک دەدۆزێتەوە، لەگەڵ ئەجندەیەک، مەلائیکەتێک، ریوییەک، بێچووە پلینگێک ئاشنا دەبێت. لەورۆژەوە تێدەگات، سرووشت و دایکوباوک و خوداش هەموو جۆرە بنیادەمێکی دروستکردووە، جۆرجیش مرۆڤە، بەڵام! دوور لە تاقەت و هزر و پێداگریی ئەوان ئیش دەکات) ئەویش لە وەڵامی پیاوەکەی لەنێوان فەردەیەک و سەندوقێک دامەزرابوو، لەبەر ژانی شوێنە تەسکەکە و ئومێدی چۆنیەتی بەڕێکردنی مۆڵەتەکەی پرسیارەکەی کردبوو، ئەویش لە وەڵامدا، بڵێت: من چەکم نییە! چەکەکەم گەورەیە و هەڵناگرێت!

هەتا نزیک گوندی کەوەرتێ دەبنەوە، کەس گوندەکەی نەدیبوو. بەڵام خەڵکێکی زۆر سەردانی دۆڵەکەیان کردبوو، نەخۆش و بریندار و ساخ و لەیەکتری جیانەدەکرانەوە، بۆیە هەموو کەس کەوەرتێی دەناسی. بەبرینداری و بەشکاوی و بەخوێن و بەژانەوە سەردانیان کردبوو. دەچوون خوێن بدەنە بریندارێک، دەچوون سەردانێک بکەن، دەچوون تەرمی ساردی شەهیدێک بە جلە خاکییەکەی وەربگرنەوە. لەوێ دوو پێشمەرگەی نەخۆش دادەبەزن، دەستیان لە گیرفانیان بۆ پارەدانی کرێیەکە رادەکەن. پیاوە شوفێرەکە، یان خاوەن جێبەکە، لەسەر پشدێنەکەی چوار مەخزەنی کلاشینکۆفی بەستابوو، پێیان دەڵێت:

من کرێ ناکەم، فەرموو بەخێر بچن، من هاتبووم، لەسەر پردەکەی حافیز بووم سەرێک لە برادەران بدەم! پارەی چیتان لێ وەربگرم! من باش دەزانم یارمەتییەکانتان بەشتان ناکات.

دوو نەخۆشەکە، دیسان پێیان، بە قیری سەر شەقامەکە دەکەوێت و هەڵدەبەزنەوە، بەسەر بەردە سپییە لووسەکانی بەردەم دۆڵەکەی

کەوەرتێ دەکەون و دەڕۆن. لەدوورەوە بۆنی دەرمان و سپرتۆ و هاواری کپ و برینی بەژان و خەمی دوورکەوتنەوە دەکەن. لەگەڵ برینی بەژان و چارەسەری سەرپێی، دەچنە بن خیوەتی دکتۆرەکان، دکتۆرەکانی بەروانکە سپییەکانیان لەسەر جلە (خاکییەکەیان) لەبەرکردبوو، شەو و رۆژیان نەبوو:

نەخۆشخانەیەکی گەورەیان دامەزراندبوو، هەموو کەلوپەل و چارەسەرە سادە و ئاسانەکانیان هەبوو. بەڵام! نەخۆش و برینەکانی: ناپاڵم و شەڕی دەستەویەخە، شکانی (کەللەسەر)، پشت و هەناو هەڵزران، پەڕینی دەست و پێیان باش پێ چارەسەر نەدەکرا. شەڕەکە گەورە بوو، چەکەکان ترسناک بوون، بۆیە برینەدارەکان، ئەوانەی مەرگ درەقەتیان نەهاتبوو، رەوانەی نەخۆشخانە گەورەکانی شاری رەزائیە و سەرووتریان دەکردن. هەموویان (برینەدارەکان، شەهیدەکان، ماندووەکان، بڕنۆکان) لە شانی کوڕە هەژار و دڵسۆزەکانی خەرمان، خشت و کارگە و کێڵگەکان بوون. هەر ئەوان بوون، شەڕیان دەکرد، برینداریش دەبوون و لەناو ئەو خیوەتانەی کرابووە، نەخۆشخانەی شۆرش لە گوندی کەوەرتێ تیمار دەکران.

چەند کەسێک لە جێبەکە دادەبەزن، ئازاد دەکەوێتە تەنیشت مەخزەنی کلاشینکۆفی شوفێرەکە:

من چەند مانگ بوو نەهاتبومەوە، دوو مانگ پێش یازدەی ئازار منداڵەکانم هێنابووە گوندی کۆسرەتانی بەرامبەر ناوپردان. کۆنە برادەرێکم، خانوویێکی خاوێنی باشی دابووە منداڵەکانم. ئەوجارە کە لە دەشتی هەولێر گەڕامەوە کوڕێکمان بووبوو، ژنەکەم ئەوەندە سەیری چیای سەکرانی کردبوو، ئەوەندە لەو چیایە دەپارێتەوە، دەنوزێتەوە تا ئێمە لە شەڕەکانی شیشار، لە شەڕە گەورەکانی لە ماکۆک، کە شەوانە هێرشەکان دەکران، نەشکێن. دەیەوێ کوڕەکەمان ناو بنێت سەکران!

حکومەت وایدەزانی ئێمە لەو دوو شاخە، شەوانە پشتمان دەدەینە ئەشکەوت و شاخ و بن بەردەکان، وایدەزانی شەوانە دەبینە ئەجندە و ون دەبین، بەڵام هەر دەترسان، بە خەستی بۆردومانیان دەکردین. ئاگریان زۆر بوو، چەک و تەقەمەنییان بە لۆری بۆ دەهات. سەد تۆپیان، لە دووکەڵی باریکی کترییەکی رەشی شکاوی سەر دوو بەردی خەوتوو دەگرت. دوو سەد تۆپیان، لە چرای ملی گوێدرێژێک دەگرت. ئینجا هەر دەترسان و بەرۆژ و بەردەوام فڕۆکەیان دەنارده سەر چاوی کانییەک، زاری ئەشکەوتێک، سێبەری دارمازوو و بنەسماقێک! بەڵام ئەوان وا دامەزرابوون نەبینرێن، بۆن نەکرێن، نەوەستن.

کێ بینویەتی چاوی کانی و رەونەق و چرا و تروسکەکانی لەیەک شوێن بمێنێتەوە و سڕ بێت و بوەستێت!؟

بەرد هەیە، خائین بێت و جوولەی شان و تروسکەی چاو و رازی پێشمەرگە ئاشکرا بکات!

دەمی ئەشکەوت هەیە بکرێتەوە و بە چرپەیەک، یان بە هاوارێکی شپرزە خەبەر بدات، بە چەقۆی فڕۆکە بڵێت:

لەو ئەشکەوتە، لەناو هەناوی من، لەناودەمم، لە تاریکی ناوەوەم دوو فەردە ئارد، تەنکەیەک روونی ئێرانی، دوو قوودی تەماتە، سەبەتێک پیاز و برنج و ساوەر و نیسک و نۆک و وردەنان و چەند سەندوقە فیشەک و لەگەڵ پێشمەرگەیەکی نەخۆشی تێدایە!

ژنەکە ئەوەندە سەیری ئەو شاخە دەکات، لە شەوێکی سارد، باران هەموو ناوچەکەی لە باران خۆی، تەڕتر کردبوو. شەوێک، تەنها لەدوورەوە بروسکی تۆپەکانی دەوروبەری زۆزک ئاسۆیەکی فراوانی رووناک دەکردەوە. لەو شەوەدا، ژنەکانی دوو سێ ماڵی ئاوارە (لەوێ بە ماڵە پێشمەرگەکانیان دەووت، ئاوارە) و سەرەژنی گوندەکە لێی

کۆدەبنەوە بۆ کەمکردنەوەی ژانەکە، تا خۆیان بەبیربێتەوە، یان ئەوانەی دووگیان نەبووبوون، ئەوەی ناوکی منداڵێکی نەبڕیبوو، لەناو ئەو ژنانە و خەمی شەڕ و بۆردومانە سەختەکان، مناڵێکی دەبێت. لەو شەوەدا کوڕێکمان دەبێت، ژنەکەم ناوی دەنێت سەکران! کە منیش هاتمەوە، وتم ژنەکە دەزانی سەکران، بە عەرەبی واتە سەرخۆش! بۆیە ناوی کوڕەکەم بەناوی بابە گەورەی خۆمان (ئاری) کرد!

...

خانووی جوولەکەکان

جێبەکە دەڕوات، بەر لەوەی بگاتە ناوپردان، شوفێرەکەی لە دەشتی هەولێر لە شەڕەکانی شیشار و ماکۆک هاتبووەوە، بە ئازاد دەڵێت:

_من دەبێ بچمە ناوپردان، لەوێ دەچمەوە ماڵەوە ئەگەر میوان دەبیت خزمەتت دەکەم!

ئازاد سوپاسی دەکات، بەڵام! کە دەپرسێت:

_کاکە لە هەولێر کێ دەناسیت!

ئەویش دەڵێت:

_هەموو خەڵکی گەڕەکی تەیراوە، ماڵ بەماڵ، کۆڵان بەکۆڵان! دەناسم.

کە ئەو دەزانێت خەڵکی گەڕەکی (سەعدوناوە) نییە، دەزانی خەڵکی گەڕەکەکەی ئەوان نییە، بۆیە نایناسێت، ئەوان کورەچی، ئەویش چایەچی، یەکتری ناناسن، ئەو چۆن خەڵکی ئەو گەڕەکە بناسێت!

ئەوان، کە جوولەکە لە کۆتایی چلەکان لەو شارە، لە هەموو شارەکانی تر و ناوچەکە بەرەو وڵاتەکە نوێیەکەیان دەڕۆن. ئەوانەی دەرگای خانووەکانیان لەسەر کۆڵانێکی تەسک دەکرایەوە، سەربانیان روو لە ئەستێرە و هەوری شیرین بوو. حەوشەیەکی (چارۆگە چاو) و دوو ژوور و هەیوانێکیان هەبوو.

لە بازاریش دووکان و دەست و زانینیان هەبوو. بەر لە سەفەرەکەیان خانووەکانیان بۆ نەدەفرۆشرا، کێ لێیان بکڕێت؟! لەو شارە، ساڵانە دوو کەس، دوو سێ خێزان خانوویان دەکڕی و دەفرۆشت.

ئەوانیش (هەموو جوولەکەی شارەکە) بەیەکەوە کۆڵانێک، گەڕەکێک بۆ فرۆشتن هەڕاج دەکەن. گەڕەکێک، بەو هەموو کۆڵانە تەسکە چەماو و پشت و کەمای گۆپاڵ، بە نەخش و بەردەرگا و هەیوانەوە، چۆن؟ وا لە ماوەیەکی کورت و بەپەلە دەفرۆشرێن. چۆن! بەرد و قووڕ و کاریتەکان، بۆ جوولەکەکان لەورۆژانە دەبێتە پارە! هەموو ناوچەکە موڵکی ئەوان بوو، دووکانەکان بفرۆشن، دەزگاکانی زێڕ و زیو و جۆلا و تەون و سەفاری و ئاسنگەری و بەیتاری و ... بفرۆشن، جلوبەرگ و نەخشی سەر سەندوقەکان! چ بفرۆشن! کێ لێیان بکڕێت.

ئەوان دەڕۆن و خانووەکانیان دەمینێتەوە، دەبێتە موڵکی مالیە، لە ماڵە جوولەکەوە دەبێتە (ئەموالی موجەمەدە). دایکم لەناو ژوورە تەسکەکە،

باوکم لە خانووەکەی ماڵی باوکی، لە ژوورەکەی بنەبانێ، دەچنە ناو خانووێکی موجەمەد. دیارە ئەوان هێشتا دوا باولیان نەبردبوو، هێشتا رەنگ و دەنگ و هەناسەیان، لە مەحەتەی قەتارەکە دەگەیشتەوە کۆڵانەکەیان، کلیلەکەی لە مائمورەکەی مالیە وەردەگرن، دەچنە ناو خانووێک! کرێیان بۆ دەبڕنەوە، ساڵانە بە چوار دینار و دوایی دەبێتە هەشت دینار. دایکم کارەبای بەناوی خۆی بۆ خانووەکە رادەکێشێت، دەرگا ئاسنەکە بۆیە دەکاتەوە، هەمووومان لێزان و دەسترەنگین بووین لە قوورگرتنەوە، دایکم قوورپێکی سووری بۆ دەگرێتەوە، من هێشتا نەببووم، دایکم دەیگیڕایەوە و دەیووت:

خانووەکەم جوان جوان، ژوورەکان هەردوو ژوورە تەسکەکەم سواخدا، رەنگم کرد، لووس لووس دیوارەکانم ماڵنج کرد، بەر هەیوانەکەم دیار کرد! بەڵام دڵم خۆش نەبوو، چونکە کرێمان دەدایە حکومەت، ئەوان پارەکەیان بۆ خاوەنەکەی نەدەنارده ئیسرائیل، پارەکەیان دەخوارد، حەرامە، من دەترسام ئەو (زوڵم)ە، ئەو داگیرکردنە لە یەکێک لە کوڕەکانم، لە دەست و پێیەکانیان، لە دوارۆژ و منداڵەکانیان و لە چاوەکانی من دەربچێت! زوو ئەو زوڵمە لە مێردەکەی دام، زوو ئەوم لەدەستچوو. دوور نییە، دایکم دەیووت:

من لەناو ئەو خانووە، لەسەر قاڵدرمەکە، لەناو حەوشەکە، کە دەچمە قەیسەری و دەگەڕێمەوە، دەترسم دەستێکم بشکێ و قاچێکم بشکێت، ناوی گۆجە و شەلم بەدوبکەوێت!

لەبەر هاتنە ناو ئەو خانووە، دەترسام زووتر و بەساخ و سەلامەتی باوکتان بمرێت، بە بێوەژنی و رەشپۆش و بێ سەردار، بە (دەرۆزە) منداڵەکان گەورە بکەم. دەترسێم کوڕێکم، لە ئاهی خاوەن موڵکەکە، ساحیبی خانووەکە! دەربەدەر و ئاوارەی هەرد و کێوان بێت.

من گوێم لە نوزانەوەی دایکم بووبوو، دەیووت:

نەمگووت دەترسم، باوکیان زوو نەخۆش کەوت و مرد! کیژێکم، بێوەژنە و لەو حەمام بۆ ئەو حەمام سەرشۆری دەکات، تا منداڵە هەتیمەکانی بژێنێت. بەڵام ئەوەی باشە منداڵەکانی لە خوێندن زیرەکن، دەزانم، شتێکیان لێ دەردەچێت، دەگەنە مەعاشێک و دایکیان لەو سەرشۆرییە قوتار دەکەن (پێشبینی دایکەکە راست دەردەچێت، دڵی خەبەری دابوو، دوو لە کوڕەکان، بوونە ئەندازیار . کیژەکەشیان، کە بە پارەی سەرشۆری بەخێوکرابوون، دەبێتە مامۆستایەکی سەرەتایی، وەک چرایەک، بە قژە رەشە کورتکراو و تەندوورە رەشە کورتەکەی و قەمیسە نیوقۆڵەکەی دەردەکەوت).

بەڵام گوێم لە نوزانەوە و گریانی دایکم نەبووبوو، کە وتبووی:

وا ئازادیش بەو چیا و شاخانە کەوتووە، هیچی لە هیچ دانەبوو، کە رۆیشت، خێرێکمان لەوان نەدیبوو، کە لێرە حکومەت و پارەدار و دەسەڵاتیان هەبوو. کە رۆیشتی کوڕەکەم، بیر لەوە بکەرەوە، بچێتە ناو خزمە شکاکەکانمان، بەس ناوی بابوباپیرانی بهێنێت، دەیناسنەوە! کوڕەکەم رۆیشت و لەورۆژەوە کەسێک نەهات، دەنگت لەپشت دیوارەکە نەهات. لەناو ژنان، لەسەر باخچەکانی تەیراوە، لەناو کورەچییەکان، چوارشەمموان کە دەچمە سەرقەبران، کە دەچمە سەر مەرقەدی سوڵتان موزەفەر، عوزێر پێغمبەر، کە بە پشتێ نیو فەردە داخ سووری گەنمم بردوتە سەرئاش، ساوەرم بردیتە (دینگ)ەکەیماڵی شێخی! کەسێک، خزمێک ناسیارێک نەهات بڵێ:

فوزییمان دیوە، کوڕەکەی تۆم دیوە، هەردوو دەستی، سەر و سمێڵی، قاچ و پشتی ماوە، نانی هەیە بیخوات، شەوانە دەخەوێت و بارگەی گەرمە. پشتی ئەستوورە، مانگانە پارەی هەیە. مەردانەش، لەسەر تۆپێکە و

رووبەڕووی فڕۆکەکانی زۆر دێنە سەر چۆمان دەوەستێت، لەوێش بە ئازاد کورەچی دەناسرێت! دایکت کوێر بێت، ئەو دەردەسەری و بێکەسییەم هەموو لەبەر ئەوەیە من بیست و پێنج ساڵە، (بەکرێی خۆم)، لەناو خانووێکی جوولەکەکان دانیشتووم، ئەوان پێیان خۆش نییە، ئەوان چاویان لە دیوار و کاریتە و سەربانەکەیەتی، لێرە لەدایکبوون، لێرە کاسبیان کردووە، موڵکی خۆیانە و ... هەموو ئەوانە لە من دەرچوو، باوکیان زوو مرد و ئیسراحەتی کرد و خەمەکانی بۆ من بەجێهێشت!

ناڵەی ماڵە جوولەکەکانە، نازانم ئێستا نەوە و کەسوکاریان لە کوێیە، من کوڕەکەم دەربەدەر بوو، نازانم کێ (نوشتە)ی لێ کرد، چۆن بەگەڵ ئەو هەڵایە کەوت و ڕۆیشت.

نازانم چۆن ئەو شەوە ڕۆیشت کێ پیلی ڕاکێشا، کێ لەبن گوێی خوێند، ئێستاش ئەوە چەندە ڕۆیشتووە و دەزانم دوورە. بەڵام وادەزانم وەک مناڵێک بەگاڵتە خۆی لە من شاردوتەوە! چۆن ڕۆیشت دوو کۆڵان و دوو سەربان و دوو سەعاتیش لە من دوورنەکەوتیتەوە، ئەوجارە چۆن ڕۆیشت، ئەگەر شەوێک دەچووە نادی، یەکەم کەس دەچوو و یەکەم کەسیش هەڵدەستا و دەهاتەوە! ئەو کەسەی ئیقناعی کرد و بردی دەمەوێ بزانم کێیە، دەستی ماچ بکەم هەر ئەویش بۆم ئیقناع بکاتەوە و بیهێنێتەوە.

...

من هاتووم ببمە پێشمەرگە

ئازاد دەگەڕێتەوە ناو خیوەتەکەیان، پارچەکانی تەیارەکە بەسەر برادەرەکانی دابەش دەکات:

پارچە شووشەیەک دەداتە کوڕەکەی پێیان دەووت چاوەکانت گچکە و وردە، هەرگیز یەکەم کەس، تەیارە کە دەردەکەوێت نایبینیت. تا بکاتە چاویلکە و دووری پێ ببێنێت. ئەو بەڕاستی بەو قسەیە قەڵس دەبوو. ئەوانیش وەک ئەو بوون، خۆ کوفر نەبووە، دوو جار تەیارەی سپی لەناو هەورە سپییەکە نەبینیبوو، باشە ئەوە دیتمان، ئەوەندە بڵندن، خۆ بەو تۆپانەی ئێمە ناکەون! وایەرەکی سووریش دەداتە کوڕەکەی دەیووت:

من لەبەر کیژێکی قەمیس سوور لە بەغدا، ئەدەبی چەپ و (نیرۆدا)م خۆشویست. وایەرە درێژە سوورەکە، دەداتە ئەو، کە گەڕایەوە بەغدا، بیکاتە خەناوەکە بۆ گەردەنی دوڵبەرەکەی. لەبەر ئەوەی زمانی عەرەبی و نووسینەکەی باش دەبێت، کە لە بەغداوە دەگاتە ناو شۆرش، لە ئەنسات دایدەنێن، تەسجیلێکی دەدەنێ، سەعاتی بۆ دادەنێن، پێی دەڵێن:

تۆ شەوانە، سێ جار هەواڵەکانی (بی بی سی)یمان بۆ تۆمار دەکەیت، بەرۆژ، بەیانییەکەی بەر لە سەعات دە، هەواڵەکان دەنووسیتەوە، ئەگەر هەواڵی گرینگی تێدا بوو، هەر ئەو شەوە، لەدیار فانووسەکە لەناو خیوەتەکە، دەنووسیتەوە! دەمانەوێ نیوەڕۆ بەتاپیکراوی بگاتە:

ئەمانەتی راگەیاندن و لاوان، ئەوانیش بینێرنە ئێستگە و سەرەوەتر!

هەفتەیەک، دووان، لەناو خیوەتەکە و بەدیار تەسجیلەکانیان، فیلیپسەکانیان دەمانەوە. سێ کەس سێ کەس، لەناو خیوەتێک بوون، بەڵام بەردەوام ئەگەر دوویان مۆڵەت نەبوایە، یەکێکیان لە ئیران بوو. دەچوون، شاری (مەهاباد) ببینن، دەچوون بزانن تاران چەند دوورە! دەچوون دەریای ورمێ ببینن، دەچوون هەتا بگێڕنەوە، کوردەکانی شنۆ و مەهاباد و گوندەکانی یەک پارچە تەپاڵە و قووڕ و خانووی نەوی بوون، چەند بە پێشمەرگە و شۆرشەکە شانازن. ئەوەندەش لە ئایندەکەشی

دەترسێن، زۆریان دەترسان و رامانیان باش نەبوو، نەدەترسان و دەیانووت:

شاهەنشا هەرگیز پشتیوانی لە سەرکەوتنی مەلا مەستەفا و شۆرشەکە ناکات، ئەوەندە دەستیان دەگرێت، تا ئیشەکانی جێبەجێ بکات، ئەوانیش دەیانووت:

قسەیان لەکن مەکەن، ئەوانە سازمانن!

رۆژێکیان پێنج کەسی ناو ئەو خیوەتانەی هەواڵەکانی بۆ ئەنسات دەنووسیەوە، نامەیەک بۆ ئەمین عامەکەیان دەنووسن، بەدڵنیایی و کەللەرەقی و پێداگریی دەینووسن، دەنووسن و زۆریش بە زار و بە گفتار و بە هەڕەشە و توانجیش باسیان کردبوو، نامەکە بەرزدەکەنەوە:

دەڵێن ئێمە نەهاتووین لەبن ئەو خیوەتانە بخۆین و بخەوین، هاتووین شۆرش بکەین، هاتووین ریشمان بەربەدەینەوە و بچینە ناو میللەت، لە سەنگەرەکان شیعر بنووسین و راز و رۆژانەی پێشمەرگە و گوندییەکان و چرە دووکەڵی ئەشکەوت و قارەمانییەکان بنووسینەوە. نامەکە دەنووسێن و دەنێرن، پاش چاوەڕوانییەکی دووردرێژ، پاش ئەوەی نامەکەیان لەناو خیوەتەکان دوورناکەوێتەوە. یەکێکیان بە پێشمەرگەی تەیارەشکێن دەگاتە ناو رەبیەکەی سەرووی چۆمان. لەناو رەبیەکە، لەگەڵ دەستەکەیان، تا دوارۆژی نسکۆکە دەمینێتەوە، زۆریش هەڵەبڕی و وشەسازییش بۆ نووسینی ناو دەفتەرەکەی ئازادیش دەکات!

...

پەنجا پێشمەرگە

ئەو شەوەی ئازاد دەگاتە کن مام جۆرج و بلدۆزەرەکەی، لە هەموو لایەوەکەوە تۆپباران بوو. تۆپەکان وەستانیان نەبوو. هەتا بەرەبەری بەیانی، بلدۆزەرەکە دەڕۆیشت و پێشدەکەوت، کە تۆپەکان رادەوەستان هێرشەکە دەستی پێدەکرد. لوتکەی شاخێک، چاوی کانییەک، دوو خانووی چۆڵیان دەویست بیگرن. بەڵام نەڕەی بلدۆزەرەکە و قارەمانی دوو لق، پەنجا پێشمەرگە، چوار کلاشینکۆف و دوو رەشاشی برێن و چەند بڕنۆیەکی درێژی رەقم حەڤدە و بڕنۆیەکی کورتی سەرتۆپ و (سەمینۆف)ێک، ئازایانە و شێتانە بەرگرییان کرد! تەنها رەوەزە شاخێک و بەردە سەرسامەکان لەوێ بوون، چەپڵەی سەرکەوتنیان بۆ دەکوتین. نە بەرپرسێک، نە شاعیرێک، نە کامیرایەک، نە ئامیرێک، لەوێ نەبوو، پێیان بڵێت:

پەنجا سوپاس و پەنجا ماچتان شایستەیە!

کە رۆژ نەرم نەرم دەرکەوت، لەبەر گەرمی شەڕەکەی شەوەکە و قەدری میوانەکە، پیاوەکەی هاتبوو، کورەی شەڕ و ئاگرەکە ببینێت، بەشی ئەوان هەر کورەیە، تا وەنەوزێک بدات، خۆرەکە بە شەلەشەل دەرکەوت، کەمێک دواکەوت، دەترسا نەوەک تۆپێکی تووڕەی خێرای بە چاوی خۆرەکەش بکەوێت و کوێر بێت. هەموو مەملەکەتەکە تاریک بێت، چیتر خۆر و هەتاو دەرنەکەوێت، وڵاتەکە بێ هەتاو بمینێتەوە، (شۆرشەکەیان و کەللەرەقی و دڕندەیی دوژمنەکەیان، ببێتە هۆکاری کوێربوونی رۆژیش) ئەگەر سەد وڵات و هەزار رووباریش لەو دونیایە هەبێت، یەک رۆژ هەیە. بەڵام تیشک و تیرێژی زۆرە، یەک خۆرە و بۆ هەموو بەشرییەت دەچێت:

شەڕی بەرەکان بەردەوام دەبێت، ئیشی بلدۆزەرەکە زۆرتر دەبێت، شەو درێژتر بێت، جێبەکان کاروانەکانیان دوور و زۆر دەبێت!

....

بە شەو**!** ئازاد لەسەر تۆپەکەی خۆی بەرۆژ پاسەوان و شەڕکەر و جەنگاوەر بوو. بە شەو، گوێی لە راز و دڵدارییەکانی نووسەرەکە دەگرت، باسی نازم حیکمەت و نیرودای بۆ دەکردن:

شەوانە دەگەڕایەوە ناو بەغدا، دەچووە شەقامی سەعدون و سەردەکەوت بەرەو کەرادە و ناو ماڵە کریستیانەکان. ماڵەکانی ژنی سینگ رووت و سمت گەورە و قژ پەخشانی لێوە دەردەچوو. دەستی لەناو دەستی کیژەکە دەنا، بەیەکەوە سەردەکەوتن. کە دەگەیشتنە مەسبح لەوێ شەقامەکە فێنک، شەوەکە ئارامتر دەبوو. بەڵام بۆ کوردێک و کیژە شیوعییەک ئاسان نەبوو، دڵیان لەیەک نزیک بوو، بەڵام قسە و هزر و بۆچونەکانیان دوور**!**

پێشمەرگەکانی لەگەڵ ئازاد کورەچی لەناو دوو خیوەتەکە بوون، هەموویان قسەکانیان دەگەڕاندەوە کن دایکیان.

شەش کەس، هەموویان دایکیان بۆ خەم و چاوەڕوانی مابوون. دایکیان مابوو، تا نەفرەت لە شۆرش بکەن، چونکە کوڕەکانی لێ دزیون، کوڕەکانی لێ زەوتکردن. رۆیشتوون و نازانن کەی دەگەڕێنەوە، نازانن بۆ سەفەری وا ترسناکیان کردووە، هەموویان خەمی دایکیان بوو**!**

هەموویان دەیانووت:

ئەگەر چیای زۆزک لەو هێرشانە، بەو بۆردومانە ئاگرینە بگیرێت، دوعای دایکی ئێمەیە. ئەگەر تیشە شاخی سەرتیز بگیرێت، گریان و چاوەڕوانی و رەشپۆشی دایکمانە. کوڕە نووسەرەکەش دەیووت:

نزای ئەو کیژە شیوعییە بەغدایییەکەی بۆم دەسوتا، بۆم دەگریا، زۆریش لێم پاڕایەوە نەڕۆم، کولێژەکەم تەواو بکەم، شیعرەکانم، بڵاوبکەمەوە**!** شەوانە لە بەشی ناوخۆ، بەژان و کوشینی وشە و رازەکان، شیعری بۆ بنووسم. رۆژانەش، لەسەر تەختە دارەکە و لەبن دار سەرووەکە،

هەردووکمان کووپی چامان لەناو دەست سارد ببێتەوە. منیش شیعرەکانی بۆ چاو و گەردەن و راز و گوڵی کراسەکانی کە ئێوارەکان، بۆ من لەبەری دەکرد نووسیبوو. نەرم نەرم بخوێنمەوە، ئەویش بڵێت تۆ نەزار قەبانی منی! ئەودەمانە (نەزار قەبانی)، بەلقیس، کیژە چاو کەسکە موسڵاوییەکەی لە بەیروت نەناسیبوو. نەزار شیعری بۆ هەموو چاو و ژن و سووتانی دڵەکان دەنووسی! ئەگەرنا کیژەکە دەیووت:

منیش بەلقیسی تۆمە!

کوڕە گوێرییەکە، زۆر بەگەنجی، چونکە تاقانەی دایکی بووە، ژنی بۆ دەهێنێت (ئەو ساڵ و چەند مانگەی لەناو شۆرش بووە، دوو مانگ لە رەواندوز، دوو مانگ لە پێنجوێن، یەک مانگ لە دەورەی تەیارەشکێن و ئینجا لەناو ئەو خیوەتە و لەسەر تۆپەکە، هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە، ژنێک، جەستەیەک، رەنگە مەلۆتکەیەک، خەونێکی جێهێشتووە) و یان ئارەزووی کردبێت، چەند مەبەستی بووە کوڕەکەی لاچەپ و ئارام و سەلامەت بژیت، ئەو دوو ئەوەندە سەد ئەوەندەش، کوڕەکە لاسار و بەجوولە و بزێو بوو! ئەدی مەعقولە، لە گوێر بە یەک دەمانچەی تۆپلی و شەش گوللە، دژایەتی ئەمنە عارەبەکان،ماڵە بەعسییەکان، گوندەکانی ئەوبەری زێیش بکەیت؟

دەبێ دڵی دایکی چەند گەورە بێت، شەنگە بییەک بووە و بەردەوام هەژاوە! کە دەگەڕێتەوە، دایکی لەناو پارچە زەوییەکەی لە گەڕەکی بەلاشاوە، لەگەڵ چەند ماڵ و خێزانی بەڵەنگاز، هەر بە قووڕ لەگەڵ دوو فەردە کا، دوور لە ئاوەدانی شار دایانبڕیبوو، ژوورێکی (قیناجی قووڕ)ی بە دەستی خۆی، بە شانی خۆی، بۆ خۆی و بووکەکەی، دروستکردبوو.

ژنەکە دڵی خۆش بوو، کوڕەکەی دوورکەوتووتەوە و مەترسییەکانی جارانی لەسەر نەماوە. کە دەگەڕێتەوە، وا نوا و ماڵێکم بۆ سازکردووە.

دڵی خۆش بوو، دایکە داماوەکەی، نەیدەزانی کوڕەکەی لەسەر چۆمان، لەسەر بەرزاییەکان، ئەو جارە لەجیاتی شەڕ و دژایەتی دوو ئەمنی گوێری، دوو ماڵە عەرەبی بەعسی، رووبەڕووی فڕۆکەی مێک و سوخۆی دەبێتەوە! وازی لە دوژمنەکانی ناو گوێر هێناوە، دژایەتی فڕۆکەی سۆڤیەتی، ناپاڵم و موشەکە نوێیە زۆرەکانی دەکات! دایکی لەبیرنەمابوو، کوڕەکەی، ژنەکەی بە منداڵی بۆی هێنابوو، لەبیر نەماوە، نازانێت ژنی هەر هەیە! نەک ژنەکەی، دایکیشی لەبیرنەمابوو! تا رۆژێکیان پاش هەرەسەکە، لەناو ماڵ و میوانداری کادیرەکان، هاوڕێیەکانی بۆ بیرۆکەی سازبوونەوەی شۆرشێکی نوێ، دوور لە پلانی ئیرانییەکان، دوور لە سەرکردایەتی دەخولایەوە، لە گەرمەی دانوستان و ململانێیەکانی دەتوانن، یان ناتوانن، هەڵەبوون یان چارەنووسیان وابوو، دەکرا وا نەبێت. لەوێ پەیڤینەکان گەرم، لەناو خانووێکی تاریکی ناو شاری نەغەدە، دایکی دەیدۆزێتەوە، بەڵام پاش ئەوەی گفتی دابوو، ناوی نووسرابوو، هەر بزاڤێکی نوێ، بە چ ناوێک بێت، بەشدار دەبم. دایکی لێی بەژووریێ دەکەوێت، تووڕە و دەگرێت و هەڕەشەی لێ دەکات و باسی ژنەکەی بۆ دەکات، پاش ململانێیەکی گەرم و نەبوونی ئومێد و (یەکبوون بۆ هەڵسانەوە). دایکەکە، کوڕەکە دەهێنێتەوە ناو خانووە قووڕەکەی لەگەڵ ژنەکە دروستیان کردبوو، ناو ژوورێکی سەرگیراوی نەوی و قیناج!

هەموویان لەناو خیوەتەکە و لەسەر بەرزاییەکەی چۆمان و بەدیار رادیۆکە دادەنیشتن، بەیەکەوە ژمارەی کەوتنی فڕۆکەکانیان دەژمارد. ئازاد لە دەفتەرەکەی ژمارەکەی دەنووسیەوە. تەیارەشکێنەکان، کەسیان جورئەتی ئەوەی نەدەکرد، بڵێت چەندی تەقەم لە فڕۆکەکان کردووە، هەتا ئەوەی زۆریش نەوی بوو، ئەوەی فرۆشگاکەی بۆردومانکرد، ئەویشی پێ نەخرایە خوارەوە، باسی دایکیان دەکرد.

یەکێکیان شەشەمی (وێژەیی) بوو، کە هاتبووە دەرەوە، لە پێنجوین لە کەمپەکەی قوتابیانەوە دەچێتە ئەو دەورەیە و دەگاتە ناو ئەو خیوەتە! ئەو نەدەیزانی، کە دەگەڕێتەوە، کە لەناو ژوورەکەی دایکی و سێ منداڵە وردەکانی لە گەڕەکی تەیراوە بەکرێی گرتبوو، لێ بەژووری دەکەوێت. خەمی گەورەی شکانەکەی لەناو دڵ و روو و هەناسەی هەڵگرتبوو، نایناسێتەوە:

پێی دەڵێ رۆڵە، بەقوربانت بم، حەمیدی کوڕمت نەدیوە! نازانی ماوە نەماوە، تۆش لەگەڵ ئەو بوویت:

(کوڕە شکاوە خەمگینەکە) دایە من حەمیدم، وا بەسەلامەتی، بەڵام بەشکاویی هاتمەوە، من حەمیدم!

کە ژنەکە، ناوەکەی دەبیستێت، دڵنیا دەبێت کوڕەکەی گەڕاوەتەوە و ماوە، لەجیاتی ببوژێتەوە، دڵی خۆش بێت، دەبورێتەوە و دەبێتە مەیت. هەتا هەردووکیان مردن، هەردووکیان پاش چەند ساڵ بەکەساسی مردن، نەیانزانی، (هێدمە) و شۆکی ئەو دیدار و گەڕانەوەیە بوو، ئارام و سەلامەت نەژیان.

دایکەکە، کە زۆر پەرۆشی کوڕەکەی بوو، رۆژەکەی کە دەگەڕێتەوە و نایناسێتەوە، کە لێی گۆڕابوو، بە هەناسە و ئاکار و هاتنەوەکە، لەناکاو دەمارەکانی هۆشی ئاڵۆز دەبێت، هوڕێنەیەکی گرتووە، پاش ئەوەی بە هۆش دێتەوە، ئارام نەرم نەرم چاوەکانی دەکاتەوە، باش دەیناسیتەوە:

کوڕم (حەمید)! هاتیتەوە!

کوڕم ئەوە لەکوێ بوویت، کە رۆژانە تۆ دەچوویتە بازار، لەو چایەخانە و بن قەڵاتە دەسوڕایتەوە دەترسام، زۆر بڕوام نەدەکرد. دەمووت ئەو قەڵاتە خۆڵە و بەسەرتاندا دەروخێت، ئەوەندە دڵم بە تۆوە بوو. تۆش

رووت لەو شاخ و دۆڵ و هەورازنە کرد! ساڵێک رۆیشتی من تەمەنم دە ساڵ گەورەتر بوو. من سەد ساڵ خەمم خوارد! کە دەمرم، بزانە لە خەمی ئەو ساڵەیە دەمرم! ژنەکە دەمرێت، کوڕەکەش ئەو قسەیەی دایکی، لەدڵ دەبێتە کەسەر و خەم و نەخۆشی، بە کەساسی ژیا و بە کەساسیش حەمید رێبوار، بێ (ناز و منداڵ و ژن و سێبەر) چەند ساڵێکی کورت دەژیت، بەڵام سەربەرز و کرێچی و خوێندەوار و بە نووسەری مرد!

...

لەتیف هەڵمەت

ئێوارەیەکیان و پاش هەواڵ و شرۆڤەکان، (بە زمانی کوردی) سروودەکەش تەواو دەکات دەنگی کوردستانی عیراق، ئەو هەر بەدیقەتەوە گوێی لێ راگرتبوو، لەناکاو بە دەنگێکی ئاسایی ناسک بانگەوازێک بڵاودەکرێتەوە:

شاعیری نوێخوازمان، پێشمەرگەی شاعیرمان لەتیف هەڵمەت دەفتەرێکی ونکردووە، دەفتەرەکە چەند پارچە شیعری نوێی بڵاونەکراوەی تێدایە، تکایە ئەوەی دەیدۆزێتەوە، بیداتە کتێبخانەی پێشمەرگە لە چۆمان.

دەفتەرەکە، سەد لاپەڕەیی بوو، بەرگی کەسک، بە دەزووی ئەستووری سپییش ناوقەدی دوورابووەوە، دەفتەرەکە خۆشەویست بوو، خاوەنەکەی، شاعیرەکە بەقەد چاوەکانی، وەک کفری، هەندی ریشەکەی (کە لاسایی فیدابیەکان) دەکاتەوە، لاسایی درویش و چەپەکانیش دەکاتەوە خۆشدەویێت! دەفتەرە شیعرەکە دەفڕێت، بۆ کێ دەچێت؟ کێ دەڵی رۆحیان نەهاتووتە بەر و نەفڕیون!؟

ئازاد، شەو کە لە ئێستگەکەی ئەوەندە لێیان نزیک بوو، بەبێ رادیۆ، گوێی لە دەنگی نێر و بەهێزی (بارزان مەلا خالید) دەبوو، ئەو بێجگە

لەوەی بێژەرێکی بەتوانا و دێرینی ئێستگەکە بوو، بەزمیشی خۆش بوو. شیعریشی دەنووسی و ئازادیش بوو، بۆ خۆشی و گاڵتەش جنێوی شیرینیش بدات. بەر لەوەی ئەو لە گوندی مەمیخەلان بێتە خوارەوە، سەرێکی لە باوکی دەدا، ئەوەی شەوانە لە مزگەوتی گوندەکە دەخەوت، بەردەوامیش بە مەندیلە سپییەکەوە لە سەربانی مزگەوتەکە، دەست بە رادیۆوە دەوەستا، هەرگیزیش بە هاتنی فڕۆکە خۆی نەدەشاردەوە.

ئازاد کە گوێی لە هەواڵی ونبوونی دەفتەرە شیعرییەکە دەبێت، دەست بۆ گیرفانی چەپی چاکێتەکەی دەبات. بەرگەکەی تەقەشی دەهات، هەر بڕوا ناکات. نەوەک دەفتەرەکەی نەمابێت! نەوەک سەربردەی موحسین گوێری و مام جۆرجی بلدۆزەر و پیاوەکەی لە شەڕەکانی شیشار و ماکۆک دەگەڕێتەوە، ژنەکەی لەبەر جوانی و پاکی بەفرەکەی سەکران، ناوی لە کوڕەکەی ناوە سەکران. سەربردەی زۆری نووسیوەتەوە! رامانی نووسەرە چەپەکەی لەناو خیوەتەکەیان بوو، دەیووت:

سەیرە، بەر لەوەی بێمە دەرەوە، لەگەڵ (چەپەکانی بەغدا) قسەمان دەکرد، دەیانووت:

پارتی حزبێکی برژەوایە، دەربەگ و ئاغاکان دروستیان کردووە، لە بەرژەوەندی ئەوانیش خەبات و نۆکەری دەکات! بەڵام دیارە بە دەگمەن ئەگەرنا، هەموو کادیر و پێشمەرگە و گیانفیدا و ماندووەکان، دڵسۆزەکان، رەنجدەر و کرێکار و جووتیارن!

نە ئەو، نە سەرکردایەتی نەیاندەزانی، مەزندەی کەسیش راست دەرنەچوو، شۆرشەکە و شەرەکە کەی کۆتایی دێت! بەڵام نیگەرانی هەبوو، قسە دەکرا، ترسیش هەبوو، بەڵام کەس دڵنیا نەبوو. ئازاد هەرگیز لە سیاسەت ئیشی نەکردبوو، یەک وتاری دارا تۆفیقی لە رۆژنامەی ئەلتەئاخی نەخوێندبووە. ئەگەرچی نووسین و خوێندنەوە

عەرەبییەکەی زۆر لە کوردییەکەی باشتر بوو. ئەو سەری لە سیاسەت دەرنەدەکرد، بەئاشکرا ئەوەی دەووت:

من بۆ سیاسەت و شەڕ نەهاتووم، هاتووم بگەڕێمەوە، هاتووم چیتر کورەچی نەبم. چیتر لەناو دووکەڵی سووتانی کورە رۆژەکان بەڕێ نەکەم! خۆ (خشتبڕین) لەسەر بنەماڵەی ئێمە تاپۆ نەکراوە. هاتووم بەگەڵ عامێ کەوتووم، لێرەش بەو دەفتەرە باش خەریکم!

...

رەئوف بێگەرد، مامۆستاکەی شاری سلێمانی، زووتر کورتە چیرۆکی نووسیبوو. شارەزای ئەدەبی نەجیب مەحفووز و دیستوفسکی و حوسێن مەردان بوو. ئەگەرچی لەگەڵ سیاسەتی گۆڤاری (رزگاری)یش نەبوو، بەڵام بە زنجیرە لە گۆڤارەکە، رۆمانی ژانی گەلی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دەخوێندەوە، زۆر و زووش چیخۆف و گۆرگی دەناسێت:

لە گۆڤارە تاقانەکەی نووسەری کورد، چیرۆکێک، یان بڵێن راز و پێشبینی و خوێندنەوەیەک بۆ رەوشەکە، پێشبینییەک دەکات. بەڵام بە دیالۆگ و قسەکردن و چیرۆک. مامۆستا ساڵح یوسفی هەموو بەرپرسیاریەتی گۆڤارەکەی دابوو، بەو پیاوەی دوایی رۆمانی (شار)ی نووسی. زووتریش (چایەکی شیرین)ی خواردبووەوە، سەد رەحمەت بۆ ئەو ماڵ و کابان و پیاوچاکەی داوەتی دەکات، چایەکی شیرینی بە دەستی کیژەکە لەبەردەم دادەنێن. ئەویش کوڕە جحێڵە سەرگەرمەکە، ئەو چایە شیرینەکە دەخواتەوە و دەیکاتە قسەیەکی شیرین. چیرۆکێکی زۆر شیرین، کە زۆر باش دەناسرێت، وابزانم لەلایە گۆڤاری گەلاوێژ خەڵات دەکرێت!

ئەو، بە مەبەست یان بێ مەبەست. چیرۆکەکەی رەئوف بێگەرد دەخوێنێتەوە، یان نایخوێنێتەوە. ئەوانەی لە چاپخانەکەی لەگەڵ

ئێستگەکە لەناو یەک ژیرزەمیندا بوون، ئەوان دەیخوێنەوە، بێگومان، بە سێ مانگ و بە (پیتی قورقوشم)ی دارێژراوە، دێر بەدێر و چەند جاریش خوێندویانەتەوە. کرێکارەکانی چاپخانەکە زانیویانە ئەو چیرۆکە چی تێدایە، مامۆستاکە کە هەرگیز ناویان نەبیستبوو چ دەڵێت، پێشبینییەکانی چییە!

ئەو دەگرن، پاراستن قسەی لەگەڵ دەکات، دەیبەنە گرتووخانەکەی ناو چۆمان، لەگەڵ سەربازە عیراقییە عەرەبەکانی لە زۆزک، لەسەرتیز گیرابوون دەگرن. زووتر هەر لەسەر قسەکردن (مەجید هێرش) دەگرن. چەند لاواز بوو، بەو گرتنە لاوازتر دەبێت، بریاری نەدابوو، بەڵام چیتر پاش ئەو گرتنە سروودی نەنووسی! بەڵام نازناوی هێرشی لێ نابێتەوە!

بەشی دەیەم

سەرگوڵ

ئازاد كە نمایشەكە لە پاركەكە دەكات، لاپەڕەكانی دەفتەرەكە بە ئامادەبووان نیشان دەدات. بەر لەوەی جارێكی تریش لفافە سوورەكەی ملی توند بكاتەوە، سەیرێكی چاوی ژنە بەتەمەنەكەی، هاوكاری كرد بۆ نووسینی لاپەڕەیەكی نوێ لە دەفتەرەكەی دەكاتەوە، دەیەوێ پێی بڵێت:

سەرگوڵ، (بەو دیمانە كورتە، ناوەكەی باش لەسەر زمانی راهاتبوو، بەو چەند دەقەیە، پێی خۆش بوو):

مەڕۆ ژمارەی تەلەفۆنەكەتم دەوێ!

هێشتا كۆڕەكە مابوو، خەڵكێكی زۆریش تازە دەهاتن، خۆیان لەناو بابەتەكە دەدۆزیەوە. چونكە رۆژگارێك بوو هەموو بەشداربوون، بە دڵ، بە دەست، بە گوند و بە خوێن و بە هیواش، بزاڤەكە میللی گشتی بوو. پیرێك، زۆر پیر، چاویلكەیەكی بازنەیی شووشە ماندووی لەسەر كەپووی بۆ باشتر دیتنی چاوەكانی دانابوو، لەبەرخۆیەوە، بە كوڕێكی تەنیشتی دەڵێت:

ئەو قسانەی ئەو نووسیویەتی، ئەوانەی باسی دەكەن، من لە زۆربەیان ئاگاداربووم! سەیرە چ جۆرە بڕوا و (هەڵوێست)ێكمان هەبوو، برسی رووت، ماندوو، توندڕەو، بۆیەش بەردەوام بووین، چونكە هەرگیز بیرمان لە شكان نەدەكردەوە.

پیاوێكی بەتەمەن، گۆپاڵێكی سووری (دروستكراوی چینی)، قاتێكی رەش و بۆینباخێكی سووری بەستابوو، دوایی دەزانن مەسیحییە، هەڵدەستێتەوە، بەكوردییەكی رەوان، پێدەچوو ئەفەندییەكی دونیادیدە و وریا بێت، دوودڵ و بەگومان نەبوو، دەڵێت:

ئەو جۆرجە، بێجگە لە تۆڕێکی باش و هەندەسی ڕێگاوبان، لە دەڤەری باڵەکایەتی، برادۆست، بارزان، بارزان و ... دانابوو، ڕێگای زۆر دەکاتەوە. شوێنەواری لەو کوردستانە ماوە:

شوێنەوارەکەی جۆرج، ئەگەرچی تۆ بەدرێژی ئاماژەت بەوە کرد، حەقی خۆت پێدا. تۆ یەکەم کەسی، یەکەم قەڵەمی باسی سەرە رووتەکە، جەرگە ئازاکەی جۆرج دەکەیت! بەداخەوە، ئەوە یەکەمجاری ناوی دێت، بەڵام ئێمە و خۆشی لەناو گۆڕەکەی بەختیارە، بە دەستی تۆ، بە رازی پیاوێکی سەرسپی و بێ مەبەست، لەبەردەم ئەو خەڵکە زۆرە ناوی بانگدەدرێت و دەهێنرێت. بەڵام شاناز و ڕێزپەڕە، بلدۆزەرە کاتر بیلەرەکەی بوو، یان باشیش نازانم، وابزانم کۆماتسۆی ژاپۆنی بوو، کە شۆرشەکە هەرەس دەهێنێت. بلدۆزەرەکە دەکەوێتە بن زەنوێر و رمان و لیتاوی باران و رەنوی بەفر! ماوە ئەگەر لەدوای بگەڕێن، ئێمە کریستیانەکانی هاودیان دەزانین ماوە!

...

ئازاد، لەسەر کۆڕەکە بەردەوام بوو، لاپەڕەکان زۆر مابوون نمایش بکرێن، بەڵام هەر چاوی لەسەر ژنەکە بوو، دەترسا بڕوات و (نەیدۆزێتەوە)! دڵی بەوە خۆش بوو ژنەکە پێی وتبوو:

ناڕۆم، چاوەڕوانت دەکەم. وێنەیەکیش بۆ یادگار بەیەکەوە دەگرین.

بەو قسەیە، بەو وێنەگرتنە، ئازاد چۆکی دەشکێت، ژنێک بڵێت با وێنەیەک بەیەکەوە بگرین، مانای زۆرە. کەواتە دەتوانێت، وێنەکە لەناو چوارچیوەی چاوەکانی، لەسەر سێگۆشەی یەخەی چاکێتەکەی، لەناو گەردانەکەی، لەگەڵ بۆنی مێخەک تێکەڵی بکات! ڤایرۆس لە (لاپتۆپ)ەکەی ئەویش بدات و وێنەکەش بفەوتێت، لەکن ئەو ژنە وێنەکە، دانە ئەسلییەکە هەر دەمینێت!

...

من ژنێکم باڵم تەڕکراوە، زۆریش تەڕیان کردم، لە خوناو زۆرتر، لە بارانی بەهار بەلێزمەتر، تەڕکراوم. من شانم ئەوەندە قوورس و گرانە، کە دەڕۆم، یەکێکم دەوێ دەستم بگرێت! دەستی نەرمی تۆ، ئەوەندە قەڵەم و دەفتەری گرتووە (لەناو ئەو خەڵکە چۆن بواری بوو، ئەو رازەی بۆ بدرکێنێت!)، ئاساییە، پێم خۆشە دەستم بگرێت. ئەوە دەکەم، دەستت دەگرم، با یەک پایە بەیەکەوە سەربکەوین، بەرزبینەوە، زۆر زۆر بەردەبینەوە، یەکتری هەڵدەگرینەوە، کەسمان لێوە دیار نییە! چالاکانە هەڵدەستینەوە، ئەگەر تۆش تاقەتت نەبوو، من ورە بە ماسولکە نەرم و تەزیوەکانم دەدەم. ئەگەر منیش کەوتم، تۆ شەکەتیش بیت، دەتوانێت ژنێکی باڵندەی وەک من بەرزبکەیتەوە. باڵم بکەرەوە و لەسەرشانتم دابنێ. ئەگەر من بوارت بدەم، تووڕە نەبم، زۆر زۆر بەرزم دەکەیتەوە، هەتا گەردەنم دەگاتە لێوەکانت!

کەس گومان ناکات:

ناسیار و خزم و برادەر و هاوپیشە و هاوسێیەکانمان، گەنجەکان، خەڵکە بەتەمەنەکانی ئێمە باش دەناسن:

نازانن و بڕواش ناکەن، ئێمە بەو عەسرە درەنگە ئەوەندە لە شار دوورکەوتوینەتەوە، دوور دوور هاتووین.

ژنەکە وتبووی:

من دەتوانم و دەمینێمەوە، بەڵام تاریکمان بەسەردانێت!

...

دوور رۆیشتن، ئەو، سەفین لە حزووری کانی (بێترمە)، لەبەر پیرۆزی دارە پیرە قەد ئەستوورەکەی ناو مزگەوتەکە، شانی جولاندوە و بوارێکی

بۆ هاتوچۆ هێشتوتەوە. لەو بوارەدا شەقامێکی بەرین دەڕوات و ئێواران سەفین لەوێ پشوودەدات، لەو شەقامە هەموو دارەکانی ئەو چیایە دەبنە سێبەر و شێ و خەون و رامان. پیاوەکەش ژنەکەی هێنابووە ناو ئەو سیحرە، راستە هەموو کەس رێگاکەیان دیوە و بە شەقامەکە بەرەو دۆڵی هیران رۆیشتوون، ئاساییە! بەڵام ئەو رۆژە بۆ ئەو کەسە بوویتە کەشێکی سیحراوی، ژنەکە وتبووی:

من چەند ساڵە نەهاتوومەتە بەر ئەو سێبەرە، پیاوەکەش تا دڵی ئەو بداتەوە، درۆیەکی کردبوو، وتبووی:

منیش چەند ساڵە، پەرۆشی ئەوەم بێمە بەر ئەو سێبەرە، ئارەقەم بسڕمەوە.

دووکاندارەکە بە شووشە، تاقەکانی کردبووە تابلۆیەک، نەخشین وەک تابلۆکانی ناو سالۆن و دیوارەکانی فاتیکان. لەوێ ئەو کەسی لەپێش نەبوو، مەشروب دەکڕن. چەند بیرەی سارد، حەزی لە بیرەی شووشە دەکرد، ژنەکە زووتر پێی وتبوو:

ئەگەر سەرخۆش بوویت من ئوتومبێلەکە لێدەخورم، من دەترسم، (سەرخۆش) بیت. دەزانم تۆ هیچم لێ ناکەیت، چونکە خۆم دەناسم، بەڵام لە رێگا و پێچ و سەرکەوتن و هەورازەکان، لەگەڵ پیاوێکی ملپێچ سووری سەرخۆش دەترسم.

لەبن سێبەری شاخە گەورە چڕەکە دادەنیشن، دیمەنێکی نوێ و ناوازە بەرامبەریان خۆی دەنواند. هەر بەپێوە هەردووکیان، دوو جەستەی شێت بۆ هەموو شتەکان، بەڵام  کشومات و کپ دەبن. دەمێک سەیری ناوچەکە دەکەن، هەردووکیان بە جووتە هەتا سەر کەندەڵانەکە، بەرزاییەکەی خۆڵەکەی رەفۆک بوو، تازە تەختکرابوو، چەند وێنەیەک دەگرن. دارێک، هەردووکیان ناوەکەیان نەدەزانی، لەناو درزی سەر بەقەوزە و خاڵداری

بەردێک (هەڵتۆقیبوو)، لە هەموو دارەکانی تر توندتر و ئەستوورتریش بوو، پشت بە دارەکە دەدەن و لەو هەوارە رادەمینێن.

پێش ئەوەی ئەوان بگەنە سەر گردەکە، دارباوی لەسەر ئەو بەرزاییە (رەفۆک)ە هەر نەبووە. دوو سەعات بەر لەوەی ئەوان سەربکەون، هیچی لێ نەبووە، دە دەقە بەر لەوەی ئەوان سەربکەون، دارباوی، سێبەری باوی هەر نەبووە. لەگەڵ دەنگی ئەوان، لەگەڵ رازی دوو دڵ و ترسی دوو دەست، شەرمی لێوی بەتەمەن، هەورێک دەبێتە سێبەر، دارباوییەک دەبێتە پەنا، بەڵام پەنایەکی گەورە! لێو کە گەورە دەبێت، شەرم دەکات، دەترسێ ماچی لەبیرچووبێتەوە، ژن و پیاوێک هەردوو سەرکەش، هەردوو چیرۆکی تەمەنیان دوورودرێژە و بە گێڕانەوەی زۆریش ماندوو دەبن. لەبەر سێبەرەکە دوو کورسی دادەنێن، دوو رازی شەرمن، دوو دڵی خەمگین بەرامبەر خۆیان دادەنێن، بەیەکەوە بەچرپە قسە دەکەین، ژنەکە دەڵێت:

باش نەبوو، لەو کۆڕە، بۆ دیتنی ملپێچە سوورەکەت هاتم! نەمزانی بۆ هاتم! سەد پیاوم دیوە وەک تۆ ملپێچی سوور دەبەستن، قژیان وەک تۆیە، وەک تۆ داوەتیانکردووم، نەچووم، کۆڕ و کۆڕگێڕم نەدیوە، ئەوە یەکەمجارە، من دەبمە کۆڕگێڕ و میوان، هەتا دواکەسیش چاوەڕوان دەکەم!

من بۆ کەس نەهاتومەتە بەر سێبەری داری باوی، بڕواشم نەدەکرد! واهاتم، نە پەشیمان و نە دڵیشم خۆشە. دەترسم و هەرگیزیش ئەوەندە ئازاش نەبووم. ئازاش بووم و قەت! بەقەد ئەو ئێوارەیە نەترساوم. من بترسم! هەرگیز لە سمێڵ و قسە و گفتەکانی پیاو نەترساوم. بەڵام! لەو (لفافە سوورە) بەپێچە خوورییە تورکییەی ملت دەترسم، وا هەست دەکەم دەمخنکێنێت، وادەزانم کارەبایەکی رووتە. ئەگەرچی، خۆم و هەموو ناسیارەکانم دەزانن، من هەرگیز لە کارەباش نەترساوم!

پیاوەکە، ئاماژەیەک بۆ کورسییەکەی، ژنەکە سمتی لەسەر دانابوو، کە هیچ نەیدەورووژاند، قسەکانی کاریگەرییان زۆر بوو. ئازایەتی ژنەکە، چیرۆکی ژیانی، بەڵام هەردوو رانی لەبەر تەسکی کورسییەکە زۆر بەیەک وەنووساندبوو، نەیدەورووژاند، پێی دەڵێت:

کەمێک کورسییەکە خوارە، ئاگاداری خۆت بە، با بەرنەبیتەوە!

ژنەکە سەرکەشانە، سەیری هەردوو چاوەکانی دەکات، دەیەوێ رازێک لەدوورەوە، لەبنەوە، لەناوەوە ببینێت و دەڵێت:

زۆر بەربومەتەوە، بەڵام بە دەستی یەک پیاو، بە شەقی نامەردانەی یەک کەس. بە درۆکانی. بە نەرمی من، من نەرم دەبووم، ئەو نەرمی منی دەکوشی. من تووڕە دەبووم، ئەو وێنەیەکی نیشاندەدام، بزەیەکی لەسەر لێوەکانی دەنواند، بەڵام زۆر فێڵبازانە!

پیاوەکە، لەسەر لایەکی کورسییەکە باش خۆی گونجاندبوو، چاویلکەکەی لە چاوی دەکاتەوە، لەسەر رانی دایدەنێت، دوایی نەوەک لەگەڵ جوولەیەک لێ بکەوێت و لەبیری بچێت، (فوو)ێک لە هەردوو چاوی چاویلکەکە دەکات و دەڵێت:

با قسەیەکت پێ بڵێم:

من هەرگیز ئەوەندە دوور لە ژن دانەنیشتووم. من وا کەڵەپچە نەبووم، دەست بە کۆت و زنجیر نەبووم. من پیاوێکم پێش رۆیشتنیش بووبێت دەستێکم، بۆ رانی، بۆ روومەتی، بۆ خوراندنی پشتە دەستی ژنەکەی لەگەڵم بووە، هەر درێژ کردووە. هەرگیز نەترساوم، دیارە شەرم لەو دارەی سەرمان دەکەم، سێبەری بۆمان داناوە، ئێمەی کۆکردیتەوە!

ژنەکە، ئەوەندە بڕوای بە خۆی هەبوو، بزەیەک دەکات، ئەوەندە ناسک، زۆر باشیش لەسەر لێوەکانی دیار نەبوو، شیرین بوو، یان تاڵ بوو! دەڵێت:

قسەکە بۆ پیاوەکە، ناخۆش و دانە باوییەکی تاڵ بوو:

من دڵم خەبەر دەدا، بەڵام زۆر دڵنیام ئەوەیان دواجارە، یەکجار هەردووکمان هەڵەی وا گەورە دەکەین، هەڵەیەک بە دەستی هەردووکمان، بەڵام کەس ناپروکێنین، کەس سەخڵەت ناکەین، تەنها خۆمان. من تۆ ئازار دەدەم، تۆش من! بۆ من یەکەمجارە، بەڵام تۆی پیاو نازانم! دەتوانم بڵێم هەردووکمان یەکجارە چاکەمان لەگەڵ خۆمان کردووە، یان هەر من، چونکە بۆ تۆی پیاو، زۆرت کردووە.

...

ئازاد، ئەگەرچی ژنەکە دڵنیاکردنەوەی نەدەویست، هیچ جوولەیەکی نەشیاوی نەنواند، بەگاڵتەوە وتی:

من نەهاتبووم، دەفتەرەکەم نمایش بکەم، (دڵم خەبەری دابوو)، تۆ دەبینم، ئەگەرنا مەعقوڵە پاش نزیکەی چل ساڵ، چل ساڵ، هاتووم کۆنە دەفتەرێکم دەرهێناوە و چەند سەرەدێر نمایش دەکەم.

بەر لە ئێستا، پێش ئەوەی ئەوە بکەم:

ژنێکی تەڕ ، دوایی و پاش زۆرترین دیمانە و بۆنکردنی هەناسەکەی، ژنێکە، پیاوێک رێزی ناز و جوانی و شەوەکانی... نەگرتووە و پێی وتووە:

من وامزانیبوو، ژن لەوە خۆشترن! وامزانیوە، خۆشی ژن کۆتایی نییە. وتوویەتی بەسە، بە فێڵ و مەکری خۆپەرستانە لەو دووردەکەوێتەوە، تەنها ماوەیەک ناوی لەسەر (دەفتەر نفووس)ەکەی، دیوی پشتەوەی وەک ژن و مێرد دەمینێتەوە، پیاوەکە ون دەبێت.

ژنەکە، شەوەکانی، رۆژەکانی، بەتەنها و لەدیار پەنجەرەیەک، یەک لاپەردەی کرابێتەوە، درزێکی بۆ یەک چاو و چاوەڕوانی تێدا بووە، دەیزانی ئەو ناگەڕێتەوە، زۆریش چاوەڕوان بووە!

دەزانم تۆ دەڵێیت ئەویش بۆنی لفافە سوورەکەمی کردبوو! منی نەدیبوو، بەڵام زۆر ناوی بیستبووم، ژنەکە دەزانێت، من دیکۆمێنتی زۆری خەڵکە ماندووەکەم لەلایە.

دەزانێت، من باسی ئەوانەم کردووە، کەس ناویان نابات! ئازایەتی ئەوانەم نووسیوەتەوە، کە لێیان دزراوە و بەناوی کەسانی ترەوە کراوە. زوڵمیان لێکراوە، قوربانییەکانی ئەوان، (نەبەردی)یەکان بۆ هەموو کەس بووە، تەنها بۆ خاوەنەکانی نەبێت! من زووتر دەفتەرەکەم، بەڵام هەموو لاپەڕەکانی نا، چەند لاپەڕە و سەرەدێر و ناوێک و بەس، بەو ژنەم نیشاندابوو. لەگەڵ هەڵدانەوەی پەڕە ناسکە کۆنەکان، نووسینە مێروولە وردەکان:

وتبووی ژیانم تاڵە، با بیرەوەرییەکان ببینم، با بزانم کێ لەناو ئەو دەفتەرە ماندووە دەدۆزمەوە، کەسێک لە ماندووبوون ماندوو نەبووبێت، کەسێک بتوانێت، ئاسان و نەرم بگاتە سەرم! ئینجا نازانم لە من دەگەڕا، یان یەکێکی تری وەک منی مەبەست بوو. رۆژێک، لەبیرم ناچێتەوە، بڕواشم نەدەکرد، بۆ دیتنی دەفتەرەکە دەعوەتم بکات. کە چوومە دیمانەکەی، چووم بۆ ئەوەی بزانم دەنگی وەک دەنگی ناو تەلەفۆنەکەیە. کە چووم، چۆن ناچم، ئەو خوانێکی جوانی سازکردبوو، جلێکی رەشی تەنکی ژنانەی کوردەواری لەبەرکردبوو، من وامبینی، رەشەکە زۆر هەیبەتی بە سینگ و (گەردەنە سپی)یەکەی دابوو، یان خۆی مەبەستی بوو، سپی بە رەشەکان نازدارتر بکات، تا من زۆرتر بۆ ئەو سپی ببمەوە. زۆر زۆر شەیدای ملوانکە وردەکەی ملی بووم، توند بە

گۆشتی گەردەنی وەنووسابوو، توند ملی دەگەزی، ویستم پێی بڵێم، ئەو زنجیر و مorووە ئازارت نادەن، بۆت شل بکەمەوە!

ژنێک بوو شایستەی ئەوە بوو، شەوانە بۆی ببمە شاعیر، بەس بۆ ئەو، شەوانە شیعرم بۆ دەهات و بۆم دەخوێندەوە. شێست پارچە شیعری کورتم بۆی نووسی. بە شیعر هەموو شتەکانم لەگەڵ تەواو کرد. بە شیعر دوورونزیک دەڕۆیشتین. شەو و رۆژمان نەبوو، ئەو کەسی نەبوو، منیش دەفتەرە گەورەکەی خەمی ئەو بووم. ئەویش کەس ئیشی پێی نەبوو. دەرچوو ئەو ژنەش، دەفتەرەکە کۆنەکەی منی نەدەویست، دەیویست ماوەیەک من بکاتە شاعیر، منیش ئەوەم تاقی نەکردبووەوە! نەمدەزانی، پیاو چۆن بۆ ژنێک دەبێتە شاعیر. من بۆ شۆرش و دۆزێکی رەوا، بەفشە چوومە ناو ئاگر و شەڕ و بەرە دژوارەکانی شەڕەکە، بەڵام هەرگیز، بەو تەمەنە، نەمزانیبوو، دەتوانم بۆ ژنەکەی گەردەنی زۆر لە دەفتەرەکەم گەورەتر و پیرۆزتر بوو، شیعری بۆ بنووسم!

شیعرم بۆ نووسی و رووبارێکی درێژی شیعر هاتە سەر مێزەکەم. پەنجەکانم بوونە رووبارە شیعر، (جۆگەلە شیعر)، لافاوێک هەڵسا، بێجگە لە شیعرەکان هەموو شتەکانی تر، لەبەرچاوم دەبوونە سەراب.

بەڵام! لەنێوان شەیدایی هەردووکمان، هەموو شیعرەکان هەڵفڕین و ون بوون! شیعرەکانی هەڵفڕاندم و تۆڵەی ئەوەی لێ کردمەوە، زۆر سەیری مorووەکەی گەردەنم کردبوو. لە دەمم دەرچوو پێم وتبوو، با ئەو داوەی گەردەنت بۆ شل بکەمەوە، نەوەک ئازاری گەردەنە سپییەکەت بدات. شەوێکیان داوەکە، داوەکەی نێوانمان پچڕا، شیعرەکان بوونە سەراب و ون بوون.

زۆر پەرۆش بووم، شیعرەکان بدۆزمەوە، نازانم هەمووی وەک رەوە کۆترێک، وەک هێشووە ترێیەک پەخشان کرد، شەو بوو یان بەرۆژ، دڵی

توند بوو بەتووڕەیی، یان لەوپەڕی هەوەس و چاوەڕوانی بووە، نازانم، ئێستاش خۆم و یەکێکی تریش وتی:

بڕوا ناکرێت، هەرگیز رووی نەداوە، ژنێک، تۆ ئەوەندە بەسۆزەوە سەیری گەردەن و مورووە وردەکەی ملی، هەردوو (باڵی سوخمە)ی سەر مەمکیت کردبێت، شێست وردە رازت بۆ نووسیبێت، بیانفەوتێنێت و باڵیان بکاتەوە.

ئەویش لەسەر فڕین و نقوومبوونی شیعرەکانم ئەو رامانەی هەبوو، ئەویش وەک ئەو ژنە بوو، ئەویش شەوانە نەدەخەوت، ئەگەر رازێکم لەبن گوێیەکانی نەچرپاندبوایە! ئەو وتی:

بڕوا ناکەم، ژن هەبێت، بەئارەزووەوە رازی پیاوێکی پەرۆش، بەرەو ئاسمان بفڕێنێت!

...

ژنەکە لەبن دارەکە وتی:

گەرماش بێت، ملپێچە سوورە ئاوریشمەکە دامەنێ، توخوا ئەوە دامەنێ، من بەوە دەتناسمەوە، بەوەش شەیدات بووم، با لەجیاتی دەستی من! من دەستم نەماوە، هەردوو دەستم لەماڵەوە جێهێشتووە. کە لەماڵەوە دەردەچووم، دروست ئیمڕۆ کە هاتم، لە (بالکۆن)ی نهۆمی دووەمی باڵەخانەکەمان، تۆم لەناو ئەو ئوتومبێلە سپییەکە بینی، شەرمن و ترساو دانیشتبوویت، بەپەلەش دەهاتم، بەڵام ملپێچە سوورەکەت زۆرتر و زووتر منی راکێشا، بەرگەم نەما. بەر لەوەی دەست بدەمە جانتاکەم، ئەوەی بە ئارەزووی خۆم، لە عەمان ساڵی پار کڕیبووم. بیرم لەوە نەدەکردەوە لەوێ جانتایەک بکڕم.

ئیمڕۆ و ئەو عەسرە، کە هاتمە دەرەوە دەستەکانم، هەردوو دەستم لەوێ لە ژوورەکە جێهێشت. دەستێکم بۆ کوڕەکە، لەبن سەری کوڕەکەم، وەک بالیفێکی نەرم دانا، تا بۆ من و دواکەوتنم لەو سەفەرە سەخڵەت نەبێت. گومانم هەبوو دوابکەوم، چونکە نەمدەزانی کێوە دەچێن، تۆ چیت لە دڵە و منیش بەنیازم چ بڵێم! دەستی دووەمم، لەسەر نیوچەوانی کیژە (گەنم رەنگ)ەکەم دانا، بەڵام بڕوا بکە، نەمزانی گەرمە سەری یان ساردە، هۆشم لەبەر خۆم نەبوو.

بەر لەوەی بێمە دەرەوە، نازانم بۆ هەناسە بۆنێک، نازانم بۆ کێ، بۆ!؟ بۆنێکم لە گەردەنم دا، سەرم بەرزکردەوە، داوە مووەکانم دوورخستەوە، جوان سەیرم کرد گەردەنم وەک (قەندە شەکر)ێکە، تۆ دەزانی قەندی شەکر چییە، بۆیە دەڵێم وەک قەندە شەکر بوو، بۆنم لە گەردەنم دا. بەڵام! لە پەنجەرەکەوە، لەنێوان درزی پەردەکە، خۆم پەردەکەم لادابوو، یان پەردەکەش هەستی بەو ژووانەم کردبوو، بیرم لەوە نەکردبووەوە، تۆم بینی ئینجا بۆنەکەم بەبیرکەوتەوە، بەپەلە بۆنەکەم پەخشکرد، پروشکە نەرمەکانی زۆریان بە یەخەم کەوت، دەتوانی یەخەم بۆن بکەیت، بەس یەخەم! بۆنەکە بۆ تۆیە، کە هاتم وتم:

دەچمە بەردەمی پیاوێک، ئەوم دەوێ و لێی دەترسێم. ناسک و نەرمە، بەڵام لە سام و هەیبەتی دەترسێم.

لێوم، حەقم بوو، کە هاتم هەردوو لێوەکانم نەهێنا، وتم نەوەک:

لەگەڵ پیاوە ملپێچە سوورەکەی لە گەردەنە، لێوەکانم، سەرەتا لێوی سەرەوەم، دوایی لێوی بنەوەشم رازی بکات، ئەگەر هەردووکیان نەرم بوون، ناتوانم سڕیان بکەم، دەترسام لەگەڵ لێوە ئەستوورەکانی ئەو (ئاشنا) بن، بچنە پەنا دارێک، دوور بڕۆن تا و درەنگ نەگەڕێنەوە،

بەیەکەوە ژمارەی زۆری ماچ بۆ یەک تۆمار بکەن. من دەمووت ئەو چەند ماچ، ئەو دەیووت:

هێشتا لێوەکانم تاساون، بەوەندەش هەستیان بە هیچ نەکردووە، بزانم دەتوانی وەک پەڕی گوڵێک تەڕیان بکەین. لە ئەندامی جەستەی مرۆڤ دەزانم، لێو، دوو لێوی دوو رەگەز، لێوی ژن و پیاوێک بەیەکەوە حەرامزادەن، یەکێکیان بەتەنها (بەستەزمانە)، بەڵام کە لەیەک نزیک دەبنەوە، یەک رەگەزن، تێکەڵ دەبن، دەتوێنەوە، بۆ یەکتری نەرم دەبن. باشیش دەزانم، من لێوەکانی خۆم ناناسمەوە، تێکەڵ بن. لێوێکی سەرخۆش، لێوەکانی منی بەدەستنوێژ، سەرخۆش بکەن و بەیەکەوە، گوناحێک بکەن، گەورە زۆر گەورە! نەتوانین بیاندۆزینەوە و هەڵیانبگرینەوە.

مەمکم، هەردوو مەمکم، سیس بوون، هەست دەکەم بەسینگەمەوە نەماون، لە داری قەفەسەکە بەربونەتەوە، لەبەر سێبەرەکەی دوورکەوتونەتەوە. ماوەیەک بەس خۆم، بۆ شووشتن، لە ترسی نەخۆشیش بە دکتۆرەکەشم، دکتۆرە بەنازی برازام، بۆ پشکنین نیشانداوە. ئەگەرنا کەس دەستی لێ نەداون، بەو مەمکانە دوو منداڵ، کوڕێک و کیژێکم پێ شیرداوە.

کە هاتم، دوو دەست و هەردوو گۆی مەمک، دەزانیت بۆ لێوەکانم جێهێشت، دەمزانی تۆ دەمت شیرینە، لەکێ بزانم، بەڵام گومانم هەبوو، بۆیە لێوەکانم، دەستەکانم نەهێنا کە هاتم:

کیژە چاورەشەکەم، لە دەرگای دەرەوەش دەردەچووم:

بانگی کردم، بابە، (ئەو، تەنها ئەویان سۆزێکی تایبەتی بەرامبەر من هەیە، بە من دەڵێت بابە، دەڵێ تۆ کە منت بەخێوکرد دایکم بوویت، دوایی بوویتە باوکم). دەڵێت بابە، وەرە، بگەڕێوە ژن هەیە لێوەی سوورکردووە، تەڕ و سوور لەناو پاکێتێک، لەناو قوودییەکی ناو دۆلابەکە

جێبهێڵێت، ژن هەیە لێوی سوور نەباتە دەرەوە! لێوە سوورەکانی بە چۆلەکەیەک نیشان نەدات. بە پۆلیسەکەی بەر گەڕەکەکەمان، ئەوەی کە دەردەچین و دەگەڕێینەوە دارەکەمان بۆ بەرزدەکاتەوە نیشان نەدات، وەرە بگەڕێوە. دایە دڵ مردووە (شێتۆکە)کەم، وەرە بگەڕێوە، با چۆلەکە سەیری لێوی بکات، بەوەش ئاسمان جوانتر دەکەن. نەگەڕامەوە و من بۆنی تۆم کردبوو، رەنگی ملپێچەکەت رایکێشابووم نەگەڕامەوە، نەمویست!

یەکجار بەگەڵ تۆ کەوتم، سەدجار پەشیمانم! چونکە دەزانم دووبارە نابێتەوە. لەورۆژەوە، چیتر دارباوییەکە لەسەر ئەو گردە نامێنت، خۆشناوەکە، خاوەنی چیا و باخەکان، دارەکان دەبڕێتەوە. خۆشناوەکە بە دووربین سەیری هەردووکیان دەکات، دەبینێت دەستەکان، لێوەکان نزیک نابنەوە، بۆیە تووڕە دەبێت، بە تەورێک، بە بلدۆزەرێکی گچکەی وەستاوی سەر بەرزاییەکە، کە بۆ کرێی بڕینی شاخ و تەختکردنی گردەکان، بۆ فرۆشتن و دانانی بناخەی ڤیلای نوێ وەستاوە، دەڵێت:

بڕۆن ئەو سێبەرە ببڕنەوە دوێنی بینیم، پیاوێک ملپێچێکی سووری درێژی لە ملی بەستابوو، (قەدێکی سەرسپی)، لەگەڵ ژنێک بۆنی خەنەی قژی دەگەیشتە کوونە کەپووم. زۆر زۆر دانیشتن، یەکتریان ماچ نەکرد، دەستی یەکتریان نەکوشی. بەڵام بینیم، زۆر زۆر قسەیان دەکرد، نازانم سێبەری دارێکی من، گردێکی من، دوو دڵ بەیەکەوە کۆبکاتەوە، دوو کەس، ژن و پیاوێک زۆریش قسەی لەسەر بکەن. وا دوور لەیەک دابنیشن قبووڵم نییە، بڕۆن لە دارباوییەکەش بپرسن، ئەو بۆتان دەگێڕێتەوە:

ئەوانە بەیەکەوە وێنەی سیلڤیان گرت، نە وێنەیەک، نە دوو، بە هەردوو ئایفۆنەکەیان وێنەیان دەگرت، پێدەکەنین و جوانی و ناز و هەستیان لە یەکتری و لەناو وێنەکان، لەناو رەنگ و بزە و ئاکاریان دەدۆزیەوە، ژنەکە بە پیاوەکەی دەگووت:

سەیر بکە وێنەکەمان بەیەکەوە چەند جوان دەرچووە! (وێنەیەکی تر، یەکێکی تر نیشاندەدا) نا ئەوەیان جوانترە، تۆ چاوت زۆرتر کراوەتەوە و کە سەیرم دەکەیت، دەتەوێ پرسیارێک بکەیت، دەزانم داواکاریشت هەیە، بەڵام شەرم دەکەیت! ئای پیاو، بەردەوام پرسیاری زۆرتان لە ژنان هەیە، داواتان زۆرە! دە بپرسە دەی!؟

ژنەکە دەیووت: وەرە پێشەوە، وەرە وەرە!

ئەوەندە نزیک دەبوونەوە، زۆری نەمابوو ژنەکەی لێوەکانی لەماڵەوە و باڵەخانەی نهۆمی دووەم جێیهێشتبوو، بەپەلە بۆ ماچێک، بۆ رازیکردنی دوو دڵەکە، بەپەلە، بانگیان بکات و پێیان بڵێت:

وەرن، من پەشیمانم، ئێوەم لەناو قووتییەکەی مکیاژ بەدیار سووراوەکە جێهێشت، لەتەنیشت بۆنەکەی لە پاریس، لەنزیک کەوانەکەی ئازادی کڕیبووم، بۆنەکەم کڕی و ئینجا بەتەنها بەدیار خەڵکەکە دانیشتم، کورسییەکم دۆزیەوە، هێشتا سیمی سەر پاکێتی بۆنەکەم نەشکاندبوو، شەوقی شەقام و دیوار و کۆڵەگە و بەردەکانی کەوانەکە، جوان و گەش لەسەر سیمی بۆنەکەی لەسەر رانم دامانابوو دیار بوو. کە سەیرم کرد، من زمانی (فەرەنسی) نازانم، دوو وشەش نازانم، بەڵام لەناو دێرە وردەکان، لەگەڵ پروشکی بۆنی خۆشی رێبوارەکانی بەپەلە دەڕۆیشتن، من نەمدەزانی ئەوانە بۆ گەیشتنەوە و گەڕانەوە، پەلە دەکەن! من چەند ساڵە نەمزانیوە پەلە بکەم، پەرۆش بم، زوو بگەمە شوێنێک، نەمزانیوە، بۆ گەیشتن پەلەم نەکردووە! نازانم بۆ! گلۆپەکانی کەوانەکە ئەوەندە رووناک بوون، سێ پیتی (م ا ن)م لەناو جریوەی مێروولەیی وشەکان هەڵگرتەوە، تێگەیشتم ئەو بۆنە پیاوانەیە! کیژە زراڤەکە، دڵی من نەخوێندبووەوە، رازی منی یەک تۆزقاڵیش نەدەزانی، من چەند ساڵە پیاو، (سمێڵی تەمەن)، پیاوی جگەرە و رەنگی شیری عەرەق و هێمنی و بێدەنگییەکەی منی کوشتبوو، تەڵاقی دابووم. پیاو بە چەند شێوە

دەتوانن، ژن تەڵاق بدەن، وەک چۆن دەزانن بە چەند فێڵ و راز و جوانی و هەوەسیش کە من نەدیبوو، نەرم بکەن. کیژەکە زۆر ناسک بوو، لەناو هەموو وێنەی سەر بەرگ و پاکێت و وێنەی ناو جامخانەکان جوانتر بوو، هەر ئەوەندە بواری هەبوو، من پێی بڵێم، بۆنێک بە دڵی خۆت، بە ئینگلیزی پێمووت.

ئەویش پەنجەکانی، وردە ئەلماسەکانی پەنجەکەی. پیاو، دەزانن (وەسفی ئەو دەست و پەنجانە) بکەن. بەو وردە پەنجانە، ئەو بۆنەی بۆ دادەنێت. ئەویش بۆنەکە هەڵدەگرێت، چەند مانگ و چەند هەفتە، تا ئەو رۆژەی ملپێچە سوورەکە بە شایستەی بۆنەکە دەزانێت و لەسەر گردەکە، لەبن دار باوییەکە بۆی دەردەهێنێت.

با لێوەکانم، نەوەک ماچێک بکەم، بگەنە لام. بۆنەکەش، دوور لە ویستی خۆم و بۆ پیاوێک کڕابوو، بەڵام بە ویستی خۆم نەمشکاندبوو، بۆ کێ بیشکێنم، بەڵام دیسان بە ویستی خۆم بۆنەکەم لەناو جانتاکە دانابوو، با پێشکەشی ئازاد بکەم. با لەبەردەم من، پەخشانە بۆنێک لە لفافە سوورەکەی ملی بدات، ئەگەر بەیانی هاتینەوە دەرەوە، ئەگەر بەردی دڵی جولاندم. ئەگەر کەمێک بە هەناسەکەی، قژە نەرمە بەخەنەکەمی هەژاند و وردە سەمایەکی کرد، داوی قژە نەرمەکەم، بوونە دەست و قاچ و بەژن و سەمای فلامنکۆیان بۆ لفافە سوورەکە کرد، بەیانی گەڕاینەوە بن ئەو داربابوییە، پێی دەڵێم:

بۆنەکەت، لە لفافەکەت داوە!؟

دەزانم لێوەکانم، لەناو ژوورەکەم مەلوول ساردبونەتەوە، وەرن و بەسەر بەرزاییەکانی کەسنەزان هەڵگەڕێن، لە (دڵۆپە)ش سەرکەون، من دوورم، لەدوورەوە ملپێچێکی سوورتان بینی، من لەوێ گیرم خواردووە، ناتوانم بێمە خوارەوە!

کە لێوەکانم ئێمەیان دۆزیەوە، مەرج بێ ماچت بکەم، لەمێژە ماچیان لەبیرچویتەوە. دەبێ تۆ دەمت بێنیت، تۆ لێوەکانم رابهێنێتەوە، ئینجا من تەواوی ژیانی خۆمت بە دەستنووس، لەسەر وردە کاغەز و لەناو لاپەڕەی بچووک و دەفتەری گەورە و پشتی کتێب. ژیانی من لەگەڵ تووڕەییەکانم، ئەو دوو رۆژە نا، ئەو دوو دیمانەی لێ دەربکە، هەمووم نووسیوەتەوە! لەگەڵ دەفتەرەکەی تۆ چییان لەوە کەمتر نییە! دەدەمە تۆ، هەمووم بە یەک ماچ لێ وەردەگریت. بمنووسەوە، توخوا، نووسینێک جوان وەک لفافە سوورە خوورییە بەتووکەکەت. لەمێژە راز و سەردوڵکەکانم کۆکردیتەوە، تا رۆژێک، گەرچی بڕوام نەدەکرد، رۆژێکی وا بێت، یەکێک، قەڵەمێک، تاقەتێک بدۆزمەوە، ژیانم بنووسێتەوە:

من حەز دەکەم، موڵکم زۆرە، منداڵی ژیرم هەیە، زۆر دونیا گەڕاوم، ڤیلایەکم هەیە، وا دارتاشە تورکەکان، دیکۆرەکان، دەرگاکان، سەرپەردەکان، دۆلابەکانی ژووری نووستن، لادیوارێک بۆ کتێبەکان، چەند دانە کتێبی تۆشی لەسەر بێت، دروست دەکەن. هەموو شتم دیوە، ئەوەندەم دەوێ، پیاوێکی بزێوی جەربەزە من بنووسێتەوە. بێزار بووم، لە پیاوی هێمن و ئارام! بمنوسەوە، دەفتەری من دەکەوێتە بەر دەستی تۆ، نامەوێ باسی سینگ و ماچ و ژووانم بۆ بکەیت، بەس باسی دڵم بکە. تۆ بە نووسینەکەت خەمەکانم هەڵبگرەوە، بیاننووسەوە تا کاریگەرییان نەمینێت، لە جەستەم، لە ئەندامەکانی بیستن و بۆن و هەست و بینایی و تام، بە هەستی (شەشەم)ت بمنووسەوە.

پیاوەکە، لاپەڕە وردە گەچراوەکان، دوو سێ دەفتەری بچووکی لێ وەردەگرێت، لاپەڕەکان وەردەگێڕێت و دەڵێت:

سەرگوڵ، دەتنووسمەوە، بەڵام کەی تۆم ویست دەبێ ئامادەی دیمانەکانم بیت، شەو بێت، رۆژ بێت، لە گەرمەی دەوام و کارکردنت بێت، تۆم دەوێ چونکە تۆ دەنووسمەوە!

...

رۆژێکیان دەست دەداتە دەفتەرە بچووکەکەی، ئەو دەفتەرەی لە ساڵانی حەفتاکان، زووتریش، لەناو دووکاندار و کتێبفرۆشەکان و هەگبە و باولی دێوەرەکان، لەناو جانتا و سەر رەحلەی قوتابخانەکان پێیان دەووت دەفتەر کەلیمات (خوێندن بە عەرەبی بوو، فیلمی سینەما بە عەرەبی بوو، زۆرجار بەیانی حزبەکانی شاخیش هەر بە عەرەبی دەردەچوو، ئەو دەفتەرەش ناوی عەرەبی بوو، ئەگینا منداڵی کورد، بۆ نووسینی کوردی بەکاریاندەهێنا). دەفتەری تێبینی، دەفتەری وشەکان، دوا بەشی کتێب و دەفتەری قوتابییانی ناوەندی و ئامادەیی بوو. بە لاستیک لە سەرەوە دەبەسترا و باشیش خۆی دەنواند، کوڕ و کیژۆڵەکانیش شانازیان بەو دەفتەرەوە دەکرد و دەیانویست دیار بێت. تا بزانن قۆناخی سەرەتاییان بڕیوە و گەورە بوون و چوونەتە قۆناخی ناوەندی، یان بوونەتە پۆلی پێنجەم و شەشەم. دەفتەر کەلیماتەکان، وردە وشە و راز و ماناکانیان تێدا دەنووسی.

ئەو شەوەکەی لە یانەی فەرمانبەر، زۆرتر دەخواتەوە، تەلەفزیۆنە رەشوسپییەکەی لەسەر تەپڵە لاوازە لاکێشەکە، دوور لە دار پرتەقاڵەکانەوە دانرابوو. لە مێزەکەی ئەو دوور بوو. خۆی بۆ خواردنەوە دەچوو، نەک بۆ سەیرکردنی بەرنامەکانی تەلەفزیۆن. ئاگای لێ نەبوو، سەرۆک کۆماری عیراق، پیاوە لاوازە سەر نەرمەکە، بەوردی و بەشانازییەوە بەیانەکەی یازدەی ئازار دەخوێنێتەوە. بەڵام لەدڵەوە دەیزانی کورد و سەرکردایەتی پارتی، هەتا بەعسی و شیوعییەکانی بەناو لەناو (بەرەی نیشتمانی) بەدرۆ و بەفێڵ و لەبەر دڵی مۆسکۆ هاوپەیمانیان بوون، دەیانزانی حوکمە زاتییەکەی ئەو بەندەکانی خوێندەوە، پێ رازی نین. ئەنجومەنە یاسادان و تەنفیزییەکەی ئەو پێشنیاری کردبوو، ناوچەکەی ئەو دیاریکردبوو، کەس پێی رازی نییە.

بەڵکو ئەوانە پاشگەزبوونەوەیەکی تەواوە، لە ڕێکەوتنامەی یازدەی ساڵی ١٩٧٠. هەموو کورد، بە کوردەکانی کوت و عیمارەش بەوە ڕازی نابن، سنووری کوردستان هەتا چیای حەمرین نەبێت ڕازی نابن.

ئەو گوێی لە بەیانەکە ڕانەگرتبوو، ئاگای لەوەش نەبوو شار خرۆشاوە، ئاگای لێ نەبوو، موتەسرەف و لق و ناوچە و هەموو شارەکە، وا خەریکە دەڕوات، یەعقوبییەکان، ئەسعەدییەکان، دۆغرمەچییەکان، ئاغاکانی دزەیی، هونەرمەندان، نووسەرەکان، ڕەسول گەردی و فیتەرەکان، ئەوانەی تەنها یەک مانگ و بۆ یەکجار ئابوونەی حزبی دابوو، یان بە نیاز بوو ئابوونەیەک بدات، ئەوانەی لە قوتابییان، لاوان، کرێکاران، جووتیاران، مامۆستایان، زانایانی ئاینی، یەکێتی نووسەران (ئەودەمانە سەندیکا زۆر نەبوون)، جووتیارە گەنجەکانی گوندەکان، (کە هێزی سەرەکی تفەنگ و شەڕ و هێز و کادێرەکان بوون) هەموو شارەکان دەڕوات!

...

پیاوەکە، پاش چل ساڵ لە نووسینەوەی ڕۆژگارەکە، ناوهێنانی قارەمانەکان، دەچێتە چەند بنکە و سەنتەر و دەزگای حزبی و ڕۆشنبیری و کەلتووری، تا نمایشی دەفتەرەکەی بۆ بکەن. بەڵام دڵسارد و نائومێد، پێیە گرانەکانی لەدوا سەکۆی دەرگا و پایەکان دادەگرت و دەڕۆیشت و گفتی ئەوەیان پێ نەدەدا:

لەناو باخی شار، مەبەستی باخچەی خانەنشینەکان نەبوو، (لەورۆژانە پێیان وتووە، کەپری مامۆستایان) ئەو دەیویست ڕۆژێکیان لەجیاتی کۆترەکانی پارکی شار. کۆترەکان، ئێوارەیەک دانی ڕژاوی سەر چیمەنتۆ و کاشییەکە هەڵنەگرنەوە، پارکەکە ئەوەندە قەرەباڵغ بێت، بواری ڕژانی

دانەوێڵەی تێدا نەمینێت. ئەوانیش بچنەوە ناو لیسەکانیان، ناو سەبەتەکان لەناو دواریزی ستارە و دیوارە کەرپووچی پارکەکە بۆیان دانراوە، سەیری لاپەڕەکانی دەفتەرەکەی بکەن.

ئەو دەیویست کۆترەکان بچنەوە ناو لیسەکان، لەوێ دوور گوێ بگرن، بەر لە دەستپێکردنی کۆڕ و نمایشەکە ساتیک داوا بکەون. دواکەوتنەکە، لەبەر خاتری کاروانی ئوتومبێلی بەرپرسەکان نەبێت. دواکەوتنەوەکە، لەبەر دڵنیابوون لە هاتنی زۆر لە میوان نەبێت. دواکەوتنەوەکە، لەبەر پچڕان و درەنگ هاتنەوەی کارەبا نەبێت. کۆڕەکە و نیشاندانەکان لەسەر داوای کۆترەکان بۆ ئەوە بێت، بەڵکو حاجی لەقلەقەکان بگەڕێنەوە، نێر و مێیەکان وا لەیەکتری مارەکرابوون. هەرگیز و چەند ساڵە بوو جیانەدەبوونەوە، سەرمایان دەبوو، شار و مزگەوت و منارەکە و بۆنی دووکەڵی کەبابخانەکان، هۆڕنی ئوتومبێلی ناو گەراجەکانی بەغدا و رواندوز و... بێزاری نەدەکرد. کۆترەکان داوا دەکەن هەتا نیو سەعاتێکیش کۆڕ و نمایشی دەفتەرە کۆنەکە رابگرن، بەڵکو هەردوو حاجی لەقلەقەکە، بە لەقەلەق دەگەڕێنەوە، ئەوانیش ئاپوورەی نمایشە و سەربردەی رۆژەکان ببیستن! کە دەزانن دوور رۆیشتوون و زوێربوون و ناگەڕێنەوە. کۆترەکان، گمەیەک دەکەن و بوار دەدەن ئازاد دەست بە نمایشەکەی بکات. بەڵام ساتێکیش بۆ نەمان و نەهاتنی (حاجییە جوانە) سەرکەشەکانی سەر منارەکە، بێدەنگ و شەرمەزاریش بن!

بەڵام لەجیاتی ئەو دوو باڵندەیە باڵ هەورە، لەجیاتی دەندووکی درێژیان، کە شەوانە جێگۆڕکێیان بە شوێنی ئەستێرەکانی ئاسمان دەکرد، رەوانەی ئەو سەربان و ئەو هەواریان دەکردن، ئەو شوێنەی ژووانی تێدا گەرمە. دوو سێ ژن، یەکێکیان (دوایی دەزانێت ناوی سەرگوڵە، زۆریش شانازی بە ناوەکەی دەکات، چونکە وشەی گوڵی تێدایە) هاتبوو، لاپەڕەیەک بۆ دەفتەرەکە زیاد بکات، بە بیرەوەرییەک

ڕۆژانەکە دەوڵەمەند بکات، دەردەکەون. ئەوەی بەنیاز بوو رازێک بدرکێنێت، ئەوەی هاتبوو، خەمی دڵی بکاتەوە. هاتبوو لەوێ لەگەڵ خاوەن دەفتەرەکە، لەگەڵ لاپەڕەکانی ئاوێتە بێت. دوودڵ نەبوون، بۆ دەستنیشانکردنەوەی شوێنی راز و سەربردەکە، (ژووان)ێ دادەنێن و دوور دەڕۆن، تا نەتوانن زوو نزیک بکەونەوە! لەبەر ئەوەی رازەکەی باسی شیرینی و تاڵی بادامی تێدابوو، دەڕۆن، لەبن سێبەری دارباوییەک قسەی زۆر بکەن. دواییش بە ئایفۆنەکانیان وێنەی سیلفی بەیەکەوە دەگرن! لە وێنەکە سەیری خۆیان دەکەن، سەریان، چاویان لەیەک زۆر نزیکە.

...

ئازاد بە ژنەکە دەڵێت: من هەموو رۆژانەکەت دەنووسمەوە، نەرم نەرم، دەست لە بەژنی رستەکانت دەدەم. دەتنووسمەوە، شەوانە قسەم بۆ بکە، دەستم بگرە و هاوکارم بە. تووڕە مەبە، ئەگەر هەموو دەمێک، کەی ویستم و بانگم کردی: ژنە چاورەشەکە. تووڕە مەبە، من تەنها بە چاوەکانت سەرسامم. چاوەکانت کتێبێکی گەورەی (دوازدە بەشی) پێ نووسیم. لەبەر ئەو چاوانەیە، لە نووسینەکەدا، هەموو شانەی جەستەت، هەموو رازت لێم نزیک دەبنەوە، ئەدی خۆت نەتووت:

دەزانی، ئەوەندەی تۆ، بیرت لەکن چاو و پەنجە و سینگ و مەمک و ... منە، خۆم ئەوەندە ئاگام لێیان نییە. ئەوەندەی تۆ رووتم دەکەیتەوە، من ئەوەندە رووت نابمەوە. لە تۆ فێربووم، ماچ تەواو دەبێت، بەڵام تامی ناڕوات. لەگەڵ نووسینەکە، من دەخەوێنیت، لە خەویش بەئاگام دەهێنیتەوە. دەڕۆیت من لەشان دەکەیت. ناڕۆیت و زۆر دەمینێتیەوە. دەزانی شەو و رۆژمان دیار نییە، (رەمەزان) و جەژنمان لێ تێکچووە!

شەوێکیان دەڵێت گەرمای هاوین منی کردە دڵۆپە ئاوێک، دەمەوێ بچمە ناو هەناوت. جارێکیان (شەرمی من دەشکێنیت)، وادەزانم پیاوم

بەسۆزەوە سەربردەی سووتان و پەریشانی مەمکم بۆ تۆ دەخوێنمەوە. چ بکەم، نووسینەکەت هەموو، راز و چێژ و تامێکی هەنگوێنییە! تۆ سەربردەی ژیانی من دەنووسیت: یان سەربردەی ترم بۆ هەڵدەبەستیت، ئەوانە دەنووسیتەوە. ئەوەی من دەمەوێ، ئەوانە نانووسیتەوە، بەڵام ئاگام لە خۆم نییە و نووسینەکەی تۆم پێ خۆشترە.

## بەشی یازدەهەم

### وێنەکەم بۆ بدۆزنەوە!

تەمەنێکی درێژی لەسەر بلدۆزەرێکی بڵند، لەسەر چیای بەرز بەڕێکرد. ئێستاش جۆرج ئەمریکا، لەناو باڵەخانەیەکی بەرز، بەتەنها ماوەتەوە، هەست دەکات نەخۆشە! بەڵام نایەوێت بچێتە نەخۆشخانە، ناترسێ! بەڵام نایەوێ پێی بڵێن نەخۆشیت. دەتوانن، ماوەیەک بە نەشتەرگەری و تیمار و دەرمان نەخۆشییەکە رابگرین، نەهێڵێن تەشەنە بکات، ناهێڵین،

هەتا چەند مانگی تریش پەکت بخات، (دکتۆرەکان پێی دەڵێن و خۆشی ئەوەی باش دەزانی) دەتوانیت هاتوچۆ بکەیت، بچیتە ناو باخچەکان، لەسەر کورسییەک بەرامبەر رووبارەکە دابنیشیت، رووبار نیشانەی ژیانە و لەگەڵ ژین گرێتدەداتەوە!

شارەکە رووبارێکی دەستکردی بەناودا دادەڕوات. هەر شارێک رووباری تێدا بێت، ژمارەی بونەوەرەکان و ژیانی زۆرترە! بۆیەش تا ژیان گەورەترە و زۆرتر و بەهەناسەتر بێت، ملی رووبارێکی درێژیان گرتووە و دەستیان ماچکردووە و هێناویانتە ناو جەرگەی شارەکەیان. رووبارەکە شەوانە، چراکان بەرگی دەکەن، شین، زەرد، کەسک، وەنەوشەیی، پەمبە (ئەو رەنگەی من بە خۆشەویست هەڵمبژاردووە)، شەوانە کە دەخەون، رووبارەکە ئێشکگرە، ئاگای لە ماچە نهێنییەکانە، چاوکراوەیە و ناخەوێت!

ئەو زۆر لە وشەیە، لە بەڵام! نیگەران دەبوو، لەبەر ئەو بەڵامەیە ناچێتە دکتۆر، تا رۆژێکیان لەسەر رووبارەکە، لەسەر کورسییەکە، سەری وەک (مزراح) دەسوڕێت، دەستی دەلەرزێت، ئەو دەستەیەی بلدۆزەرە دەستییەکەی، دوایی هایدرۆلیکەکەی دەسوڕاند، بەردی گەورەی دەجولاند و رێگای دەکردەوە! گۆپاڵێکی پێ رانەدەگیرا، نەیدەتوانی چاویلکەکەی پێ لەسەر هەردوو گوێ و سەر کەپووی پێ رابگرێت، چۆن بەردە سوورەکانی بە دەمی بلدۆزەرەکەی هەڵدەوەشاند، کەندەڵانی ورد دەکرد، وا تەمەن و غوربەت و (نسکۆ)کە هێزی لەبەر بڕیوە! تاقەتی ئەوەشی نییە، کە کیژە بەردەستەکەی، خوێندکارەکەی زانکۆ، رۆژانە چوار سەعات و دوایی پیرەکە و نەخۆشەکە و ماندووەکە، دادەتە دەست خوێندکارێکی تر، تەلەفۆنی یەکێک لە کوڕەکانی بۆ وەردەگرێت، بەگوێی وەبنێت و قسەی لەگەڵ بکات، قسەیان لەگەڵ دەکات و داوا و راز و هیواکانی دەگەێنێت!

...

لەسەر قەرەوێڵەیەکی گەورە، لەگەڵ دوو نەخۆشی تر، یەکێکیان ژنێکی سی ساڵانە، ئەوی تریشیان ژنێک بوو، پێست و دەمارەکانی یەک بەیەک لەسەر ئێسقانەکان دیار بوون! گەنجەکە، دوو سێ داوە مووی زەردی بەسەر چەناگەییەوە مابوو، چاوەکانی بستێک قووڵ ببوو!

جۆرج، نەخۆشییەکەی هەڵیوەراندبوو، سیس، نوزەی دەهات و نەدەهات، بەڵام بیر و بیرەوەری و قسە و داواکانی ئامادەبوون! بەدکتۆرە، چاو بچکۆڵەیە رەنگ زەردە ڤیتنامییەکە دەڵێت:

_دکتۆر نامەوێ بمرم، هەتا هەر سێ کوڕەکەم ئامادە دەبن!

دکتۆرەکەی باوکی لە باشووری ڤیتنامەوە هاتبووە ئەمریکا، دەڵێت:

_کوڕەکانت لەکوێن؟

_(بەجوانی و بەنەرمی دەڵێت) دوو لە کوڕەکان لە ویلایەتەکانی باشوورن، ئەوی تریان لە باکوورە! دەمەوێ بیانبینم، بەر لەوەی بمرم، دەمەوێ ئەوانیش بزانن، بزانن باوکیان چ بووە، من ئەوانە منداڵ بوون هاتینە ئەمریکا، لێرە گەورە بوون... ژنەکە دەفتەرێک بچووک بەقەد ناو لەپی دەستی لە گیرفانی بەروانکە سپییەکەی دەردەهێنێت و داوا و قسەکانی جۆرج دەنووسێتەوە، ئینجا بە چاو و دەست تێیدەگەێنێت، چی ترت ماوە، بڵێ!

چرا کزەکەی چاوەکانی ئەوە دەگەێنێ، نەخێر هەر ئەو داوایەم هەیە و بەس!

نەخۆشییەکەی زۆرتر گران دەبێت، دەرمانەکانی زۆرتر دەکەن، دەرزییەکانی لێ دەدەن، بەڵام دڵنیای دەکەنەوە، تا کوڕەکانی ئامادە

دەبن، نامرێت و دەیانبینێت، بەیەکەوە چەند رۆژێک سەیری ناو چاوی یەکتر دەکەن، دەتوانن دەستی یەکتریش بکوشن.

...

ژنە پەرستارێک، لێ نزیک دەبێتەوە پێی دەڵێت:

فەرموو کوڕێکت هاتووە، ئەوانی تریش دەگەنە لات، بەڵام باشترە قسەکانت چڕبکەرەوە، کەمتر قسە بکە، زۆرتر هەناسە بدە. فەرموو یەکێک لە کوڕەکان ببینە، وا هاتووە، بەڵام کەم قسە بکە باشە.

کوڕەکە بە فڕۆکە هاتبوو، چاوەکانی وەک چاوی نەخۆشی باوکی شەکەت و کز بوو، بۆی نەوی دەبێتەوە، دەستەکەی شوێنی دەرزی و کانونی پێوە نەبوو، ماچ دەکات!

ئەو گوێی لە مرچە و دەنگە نەرمەکەی ماچی کوڕەکەی نەبوو، بەڵام دەیزانی کام لە کوڕەکانی زووتر هات و گەیشت، بە کوڕەکە دەڵێت (روون و جوان رستەکانی دەردەبڕی):

من دەزانم دەمرم، رۆژێکیان لە سەرووی گوندێک بەناوی گزرێ، ئاگرێکی ساردم کردبووەوە، من ناوم نابوو، ئاگری سارد! بەو ئاگرە ساردانە رێگام لەناو چیاکانی دەبڕی و رێڕەوەکەم دیار دەکرد. لەورۆژە، لەگەڵ تۆپبارانەکە، کوڕێک هاتە لام، وێنەی لەسەر بلدۆزەرەکە بۆ گرتم، ئەو وێنەیەم دەوێ، دەمەوێ بەر لەوەی بمرم، ئەو وێنەیە ببینم!

گوندی گزرێ، کوڕێک و وێنەیەکی گرتبێت، لەسەر بلدۆزەر، داوای نەخۆشێکی سەرەمەرگ، پیاوێک باوکیەتی، کوڕەکە حەیران دەکات، ئەوەندە دەتوانێ بڵێت:

بەڵێ. بەچاوان!

بەڵام کوڕەکەی پێش هەردوو براکەی گەیشتبوو، چەندساڵیش بوو، براکانی تری نەدیبوو، پەیوەندییەکانیان دەنگی ناو تەلەفۆن و جەژنانەی سەرە ساڵ و رۆژی لەدایکبوونیان بوو. نازانێت کە وتوویەتی بەڵێ، مەبەستی چییە!

سستەرەکە لێیان نزیک دەبێتەوە، بە کوڕەکە و بە نەخۆشەکە دەڵێت:

ناکرێ باوکت ماندوو بکەن، با کەمترین قسە بکات.

رۆژی دووەم کوڕێکی تری بواری دەدەن باوکی ببینێت، (جۆرج، لەدڵی خۆییەوە دەیووت: کوڕەکان جەرگی منن، بەڵام چاوی ئەوەیان، بە چاوی دایکی دەچێت، من لەگەڵ دایکیان پێش ئەوەی هاوسەر بین، هاوڕێ بووین، بەس لەگەڵ ئەو، زۆربەی ساڵ و رۆژ و شوێن و نهێنییەکانمان بەیەکەوە بووە، بۆیە ئەو .... فرمێسکی نەدیار رستەکەی دەبرێت و بۆی تەواو ناکرێت) و باوکی چەند قسەیەکی بۆ دەکات:

وێنەکەم دەوێتەوە، لە ساڵی ١٩٧٤، لە بناری چیای زۆزک، کوڕێک ناوەکەم لەبیرنەماوە، لەگەڵ مێردمنداڵێکی گوندەکە، هاتەلام و وێنەیەک، دوو وێنەی گرتم، تەنها لەو رێگایە ئەو وێنەیەم گیرابوو، دەمەوێ...

ئەو ئاگری ترس، ئاگری سارد و دووکەڵی تەمی بۆ رێگا نیشانکردن کردبووەوە، کە ئازاد سەردانی دەکات. بەرۆژ، بەدرێژایی رۆژەکە و شەویش چەند سەعاتێک هاوڕێیەتی دەکات بۆ بڕینی رێگاکە و لەبەردەمی بلدۆزەرەکە دەڕوات.

...

کۆبونەوەی کوڕەکان

هەرسێکیان، ماوەیەکی زۆر بوو، کۆنەببوونەوە. بەر لە مردنی باوکیان و بۆ گوێگرتن لە داوا و قسەکەی کۆدەبنەوە. سەردەهێنن و سەردەبەن، باوکیان داوایەکی گران و ئاسانی کردووە، دوور و نزیک، دروست و ناڕەوا. بیر لەوە دەکەنەوە، هەر سێ کوڕ، لە ئەمریکاوە چۆن وێنەکە بۆ باوکیان بدۆزنەوە:

ئاسانە، تەلەفۆن هەیە، ڤاییەر ئیش دەکات، وێنە سکان دەکرێت، لەوێ حکومەت هەیە، هەموو شتیان ئەرشیفکردووە، دۆزینەوەی ئەو پیاوە ئاسانە، یان ئاسان نییە؟!

یەکێکیان، چاکێتێکی یەخە باریکی کەتانی لەبەردابوو، دەڵێت:

_ئەرشێف! بڕوا ناکەم، ئەو پیاوە بەوانە بدۆزرێتەوە. وڵات سیستەماتیک نەکراوە، دۆسیەکانی لەناو فەردە و کارتونی شڕ کراوە، مۆزەیان نییە، من دەزانم! باوکم داوایەکی سەختی لەوان دەکات، ئەگەرچی ئیشی سەختی بۆیان کردووە، بەڵام داواکەی ئاسان نییە!

_(بە زمانی ئینگلیزی قسە دەکەن، بەڵام چەند وشە و رستەی زمانی کوردیش دەزانن)، ئەوەندە رەشبین مەبە، هەڤاڵەکان بە جۆرێکی تر باسی دامودەزگاکانیان دەکەن، ئیمڕۆ ئەوێ، وڵاتێکە نزیکەی بیست زانکۆی تێدا بێت... ئەگەر کابراکەی، باوکم ناوەکەی باشیش نازانێت لە ژیاندا مابێت، دەدۆزنەوە، باوکم کەمی بۆ شۆرش نەکردووە! (کوڕەکەی، باوکی لەدڵی خۆییەوە دەیووت: چاوی بە چاوی دایکی دەچێت وتی):

_زانکۆ زۆرە، بەڵام سیستەم نییە!

_لەجیاتی ئەو قسانە، با لێرە،ماڵەکەی باوکم بکەینە دیوەخانە، بچین خۆمان ساز بکەین، لەوێ بگیرسێینەوە، ئینجا مشورێ لە داوەکەی باوکم بخۆین! (کوڕە گچکەکەیان بوو، نێوان تەمەنی لەگەڵ براکانی زۆر بوو،

تەنها چەند وشەیەکی کوردی دەزانی، یادگاری دایکی و بەس. ئەو چاوەکانی بە چاو دایکی نەدەچوو، بەڵام زمانە کوردییەکەی دایکی هەڵگرتبوو، وشەکانی ناو زاری ئەوی لەبیرمابوو، بەڵام بە فۆنەتیکی ئینگلیزی).

هەر چەند تەندروستی باوکیان خراپتر دەبێت، ستافی نەخۆشخانەکە چاودێری زۆرتر دەکەن، بە کوڕەکان دەڵێن:

باوکتان یەک هاواری هەیە، یەک مەرج و داوای ماوە. دەتوانن بۆی جێبەجێ بکەن، ئێمە ئارەزوومانە نەخۆشەکان دڵیان نەشکێت و داواکانیان بۆ جێبەجێ بکەین؟

کوڕەکان، سستەرەکە دڵنیادەکەنەوە، کۆششی زۆر دەکەن و هیوایان زۆرە و ئیشیان بۆ داواکەی کردووە، تۆش دڵنیای بکەوە.

ئەوان دەزانن، بەڵام ئیشەکە کاتی دەوێ، بەر لەوەی بمرێت وێنەیەک، ببینێت:

ئەو وادەزانێت، دەگەڕێتەوە سەر بلدۆزەرەکە، دەگاتە ناو جێبە لاندرۆڤەرەکەی ئەگەر وێنەکە ببینێتەوە، باشە ئەوە چەند ساڵە بۆ داوای ئەو وێنەیەی نەدەکردەوە!؟

لەکوێ داوا بکاتەوە، کێ بۆی بدۆزێتەوە، بەڵام ئێستا ئاسانە، ئەوانەی خزمەتی کردوون، ئەو لەسەر ئاستی باڵا دەیانناسێت، دڵسۆزی ئەون، خۆشیان دەوێ، بۆی دەپرسن!

کوڕەکان دڵیان نایێت، باوکیان بەجێبهێڵین و بگەڕێنەوە کوردستان تا سۆراخی وێنەکەی بۆ بکەن، دەبوایە وێنەکەی بۆ بدۆزنەوە، گەورەی بکەن، لەناو چوارچیوەیەکی زێڕین، وەک دیاری تەمەنی پێشکەشی بکەن:

دەترسان، ئەوان، یەکێکیان بڕوات و ماوەیەک بمینێتەوە بگەڕێتەوە، لەودەمانە باوکی بمرێت و نەیبنێت.

کوڕەکان، دۆستەکانیان، نوێنەرایەتی پارتی لە واشنتۆن، خزمەکانیان لە ئامێدی و لە عەنکاوە، لە گوندی هاودیان، لە مەکتەبی سیاسی، لە فەلەک، لە لقی پارتی لە چۆمان و لە سۆران دەکەونەخۆ:

لە ناوچەی باڵەکایەتی، بەئاسانی خەڵکی گوندی گزرێ دەدۆزنەوە، تەلەفۆنێک بۆ پیاوێکی بەتەمەن دەکەن:

_جەنابت کاک قادریت، سڵاومان هەیە، ئێمە لە لقی سۆرانەوە قسە دەکەین!

_فەرموو، وتتان لق! (کابرا، لەناکاو و بەبێ ئەوەی هیچ مەبەستێکی هەبێت، ئایفۆنەکەی لە گوێی دووردەخاتەوە و سەیری ژمارەکە دەکات).

_بەڵێ لقی پارتی، لق!

_وتت لق! (هێشتا باوەڕ ناکات، بۆ لقی پارتی تەلەفۆن بۆ ئەو دەکەن).

_کاکە لەلایەن جەنابی سەرۆکەوە، داوامان لێکراوە پیاوێک بدۆزینەوە، پیاوێک لە ...

_(بەپەلە و کەمێکیش نیگەران) کاکە پیاوی چ و دۆزینەوەی چی! من ئاسایشم، دائیرەی نفووسم، ئەمن چەند ساڵە لە ئەورپا بووم و تازە گەڕاومەتەوە، راستە خەڵکی گوندەکەم، گوندەکەش موڵکی بنەماڵەی ئێمەیە، بەڵام ئەوە چەند ساڵە، بە سەردان و بۆ خەمی پرسەیەک، بە سەفەرێکی خێرا، نەورۆزێک چوومەتە ئەو گوندە...

_کاکە دەڵێم، مەکتەبی جەنابی سەرۆک پرسیارێکی هەیە، سەبارەت بە پیاوێک ساڵی ١٩٧٤ لە گەرمەی شەڕەکان...

_(ئوتومبێلە نوێیەکەی پەنجەرەکانی باش داخرابوو، دەنگی تەلەفۆنەکە باش دەهات و ساف بوو) ئینجا ئەو پیاوە چی کردووە! خەڵکی گوندەکەی ئێمەیە!

_نا کاکە، کاک قادر تۆ سەبرت هەبێت، نەرم نەرم، ئێستا بۆ شەرح دەکەین! تۆ ئێستا لە کوێی!؟

_من بەرەو سنوور دەچم، دەمەوێ بچمە ئاستنبۆل، بگەڕێمەوە!

کابرا کە ناوی خۆی نەوتبوو، تێیدەگەیێنێت پێویست ناکات سەفەری خۆت دوابخەیت، قسە و داواکەمان هەر بە تەلەفۆن چارەسەر دەبێت!

_پیاوێک لە ئەمریکا لەسەر مردنە!

_مردن و ئەمریکا! ئیشەکە قووڵ دەبێت!

_هیچ پەیوەندی بە تۆوە نییە!

_تۆ پیاوێکت لەبیرە، ببوورە مەوالیدت چەندە! یان بڵێین ساڵی ١٩٧٤ و ١٩٧٥ باش لەبیرە!

_زۆر باش نا، بەڵام لەبیرمە،ماڵمان لە چۆمان بوو، بەڵام جیبمان هەبوو هاتوچۆی ناوچەکانی خۆمانمان دەکرد، کرێمان دەبرد، شوفێرێکمان هەبوو ناوی ئازاد چکچکە بوو، نازانم بۆ ئەو ناوەی بەدواکەوتبوو، لە ترسی باوکم نەبوایە، بەرۆژیش دەیخواردەوە، خەڵکی هەولێر بوو، پێش شەڕەکان و بۆردومانەکەی چۆمان هاتبووە چۆمان، لەبەر ئەوەی فیتەرێکی باش بوو، ئاگای لە جێبەکە دەبوو، هەر بە خۆشی چاکی دەکردەوە، دەینارد، لە هەولێر کەرەستەکانی بۆ دەهات، زیرەک بوو، مەکینەی جێبەکەی هەر بەخۆی دەکردەوە، بۆیەش کە دەیخواردەوە، لێی تووڕە نەدەبوون و دەستیان لێ بەرنەدەبوو!

_کاکە ئێمە لە بارەگای بارزانییەوە قسە دەکەین، باسی چکچکە و خواردنەوەمان بۆ مەکە! پرسیارەکانی ئێمە وەڵام بدەوە!

کابرا، ئوتومبێلەکەی بە کوڕەکەی رادەگرێت، پێی دەڵێت، لێرە رابگرە. پاش ئەوەی کوڕەکە ئوتومبێلە نوێیە سپییە مۆنیکاکەی رادەگرێت، لە ترسی باوکیشی نەدەوێرا جگەرە لەناو ئوتومبێل بکێشێت، بەوە دڵی خۆش دەبێت، با هەر باوکی لە بارەگای بارزانی داوا بکەن، چونکە باش باوکی دەناسی هیچی نەبووە! ئەو و هەموو بنەماڵەکەیان هەر خەریکی کاسبی بوون و هیچیان نییە.

کابرا دەستە جلێکی ئەفەندییانەی زۆر خاوێنی لەبەردابوو، لەبەر دەنگی لۆری و قەرەباڵغی رێگاکە، مەودایەکی باش دووردەکەوێتەوە، تا باش گوێی لە راسپاردەکەی بارەگای بارزانی بێت.

_فەرموو کاکە چیتان دەوێ!؟

_وتمان چیت لەو ساڵە لەبیرە پیاویک هەبوو بەناوی جۆرج، لە گوندەکەی ئێوە بە بلدۆزەرەکەی ئیشیکردووە! هیچ ئەو ناوەت بیستووە؟!

_بەڵێ!

_(ئەوەیان هەواڵێکی زۆر خۆش، بۆ ئەوان گەیشتن بوو بە وێنەکە، ئاسان ئیشەکەت تەواو دەکەن)، چیت لەبیرە!

_هیچ! ئەوەندە ناوەکەم بیستبوو. چونکە من لەناو گوندەکە نەبووم، هەموو شتەکان نازانم! بەڵام لەودەمانە، لەماڵەوە بیستوومە دوو مامم هەبوو، ئەوا باسیان دەکرد، ئەوان دەیانزانی!

_(وەک ئەوەی سەرەداوێکیان دەست کەوتبێت، فۆنتی دەنگی کابرا دەگۆڕێت) مامەکانت لە کوێن!

_ئەوانە نەماون، یەکێکیان ماوەیەکی زۆر بەماڵ و منداڵەوە لە ئیران دەمینێتەوە، ژن دەهێنێت و منداڵی زۆری دەبێت، لەو ساڵانە دەگەڕێتەوە و نەخۆشە و تەندروستی خراپە و هیچی لەبیرنەماوە، مردوو حیسابە، مردوو! ئەوی تریان لەو ساڵانە ماڵی لەو ئوردوگایانە بوو مرد!

_مردن، هەردووکیان سوودیان نییە!

_نەخێر کەسیان نەماوە!

_ئەدی چ بکەین! وتت مامەکانت کێیان لەگەڵ بوو، گوندەکە چۆڵ بووبوو!

_بەڵێ پاش ئەوەی فڕۆکەیەک لەناو گوندەکە بەردەبێتەوە، شەڕەکان نزیک دەبنەوە، هەندێ ناوچەکانی گەرووی عومەر ئاغا و سەرتیز دەگیرێن و دەگیرێنەوە، کەس نامینێت. ئەو دوو مامەم، لەگەڵ ئامۆزایەکم لەوێ بوون، ئەو لە من گچکەتر بوو!

_ئامۆزاکەت لەکوێیە!؟

_لە هەولێرە!

پاش ئەوەی ژمارەی تەلەفۆنی ئامۆزاکەی کاک قادر وەردەگرن. ئەو سواری مۆنیکاکەی دەبێتەوە، کوڕەکەشی لەو وەستانە، بە دەرفەتێکی زێڕین، زۆریش زێڕین دەزانیت، دوو جگەرە لەسەر یەک دەکێشێت و هەزار سلاو بۆ مام جۆرج دەنێرێت، کە نازانێت مەسەلەکەش چییە، هەر ئەوەندە نەبێت، ئەو دەوەستیت و ئاگرێک لە خۆی بەردەدات. کوڕەکە دەزانێت باوکی بەو تەلەفۆنە سەرقاڵە، لە بارەگای بارزانییە، ئەوەندە سەخڵەت و تەنگاو بووبوو، ئاگای لە جگەرەکێشانی کوڕەکەی نابێت، بەڵام کە مەسەلەکە لەو دەپەڕێتەوە، دەزانێت کێشەکەش پەیوەندی بە گوندەکە و بنەماڵەکەیانەوە نییە ئارام دەبێتەوە.

...

## پەیوەندییەکی تر

کوڕەکانی جۆرج لە ئەمریکاوە چەند تەندروستی باوکیان سەخڵەت دەبێت، زۆرتر دەپوکێتەوە، زۆرتر تەنگاو دەبن. نەخۆشی و تەمەنەکەی دەربازبوونی نەبوو، بەڵام پەرۆش بوون، داواکەی باوکیان کە داوایەکی سادە و ئاسانە جێبەجێ بکەن. بەڵام لەبەر ئەوەی شوێنەکە زۆر دوورە، داواکە زەحمەت بوو. شتەکەی دەیویست زۆر کۆن بوو، رەنگە رەشیش کرابێتەوە، رەنگە ون بووبێت، رەنگە نەشمابێت، چونکە نسکۆی بەسەرداهاتبوو، هەموو شتەکانی پاش نسکۆ وەک پاش سەرکەوتنەکان نییە! نامینێتەوە، باش هەڵناگرێت!

ئامۆزاکەیان (ئەوەی ژمارەی تەلەفۆنەکەی وەردەگرن)، ئەو کوڕەی بۆ دیتنی سمۆرە و راوە کەروێشک و سەیری بنەوەی فڕۆکەکان لە گوندەکە مابووەوە. هەتا نسکۆکەش لەوێ دەبێت، لە قوتابخانەیەکی سەرەتایی گەڕەکێکی نوێی هەولێر دەیدۆزنەوە. موختارەکە، بنکەکەی ئاسایش هەموو زانیارییەکان، لەسەر مامۆستاکەی لە گوندی گزرێی دۆڵی بێشە لەدایکبووە و هەتا تەمەنی هەشت نۆ ساڵیش لەوێ بووە، بۆ دوو ئەفەندی سەر بە بارەگای بارزانی لەبەردەست و ئامادە دەکەن.

...

دوو ئەفەندەکەی دەچنە قوتابخانەکە، خۆیان بە بەڕێوەبەرەکە دەناسێنن، نایانەوێ هیچ گومان و ترسێک بنوێنن، بۆیە لەکن بەڕێوبەرەکە، لەودەمانە دوو مامۆستای ژنی موحەجەبە و مامۆستایەکی گەنجی وەرزش لە ژوورەکە بوون. مامۆستا گەنجەکە، لەبەر ئەوەی

قوتابخانەکە، گۆڕەپان و کەرەستە و پێداویستەکانی یاری و مەشق و گەمەکان نەبوو. ئەو زۆرتر لەبەر دەستی بەڕێوەبەرەکە هاتوچۆی دەکرد، قسە و داواکانی رادەپەڕاند، بۆیە ئەویش لەوێ بوو:

_هاتووین مامۆستا (ئا. ئا. ح)مان دەوێ!

بەڕێوەبەرەکە زوو تەنگاو دەبێت، بیر لەوە ناکاتەوە بەردەستەکەی بانگ بکات، پێی بڵێت:

وەرە، برۆ (بەپەلە وەڵامی سەڵامەکەی دەداتەوە)، بزانە، مامۆستا ئا. ئا. مان بۆ بنێرە!

زوو بە مامۆستاکەی وەرزش، ئەوەی تەسبێحێکی قەزوانی لەملی کردبوو، وەک ئەوانی تر قات و بۆینباخی شینی نەبەستابوو، بنرێت مامۆستاکە بێتە ئیدارە! یان نەیووت:

وەرە تەلەفۆنێکی بۆ بکە! باشە بۆ بە خۆی تەلەفۆنێکی بۆ نەکرد. هەردوو پیاوەکە سەیری بەڕێوەبەرەکە دەکەن و پێی دەڵێن:

_مامۆستا خۆت سەخڵەت مەکە، پێویست بەوە ناکات، ئەگەر دەڵێیت چاوەڕوان دەکەین، کەی دەرسەکەی تەواو بوو، قسەی لەگەڵ دەکەین. مەسەلەکە هیچ نییە، پیاوێک لە ئەمریکا لە سەرەمەرگە و دەمرێت و داوایەکی هەیە، ئەوە بەرێزە دەتوانێت داواکەی جێبەجێ بکات. رەنگە بتوانێت!

بەڕێوەبەرەکەی (بەڕێوەبەرەکە کە ناوی ئەمریکا و مردنی پیاوێک و داوا و شتی وای گوێ لێ دەبێت، زۆرتر تەنگاو دەبێت، ئەگەرچی هیچ پەیوەندییشی بەو نەبوو) قاتێکی نوێی تورکی لەبەردابوو، کە گوێی لە ناوی ئەمریکا و پیاوێک لەوێ دەمرێت، بەو مامۆستایە مەسەلەکە چارەسەر دەبێت! سەرسام دەبێت. بیر لەوە دەکاتەوە دەبێ هەرگیز

قسەیەکی لەگەڵ نەکردبێت، ڕۆژێک لە ڕۆژان لەو دڵگران و تووڕە بووبێت! دەبێ ئەو پیاوە بەتەمەنە، ئەگەر ئەوەندە گرینگە و لە ئەمریکاوە دەناسرێت، بۆ ئەو نەیزانیوە!

ئەو هەفتەی سێ ڕۆژ، هەر لە گوندەکەیانە، زوو زوو دەچێتەوە، باخی کردووە، سێوی نوێی لێداوە، جۆگەکانی چیمەنتۆریژ کردووە، بە کانییە چاوە بچووکەکە باخەکەی ئاودەدات، ناهێڵێت یەک دڵۆپە ئاویشی بەفیڕۆ بچێت، دەیووت:

من لە ژیانم، حەزم لە ژیانی گوندەکەمان بووە، پەرۆشم! بۆ ژیانی ئەوێندەرێ، تەیارە و تۆپ ناوچەکەی هەنجن هەنجن کردبوو، تۆپێک، دەستریژێکی لەسەر پردەکەی حافیز دەکرد، دووەم بوردومانی لەسەر ناوچە و گوند و باخەکانی ئێمە بوو. لە ساڵی شەڕە خوێناوییەکە، هەموو پێشمەرگەکانیش ڕۆیشتن و (تۆپە ئیرانییەکان)، بەتالیۆنەکانی زۆزک، هێزی باڵەک لەوێ نەمان، من هەر لەوێ مابوومەوە! من و مام جۆرج هەر ماینەوە! گەورەش نەبووم، بەڵام نەمدەویست بڕۆم!

ئەمریکا چۆن ئەو دەناسێت، کێ لە ئەمریکا ئەو مامۆستایە دەناسێت، کە ئەو تەنها هەرد و کێوەکان دەناسێت، بەقەد سمۆرە شارەزای دارگوێزەکانە، زۆرتر لە قەوزەی بەردەکان تەڕتر بووە! هەر جارێک ناو دەستی لێکدەکاتەوە، قەڵش و درز و زامی جۆباری و داربڕینەوە و باخەوانی پێوە بوو، دڕکی زۆری تێچەقی بوو!

بەڕێوەبەرەکە، بە دوو ئەفەندییەکەی هاتبوون مامۆستاکەی ببەن، یان قسەی لەگەڵدا بکەن، بە زاراوەکەیان دیار بوو، خەڵکی ناوشار نەبوون و سەر بە (ئاسایش)ی گەڕەکەکەیان نەبوون، دەڵێت:

_کاکە، خێرە مامۆستا چی کردووە، بۆچی داوای دەکەن!

یەکێک تا بەڕێوەبەرەکە سارد بکاتەوە، سەرسامی مامۆستاکەی وەرزش کەم بکاتەوە. زووتر دوو ژنە موحەجەبەکە دەچنە دەرەوە، سەر لەبن گوێی یەک دەنێن، دەچنە ناو ژوورە بەرینە گەورە لاکێشەکەی مامۆستایان، کە چەند مێز و کورسی و دۆلابی تایبەتی مامۆستاکانی تێدا ریزکرا بوو. لەسەر هەر مێزێکیش، دیارە بە فەرمان و رەسمی بووە (گوڵی پلاستیک)یان لەسەر بوو، ژوورەکەش وێنەیەکی جووتەی هاوشانی کاک مەسعود و مام جەلال و وێنەیەکی (مەلا مەستەفا)، لەسەر یەک لە مێزەکانیش وێنەیەکی بچووکی نێچیرڤان ناو چوارچێوەیەکی شایستە، بەڵام کەمێک تۆزی لەسەر نیشتبوو، دانرابوو. یەکێکیان دەبێ وەڵامێک بداتەوە، بۆیە ئەوەی یەکەمجار قسەکانی کردبوو، دەڵێت:

هیچ نییە، مامۆستا خەڵکی گوندێکە، لەو باڵەکایەتییە، لەوێ پیاوێکی فەلەی هاودیان، شوفێرێکی بارەگای بارزانی بوو، لە هەموو بەرەکانی ناوچەکە، رێگای بۆ پێشمەرگە بردبوو، ئەوە ساڵی ١٩٧٤ و یەک دوو مانگی ساڵی پاشتریش. ئێستاش! دەیانەوێ رێزلێنان بۆ ئەو شوفێرە دابنێن و دەمانەوێ شتێکی لێ بزانین!

_هێشتا هیچ نازانن، دەتانەوێ رێزی بگرن!

(قسەکە گەورە بوو، بەڕێوەبەرەکە دوایی بیردەکاتەوە قسەکەی زێدەڕۆیی بوو)، ئەفەندی دووەم دێتە قسە و دەڵێت:

تەلەفۆنی بۆ بکە! تکایە ئیشەکەمان ناکرێ دوابکەوێت!؟

...

(بەیانییەکیان بەر لەوەی فڕۆکە بێتە سەرمان، دەبوایە رۆژانە لە تۆڵەی فڕۆکەکەی لەناو رەز و دەوەنەکانی ئێمە کەوتبووە خوارەوە، چەند ساروخێکمان لێ بدات.

بەرۆژ، من (تاقە منداڵ)، منداڵیش نەبووم، بەڵام پێیان دەووتم منداڵ. ئەگەر حەزیان بکردبوایە، پیاو بووم و ئیشی گەورەیان پێ دەسپاردم، بە ئیش و جوولە و پێداگرییم لە مانەوە لەناو گوندەکەمان، پیاو بووم. پیاوێکی زۆریش تەواو. رۆژانە ئیشی زۆری بەجێماوی گوندەکەم دەکرد.

لە گوندەکەمان کەسی بێگانەمان نەبوو، گوند و رەز و مزگەوت و ئاوەکە هەموو موڵکی خۆمان بوو. من سەرپەرشتی خانووە چۆلەکانم دەکرد، سەیری هێلانە و (دۆی چرۆ) و جۆگە و (تانۆک)ی باخەکانم دەکرد.

لەورۆژە، من لەناو پارچە دارهەنارەکە دەهاتمە دەرەوە، دەکەوتمەوە بە هەتاوەکە، ئاسۆم لێوە دیار بوو، بەرچاوم بەڕوونی لێوە دەکەوتبوو، وەک ئەوەی بڕوا نەکەم، تارماییەکم بینی، دەهات و دەکەوتە ناو دارمازووەکان، لەوێ دەرچوو سێبەرێک دەیشاردەوە، دەهات و روونتر دەبوو، نزیک بووەوە زانیم پیاوە، لەو گوندە بێجگە لە ئێمە هیچ پیاوێکی تری لێ نەبوو. چەند رۆژێکیش بوو مام جۆرج، ئەوەی ئێوە رێزی لێدەنێن و دەڵێن لە ئەمریکا لەسەر مردنە، هاتبووە ناو گوندی، هێلکە و نان و پیاز و ماستیشی بردبوو، جاروبار دەردەکەوت و شەوانەش ون دەبوو، کەسی ترمان نەدیبوو. من کە ئەو پیاوەم بینی، رانەوەستام، ئەو بگاتە لای من بەرەو پیری رۆیشتم:

تا باسی دووریيم بۆ بکات، دڵنیابم و بزانم شوێنی تریش هەیە، تا بزانم بێجگە لەو گوندە، بێجگە لەو سێ کەسەمان، کەسی تر لەو وڵاتە ماوە، یان هەموو ئاودیو بوون. وتم رەنگە رێگای بزرکردبێت، هاتووە نیشانە و (داوەڕێ) و سەرەڕێ و بزنەڕێ و مارەڕێم بپرسێت. ویستم بزانم برسیەتی و نانی دەوێ! تینووە و ئاوی دەوێ، چومە بەرایی پیاوەکە، سڵاوم لێی وەرگرتەوە. ماوەیەک هاوتوچۆمان کرد و قسەمان کرد، قسەکانی نوێ و ساز بوون، بەڵام وەک ئەوەی هەندێکیان باوەڕ نەکەم سەیریم دەکرد! دوایی زانیم ناوی ئازادیە و خەڵکی هەولێرە، چونکە زۆر باسی شاری

هەولێری بۆ کردم، ئەوەی لەبیرمە، وتی من لەناو خیوەتێکم لەسەر بەرزاییەکانی پشتەوە چۆمان، لەسەر تۆپە تەیارەشکێنەکانم.

یەکێک لە ئەفەندییەکان لێی دەپرسێت:

_مامۆستا دڵنیایی لە ناوەکەی!؟

_(ئەویش لێوەکانی پێکوەدەنووسێنێت، سەرێکیان بۆ دڵنیابوون بۆ رادەوەشێنێت، بەڵام نەرم نەرم) بەڵێ، چونکە بەدرێژایی رۆژەکە بەیەکەوە بووین، چووینە سەر کەلوپەلی فڕۆکەکەی لەناو دەوەنەکانی گوندەکەمان کەوتبووە خوارەوە!

یەکێکیان دەیەوێ زوو بگاتە مەبەستەکەیان، پرسیارێکی زیرەکانە دەکات، دەڵێت:

_پیاوەکەی هاتبووە ناو گوندەکەتان، کامیرای پێ بوو!؟

_(مامۆستاکە، سەیری هەردوو ئەفەندییەکەی دەکرد، هەرگیز ئەوانەی لەناو شار، لە هیچ شوێنێک نەدیبوو) دەڵێت: بەڵێ، وتی وێنەیەکت دەگرم، بەڵام بەختی من، لەودەمانە تەیارە هات و خۆمان شاردەوە، ئەوە یەکەمجار بوو، من لە ترسی تەیارە بچمە بن بەردێک، ئەو منی راکێشا و وتی:

من وا فێرکراوم، چونکە لەسەر تەیارەشکێنەکە فەرمانەکانمان سەربازییە، نەدەبوایە لەودەمانەی ئینزار بوایە، فڕۆکە بەئاسمانەوە بوو، ئەگەر دیاریش نەبوایە، لەسەر دۆڵی خانەقا، لەسەر گوندی زێوە و هەرتەڵیش بوایە، دەبوایە بچینە ناو کونە تەیارەکانمان، فێربووین، باشە!

منیش وتم:

باشە، لەو گوندە ئەو ڕۆژەی ئەو فڕۆکە کەوت، لێرە لێیان نەدابوو، بەڵام بەر لەوەی بکەوێت، بەر لەوەی بیپێکن، لەو گوندەی ئێمە پیاوێکی کوشت. پیاوێک ئاودێری دەکرد، دەمی خاکەناسەکە و چاوی جۆگەکە لەبەر تیشکی ڕۆژەکە دەبریسکایەوە، وتیان فڕۆکەکە ئەوانەی دیووە، بۆیەش شێستیرێکی لێدا، لەسەر جۆگەکە ئاگری تێبەربوو، کەوتە ناو جۆگەکە و ئاوەکەش نەیکوژاندەوە. زۆری نەبرد، ئەو فڕۆکەیە، بەشکاوی و بەسوتاوی، لە تۆڵەی ئەو پیاوە، مامەکانم ناوەکەیان دەزانی! لە دەوەنی گوندەکەمان کەوتە خوارەوە.

ئەوەی لەسەر کورسییەک دانیشتبوو، یەکێک لە ئەفەندییەکان پرسی:

_کامیرای پێ بوو. وتت ناوی ئازاد بوو!؟

مامۆستاکەش لەسەر کورسییەک، بەرامبەری و لەریزی بەڕێوەبەرەکەیان دانیشتبوو. لە وەڵامدا وتی:

_بەڵێ، ناوەکەم باش لێ پرسی، ناوی ئازاد بوو، پرسیم چونکە وتی:

ئەگەر شەڕ راوەستا و گەڕامەوە هەولێر وەرە، میوانم بە، ئێرەش ئەگەر شەر نەبێت، خۆشە بەڵام شار زۆر خۆشترە!

نەتپرسی چۆنت دەدۆزمەوە:

_چۆن نەمپرسی من سەفەرەکەم بەدروستی وەرگرتبوو، بە عەقڵی هەرزەکارانەی خۆم، وامدەزانی ماڵی ئەوانیش وەک ماڵەکانی ئێمە گەورە و پانوبەرینە! دەچم و لەوێ هاوینەکەی لەکن ئەو دەمینێمەوە! ئەگەر باخ و ئاودان و داربڕین و ... بوارم بدەن! ئەو بە منی وت:

وەرە ناو چایەخانەی کورەچییان!

_بەسەرسامییەوە وتم:

کورەچی چییە!

ئەو دەستی لەسەرشانم بوو کە وتی:

پیشەی بابوباپیرانی ئێمە بووە، کەرپووچ دروست دەکەین، خشت دەبڕین و لەناو کورەی دایدەنێین، ئاگری تێبەردەدەین، شەو و ڕۆژێک دەسووتێت و دووکەڵەکەی وەک دووکەڵی قەتارەکە، بەری ئاسمانی دەگرت!

_تۆ قەتاریشت دیوە! لە هەولێر قەتاریش هەیە!

_بەڵێ، شەمەندەفەری تێدایە، با شەڕەکە تەواو بێت!

...

(هەر لەبەر ئەو ئاگر و کورە و کەرپووچەکە، کوڕەکە ئارەزووی دەکەوێتە سەر ژیان و سەفەرکردن بۆ شار! لەبەر قسەکانی ئەو پیاوە نەرمە! حەز دەکات بچێتە ئەو شارە، لەو ساڵەوە و پاش چەند ساڵێک، بەڵام زۆر دوور نا!ماڵیان دەچێتە هەولێر. سەرەتا و لە ڕۆژانی پاش داگرتن و ڕماندنی گوندەکان، ئاوارە دەبن، کەساس و داماو لە ئۆردوگاکان، تۆزیان لەسەر دەموچاویان کەوتبوو، خەڵکی شارەکان پاش نسکۆکە، گەڕانەوە، ناو شارەکان. بەڵام ئەوان گوندیان رووخێنرا. قوتابییەکان گەڕانەوە، بەڵام خوێندنیان کرا بە عەرەبی. پۆلیسەکان گەڕانەوە، بەڵام گواسترانەوە باشوور و خانەنشین بوون. گەنجەکان لە سەربازی تەسریحبوون و دەفتەرەکانیان بە (جیب ئەلعەمیل) پڕکرایەوە. بەڵام متمانە نەبوو، لەودەمانە خەڵکەکە تۆزیان بەدەموچاومان داکردبوو، چاویان شکابوو. پاش وەرگرتنی قەرەبووی گوندەکان، دار و گوێز و کانییەکان، پارەیەکی زۆر وەردەگرن و بەڕاستی دەکەونە ناوشار! بۆیە ئەویش پێویستی بەوە نەبوو، ئەو بدۆزێتەوە و شاری پێ نیشان بدات و نەیدۆزیەوە، ئەو خۆی دەچێتە ناو شارەکە).

مامۆستاکە، دوو جومگە و سەرەداوی باش لەو پیاوە دەکاتەوە، ناوەکە و پیشەکە و گەڕەکەکەیان بۆ ڕووندەکاتەوە. ئەو بەسەرپێی ئەوانەی بیستبوو. بەڵام ئەوان، دوو میوانەکەی لە بارەگای بارزانییەوە هاتبوون، هەردوو ئامرازەکەی لە مامۆستاکە وەریدەگرن، زۆر بە گرینگی دەزانن و کەیفساز دەبن!

دوو ئەفەندییەکە، دوو ئاماژە و ناوەکە، دەبەنە ناو ئوتومبێلە ڕەشەکەی لەبەردەم دەرگای قوتابخانەکە وەستابوو.

مامۆستاکە ئیشەکە بۆ بارەگانی بارزانی و کریستیانەکانی هاودیان ئاسان دەکات، زانیاری تەواو لەسەر ئەو پیاوەی وێنەی جۆرجی گرتبوو ئاشکرا دەکات، بۆیە پێویستی نەدەکرد:

ئەوان بگەڕێنەوە مەکتەبی عەسکەری، بزانن کێ لەودەمانە بەرپرسی ڕەبیە و تەیارەشکینەکانی چواردەورەی چۆمان بووە. ئەفسەرەکەی باوکی لە هەولێر قەسرێکی گەورە، لە گوندیش زەویوزارێکی زۆری هەبوو، بدۆزنەوە. نەیاندەزانی تازە ئەو نادۆزرێتەوە، چونکە ئەو بەگەنجی ڕۆژێکیان، لە خەمی شەڕی ناوخۆ، لە دڵەڕاوکێی نێوان بەرلین و هەولێر دەمرێت. زانیارییەکانی دەستیان کەوتبوو، باش بوو، ئەگەرنا نەدەزانرا، ناوی گەنجەکانی لەسەر تۆپەکان کێ بوون و خەڵکی کام شار بوون!

دەبوایە بچنەوە شارۆچکەی گوێر و بزانن کێ بووە، ئەو کوڕە گەنجەی لە ساڵی حەفتا و چوار لەسەر ڕەبیەکەی سەرەوەی چۆمان تارەشکێن بووە، چونکە لە لیستی ناوەکان، خۆی بە خەڵکی گوێر و بە قوتابی ناونووس کردبوو. کێ بووە ئەوەی بە دەمانچەیەکی تۆپلی، کوردایەتی و حزبایەتی کردووە، بۆ کۆبونەیەک بەپێیان، بەتەنها چووەتە مەخموور،

لە گەڕانەوەش شەو لە گوندی (مەلا قەرە) چەند پێشمەرگەیەکی گوندەکە دەبینێت و پێی دەڵێن:

کوڕە ئاگات لە خۆت بێت، ئەگەر ئەو عەرەبانە ویستیان دەستت لێ بوەشێنن، زوو ئاگادارمان بکەوە، خۆت دەرباز بکە!

ئەویش گفتەکەی، ئەگەرچی راستگۆیانە و هەڤاڵانەش بوو، بە هەند نەدەزانی، وایدەزانی دەمانچەکەی دەتوانێت بیپارێزێت، باش ئەمن و عەرەبەکانی دەناسی، پێویستی بەوە نەدەکرد، هاوار بباتە دیبگە و مەلا قەرە و گوندی کەندالْ!

دەبوایە، ئەو بدۆزنەوە، ناو و ئەدرێسی کورە کورەچییەکەی لێ وەربگرن، ئەو کوڕەی بە فشە بەگەڵ شۆرش کەوتبوو، هەر بە فشەش و لەگەڵ عامێ دەگەڕێتەوە، وەک ئەوانی تر بیر لەوە ناکاتەوە، چۆن جارێکی تر شۆرش دەست پێبکەینەوە، هاوار بکات، بە دایکوباب بگرێت و بجولێتەوە، کێ دەمینێتەوە من ئامادەم، بە یەکە مەخزەنە فیشەک، بە (نانی رەق)، شۆرش دەکەینەوە!؟ ئەو نەگریا و سەرپێچی نەکرد، کە وتیان با تۆپە چواردە ملیم و نیوەکە بتەقێنینەوە، با نەمینێتەوە، دوودڵ نەبوو. یەکسەر بڕیاری گەڕانەوەی دابوو.

بۆ دۆزینەوەی ئەو پیاوە، ئەگەر لە ژیاندا مابێت، لە رۆژە تاریکەکانی کوردستان و شەڕ و راپەرین و نەهامەتییەکانی ژیان، نەفەوتابێت دەیدۆزنەوە:

دەبوایە بۆ دۆزینەوەی کوڕە کورەچییەکە، بچنە سەر پردەکەی تەعجیل، مەڵبەندی کورەچییەکانی، نێوان تەعجیل و سەعدوناوە، ناو خانووەکانی زۆربەیان بە کەرپووچ دروستکرابوو، کۆن بوون و ماوەماوە خەڵکی بەڕێکردووە، هاتوون و ماوەیەک تێدا ژیاون و رۆیشتوون. ئەگەرچی ئێستا پردەکە، لەبن (دەستوپێ و عارەبانە و کەرتە دووکان و باریکە جامخانە

و پەنجەرە بازار و دەست و پەنجە بازرگان و سینگە فرۆشیار و مەراقی موبایلێکی شکاو، خەمی رەقمێکی گران و سوێند و سەودا گەرمە و خێراکان)، دیار نییە و هیچ شوێنەوارێکی نەماوە!

بۆ دۆزینەوەی پیاوەکەی ناوی ئازاد بوو، پێویستی نەکرد، دوو ئەفەندییەکە بچنە سەر پردەکەی تەعجیل. لە چایەخانەکەی کێشکەفرۆشەکان، ناپرسن و ماندوو نابن، بۆ دۆزینەوەی ئازاد، ئەوەی دوو وێنەی مام جۆرجی لەسەر بلدۆزەرەکە گرتبوو، ناچن لە موختارەکەی سەعدوناوە بپرسن، چونکە لە شانسی ئەوان و لە سۆزی مردنی نەخۆشێک لە نەخۆشخانەیەکی گەورەی کانسەری سان فرانسیسکۆ، بەرێکەوت گوێیان لە ریکلامی کۆڕێک دەبێت، لە یەک دوو رۆژنامە و پەراوێزی بنەوەی تەلەفزیۆنێک دەخوێنەوە، لە ریکلامەکە نووسرابوو: مامۆستا ئازاد کورەچی، لەناو پارکی شار، ئێوارەکەی ئیمڕۆ، سەعات شەش، کۆڕێک بە سلاید بۆ نمایشی دەفتەرێکی بیرەوەری رۆژانی سالآنی حەفتا و چوار و حەفتا و پێنج (شۆرشی ئەیلول) ساز دەکات و هاتن بۆ هەمووانە. ئەوەی زانیاری هەیە و بەشداربووە و ئاگادارە، دەتوانێت دەفتەرەکە دەوڵەمەند و گەورەتر بکەن!

پاش ئەوەی کات و شوێنی کۆڕەکە دەزانن، دوو ئەفەندییەکە دەچنە ناو پارکی شار، لەوێ رووبەڕوو ئازاد کورەچی دەدۆزنەوە، دوو ئەفەندییەکەی راسپێردرابوون، وێنەکەی جۆرجی بلدۆزەر لە رۆژانی شەڕەکانی زۆزک و (سەرتیز) بدۆزنەوە:

لە کۆڕەکە، لە نمایشی دەفتەرە کۆنەکەی، ئازاد خەڵکێکی زۆر زیندوو دەکاتەوە، باسی شوێنی زۆر دەکات، لە باڵەکایەتی، لە رواندوز و دەشتی هەولێر.

لەو پێشمەرگانەی بەشداری شەڕە سەخت و خوێناوییەکانی شیشار و ماکۆکیان کردبوو. لەوێ سەرکەوتنێکی مەزن بەدەست دەهێنن، شاخەکانیان بەسەردا دەسوتێنن، بە تۆپ دایدەبێژن، بەڵام ئەوان سەنگەرەکانیان چۆڵ ناکەن و شەوانە هێرشەکانیان تێدەشکێنن. لەسەر دوو شاخی زۆر وشک، بەرز و سەخت، لەبەر بەرزی و سەختی و رۆحە بەردینەکەی، بۆیە ئاویشی نەدەگەیشتێ، کانییەکی زێڕین، ماڵ و چاوی لەوێ دانەنابوو، جۆگەیەک بسکی لەسەر نەکردبووە، وشک و بەرز!

ئەوەی برایەکیان ناردبوو، پارچەیەک جگەرەی (دیمۆرە)ی لە فرۆشگاکەی چۆمان بۆ بکڕێت، لەوێ پێش ئەوەی پارچە پاکێتەکە بکڕێت، یان هێشتا نەیکڕیبوو بەر بۆردومانەکە کەوتبوو.

ئەوەی شەوێکیان لە میوانخانەکەی گوندی وەرتێ، لەبەر ئەسپێ، (کوڕەکەی لەناو قەسرەکانەوە هاتبوو، هەرگیز ئەسپێ بەزیندوویی و بەکوژراوی نەدیبوو، کوڕە ئەسعەدییەکە وتبووی: ئیمشەو، لێرە شتێکی سپی، نوقتەیەکی رەشی لە ناوەند بوو، دەجولایەوە و زۆریش دەجولایەوە و بەزەحمەت دیتمەوە و نازانم چییە، منی کوشت. ئەوەندە ماندووش بووم، لەسەر زینی ئەستێرۆکان سەرکەوتبووم و خەوم لێ نەکەوت) تا بەیانییش لەو شوێنە گەرمە، پاش خواردنێکی باش و چایەکی شیرین خەوی لێ نەکەوتبوو.

یەکێکی لەوێ بوو، وتی: من کە نسکۆکە قەوما، بە (تراکتۆر)ێکی سێ تایە و بە نەشارەزایی، لە گوندی زارگەلی دۆڵی شەهیدانەوە رۆیشتم، شەش کەسم بەو تراکتۆرە شەلەیە، لەسەر ئاسنە ساردە رەقەکە گەیاندە مەهاباد، لەوێ لەگەڵ خەڵکی مەهاباد ئازاری رێگاکەیان لەبیردەچێت، لەبن دیوارەکان، لەکن دووکاندارەکان بۆ شۆرشەکە دەگریان.

یەکێک لەوێ بوو، وتی:

کە بینیم سەربازە ئیرانییەکان وایرەکانی تەلەفۆنی خۆیان کۆدەکردەوە و پاشەکشەیان دەکرد، وادەمزانی دەمارەکانی من کۆدەکەنەوە! دەمویست ملە باریکەکانیان دەرکێشم و تۆڵەی خۆمانیان لێ بکەمەوە!

دوو کەس لەوێ یەکێکیان لەپشتەوە بوو، سەری هێنابووە بن گوێی یەکێک لە رێزەکەی بەردەمی بوو، دەیووت:

من لە رەزاییە زۆرم رابواردبوو، ژنی سمت سپی و ناوگەڵ گەرم و دەمگەرمی زۆرم دیبوو. کوردی و فارسی و (ئازەری) قسەیان دەکرد. زۆرم دیبوو. بۆیە کە گەڕامەوە پێداگرییم کرد، وتم ناتوانم و ژنم دەوێ!

خەڵکەکە زۆریان سەربردەی باب و مام و خاڵ و پلکیان دەگێڕایەوە. چونکە رووداوەکان لەو شارە و لەو تەمەنە لەبیرکرابوو، کۆن بووبوو، بەڵام ئازاد بۆ بەختی خۆی، بۆ دۆزینەوەی ژنێکی شەرمن. بۆ ئاشکراکردنی وێنەی جۆرج و گەیاندنی وێنەکە بۆ سەرەمەرگ، بۆ دڵرەقی نەخۆشی و تارمایی کانسەر، بۆ زەبری رەشی مەرگ. وێنەیەک بەر لە مردن. وێنەیەک، تا مردن چەند ساتێک دوابخات. ئەگەر ژیان و هەناسە و چاویش بەئازار و حەسرەتیش بێت. ئەوەی یەک سات مەرگ دوادەخات، ئەوەی یەک (نیوەمردوو) لە مردن دەرباز دەکات، زۆرتر تام لە ژیان دەکات!

خەڵکێکی زۆر لە کۆڕەکە ئامادەببوون. ئەو وتبووی من باسی خەڵکە دڵسۆزەکان دەکەم، ماندووەکان. ئەوانەی وەک من، بە فشە بەگەڵ شۆرش کەوتبوون، بەڵام لەوێ بەفشە شەڕ ناکەن، لەوێ شەهید دەبن، هەتا بیست ساڵ، ئینجا (شەهیدانەیان) بۆ دەبڕنەوە! یەکێک لەوێ وتی:

دوو سەعات بەر لە بۆردومانەکەی قەڵادزە لەوێ بووم، کامەرانی و نیگەرانی خوێندکاران و مامۆستاکانی زانکۆکەم دیبوو!

دوو کەسیش هاتبوون بزانن: ئەو ئازادیە جۆرجی دیوە و وێنەی گرتووە و وێنەکانی ماوە!

بەڵام بەر لەوەی بپرسن، یان چاوەڕوانی کۆتایی کۆڕەکە بکەن. ئازاد سەربردەی جۆرج و بلدۆزەرەکەی بەدرێژی دەگێڕێتەوە، وێنەکان دەردەهێنێت، دوو وێنەی رەش و سپی، دوو وێنەی کۆن! دوو وێنەی مام جۆرج بە جلی کارکردنی شڕ، روو شیرین. پیاوێک، ئاسن رەقی کردبوو، رێگا راستی کردبوو، ئاین برێک لە (ئازار)ەکانی مەسیحی بۆ هێشتبووە. بەڵام نەدەوەستا و ماندوو نەبوون. هەرگیزیش نەیدەزانی درۆ لەگەڵ بلدۆزەر و سەرکردایەتی و نەخشەکانی بکات. وێنەیەک لەسەر کوشنە ئاسنە ساردەکە، بەڵام بە دڵێکی گەرم! وێنەی دووەمی جۆرج، لەپشتەوەی کێوێک دیار بوو، دەبوایە رێگاکە بە بلدۆزەرەکە لەو کێوە سەختە ئاودیو بکات.

هەردوو وێنەکە پاش تەواوبوونی کۆڕەکە سکان دەکرێن، هەر بەو شەوەش رەوانەی ئەمریکا دەکرێن، نەخۆشەکە نەمردبوو، کە وێنەکان دەگەنە نەخۆشخانەکە! دوایی بۆی لەناو چوارچیوەی شاناز دەکرێن و بەشانازییەوە لە (مۆزە)یەکی شانازیش دادەنرێن، لەژێرەوەیان، بە دوو سێ زمان دەنووسن! (جۆرج و بلدۆزەرەکەی، شوێن بناری چیای زۆزک، ساڵ ١٩٧٤، لەلایەن پێشمەرگەی تەیارەشکێن، ئازاد کورەچی گیراوە).

ئازاد وەک چۆن بە فشە بەگەڵ شۆرش کەوتبوو، هەر بەفشە و ئاسان دوو وێنەکە بۆ دوو ئەفەندییەکە پەیدا دەکات. بەڵام ئەوان وێنەکان بە رێورەسمی شانازەوە بۆ نەخۆشەکە دەنێرن، تا (کارنسەر) ئازارەکانی کەمێک لەسەر رۆحی سووک بکاتەوە!

## بەشی دوازدەهەم

بەر لەوەی ئێستگەکە، یان هەتا ئێستگەکە هەواڵی راگرتنی بەرنامەکانی بە هۆکاری تەکنیکی بڵاونەکردبووە، کەس ئاگاداری هیچ نەبوو. شەڕەکان لە زۆزک و لە هندرێنیش بەردەوام بوو.

یارمەتییەکان بەباشی و بەزۆری و بە پارەی ئیرانی دەدران،

کەس، نە گەنجەکان، نە کوڕ و باوکەکان، کە بەیەکەوە بوون ماندوو نەببوو،

کەس، لەوەی منداڵەکانی، ژنە گەنجەکەی لەناو ئوردوگایە، برینێکی شەڕی پێوەیە، دڵبەرەکەی لە شارا، خوێندنی جێهێشتووە، قەڵاتی خەواندووە و هاتووە، (شیو)ێکی لەسەر ئاگرداناوە و تەباخەکەی کز کردووە و هاتووە و بێزار نەببوو،

هەتا ئەودەمانەش، لەناو هێزەکان، رێکخستنەکانی حزب، شانە نهێنییەکانی حزبی تریش، کەس لەسەر خیانەت نەگیرابوو،

کەس لەو شەڕە گەورەیە لە ترسانا، نەبەزیبوو.

یەک مەفرەزەی پێنج کەسی و دە کەسی، زۆرتریش، دەستە و لقێک تەسلیمی حکومەت نەببوونەوە.

بەتالیۆنێک لەبەر کەماسییەک چەکی دانەنابوو.

برسیەتی نەبوو، نان و ئاو و ئازوخە و کاروانەکان بەردەوام بوو! دوو رۆژنامەنووس دەهات و سێ دەگەڕانەوە.

حکومەت هەبوو، دائیرەکان لەناو خانووە قووڕەکان، کەپرە بە چرۆکان، ساباتە شڕەکان، خیوەتە نەوییەکانی ناو خۆڵ، لەناو ئەشکەوت و (پەنابەردەکان)، سەر ئاو و رووبارەکان، لەناو هێزەکان، قوتابخانەکان، خەستەخانەکان، نانەواخانە و ... ئیشی ئاسایی خۆیان دەکرد.

بەڵام لە دەرەوە، لە وڵاتان، لەسەر ئاسی جیهان کۆبونەوە دەکرا، رێکەوتن مۆر دەکرا و قسە و بەڵێن، لەوەیان و دەرئەنجام سازش دەکرێت! شاهەنشای ئیران لە بەڵێنەکانی پەشیمان دەبێتەوە. بەغدا سازش دەکات. بروسکەیەک لە بارەگای بارزانییەوە بڵاودەبێتەوە:

داوا لە هەموو هێزەکان دەکەین، بەس بۆ بەرگری و خۆپاراستن تەقە بکەن، خۆتان بپارێزن و بەس! چاوەڕوانی پێشهاتی نوێ بن.

بەڵام هیچی نوێ بڵاونەکرایەوە، هێزەکان و حکومەتەکە هەڵوەشایەوە!

بەڵام دیاربوو، هەموو ئەو چەکە ئیرانییانەی زۆر بەکەمی پشتیوانی پێشمەرگەیان دەکرد، (بەڵام بە پارە زۆرتر)، دەکشانەوە، تۆپە قوورسەکانی کەم، هەتا رادەی ئەوەی لوولە ئەستوورەکانیان گەرم نەببوو، بۆردمانیان کردبوو. هۆکەکانی یەکجار تەقەیان کرد و باجەرەکەیان یەکسەر خستەخوارەوە!

ئیران و یارمەتییەکانی کشانەوە، کەس! یەک کەسیش، رێی کشانەوەی لێ نەگرتن، هیچ هێزێکی سەرشێتی حەقانی، ئەوانەی بە قسە و بەرنامە پلانیان دادەنا، رێگای کشانەوە و (گەڕانەوە) و پێچانەوەیان لێ نەگرتن! ئەوان، ئارام ئارام، لەسەرخۆ، دوو سەربازی پووتی دەم سیسی

عەجەم، وایەرەکانی پەیوەندییان دەپێچایەوە، بەدوای لۆرییەکی سەربازی دەڕۆیشتن و وایەرەکان بار دەکرد!

شەوانە، چەند شەوێک بوو، تۆپە قوورسەکان بەناو چۆمان گەڕانەوە و نەڕەیان دەهات و هاژەی ئاوە ماندووە سپییەکەیان کاسکردبوو!

کەس لەو کشانەوەیە و لەو پەشیمانبوونە و لەو فێڵ و هەڵخەڵەتاندنە، دەست بە دۆشکە، دەست بە برێن و تەکتریۆڤ، دەست بە گۆپاڵێکیش نەچووە پێشیان و ڕێگا باریکەکانی لێ بگرێت. کەس هاواری نەکرد و خەبەری مام جۆرجیان نەدا، بلەز بێت و بلدۆزەرەکەی بێنێتە خوارەوە و واز لە ڕێگاکەی ناو زۆزک و دۆڵی بێشە بهێنێت، ڕێگای گەڕانەوەی ئێرانییەکان بگرێت. ئەو چەند مانگ بوو، ڕێگای بەرووی سەرباز و سوپای عیراقییەکان دەگرت. با یەک ڕۆژیش، با مەردانە یەک سەعاتیش ڕێگا بە لۆری و تۆپ و هۆکە ئێرانییەکان بگرێت، (ڕێگاگرتن) ئاسانترە لە ڕێگاکردنەوە!

هەواڵەکە دەبێتە راستی، نسکۆکە، شکانەکە روودەدات، لەبەردەم ئازاد و هاوڕێیەکانی، ئەوانەی لەوێ مابوون، تۆپەکەیان دەتەقێنەوە، بەڵام ئازاد خەمی دەفتەرەکەی باخەڵی بوو، یەک ساڵ دێر بە دێری رۆژانەکەی خۆی نووسیبوو. چەند رۆژ بەڕێوە بوو، چەند شەو سەرمای بووبوو، باران باڵ و شانی تەڕ کردبوو، لەکوێ خەوتووە، نووستن گرینگترە لە خواردن و بەڕێکردنی رۆژەکە، نووستن:

بەشکردنی ژووری نووستنەکە، نانی بەیانی لەگەڵ بووە، نهێنی شەو و تاریکی تێدا بووە. نووستنی شەوانی ئەو شۆرشە، ئەو شەڕە، ئەو ژیانە، سەخت بوو، چونکە: سارد بوو، زۆرتر لە دە کەس لەناو ژوورێکی بێ نەفەس، ژوورێکی بەبەرد، ئەشکەوتێکی تاریک بوو، نووستن، هەوار بە هەوار دەگۆڕا، وەک ئاو (دەڕۆیشت)، نووستن وەک دووکەڵ دەڕۆیشت!

نووستنی چاو و خەون!؟ هەر شەوە و لەسەر حەسیرێکی رەقتر، دووگرێکی بێ دەستنوێژ و لبادێکی رەنگ پەڕیوو و (سێبەرێکی خواری باریک) و ئاگردانێکی ترساو بوو. نووستن نەبوو، لەو ساڵە، چونکە شەڕێکی گەورە بۆ سەرکەوتنێکی گەورە، گەرم بوو. خوێن و ئازایەتی، بەرامبەر، ئاگر و ئاسن بوو!

دەفتەرەکە ئازاد کورەچی ناوی زۆری تێدا بووە، کە هەرگیز کەس باسیان ناکات و باسیان نەکردووە! تەنها ئازاد نەبێت!

کێ مەجبوورە باسی شانە ماندووەکان، کەساسەکان بکات! ئازاد نەبێت. لەناو خیوەتەکەی خۆی، هەتا ئەوەی برادەرەکانی دەبنە دوو بەش، تەنها یەک کەسیان، بەگریان و رقەوە بەرەو سنوور و ئاودیوبوون هەتا نزیکەی خانووەکانی کرابوونە ئەمانە عامەکان، بە جێب دەڕوات. لەوێ بەدیار سەرهەڵگرتن و (کاریتە) دەرهێنان و دەرگا و پەنجەرەی دائیرەکانی حکومەتەکە رادەوەستێت، زۆر زۆریش بۆ مێز و کورسی و دەفتەر و لیستەکان دەگرێت، کە باریان دەکرد، کە دەگوازرانەوە! دەکەوێتە ناو ئاپووڕەکە و ئاودیو دەبێت، بەڵام ئەوانی تر بڕیاردەدەن بچنەوە ناو حکومەت!

ئەو بە فشە بەگەڵ شۆرش کەوتبوو، بەڵام دڵسۆزانە پێشمەرگایەتی خۆی دەکات، دەفتەرێک بیرەوەری دەنووسێتەوە، بێ دوودڵی و بێ ترس و هەر (بەفشەش) دەگەرێتەوە، کن دایکی و خانووە قووڕەکەی ناو کۆڵانە باریکەکانی سەعدوناوە، کە موڵکی جوولەکە بووە و ئێستاش موڵکی مالیە و حکومەتە. لەبەر ئەوەی هیچ ئامراز و پێویستییەکانی ژیان و خەوتن و سێبەری تێدا نەمابوو، حکومەت کرێشی وەرنەدەگرت، ساڵانە هەشت دینارەکەی نەدەویست. دەگاتە ناو خانووە رزیوەکە، شڕ و ماندوو، بەسەر ئەوانەی ناچارن تێدا بژین، هەردەمێک بروخێت دەروخێت!

لەگەڵ تەواوبوونی کۆڕەکە، سەرەنج و رامان و پرسیاری خەڵکەکە، چەپڵەیەکی گەرمی دڵسۆزانەی بۆ ئازاد کورەچی لێدەدەن. ئەویش چاوی هەر لەسەر ژنەکە بوو، کە دەیزانی ناوی سەرگوڵە، نەوەک بڕوات و ژمارەی تەلەفۆنەکەی لێ وەرنەگرێت.

ژنەکەش لەوێ مابوو، چەپڵەی گەرمیشی بۆی لێدابوو، چاوەڕوان بوو، تا بەیانی یەکتری ببینن. بەیانیش ئازاد بە ملپێچە سوورەکەی دەگاتە بەر سێبەری باڵەخانە سێ نهۆمەکە. بە (نووکە)یەکی تەلەفۆن، ژنەکە دەهێنێتە خوارەوە و بەیەکەوە دەچنە بن دار باوییەکی بناری سەفین، تا بیرەوەری چاو و دڵی خۆی راستگۆیانە بگێڕێتەوە و (من نازانم چۆن وا ئاسان ئیقناع بووم، چاو و ملپێچ و خوێنت چ نهێنییەکی تێدابوو، من چەند ساڵە، ئەو رازانەم هەڵگرتووە، چەند ساڵە، ماوەماوە لەبەرخۆم سەربردەکەم، دەنوسمەوە و دەگێڕمەوە، نەوەک لەبیرم بچێتەوە، نازانم...!) ئەویش ژنەکە، مرۆڤێکی سەرکەش و چالاک و زۆر تەڕیش بنووسێتەوە.

کۆتایی

سی ڤی شێرزاد هەینی

لە ساڵی ١٩٥٥ لە هەولێر لە دایکبووم، بەشی رووپێویم لە ئامۆژگەی تەکنەلۆژیای بەغدا تەواوکردووە و هەتا لە وڵات دەرچووم لە شارەوانی هەولێر بووم، لەنێوان هەولێر و ستۆکهۆلم دەژیم.

چاپکراوەکانم ...

1. لە یادی سەد ساڵەی شارەوانیدا، 1985 کتێبی (هەولێر) م ئامادەو چاپکرد.
2. هەر لە شارەوانیدا لە ساڵی 1994 دا، 12 ژمارەی رۆژنامەی (هەولێر) م دەرکرد.
3. کەلاوە... 1991 ریپۆرتاژ، بۆ ئۆردوگاکانی دەڤەری هەولێر.
4. دیوەخانی فلێن... رۆژانەیە، لە 1999 لە رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) ی بڵاوکرایەوە.
5. هەولێر... تا دبلن...... 2000 ریپۆرتاژ، زانکۆی ئازادی بەرلین.
6. بەغدا.... بۆ هەولێر!..... 2000 ریپۆرتاژ، سویدو سلێمانی.
7. مەملەکەتی فارگۆنەکان.....2001 ریپۆرتاژ، سلێمانی.
8. کاکە، ئەبو ئیسماعیل... 2001 ، سلێمانی.
9. بەسەرهاتی دەریاوانێکی خنکاو 2001 رۆمانی گابریل مارکیز.
10. رێگای دوورم بۆ ئازادی، نیلسۆن ماندیلا، وەرگێڕان. دەزگای موکریانی.
11. سارد، یان گەرم (12) ریپۆرتاژبوو، لە رۆژنامەی (هەواڵ)ی سلێمانی .
12. فارگۆنەکان، لە دەزگای بەدرخان لەهەولێر2005 بڵاوکرایەوە.
13. مەملەکەتی کەلاوە، وەك نامیلکە لەوەزارەتی رۆشنبیری لەهەولێر بڵاوکرایەوە.
14. کۆریا پێناسە و مێژووی کۆریای باشوور، لە خانەی وەرگێڕان لە هەولێر 2007.
15. هولۆکۆست... وەرگێڕان ... سەنتەری نما هەولێر 2007.
16. دوو پرێنسیسی نازداری بێناز، دیاناو ماساکۆ... هەولێر دەزگای ئاراس 2008.
17. مارتن لۆسەر، بەشێکە لە کتێبی ناتوندوتیژی 1 سەنتەری مەسەلە هەولێر 2008.
18. بەرەو کۆشکی ئالیزی ، شیراك، روایال، سارکۆزی ... و: خانەی وەرگێڕان 2008.
19. سێکس و پۆلیتیك، دیوێکە لەژیانی دبلۆماتی فەرەنسای نوێ..و: سەردەم 2008
20. تەها حوسین، نابینایەکی بینا، ئامادەکردن.. دۆسیەیەك لە گۆڤاری نما 2008
21. 955 دەقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس دیمانە ... دەزگای نما 2008
22. دۆلار لە ئەمریکا، دوو بابەتی ئابوورییە....و: دەزگای ئاراس 2008
23. مەجبوور، سەربردەو ریپۆرتاژە... سلێمانی 2008
24. من رۆژنامەنووسم، جاسووس نیم... وەرگێڕان خانەی وەرگێڕان سلێمانی 2009
25. مۆساد.. وەرگێڕان.. لە بڵاوکراوەکانی ئاوێر چ١ و ٢ و ٣ هەولێر 2009، 2010،
26. دانپێدانەکانی حاجی پاولۆ .. لە بڵاوکراوەکانی ئاوێر هەولێر 2009
27. ترێنە خێرایەکی خۆرهەڵات ... وەرگێڕان دەزگای موکریانی 2009
28. نهێنییەکانی سندووقە رەشەکە ... وەرگێڕان وەزارەتی رۆشنبیری 2009
29. کاکە ئەبو خەلیل ... بەسەرهات ... رەخنەی چاودێر سلێمانی 2009
30. برادەرە جوانەکە... رەشیدە داتی ... دەزگای ئاراس وەرگێڕان 2009
31. سارا پالین ... ژنێکە دەرچوو لە نەریتەکان .. وەرگێڕان دەزگای ئاراس 2010
32. دەسەڵات و نەخۆشی ... وەرگێڕان خانەی وەرگێڕان سلێمانی 2010
33. سیاسەتی دڵ ... وەرگێڕان دەزگای ئاراس 2010
34. جیهان لە دیدی کۆشنێر ... وەرگێڕان دەزگای نما 2010
35. سیڤییەکان 1... وەزارەتی رۆشنبیری، کۆمەڵە دیدارێکە 2002 _ 2009
36. گەشتێك بەرەو ئەورووپای نوێ ... دەزگای ئاراس، وەرگێڕان 2010
37. حیکایەتەکانی غەدر و خوێن ... وەرگێڕان، خانەی وەرگێڕان سلێمانی 2010
38. چیرۆکێک لە خۆشەویستی و تاریکی، وەرگێڕان ئاوێر ٢٠١١ هەولێر

39. تووتنەوانەکە... رۆمان، وەرگێڕان، ئاوێر ٢٠١١ هەولێر
40. ئەستێرە سەرگەردانەکە ... رۆمان وەرگێڕان، ئاوێر ٢٠١١ هەولێر
41. دەربازبوون... وەرگێڕان دەزگای ئاراس ٢٠١١
42. مافیا دەوڵەتی سامان و خوێن دەزگای ئاراس ٢٠١١
43. سیڤییەکان ٢ کۆمەڵێک راز و دیمانە وەرگێڕان وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠١١
44. کازیوە، ژنەکەی ناو فەیسبوک، نۆڤلێت دەزگای نما ٢٠١١
45. غاندی، چیرۆکی ئەزموونەکانم لەگەڵ حەقیقەتدا چ، ٢،١، ٣ ئاوێر ٢٠١١، ٢٠١٣
46. سەگەکان لە ریگا، رۆمان ... وەرگێڕان ئاوێر ٢٠١١
47. غاردان بەدوای گورگەکاندا، رۆمان، وەرگێڕان، ئاوێر ٢٠١٢
48. سیڤییەکان ٣ کۆمەڵە راز و دیمانەیە وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠١٢
49. دەسەڵاتی دوو ژن... ئیلیزابیتی دووەم و ئەنجیلا میرکل، بەدرخان ٢٠١٢
50. چراکانی ئۆرشەلیم، وەرگێڕان رۆمان، ئاوێر ٢٠١٢
51. شۆرشەکانی جیهان ئامادەکردن، ئاوێر ٢٠١٣
52. هەولێر، ئیبنی مەستەوفی، رۆمان مەڵبەندی گشتی نووسەران ٢٠١٣
53. هەولێر، سێتاقان، رۆمان خانەی ئەربیل ٢٠١٣
54. گێلە، دۆستویڤسکی، وەرگێڕان رۆمان ئاوێر ٢٠١٣
55. زستانی خێزانەکە، وەرگێڕان رۆمان خانەی وەرگێڕان سلێمانی ٢٠١٣
56. کەسایەتە مەزنەکانی جیهان، دەزگای نما هەولێر ٢٠١٣.
57. سیڤییەکان ٤ کۆمەڵە راز و دیمانەیە وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠١٣
58. رێنسانسی ئەوروپا... مێژوو، وەرگێڕان ئاوێر ٢٠١٣
59. چرکەساتی حیکمەت. فەلەکەدین کاکەیی وەرگێڕان وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠١٤
60. هەولێر تەعجیل ... رۆمان بەرگی ٣ چاپخانەی زانکۆ ٢٠١٤
61. حەلاجیات، فەلەکەدین کاکەیی ... وەرگێڕان چاپخانەی رۆژهەڵات ٢٠١٤
62. بۆ ئامێزێکی بۆنی تۆ... رۆمان وەرگێڕان خانەی وەرگێڕان سەنتەری نما ٢٠١٤
63. دەریاوانە خنکاوەکە رۆمان، گابریل مارکیز چ ٢ لە بڵاوکراوەکانی م. چینی ٢٠١٥
64. هەولێر تەیراوە... رۆمان، چاپخانەی زانکۆ ٢١٠٥
65. ٩٥٥ دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس، چ٢، دەزگای جەمال عیرفان ٢٠١٥.

<u>ئامادەی چاپە :</u>

1. پایزە ساڵ ... تۆماری رووداوەکان ... 2009
2. گەرمێن و کوێستان... یادەوەری و سەفەرەکانم
3. حەریمەکانی سوڵتانی عوسمانی ... ئامادەکراوە
4. کڵێسا لە مەملەکەتی ئورشەلیم ... وەرگێڕان
5. سەربازکانی سالامینا... وەرگێڕان
6. لەسەر پشتی حوشترەوە لە دیمشق تا حائیل، وەرگێڕان
7. سیڤییەکان ٥ ئامادەکردن و وەرگێڕان..
8. ژن لە ژیانی کاسترۆ وەرگێڕان
9. کوبا لە سەردەمی گەرمارۆەکە... گابریل مارکیز.
10. گوڵەکان بۆ کێ دەپشکوێن... فەلەکەدین کاکەیی وەرگێڕان.
11. هەشتا ساڵ لە غەدر و خوێنی ئەخوان لە میسر.
12. نیکۆس کازانتزاکیس لە میسر.